# نوێبوون

5

کانوونی دووەم ٢٠٠٩ - ساڵی دووەم

## گۆڤارێکی سیاسی و روناکبیری وەرزییە


خاوەن ئیمتیاز
مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی

سەرنووسەر/ ئەنوەر صاڵح
جێگری سەرنووسەر/ ئازاد تۆفیق

راوێژکاران
ئەکرەمی میهرداد
نووسەرو رووناکبیر
رێبوار کریم
مامۆستای زانکۆ

کامەران محمد
مامۆستای زانکۆ
هیوا عزیز
مامۆستای زانکۆ

سەرپەرشتیاری هونەری
ئالان قادر

2009



هەواڵنامەی کتێب


5


ناونشان / سلێمانی ـ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەڵبەندی (١)ی رێکخستنی سلێمانی

Email:nuebwnm1@yahoo.com
Tel:0533127591



تایپ: هەردی ئەنوەر

تیراژ: 1500دانە

چاپ: چاپخانەی شڤان

## لــــــــەم ژمارەیـــــــەدا


* جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حزب لە حکومەت | سەرنووسەر | ١٣-٥


## لێکـــۆڵینـــــەوە


* سـۆسـیـال دیمـوکـراسی. لــە مێژوودا | ئەکرەمی میهرداد | ٦٠-١٦
* کــــورد.. لـە نێوان (دووبـارەبوونەوە) و (وەسـتان) لــــــەمێژوودا. | کامەران محەمەد | ٩٨-٦١
* سـۆسیۆلــۆجـیـای گــــەشـەپێـدان سەرەتایەکی تیۆری. | ئارام عەلی فەرەج | ١١٦-٩٩
* باکوری کوردستان — بەشی دووەم. | ماجید خەلیل | ١٦٦-١١٧
* جـەنگی جیهانیی یـەکـــەم. | یوسف محمد صادق | ١٨٤-١٦٧
* دیپلۆمـاسیـەت وجــــەنگ. | ئاراس فەریق زەینەڵ | ١٩٠-١٨٥


## وەرگـــــــــێران


* سستمی جیهانیی کۆن. | ن . رۆبەرت کوپەر و . نوێبوون | ٢٠٢-١٩٢
* زانـستی ڕامیـاری. | ن. مارسیل پریلۆ و. زانا کەریم | ٢١٥-٢٠٣


## ووتـــــار


* مـۆدێـرنـە لـەخـۆرهـەڵاتـــــــدا. | عەلی کەریم | ٢٣٢-٢١٨
* ئایندەی ستراتیژی ئەمریکا .. لەعیراقدا. | ئاکۆ حەمە کەریم | ٢٦٦-٢٣٣


## القسم الــــعربي


* فصل سلطة الحـــزب عن الحكومـــة. | رئيس التحرير | ٢٧٤-٢٦٨
* المحافظون الجدد .. النشأة و التأسيس | دانا علي صالح | ٢٨٥-٢٧٥


هەوالنامەی کتێب

# جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حزب لە حکومەت

(شتێک نیە بەناوی بەرژەوەندی حزب، ئەوەی هەیە بەرژەوەندی گشتیە، کە دەبێت حزب کاریگەری تەواوی هەبێت بۆ بە دەست هێنانی )

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، وەك هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناو هەناوی کۆمەڵگای کوردستان لە مێژووی خەباتی خۆیدا بەردەوام هەوڵی داوە، بەپێی خەباتی سەردەم خۆی ڕێك بخاتەوە. لەگەڵ هەلومەرج و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەدا بەرەوپێش بڕوات و فاکتەرێکی بەهێز بێت لە پشت گۆڕانکاریەکانی ناو دەسەڵات و هەناوی کۆمەڵایەتیدا، هەندێکجار توانیویەتی پێشڕەوی ئەو گۆڕانکاریانە بکات و سەرکەوتنی سیاسی گەورە بەدەست بهێنێت، هەم بۆ خودی (ی. ن. ك)هەم بۆ ناو کۆمەڵگاش، هەندێکجاریش نیەتی گۆڕانخوازی هەبووە بەلاٌم فاکتەرەکانی گۆڕان  ئامادە نەبوون بۆ گۆڕانکاری.

بەلاٌم ئێستا لەناو واقیعی کۆمەڵگای کوردستاندا خواستێکی زۆر هەیە بۆ گۆرانکاری، هەم لەناو دەسەڵات وەك حزب وەك حکومەتیش، ئەم خواستەش خەریکە دەبێتە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو کە ئەمەش خودی حزب دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتی یان گۆڕانکاری نوێبونەوە یان وەستان و بۆدواوەچوون.

بۆیە هەر حزبێك، کەمەیلی گۆڕانکاری و گەشەکردن و دیموکراتی و



دادپەروەری و کۆمەڵگایەکی یاسایی‌و دامەزراوەو دابینکردنی ئەرك و مافی هاوڵاتیان و مەدەنیەتی هەبێت، دەبێت بە شێوەیەکی بەردەوام بیر بکاتەوە چۆن خۆی بگونجێنێت بۆ مۆدێلێکی نوێ لەئاستی خواستی کۆمەلأنی خەڵکدابێت. بۆیە ئەمڕۆ، ئەمە بۆتە ئەرکێکی جیدی هەموو حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و هەر حزبێك ئەمە بە ئەرکی خۆی نەزانێت، ئەوا دوا جار وەك حزبێکی بێ دەسەلأت و پاشکۆ خۆی دەبینێتەوە، لە ئەنجامی ئەم پێداویستییەی سەرەوەردا، کەسێکی وەك بەڕێز مام جەلال پرۆژەیەك دەهێنێتە ناو مەیدانی گفتوگۆوە، بۆ ئەوەی لەم پرۆژەیەوە بە دوای ئەو ڕێگایانەدا بگەڕێین کە دەبێتە چارەسەری کێشەی دۆگماییەکانی گۆڕان لەناو دەسەڵاتدا.

بۆیە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە بە بەراورد لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای کوردستان، گرنگییەکەی کەمتر نییە لەو پرۆژانەی کە لە مێژووی فکری سیاسی دا تەرحکراون، هەروەك جیاکردنەوەی دەسەلأت لە دین کە(دەوڵەتی سیکولاریزمی) هێنایە ئاراوە، هەروەك دەوڵەتی دیموکراتی و پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی دەسەڵاتی هێنایە ئاراوە ، هەروەك سەروەری یاساو جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەلاتی هێنایە ئاراوە لە چوارچێوەی سیستمێکی حکومڕانیدا، کە لە مێژووی دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا ئەنجام دراوە .

دەتوانرێت لەم جۆرە پرۆژانەوە هەنگاوی جدی و عەمەلی بنرێت بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری لە بواری دەسەلأت و حوکمی گەلدا. بۆ ئەوەی سەرەتای ڕێگاکانی مەدەنیەت و موئەسەساتی‌و دیموکراتی و  ئازادی، بدۆزێتەوە تا ڕێگای ئامانجەکان دیاری بکرێت، دەسەلأت بە شێوەیەکی واقیعی دەسەڵاتی گەل بۆ گەل بێت.

## ١- حكومەت

هەموو حكومەتێكی دیموكراتی و دادپەروەر، ئامانجی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانیە بۆ هاوڵاتیانی خۆی، واتە حكومەت هەڵبژێردراوی خەڵك خۆیەتی، بۆ ئەوەی كار و فەرمانەكانیان بۆ ڕێكبخات و سەر و ماڵیان بپارێزێت و ئەرك و مافی هاوڵاتیان دیاری بكات و پارێزەری یاسا بێت لە وڵاتدا، لەبەرامبەر ئەمەدا دەبێت هاوڵاتیان ئەركەكانیان جێبەجێبكەن و پارێزەری حكومەت بن و یاسا سەروەریان بێت و خۆشەویستیان بۆ ئەو دەسەڵاتە هەبێت. لێرەوە ئەم پەیوەندیە دەبێتە پەیوەندیەكی تەواوكاری (تەكامل) لەناو چوار چێوەی سیاسی دەوڵەتداو حكومەت وەك ئەنجومەنێكی تەنفیزی ئەو یاسایانە جێبەجێدەكەن كە نوێنەرایەتی گەل لە پەرلەماندا دەنگی بۆ دەدەن، واتە حكومەت هیچ كارێكی تری نیە جگە لە خزمەتكردن و پاراستنی سەر و ماڵی خەڵك. بەمانای ئەوەی حكومەت دەبێت بە واقعی حكومەتی گشت خەڵك بێت، گوێ لە پێشنیارو داواكاری و ڕەخنەو گاز و گلەیی خەڵك بێت بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە نزیك بێت لە ژیان و حاڵ و گوزەرانی خەڵك وە بە پێی ئەو كێشانەش دەبێت وەڵامی واقعی هەبێت. ناكرێت حكومەت فەرمانڕەوایی كەمینەیەك بكات ئیتر كۆمپانیاكان، یان چینی خوارەوەی كۆمەڵگا یان چینی دەسەڵاتداران بێت، لەم كاتەدا حكومەت حكومەتی گشتی نییەو لە پێناوی گشتیدا كار ناكات. لەم كاتەدا خەڵك ئەم حكومەتە بە حكومەتی خۆی نازانێت و ناڕازیەتی لەبەرامبەردا دروست دەبێت، تا دواجار بەرەو داڕووخانی دەبات كە چەندین ڕووداوی وا هەبوە لە مێژووی دەوڵەتانی دنیادا و تا ئێستاش بەردەوامە.



لێرەوە دەگەینە خاڵێك ئەویش ئەوەیە، كە دەبێت هەموو حكومەتێك خاوەنی فەلسەفەی حوكم بێت، حوكمی ئەم فەلسەفەیەش لە چوارچێوەیەكی یاسایی دابێت و تا گشتگیری و هەمە لایەنە بكرێت، وەكو ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی هاوبەشی هەموو تاكەكانی كومەڵگا بێت هەموانیش بەرپرسیار بن لەبەرەو پێشبردنی ئەم فەلسەفەیەدا وەكو بەرژەوەندیەكی نەتەوەیی سەیر بكرێت، تا بە كاریگەری ئەم فەلسەفەی حوكمەوە كۆمەڵگا هەنگاوی بەرەو پێش بنێت، وە لەم چوار چێوەیەدا ئەرك و مافی هاوڵاتیان بە یاسا دیاری بكرێت، خەبات بۆ هوشیاری كۆمەڵایەتی بكرێت تا شێوەی بزوتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆی، بەشێوەیەكی سیستەماتیك كارەكان بەڕێوە دەچێت، دیارە ئەمەش ئەوە ناگرێتەوە هەموو حكومەتێك نموونەیی بێت و بێ خەوش بێت. ، دیارە هەر حكومەتێك لە باری واقعی خۆیدا خاوەنی كێشەی ڕۆژانەی خۆیەتی، بەڵام ئیتر كاری حكومەت ئەوەیە بتوانێت خاوەن پلانێكی درێژ خایەنی كورت بێت بۆ بوارە ئیداری و ئابووری و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەكانی ئەو كۆمەڵگایە، وە لەم بوارەشدا فەلسەفەو دنیابینی ئەو حزبانە دەور دەبینێت، كە دەبنە خاوەنی دەسەڵات لە دامەزراوەكانی دەوڵەتدا بۆیە گرنگترین و جەوهەرترین مەسەلە لە دەسەڵات و حكومەتدا، دەبێت پارێزەری بەرژەوەندی گشتی بێت وە مرۆڤ لەو حوكمەدا ئامانج بێت نەك ئامراز بێت بۆ ئامانجەكانی دەسەڵات.

## ٢-حزب

حزب وەك هێزێكی سیاسی ڕێكخراو خاوەن ستراتیژ و ئامانج، لەناو واقیعی كۆمەڵایەتی خۆیدا، خەبات و تێكۆشان دەكات بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات. بۆئەوەی لە ڕێگەی ئەو دەسەڵاتەوە پرنسیپە بنەڕەتیەكانی خۆی لە باری

هەواڵنامەی كتێب

تیۆریەوە بگوێزێتەوە بۆ باری پراکتیکی بەشێوەیەکی یاسایی، ئەم پرۆسەیەش لە ڕێگای بزوتنەوەیەکی سیاسیەوە بە ئەنجام دەگات، کاتێك حزب لە هەڵبژاردنەکاندا دەتوانێت سەرکەوتن بە دەستبهێنێت یان چەند لیستێك لە ڕووی فیکری و سیاسی و بەرژەوەندیەوە نزیکن لە یەکەوە، حکومەت پێك دەهێنن، لە هەمان کاتدا حیزب نوێنەرەکانی خۆی دیاری دەکات، بۆ وەرگرتنی دەسەلأت. واتە لێپرسراوێتی دەسەلأت دەگرنە دەست و کار بۆ مەسەلەیەکی گشتی دەکەن، کە جیاوازە لەو کارەی لە نێو خودی حزب کردویەتی، چونکە حیزب بەشێك لە کۆمەڵگا پێکدێنێت، یان کۆمەڵگا سەرانسەر لە ئەندامانی حزب پێکنەهاتووە، جیاوازیەکە لێرەدا ئەوەیە کارکردن بۆ خودی حزب دەگوێزرێتەوە بۆ کاری گشتی و لێپرسراو لە چارە نووسی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا. بەلأم حزب لێرەدا چ ڕۆڵێك دەبێت یان قورسایی لەناو حکومەتدا لەکوێدایە ؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کەدەمانەوێت شیکاری ناونیشانی بابەتەکەی پێبکەین. تێکەڵ نەکردنی دەسەلأتی حزبی و حکومی.

کاتێك حزب لە ڕیگای هەڵبژاردنەکانەوە دەچێتە ناو بواری دەسەلأتەوە واتە دەسەلأتی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری)دا، دەبێت. حزب لە دەورانی دەسەلأتدا تا هەلبژاردنی داهاتووی، دەبێت خاوەنی پلانێك بێت بۆ حوکمکردن هەر لە بواری ئیداری و ئابووری و سیاسی و کۆمەلأیەتی و فەرهەنگی. ئەوکاتە لە ڕێگەی نوێنەرەکانی حزبەوە ئەم پلانە دەکرێتە بەرنامەی کار واتە ئەو بەرنامەی کە حزب یان لە کۆنگرەی خۆیدا یان لەکومیتەی سەرکردایەتیدا یان بە ڕاوێژ لەگەڵ ئۆرگانەکانی خۆیدا هاتونەتە بەرهەم، لەوکاتەدا هەموویان بە لایەنی کەمەوە زۆرایەتی حزب لەگەڵ ئەو پلانو بەرنامەیەدا دەبێت کە دەدرێتە نوێنەرەکانی خۆی لە ناو دەسەلأتدا.



ئەوکات نوێنەرانی حزب بۆ حکومەت ئەگەر بەشێوەیەکی دیموکراتی لەسەر بنچینەی (کەفائەت) و لێهاتوویی دیاری بکرێن و ڕەزامەندی سەرکردایەتی حزبو لەناو ڕیزەکانی حزبەکەوە پالێورابێت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ڕایەکی گشتی لەسەری دەبێت. ئیتر ڕۆڵی حزب بەسەر نوێنەرەکانیەوە دەبێتە مایەی تەدەخولکردن. چونکە دەبێت نوێنەری حزب بە لایەنی کەم مانگی جارێك لەگەڵ نزیکترین ئۆرگانی خۆی کۆبوونەوە بکات. بۆ ئەوەی لە ئیشەکانی خەڵك تێبگات، بۆ ئەوەی سەرنجی حزبەکەی خۆی بگەیەنێت، ئەمەش بۆ خۆی ئەو پەیوەندیە ڕاست و زانستیەیە لەنێوان حزب و حکومەتدا، وە ئەگەر حزبێك نەیتوانی بچێتە دەسەلأتەوە، ئەوا لە ڕێگای خەباتی خۆیەوە هەڵەو کەم و کورپیەکانی دەسەلأتدار کۆدەکاتەوەو قسەی لەسەر دەکات لە ریگای کۆر و کۆبونەوەکانی خۆی یان لە ڕێگای میدیاوە، کە ئەمەش دەبێت لە چواچێوەی یاسای گشتی دا دەر نەچێت. چونکە لە بیرمان نەچێت زۆرایەتی دەنگی پێداوە دەبێت هەموو کەس ڕێز لەو زۆرایەتییە بگرێت. .

ڕۆڵی حزب لێرەوە ڕۆڵی چاودێری دەبێت بەسەر کار و بارەکانی حکومەتەوە، ڕۆڵی پێشنیاز خواز دەبینێت بۆ حکومەت بە ئامانجی ئەکتیڤ کردنی ڕۆڵی حکومەت.

لێرەشەوە گرنگی زیاتری پرۆژەکەی هەڤاڵ (مام جەلال) دەردەکەوێت کە هەموو دەسەلأتەکان لەرێگای یاسایی خۆیانەوە کاردەکەن بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگا، ڕەنگە هەندێك پێی وابێت ئیتر ڕۆڵی حزب بەم کارە لاواز دەبێت، ڕۆڵی حزب لەناو کۆمەڵگادا بەتایبەتی نموونەی کۆمەڵگای کوردستان کە پێویستمان بە خەباتێکی زۆر هەیە لە باری هۆشیاری و فێرکردنەوە لەناو کۆمەڵگا، چونکە (ی.ن.ك) هێزێکە لە بەرنامەی خۆیدا کۆمەڵێك پەیامی گەورەی هەیە و دەبێت

کۆمەڵگا بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراتی مەدەنی و دادپەروەری، ئەمەش بەبێ بڵاو کردنەوەی هۆشیاری لەناو کۆمەڵگادا نایەتە بوون، بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دروست نابێ بۆ ئامانجەکانمان، بۆیە دەبێت بە بەردەوامی خەبات بۆ زەمینەیەك بکەین، کە بتوانرێت ئامانجەکانی (ی.ن.ك)ی، تێدا بێتەدی، کە ئەمەش بەو گۆڕانکارییە عەقڵییە دەبێت لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا، ئەمەش وادەکات زیاتر ڕۆڵی حزب لەناو کۆمەڵگادا زیاتر حزوری هەبێت وخاڵی پەیوەندی نزیك بێتەوە. وەکاری حزب تەنها دەسەڵاتداریەتی نییە بەڵکو هەوڵوکۆششە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا لەدۆخێکی داخراو و فیودالەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی دیموکرات. بەم پرۆسەیەش دەتوانێت یارمەتی ئەو پرۆژەیە بدەین کە کاری حزب تێکەڵ بەکاری حکومەت نەکرێت. چونکە ئەم جۆرە پرۆژانە بەبێ هۆشیاری کۆمەڵایەتی ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. چونکە ئەوە ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگایە کە حزب والێ دەکات هێزی خۆی بەکار بهێنێت بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانی و ئامانجەکانی خودی خۆی، بۆ نمونە ئەگەر حزب بڕیاری دا تەدەخول نەکات لە کارو باری حکومەتدا، حکومەت هەوڵی چاکسازی خۆی بدا، ئەم کارەش بەبێ هوشیاری تاکەکانی کۆمەڵگا نایەتە بوون و ئەم لایەنەش لەناو پرۆسەی سیاسیدا تەواوکەری یەکترین و بەیەکەوە بەستراون و کارلێك لەگەڵ یەکتریدا دەکەن. .

باسکردن لە پرۆژەیەکی وەها کە گرنگی خۆی هەیە و چەندین مەسەلە پێیەوە پەیوەندیدارە، کە هەر لایەنێکیان هەڵدەگرن زۆرترین مشت و مڕی لەسەر بکرێت، **بۆیە لێرەدا ناتوانین بەتەواوەتی هەقی خۆی پێبدەین، تەنها دەستنیشانی چەند خاڵێکی جەوهەری دەکەین کە گرنگە بۆ ئەم پرۆژەیە. .**



١/ یەکێك لە کێشەکانی واقعی ئێستای کوردستان نەبوونی دەستوورە دەستوور دایکی گشت یاساکانە، دەتوانێت تەحدیدی حزب و شێوەی حزبایەتی و دەسەڵات و دارایی و حکومداری بکات لە هەر وڵاتێکدا، ئەگەر چوار چێوەیەکی یاسایی بۆ حزب دیاری بکرێت، ڕەنگە نەتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەخاڵەت لە کاروباری حکومەتدا بکات، دەبێت پەرلەمانیش یاسای تایبەت بەم کارەی هەبێت و چاودێری ڕەوشەکە بکات.

٢/ تێکەڵبوونی بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسیەکان لە کاتی حکومداریدا لەسەر حسابی گشتی، یەکێکە لەو فاکتەرە سەرەکیانەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەبینرێت. وە تێکشکاندنی  عقدی ئابووری و سیاسی لە نێوان کوزەرڤاتیڤەکانی ناوحیزب یان کەمایەتی ناوحیزب وحکومەت  کارێکی قورسە هەروا بە سانایی جێ بەجێ نابێت بۆیە خاڵی جیاکردنەوەی هێزی حزب لەناو حکومەتدا خاڵێکی قورسە، کە بارێکی نەگەتیڤی بۆ سومعەی حزب دروست کردووە، دەبێت لەم ڕووە زۆر بە ئاگا بین، ناکرێت حزب هێزی ئیداری و دارایی حکومەت بۆ بەرژەوەندی کەمایەتی بخاتە گەڕ، بەڵکو دەبێت حزب هاندەر بێت لەناو حکومەت تا هێزی دارایی ئیداری لە پێناوی گشتی دا بەکاربهێنرێت.
هەروەك ڕۆسۆ دەڵێت: گەندەڵ بوونی کۆمەڵگا  لە فرت و فێڵ و نایەکسانیەوە سەرچاوە دەگرێت.

٣/حزب دەبێت خۆی بە دوور بگرێت لە ئاراستەکردنی پەروەردەو فەرهەنگی نەتەوەیدا، ئەوە دامەزراوە حکومیە بێ لایەنەکانە، کە دەبێت ستراتیژی پەروەردە دیاری بکەن، ئەمەش بە بیرێکی نەتەوەیی و سەردەمیانە لە خزمەت پرۆسەی گەشەکردنی هەمەلایەنی کۆمەڵگادا بێت. ناکرێت ئایدۆلۆژیاو



هەواڵنامەی کتێب

سیاسەتی حزب لەم شوێنانەدا ڕۆڵ ببینێت، هەیمەنە بکات بەسەریداو ئاراستەی بکات، چونکە ئەگەر پڕۆسەی پەروەردە لە ستراتیژدا خزمەت بەمەسەلە گشتیەکان بکات.

٤/ چەند دامەزراوەیەکی گرنگ هەیە کە پەیوەندیان بە مەسەلەی گشتیەوە هەیە. وەکو ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی خۆراك و تەندروستی و هێزی چەکدار و بەرگری. ئەمانە کاری حکومەتن و نابێت حزب هەژموونی خۆی بەسەریاندا زاڵ بکات، چونکە دوواجار ئەوانە خزمەتی گشتی گەل دەکەن.

٥/ ئەگەر حکومەت خاوەنی ئەم دەزگایانەی سەرەوە نەبێت، ئەوا بۆشاییەك دروست دەبێت. بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە پێویستە حزب ڕۆڵی خۆی تێیدا ببینێت.

٦/دەبێت لەم بوارەدا ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆڵێکی بەرچاوو دیاری هەبێت، لە چاودێرکردنی رەوشی حکومەت. . دەبێت ئەم چاودێریکردنەش بەیاسا ڕێکخرابێت. لەهەمانکاتدا ئەم قسەیەش بۆدەسەلاتی چوارەم کە میدیایە ڕاستە.

سەرنووسەر



هەواڵنامەی کتێب

## لێکــــۆڵینەوە

- سـۆسـیـال دیمـوکــراسی. . لـــــە مێژوودا.
- کورد.. لەنێوان ( دووبـارەبوونەوە ) و ( وەسـتـان ) لــــــــــەمێژوودا.
- سـۆسیۆلـۆجـیــای گـــــــەشـە پێــدان سەرەتـایەکی تیۆری .
- باکوری کوردستان – بەشی دووەم.
- جـەنگی جیهانیی یـەکــــــەم.
- دیپلۆمـاسیـەت وجـــــــەنگ.

هەواڵنامەی کتێب

# سۆسیال دیموکراسی. . لە مێژوودا

ئەکرەمی میهرداد

مێژووی سەرهەڵدانو گەشەو وەرچەرخانی سۆسیال دیموکراسی تا کاتی جەنگی جیهانی یەکەم لەگەڵ مێژووی ئەنترناسیونالی دووەم (١٨٨٩ــ ١٩١٤) ئاوێتەیە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە سەرهەڵدانو گەشەو ئاستەنگی ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ پەیدابوونو پاشەکشەی ئەم ڕێکخراوە جیهانییەی سۆسیالیزمو بزوتنەوەی کرێکاری هاوبەشە. سەردەمی ئەنترناسیونالی دووەم (١٨٨٩ ــ ١٩١٤)دەتوانین بە سەردەمی زێڕینی مارکسیزم بخوێنینەوە. بیروڕاو ئامۆژگاریەکانی مارکس بەو ڕادەیە ڕۆشن بوون، کە بتوانین وەکو پەیڕەوێکی فکریو سیاسیو فەلسەفی چاوی لێبکەینو هاوکات بزاڤی سۆسیالیستیو کرێکاری کاریگەر بە مارکسیزم وەکو بزوتنەوەیەکی بەهێزی جیهانی هاتە سەر شانۆی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەجیهاندا. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین، کە هێشتا ئەو ڕێبازو بیروڕایە (واتە مارکسیزم) چوارچێوە یان تەختەبەندی جەزمی بەرهەم نەهێنابوو کە باسو گفتوگۆو جیاوازی ناو ئەو بزاڤە جیهانییە نەهێڵیو هێشتا (واتە ئەو کاتەی ئەنترناسیونالی دووەم لە ١٨٨٩ــ ١٩١٤) پەیڕەوی کردن لەدیدگاو ڕێگاچارەی جیاواز بۆ پرسەکانی تیۆریو تاکتیکی لەناو نەچوو بوو[١].





لێکۆڵینەوەی گشتی لەمێژووی ئەنترناسیونالی دووەم ئەوەمان نیشان دەدا کە پەیڕەوو نەریتی مارکسیستی لەناو ئەنترناسیونالی دووەمدا بەهێزترینو شایستەترین نەریتو ڕێبازبوو. ئەنترناسیونالی دووەم لەساڵی ١٨٨٩ لەیەکێتیو هاوکاری پارتو ڕێبازەکانی کرێکاریو سۆسیالیستی بوو کە لەپاریس یەکەمین کۆنگرەی خۆیان گرێدا. پارتو بزاڤەکانی کرێکاری ئاڵمان، فەرەنسا، بەریتانیا، هۆلاند، بەلژیك، وڵاتانی ئەسکەندەنافی، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، روسیا، ئەمریکا، ئەرجەنتینو چەند وڵاتی دیکە، کە هەموویان باوەڕو پابەندی خۆیان بە سۆسیالیزمی مارکس ڕاگەیاندو ئەنترناسیونالی دووەمیان لەپاریسو بۆ ئەو مەبەستە سازدا. لەم ئەنترناسیونالەدا هەموویان بەرەو ڕێکخراوی کرێکاریو سۆسیالیستی هەنگاویان دەناو لەئاستی باوەڕو تیۆری سیاسیو فەلسەفیشدا یەکدەست ترو رادیکاڵتر بوون لەئەنترناسیونالی یەکەم. بناغەو کۆڵەکەی ئەنترناسیونالی یەکەم بزاڤی کرێکاریو سۆسیالیستی فەرەنساو بەریتانیا بوو، کە لەلایەن رابەرانی تریدیۆنیونی بەریتانیاو پرۆدۆنیستەکانی فەرەنساو لایەنگرانی دیموکراتی شۆڕشگێڕی ئیتاڵیا (ماتزینی) پێك هاتبوو. لەم ئەنترناسیونالەدا یەکێك لەباوەڕو پەیڕەوەکان لایەنگرانی مارکس بوون، لەگەڵ ئەو ڕەوتو ڕێبازانەی دیکەدا ئەنترناسیونالی یەکەمیان لەساڵی ١٨٦٤ لە لەندەن دامەزراند. بەڵام ئەنترناسیونالی دووەم، کە زۆربەی بیرمەندو مێژوونووسانی بزاڤی کرێکاریو سۆسیالیستی بە سەردەمی زێڕینی مارکسیزمی دەزانن، بە تەواوی لایەنگیری لەبیروباوەڕەکانی مارکس دەکرد.[٢]

دیسان ئەمەش بەو مانایە نایەت (سەرەڕای دەسەڵاتو شایستەیی مارکسیزم) کە بەتەواوی مارکسیزمو بزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی بە یەك بزانرێن، چ لەو کاتەداو چ لەسەردەمەکانی دیکەداو هەتا ئێستا، سەرچاوە فرەو

جیاوازەکانی سۆسیالیزمی ئەوروپایی بە هیچ جۆرێك وشکی نەکردبوو، هەرچەندە لەبەرامبەر تیۆرو ئامۆژگارییە سازگارو جیهانییەکانی مارکسدا کەمتر گرنگییان هەبوو.

لەئاڵمان سەرەڕای نەریتی بەهێزی لاسالی، ئایدولوژی مارکسیستی بە تەواوی باڵادەست بوو. حزبی سۆسیالیست یان کرێکارانی فەرەنسا کە رابەرایەتی لەدەستی (گسدا) بوو، تەنها لەو ڕووەوە دەکرێت بە مارکسی بزانرێت کە بەرنامەی حیزبەکەیان لەژێر دیدو کۆمەکی مارکسدا نووسرابوو، کە پاشان بڕیاریان لەسەردا. بزاڤی سۆسیالیستی فەرەنسا چەند سەردەمێك دوچاری نا بەسامانیو لێکدابڕان بوو، بەڵام دیسان نەریتی مارکسێتی لەهەموو باڵەکانی دیکە بە هێزترو زیندووتر بوو. لەنەمسا، پۆلۆنیا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، بەلژیكو تەواوی ئەو وڵاتانەی کە بزاڤی سۆسیالیستی تیا بەهێز بوو، ئایدیولوژی ئەو بزوتنەوانە زیاتر لەژێر کاریگەری مارکسیزمدا بوو. بەڵام هەرگیز هەژموونی مارکسیزم لەبەریتانیا، واتە دروست لەو وڵاتەی کە ئامۆژگاریو پەیڕەوی مارکسی تیا فۆرمۆڵ بەندی کرابوو، هەروەکو دەشزانین کە زۆربەی ژیانی مارکسیش لەوێ بوو هەتا مرد، بەهێز نەبوو. بەڵکو بزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی بەریتانیا، کە لەمێژوودا بە بزوتنەوەی (فابی)انی دەناسرێت، سروشتو ئەندێشەکەی لەسەرچاوەی بیروباوەڕەکانی رۆبرت ئۆین (سۆسیالیستی سەرەتایی)، جێرمی بنتامو جۆن ستیوارت میل وەرگرتبوو. بە شێوەی گشتی سۆسیالیست بوونو مارکسیست بوون لەتەواوی ئەوروپاو ئەمریکا، جگە لەبەریتانیا، وەکو یەك دەناسران. زۆربەی رابەرانی کرێکاریو سۆسیالیستی ئەوروپیو ئەمریکی، کە هەریەکەیان بە جۆرێك خۆیان بە مارکسیست دەزانی، ئەوان بوون کە تیۆری سۆسیالیستییان گەشەو پەرەپێدەدا. سەرەڕای تیۆرسازو





رابەرانی فکری، نەوەیەکی فراوان لەرابەرانی سۆسیالیستو مارکسیست هەبوون، کە لەبواری عەمەلیو سیاسیدا بزاڤی سۆسیالیستیو کرێکارییان رابەری دەکرد. ئەم رابەرانە کۆمەك یان کارێکی بەرچاوی تیۆریو فکرییان بۆ سۆسیالیزمو مارکسیزم نەکردبوو، بەڵام لەناو بزوتنەوەکەدا خاوەن هەژموونو دەسەڵات بوون. رابەرانی وەکو ئۆگست بیبل لەئاڵمان، گسد لەفەرەنسا، ڤیکتور ئادلەر لەنەمساو تۆراتی لەئیتاڵیا، کە رووناکبیرنەبوونو بانگەوازی بەشداری لەگفتوگۆی تیۆریو تەکامولی مارکسیزمو سۆسیالیزمدا نەبوون. لەم سەردەمەدا کە مارکسیزم لەلوتکەی هەژموونو جوڵانەوەی فکریو سیاسیدا بوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەك وەکو مەزهەبی گروپێکی دیاریکراو نەبوو، بەڵکو وەکو ئایدیولوژیای بزاڤێکی بەهێزو جیهانی تەماشا دەکرا. لەهەمووشی گرنگتر ئەوەبوو، کە هۆکارێك نەبوو بۆ بێدەنگ کردنو لاوازی هیچکام لەو کەسو بزوتنەوانەی، کە خۆیان بە جیاواز لەمارکسیزمو سیاسەتی رەسمی ئەنترناسیونال دادەناو هەرلێرەشەوە پێ بەپێی واقعیەتی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری جیاواز لەباری تیۆرێکدا داکۆکی لەخۆی دەکرد.

سەرئەنجام مارکسیزم لەپانتایی فراوانی جیهانیدا وەکو بیروباوەڕو پەیڕەوێکی جدیو پەیگیر دەبینرا، کە تەنانەت نەیارانیشی نرخو بەهایان بۆ دادەنا. لەم سەردەمەدا داکۆکیکەرانی بەهێزو ڕووناکبیرانی بە توانای وەکو ئیدوارد برنشتاین، کارل کاوتسکی، روزا لوگزامبورك، لینین، جان جۆریس، ماکس ئادلەر، ئۆتۆباوەر، هیلفردینگ، لابریولا، پانەکۆك، فاندر فولدو کونو لەبەرامبەر نەیارانو رەخنەگرانی بە تواناو ناسراوی وەکو کروچ، سومبارت، مازاریك، جورج زیمل، بوم باوركو پیوتر ستروفەدا پانتایی هەژموونی فراوانتری مارکسیزمیان زیاتر دەکرد. لەمەش فراوانتر، کەسانێك هەبوون لەمێژوونووسانو بیرمەندانو

ئابووری ناسانی بێلایەن، کە هەرچەند لایەنگیری تەواویان لەمارکسیزم نەدەکرد، بەڵام هەندێك لەئەندێشەو بیروڕاکانی مارکسییان پەسەند دەکرد.

ئەنترناسیونالی دووەم ڕێکخراوو ئۆرگانێکی ناوەندییو یەکپارچە نەبوو، هەروەها سەرەڕای بەهێزیو کاریگەری مارکسیزمیش هێشتا ئامۆژگاریو پلانی ڕۆشنو وردی نەبوو، کە مایەی پەسندکردنی هەموو ئەندامەکانی بێت. ئەنترناسیونالی دووەم زیاتر وەکو فیدراسیۆنێکی نامەرکەزی پارتو سەندیکاو بزوتنەوە کرێکاریەکان بوو، کە جیا لەیەك کارو چالاکیان دەکرد. بەڵام باوەڕی هاوبەشیان بە سۆسیالیزم ئەوانی پێیەك گرتبوو. ئەگەر ئەنترناسیونالی یەکەم ناوەندێکی ئایدیۆلۆژیك بوو بۆ بزاڤی کرێکاریو سۆسیالیستی، بەڵام ئەنترناسیونالی دووەم کۆبوونەوەی ئەو پارتو سەندیکاو یەکێتییانە بوو، کە بەڕاستی نوێنەری جەماوەری فراوانی خەڵكو کرێکاران بوو.

یەکێك لەو پرسە گرنگانەی کە سەرنجی زۆربەی مێژوونووسانو بیریارانی سۆسیالیستو بزاڤی کرێکاری بەخۆوە خەریك کردووە، ئەوەیە، کە بیستو پێنج ساڵی تەمەنی ئەنترناسیونالی دووەم هەر لەدامەزراندنییەوە هەتا سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم، سەرەڕای شایستەییو باڵادەستی مارکسیزم، بەڵام هەندێك دەستکەوتو وەرچەرخانی گرنگی ئابووریو سیاسیو فەلسەفیو کۆمەڵایەتی هێنایە ناو بزاڤی کرێکاریو بزوتنەوەی مرۆڤایەتی بەرەو ئازادیو یەکسانیو عەدالەت. لەسەردەمی ئەنترناسیونالی دووەمدا مارکسیستو سۆسیالیست ئەو کەسانە بوون، کە ئەم بیروباوەڕانەی خوارەوەیان هەبێت.

**یەکەم:**

ڕەوتو مەیلەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، بە تایبەتی تەمەرکوزی سەرمایە، ڕەوتو مەیلی سروشتی مێژوو بەرەو سۆسیالیزم بەهێز دەکاتو



سەرئەنجام سۆسیالیزم ئەنجامی ناچار یان شیاوترین ڕەهەندی کەڵەکەو بەهێزبوونی سەرمایەدارییە.

**دووەم:**

سۆسیالیزمو خاوەنداریێتی گشتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەبنە هۆی لەنێوچوونی چەوسانەوە، دەرامەتی مفتو بێ کار، نەمانی ئیمتیازو نایەکسانی ئابووری، کە لەئەنجامی دابەشکردنی ناعادیلانەی ساماندا پەیدا دەبن. چەوسانەوەو هەڵاواردنی نەژادی، نەتەوەیی، ڕەگەزیو ئایینی دەبێت لەنێوبچێت ولەشکری پیشەیی دەبێت نەمێنێ. هەلی پەروەردەو فێرکردنی یەکسان بۆ هەمووان، ئازادییە دیموکراتیەکان ـ ئازادی بەیانو کۆبوونەوەو ڕێکخراوبوون، سستەمی هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵك بۆ هەموو ئاستەکانی بەرپرسیاریو حوکم کردنو بوونی سستەمو یاسای ڕەفاهی کۆمەڵایەتی دەبێت بۆ هەمووان دابین بکرێت.

**سێیەم:**

سۆسیالیزم بە سوودی هەموو مرۆڤایەتییەو تەکامولی جیهانی فەرهەنگو خۆشگوزەرانی گشتی مەیسەر دەکات. ئاڵاهەلگری خەباتو هێنانەدی سۆسیالیزم چینی کرێکارە، لەبەر ئەوەی کرێکاران ئەو چینەن، کە ڕاستەوخۆ بەهاو نرخە سەرەکییەکان بەرهەمدەهێننو هەم ئەو چینەش، کە زیاتر لەهەمووان بەشێوەی ڕاستەوخۆ سوودمەند دەبن لەنەهێشتنی سیستەمی کاری کرێ گرتە.

**چوارەم:**

پێشڕەوی بەرەو سۆسیالیزم پێویستی بە خەباتی ئابووریو سیاسیو فەرهەنگی چینی کرێکارە. ئەم چینە دەبێت بۆ ریفۆرمو چاکسازی ژیانو ڕەوشی

خۆی لەچوارچێوەی سەرمایەدارییدا سوود لەهەموو شێوەکانی خەباتی سیاسی و بە تایبەتی شێوەکانی خەباتی پارلەمانی وەربگرێ، لەپێناوی خەباتی سۆسیالستی دا پرولیتاریا دەبێت لەپارتی سیاسی سەربەخۆی خۆیان سازمان و ڕێکخراوبن.

**پێنجەم:**

سەرمایەداری لەرێگای کۆمەڵێك ریفۆرم و چاکسازی بە شێوەی ڕیشەیی لەناوناچێت، پەیامە مەرگهێنەرەکانی ئاستەنگی ئابووری و سیاسی، هەژاری و بێ کاری بەشێکە لەخودی سروشتی ئابووری و چینایەتی سەرمایەداری. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کرێکاران دەبێت بۆ هێنانەدی ریفۆرم و چاکسازی وەکو یاسای کار، ئۆرگان و سیستەمە دیموکراتییەکان و کرێی زیاتر خەبات بکەن، چونکە ئەم کار و خەباتە هەلومەرجی ژیانیان باشتر دەکات و خۆراهێنان و فێربوونیشە بۆ بەدیهێنانی هاوپشتی چینایەتی و فراوان بوون و فێربوونی هونەری خەباتی ئاییندە.

**شەشەم:**

سستەمی سەرمایەداری سەرئەنجام لەلایەن شۆڕشی سۆسیالیستی دا لەناو دەچێت، ئەمەش ئەوکاتە دەبێت، کە هەلومەرجی ئابووری و ڕەوشی هۆشیاری چینی پرۆلیتاریا بۆ ئەم کارە ئامادە دەبێت. ئەم شۆڕشە نە کودێتا و نە ئالوگۆڕێکی سیاسی کتوپڕە کە هەندێك رابەرانی شۆڕشگێڕ یان پیلان گێڕ بە ئەنجامی بگەیەنن، بەڵکو کار و شۆڕشی زۆرایەتی مەزنی جەماوەری زەحمەتکێشە. یان وەکو مارکس دەڵێت شۆڕش و گۆڕانی سیاسی نییە بە تەنها، بەڵکو کار و خەباتێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی مرۆڤایەتی زەحمەتکێشە. [٢]



**حەوتەم:**

بەرژەوەندی پرولیتاریا لەسەر ئاستی هەموو جیهان هاوبەش و یەکسانە، شۆڕشی سۆسیالیستی بە شێوەی ڕووداوی جیهانی یان لانیکەم گۆڕانکاری لەکۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا دێتەدی.

**هەشتەم:**

سۆسیالیزم تەنها بەرنامەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو جیهان بینیەکە، کە بەو هۆیەوە دەکرێت شیکردنەوەی ڕاستی زانستی بەدەست بهێنین. تەنها لێکۆڵینەوەی عەقلانیەتی سروشت و جیهان و مێژوو دەتوانێ مانای ژیان و خەباتی مرۆڤایەتی شیبکاتەوە. ئامۆژگاری و ئایدیاکانی مەزهەبی و ئایینی جۆرێکن لەئاگایی (شێواو) و هەر کاتێك، کە چەوسانەوە و دژایەتی چینایەتی لەنێوبچێت ئەم دیدگاو ئامۆژگارییانەش دەپووکێنەوە. جیهان پاشکۆی یاسا سروشتییەکانە و نەك شێوەیەك بێت لەبڕیار و دەسەڵاتی ئیلاهی. مرۆڤ بەرهەمی سروشتە و دەبێت ئەم لایەنەش بە باشی زانیاری و زانستی دەربارە هەبێت و هەموو ئەو باوەڕانەش کە باس لەبوونی جیهان پێش پەیدابوونی مرۆڤ دەکەن، ناڕاست و هەڵەن.

بەڵام بڕواو مامەڵەی پارتەکان و بزوتنەوەکانی سۆسیالیستی و کرێکاری لەگەڵ ئەم دیدگاو پرانسیپانەدا جیاواز بوو، هەریەك لەوان شیکردنەوەی جۆراوجۆریان هەبوو، تەنانەت ئەم جیاوازی و فرەییەش گرنگ و جێگای باس بوو. هەندێك جار هەڵوێستی ئەو پارت و بزووتنەوانە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا تا ڕادەی ناکۆکی و دژایەتیش دەچوو. ئەو زەمینە فکری و سیاسی و ئابوورییانەی، کە مایەی جیاوازی و ناکۆکی نێو ئەنترناسیونالی دووەم و بزاڤی سۆسیال

دیموکراسی بوو لەم بابەتو باسانە دابوون،

❖ پرسی ماتریالیزمی مێژوویی‌و پەیوەندی نێوان (ژێرخان) و (سەرخان).

❖ ئایا سۆسیالیزم پرسێکی (حەتمی‌و سروشتی) یە یان لەنێو مەیل‌و خەباتی مێژوویی سەرمایەدارییدا لایەنی (ئەگەر) و (لەوانە)ی هەیە.

❖ خەبات بۆ هێنانەدی ریفۆرم لەخۆیدا بە سوودی کرێکارو مرۆڤایەتییە، یان تەنها خۆ ئامادەکردن‌و خۆڕاهێنانە بۆ شۆڕشی ئایندە.

❖ دەسەڵاتی تاکانەو بێ ئەملاولای ئەحزابی سۆسیالیست پەسەند دەکرا، یان هاوکاری‌و یەکێتی لەگەڵ بزوتنەوە ناسۆسیالیستیەکان ڕەوا بوو.

❖ چۆن تەماشای شۆڕش دەکرا، کە تەنها جەنگێکی ناوخۆییە یان کودێتایەکی سیاسی، یان شۆڕش‌و فشارو کاریگەری ناتوندوتیژی کرێکاران‌و جەماوەری زەحمەتکێش‌و ستەم دیدەیە بۆ گۆڕانکاری رادیکال.

❖ ئایا جیهانبینی سۆسیالیستی‌و مارکسیستی وەڵامی هەموو پرسە گرنگەکانی فەلسەفەی تێدایە، یان دەربارەی ئەو شتانەی کە دیدگای تایبەتیان نییە، دەکرێت ئازادانە سوود لەبیرو ئەندێشەکانی پێش‌و دەرەوەی مارکسیزم وەربگرێت.

❖ بێگومان ئەم جیاوازییانە لەدیاریکردنی سیاسەت‌و ئامانجەکانی بزاڤی سۆسیالیستی داو لەلای هەر یەکێك لەحیزب‌و بزوتنەوەکان کاریگەری دەبێت، چونکە ئەم حیزبانە تەنها کۆڕو کۆمەڵەی خوێندنەوەو بیرکردنەوەو نووسینی فەرهەنگی‌و فەلسەفی نەبوون، بەڵکو ئەم پرسانە کاریگەرییان هەبوو لەسەر لایەنی سیاسی‌و جەماوەری کارو خەباتیان. لەوەش گرنگتر ئەوەبوو، کە ئەو حیزب‌و بزاڤە سۆسیالیستیانە لەهەلومەرجێکدا خەباتیان دەکرد، کە تیۆری‌و ئامۆژگارییەکانی مارکس تیایدا پێشبینی نەکراوبوون، هەر



ئەمەش وای لەوان دەکرد کە لەو پرانسیپ‌و بنەمایانەی کە مامۆستاکەیان دایڕشتبوو دەرئەنجامی تایبەتی‌و جیاواز پەیدا بکەن دەربارەی چۆنیەتی ئەم کارەش بێگومان یەکێتی بیروڕایان نەبوو.[٤]

## جیاوازی‌و ناکۆکی نێو ئەنترناسیۆنالی سۆسیال دیموکراسی

لەلایەنی تیۆری دا، گۆڕانکاری‌و بەرەو پێشەوەچوونی نێو نەتەوەیی دووەم بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێ: قۆناغی یەکەم، سەردەمی خەبات‌و جیاوازی بوو لەبەرامبەر ئانارشیزم بە تایبەتی لەوڵاتانی لاتینی واتە فەرەنسا، ئیسپانیاو ئیتاڵیا.

قۆناغی دووەم، دەورانی جیاوازی‌و خەبات بوو بەرامبەر ڕێبازی پێداچوونەوەی مارکسیزم کە بەڕابەری (ئیدوارد برنشتاین) بوو لەسۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیاو ئەوروپا. قۆناغی سێهەمیش کە لەساڵی ١٩٠٥ بەدواوە دەست پێدەکات، سەردەمی خەبات بوو لەبەرامبەر ڕەوت یان باڵی چەپ. بەڵام ئەوەی کە لەهەموویان گرنگتر بوو، خەبات‌و جیاوازی ڕەوتی مارکسیست، یان ئەوەی کە لەمێژوودا بەناوی مارکسیزمی ئەرسەدۆکس ناسراوە بەڕابەری (کارل کاوتسکی) لەدژی ڕەوتی پێداچوونەوە یان تازەکردنەوەی مارکسیزم بوو بە ڕابەری ئیدوارد برنشتاین.[٥]

وێڕای جیاوازی‌و ناکۆکی نێو خودی ئەنترناسیونال‌و سۆسیال دیموکراسی، بەڵام یەکێك لەدەسکەوتە گرنگەکانی ئەم سەردەمە مێژووییەی بزاڤی سۆسیالیستی‌و کرێکاری، دابڕان‌و جیابوونەوە بوو لەلیبرالیزم بە تایبەتی لەمەیدانی تیۆری‌و ئایدیۆلۆژی‌و خەباتی ئابووری‌و سەندیکایی‌و جەماوەری بزوتنەوەی کرێکاری. دەسکەوتە گرنگەکانی ئەم جیابوونەوەیەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەئایدیۆلوژیاو تیۆری لیبرالی لەمانەش تێپەڕدەبێت‌و ئەم سەردەمە بە قۆناغی سەربەخۆیی سیاسی‌و دیموکراتیکی بزوتنەوەی کرێکاری دادەنرێت.

هەواڵنامەی کتێب

بەدەستهێنانی دەنگو جێگاو ڕێگای پەرلەمانیو بەهێزبوونی سۆسیالیستەکانو کرێکاران لەناو نیهادو دامودەزگا دیموکراتیەکاندا. هەموو ئەمانەش لەسەردەمێکدا دەبێت کە بە قۆناغی گەشەی ئابووری ئەوروپاو ئەمریکاو گەشەی ڕێبازو ڕەوتەکانی ئیمپریالیستی دەناسرێت لەسەرمایەدارییدا. ئایا سۆسیال دیموکراسی چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا کردو ڕێبازو ڕەوتەکانی ناو ئەنترناسیۆنالی دووەم، لەبەرامبەر ئەم سەردەمو دیاردە تازەیەدا، تا چ ڕادەیەك ناکۆك بوون یان توانیان یەکێتی خۆیان لەبەرامبەر سەرمایەداریو ئیمپریالیزمی جیهانیدا بپارێزن. یەکێك لەپرسە چارەنووسسازەکانی سۆسیال دیموکراسی لەم سەردەمەدا دێتەکایەوە، کە سەرئەنجام ئەنترناسیونالو سۆسیال دیموکراسی دەکات بەسێ باڵی بەهێزو سەرەکییەوە.

هەر سەبارەت بە پرسو کێشەی نێوان سۆسیال دیموکراسیو لیبرالیزم، سۆسیال دیموکراسی توانی دوو پرس یان دوو بنەمای سەرەکی لیبرالیزم وەلابنێ یان بەرەو گۆشەگیری برد، هیچ نەبێ لەناو بزوتنەوەی کرێکاریو سەندیکایی دا. بنەمای یەکەمی لیبرالیزم، کە کارکردنی دامودەزگاکانی حکومەتە بۆ داکۆکی لەئاسایش، ئازادیو سەرو ماڵی تاك، بەڵام مەسەلەی بەرهەمهێنانو ئاڵوگۆڕی کارو سەرمایە لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتدایەو دەبێت ئەم کارە بدرێتەدەست کەرتی تایبەتی سەرمایەداری، کە باشترین دابینکەری گەشەی ئابوورییە. بێگومان گەشەو کاریگەری ئەنترناسیۆنالو سۆسیال دیموکراسی، توانی لەو سەردەمەداو هەتا دامەزراندنو گەشەی دەوڵەتی ڕەفا لەدەیەی ١٩٣٠ بە دواوە کە لەئەوروپاو لەزۆربەی وڵاتانی کاریگەری ئەو کیشوەرە پاشەکشە بەم بنەمایە بکات.

کاریگەری سۆسیالیستەکانو ئەنترناسیۆنالی دووەم بوو، کە پرسەکانی پەیوەندی بە یاسای کاری دیموکرات، زەمانەتکردنی بیمە کۆمەڵایەتیو



ئابوورییەکان، کارکردن بە بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتیو یەکسانی نێوان ژنو پیاوو مافو ئازادی لاوانو منداڵان، بوونە یان لەڕاستیدا کرانە سیاسەتەکانی ڕەفاهی کۆمەڵایەتی. بنەمای دووەمی لیبرالیزم، کە بەئاشکرا لایەنی سەرمایەدارانەی پێوە دیارە، پەیوەندی نێوان خاوەن کارو کرێکارانە (کرێکاریش هەموو ئەو کەسانەن کە بەکرێ کار دەکەن هەر لەدکتۆر، ئەندازیار، پارێزەر، کارمەند، ئەفسەرو سەرباز، کرێکارو جوتیاران، کە لەکشتوکاڵدا بەکرێ کار دەکەنو سەرئەنجام کرێکارانی بە کرێی پیشەسازیو خزمەتگوزاریو کارە مەدەنییەکان) کە لەلای لیبرالیزم بە ڕێککەوتن یان گرێبەستی ئازاد ناونراوە، کە لەنێوان دوو کەس دایەو حکومەت بۆی نییە دەخالەت بکات وەهەردوو کەسەکە (خاوەن کارو کرێکار) دەبێ پەیڕەوی لەو ڕێکەوتنە بکەن. بەشداریو کاریگەری یاسا لەو ڕێکەوتنانەدا پێشێلکردنی ئازادییە، هەروەها ئەوەش پێشێلکردنی ئازادییە ئەگەر یەکێتیو سەندیکا کرێکارییەکان خاوەنکارەکان بخەنە ژێر فشارەوە بە قازانجی کرێکاران.

بەهۆی کارو چالاکیو شایستەیی ئەنترناسیۆنالو سۆسیال دیموکراسیەوە، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست بە دەگمەن کەسێك پەیدادەبوو، کە داکۆکی لەو دوو بنەمایەی پێشوو بکات، کە داهێنانی لیبرالیزم بوو وەکو دوو بنەمای نایابو ناوازەی سەرمایەداری باسدەکران.

کارو ڕاگەیاندنو پروپاگەندەی سۆسیالیستی ئەم وەهمەی لیبرالیزمیان لەناوبرد، کە گوایە کرێکارو خاوەنکار لەهەلومەرجی یەکساندا لەگەڵ یەك ڕووبەڕوونو لەمەودواش چیتر تیۆرمەندانو لایەنگرانی لیبرالیزم داکۆکیان لەم بابەتە نەدەکرد. سەرئەنجام مافو کاری یاساو دامودەزگا یاساییەکان (نموونەی یاسای کار)بووە پێوەر بۆ یەکلاییکردنەوەی ڕێکەوتنەکانی نێوان کارو سەرمایەو

ئەمەش بە قازانجی کرێکاران بوو، تارادەیەکی زۆر شێوەکانی چەوسانەوەی سنوردار دەکرد. کاریگەری سۆسیالیستەکانو نەخشی دامودەزگا یاساییەکان بوونە زەمینەی پەیدابوونو بەهێزبوونی ئۆرگانو سەندیکاو رێکخراوە کرێکارییەکان بۆ داکۆکیکردن لەکرێکاران لەبەرامبەر خاوەنکارو سەرمایەداراندا.

بە رەسمی ناسینی بنەمای دەخالەتی حکومەت لەپەیوەندی نێوان کرێکارو خاوەنکارو رەخساندنی زەمینەی فشارو کاریگەری نیهادو دامودەزگا پارلەمانیو سەندیکاییەکان، سۆسیالیستەکانی خستە هەلومەرجێکی ستراتیژی نوێوە، کە پارتەکان وەڵامێکی رۆشنیان نەبوو. لەکاتێکدا، کە سۆسیالیستو کرێکاران توانیان بگەنە پارلەمانەکانو کاریگەربن لەبڕیاردانی ئەو یاسایانەی کە بەقازانجی کرێکارانو هەژاران بێت. ئایا بەم کارە لەریفۆرمو چاکسازی سەرمایەدارییدا هاوبەشی ناکەن؟ ئانارشیستەکان سۆسیال دیموکراسیان بەوە تاوانبار دەکرد، کە ئەو کارەیان کردووەو ناڕاستەوخۆ دانیان بەوەدا ناوە، کە سەرمایەداری قابیلی ریفۆرمو چاکسازییە، لەکاتێکدا مارکس پێچەوانەی ئەوەی وتبوو. باڵی مارکسیزمی ئەرسەدۆکس لەوەڵامدا دەیانووت کە سەرمایەداری هەرگیز لەو زەمینەیەدا ریفۆرم ناکرێت، کە چیدی سەرمایەداریو چەوسێنەر نەبێتو خود بەخود بەرەو سیستەمی سۆسیالیستی بڕوات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت، کە خەباتی کرێکارانو سۆسیالیستەکان بۆ باشترکردنی ژیانی کرێکاران بەردەوام بێتو بۆ ئەوەی لەم ڕێگاوە بتوانین ئاگایی چینایەتی ئەوان بالاتر بکەین. ئەو بەشە لەکرێکاران کە ئەسیری دەستی بۆرژوازین هەرگیز ناتوانن رۆڵی چینایەتیو شۆڕشگێڕانە ببینن، چونکە لەژیانی باشو خوێندنو هۆشیاری بێبەش کراونو کاری تاقەت پروکێن ئەوانی شەکەتو ماندوو دەبەنگ کردووە.

ئەم پرسە بە تایبەتی ئەو سەردەمە زیاترو دیارتر دەبوو کە مەسەلەی



هاوکاری لەگەڵ حیزبو لایەنە پارلەمانییە ناسیۆسیالیستەکان دەهاتە پێشەوە. ئەگەر سۆسیالیستەکان بە شێوەی مەبدەئی لەهەموو جۆرە هاوکارییەك لەگەڵ پارتو لایەنە میانڕەوەکان خۆیان دوور بگرن، ئەوا ناتوانن ببنە هێزی یەکلاکەرەوەی نێو پارلەمانو هیچ سوودێکیش بۆ چینی کرێکار بەدەست ناهێنن، سەرئەنجام ئاو دەکەنەوە ئاشی کۆنەپارێزەکانو ڕاست ڕەوەکان. بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر بەو شێوە هاوکاریو هاوپەیمانی لەگەڵ پارتە ناسۆسیالیستەکاندا بکەن، بەو مانایە دەبێت، کە بۆ باشترکردنی سەرمایەداری لەگەڵ بۆرژوازی رێکدەکەونو ناچار تیغی جیاوازی چینایەتی کول دەکەن. بەڵام لەو وڵاتانەدا کە سیستەمی پارلەمانییان نەبوو، یا لەدیدگای سۆسیالیستەکاندا ناکاریگەر بوون (نموونەی روسیا) ئەم پرسە بە دەگمەن باسدەکرا. لەم وڵاتانەدا پارلەمان تەنها وەکو تریبۆنی ڕاگەیاندنو پرۆپاگەندە حساب دەکراو هیچ چاوەڕوانیەك بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایەتی نەدەبینرا. لەبەرامبەردا لەو وڵاتانەی، کە کاری پارلەمانی ببووە بەشێك لەریفۆرمی سیاسیو کۆمەڵایەتی، دیارییکردنی سنووری نێوان خەبات بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ژیانو ئەوەی، کە بەریفۆرم ناسرا بوو کارێکی دژواربوو. ئانارشیستەکان دەیانوت کە هەر کارێکی سیاسیو بە تایبەتی کاری پارلەمانی بەو مانایە دێت، کە گوایە سەرمایەداری گۆڕانی باشی بەسەردا دێتو ئەم کارەش بە ناچاری دەبێتە هۆکاری لاوازبوونی گیانی چینایەتیو شۆڕشگێڕانەی کرێکاران. باڵی مارکسیزمی ئەرسەدۆکس ( بە رابەری کارل کاوتسکیو جۆرج پلیخانوف) لەوەڵامدا دەیانوت داکۆکی لەسیستەمی کۆماریو دیموکراسی لەبەرامبەر کۆنەپەرستیو ئەرستۆکراسیو حکومەتی مەزهەبیو دارودەستەی سەربازیو سەرکوتکەر ناکۆك نییە لەگەڵ بنەماکانی خەباتی چینایەتی، بێگومان، کە سیستەمی کۆماریو دیموکراتی لەخۆیدا

ناتوانێت بەرنامەی سۆسیالیستی پیادە بکات، بەڵام هەلومەرجێکی گونجاوتر بۆ خەباتی پرۆلیتاریا دەڕەخسێنێ.

مێژووی تەواوی بزاڤی سۆسیالیستی مێژووی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم دوو دیدگایەیەو هەردوولاش دەیانتوانی بۆ پشتیوانی بۆچوونی خۆیان ئەم دوو بۆچوونە لەنووسینو ئامۆژگارییەکانی مارکسدا پەیدابکەن. هەندێك ئەوەیان دووپات دەکردەوە، کە پرۆلیتاریا سەر بە سیستەمی سەرمایەداری نییەو ناتوانێ ئەم کۆمەڵگایە ریفۆرم بکات، بەڵکو تەنها دەتوانێو دەبێ لەناوی بەرێت. یاسا سروشتیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەدژی کرێکارانو گۆڕینی ئەم ڕەوشەش نامەیسەرەو سەرئەنجام ئەوە زیاتر ڕۆشن دەبێت، کە هەر هەوڵو خەباتێك بۆ ریفۆرم، یان هەر هاوکاریو هاوپەیمانیەکی پارلەمانی لەگەڵ ئەحزابی بۆرژوازی دەچێتە خانەی خیانەت لەپرۆلیتاریاو شۆڕشی سۆسیالیستی.[٦]

بەڵام ئەگەر بە وردی شارەزای بۆچوونەکانی مارکس بین بۆمان دەرئەکەوێت، کە خودی خۆی زۆر بە رۆشنی ئەو هەڵوێستەی لاسال رەخنە دەگرێت، کە دەڵێت چینە ناپرۆلیتاریەکان لەجەماوەرێکی کۆنەپەرست زیاتر نین! مەگەر مارکس بڕوای وانەبوو کە پرۆلیتاریا لەجێگای شۆڕشی تەواو، دەبێت بۆ مافە دیموکراتیەکانو یاساکانی کار خەبات بکات؟ مەگەر ئەو بنەمای بێ ماناو پووچی "هەرچی خراپتر، باشتر" بەبێ عەقڵی وەسف نەکردووە؟ کە لایەنگرانی لاسال بڕوایان وابوو، کە ژیانی کرێکاران هەرچەند خراپتربێت، بۆ سۆسیالیستەکان باشترە چونکە لەو کاتەدا ڕوودەکەنە ناو پارتی سۆسیالیست.

ئانارشیستەکانو بەتایبەتی ئانارکۆسەندیکالیستەکان ڕوویان وەردەگێڕا لەهەر کارێکی پارلەمانی، یان لەهەر بیروباوەڕێکی ریفۆرمو چاکسازی سەرمایەداریو بە سەختی نەیاربوون لەهاوکاری لەگەڵ بۆرژوازی. بەڵام نەوەی



کۆنتری سۆسیالیستە نەریتیەکان، وەکو هەندێك لەسۆسیالیستەکانی فەرەنسا (گسدو لایەنگرانی)و چەپی ئاڵمان کاری سیاسییان بە پێویست دەزانیو بەڵام پێیان باش نەبوو کە هاوکاری کاتی لەگەڵ حیزبو گروپە پارلەمانییەکاندا بکرێت وبیریان لەوە دەکردەوە، کە ریفۆرم لەخودی خۆیدا باش نییە، بەڵام تەنها لەپەیوەندی لەگەڵ ئامانجی کۆتایی دا نرخو بەهای هەیە. مارکسیستە میانڕەوە ئەرسەدۆکسەکان لایەنگری هاوکاری کاتی بوون بە مەرجێك، کە حیزبی کرێکاران سەربەخۆیی تەواوی خۆی بپارێزێ. ئەوان بڕوایان وابوو بەدەستهێنانی دەسکەوتو ئامانجی کاتی کارێکی باشەو بەهای بۆ خەباتی سۆسیالیستەکان هەیە. بەڵام باڵی ڕاستی سۆسیال دیموکراسی (جۆریس، تۆراتی) نە تەنها ئامادەبوون بۆ بەرژەوەندی کاتی کرێکاران لەگەڵ هەرکەسو لایەنێك هاوکاری بکەن، بەڵکو بڕوایان وابوو کە ئەو ریفۆرمانەی لەچوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا بە دەست دێن، نرخو بەهای سۆسیالیستیان هەیەو توخمەکانی سیستەمی سۆسیالیستی لەهەناوی سەرمایەداری لەدایك دەبن. سنووری نێوان ئانارکۆسەندیکالیستەکانو تەواوی باڵەکانی دیکەی سۆسیال دیموکراسی بە تەواوی رۆشن بوو، هەروەکو چۆن سنووری نێوان باڵی چەپو ڕاستیش رۆشن بوو، هەروەکو چۆن سنووربەندی نێوان پارتو باڵە میانڕەوەکان هێشتا دیارو ئاشکرا نەبوو.

### خەباتو جیاوازی ئایدیولوژی لەئەنترناسیونالی سۆسیال دیموکراسی دا

لەمێژووی ئایدیولوژی نێونەتەوەیی دووەمدا باسەکانی تایبەت بە (پێداچونەوەی) مارکسیزم گرنگترینو کاریگەرترین ڕووداوی تیۆریكو فکری بوو. ئەنترناسیونالی دووەم زیاتر لەوەی، کە نیگەرانی ریشە تیۆریەکانی ناکۆکی نێوان نوێخوازەکانو باڵی نەریتی مارکسیزم بێت، لایەنگری ریفۆرمیزمو گرنگی

چاکسازی بوو، کە لەدیدگای تیۆری دا ڕەنگدانەوەی ئەو جیاوازیانە دەبینرا. سۆسیال دیموکراتەکانی ئاڵمان لەکۆنگرەی خۆیان لەشاری درسدن بڕیارنامەیەکیان لەدژی باڵی نوێخواز یان پێداچونەوەی مارکسیزم دەرکردو لەکۆنگرەی ئەمستردامی ئەنترناسیونالیش گسد پێشنیازی ئەوەی کرد، کە ئەنترناسیونالیش بڕیارنامەی ئەڵمانەکان پەسەندبکات. زۆرایەتی ناو کۆنگرەی ئەمستردام دەنگیان دا لەسەر ئەو بڕیارنامەیە، بەڵام بزوتنەوەی نوێخوازی یان پێداچوونەوە هەتا دەهات بەهێزتر بوو. پێگەی سەرەکی ڕێبازی نوێخواز لەناو حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان بوو، ئەو حیزبەو ڕابەرانیشی (بیبل‌و کاوتسکی) خوازیاری جیابوونەوە یان دەرکردنی ئەو باڵە نەبوون. هێزی پێداچوونەوە نەك تەنها لەبەڵگەو نوسراوەکانی برنشتایندا هەبوو. بەڵکو لەواقعیەتی ژیانی کرێکاران‌و خەباتی سەندیکایی دا بەرەو گەشەو بەهێزبوون دەچوو.

کرێکارانی لایەنگری برنشتاین خەریکی باس‌وخواسی تیۆری نەبوون‌و گرنگیشیان بەوە نەدەدا، کە ڕەخنەی برنشتاین لەدیالەکتیك‌و تیۆری بەهاو کەڵەکەی سەرمایە دەڵێت چی، بەڵکو ئەوان لەخەباتدا بوون بۆ بەدەستهێنانی کارو ژیان‌و ئازادی لەنێو خودی سیستەمی سەرمایەداری. چینی کرێکار هەرچییەك لەسەرمایەداری بەدەست بهێنێ لەریفۆرمی کۆمەڵایەتی هەتا ئازادییە دیموکراتیەکان، بێگومان کاریگەر دەبێ لەسەر بێداری هۆشیاری کرێکاران‌و واقعی‌و هیچ مارکسیتێکی نەریتیش نەیدەتوانی بڵێ کە ئەمانە وانین‌و ئەمەش هۆکارێکی واقعی‌و زەمینەیەکی جەماوەری دیموکراتیکە، کە دەبێتە بناغەی بەهێزبوونی ڕێبازی پێداچوونەوە یان نوێخوازی.[٧]

بەڵام کاریگەری ڕێبازی پێداچوونەوەو بیروڕاکانی برنشتاین لەمەسەلەی گرنگی کۆمەڵایەتی ریفۆرم زیاتر دەڕواو دەچێتە زەمینەی ڕەخنەگرتن



لەبونیادە تیۆریەکانی مارکسیزم‌و لەم زەمینەیەشدا هۆکار یان بەهانەی بەهێز بەدەستدەهێنێ. زۆر زوو ئەوە ڕۆشن بوەوە، کە ئەم باسانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زۆرێك لەچەمك‌و تیۆرە سەرەکییەکانی مارکسیزم دەخاتە ڕەخنەوە. بیروباوەڕی شۆڕش، چینەکان، خەباتی چینایەتی، فەرهەنگی چینایەتی، دەوڵەت، جەبری مێژوویی، ماتریالیزمی مێژوویی مانای خودی سۆسیالیزمیش خرانە ژێر پرسیارەوە. لەگەڵ دەستپێکردن‌و گەشەی ڕێبازی پێداچوونەوە چیدی مارکسیزمی نەریتی وەکو جاران بەهێز نەبوو. هەندێك لەوان لەسەر هەڵوێستی کۆنی خۆیان بەردەوام بوون، بەڵام بە شێنەیی شێوەیەکی دیکە لەمارکسیزم پەیدابوو، کە هەتا دەهات جێگای مارکسیزمی کلاسیکی کاوتسکی‌و بیبل‌و لابریولای ئیتاڵی دەگرتەوە.

نزیکبوونەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی، ساڵەکانی کۆتایی ئەنترناسیونالی دووەمی خستە ژێر کاریگەرییەوە. مەترسی جەنگ‌و ناکۆکی وڵاتەکانی ئەوروپاو کاریگەری لەسەر ڕێبازو بزوتنەوەی سۆسیالیستی یەکێك بوو لەپرسە گرنگ‌و مەترسی دارەکانی ئەنترناسیۆنال. لەکۆنگرەی شتوتگارتی ساڵی ١٩٠٧ ئەم مەسەلەیە لەگەڵ کێشەی نەتەوەکان پەیوەندی نزیکی هەبوو. هەموو سۆسیالیستەکان بە گشتی دژی میلتیاریزەکردن‌و سیاسەتی سەربازی‌و پەیدابوونی ئیمپریالیزم‌و سەرکوتی نەتەوەکان بوون، بەڵام هەموویان سەبارەت بە کێشەی نێوان وڵاتان‌و هەڵوێستی هاوبەش لەدژی جەنگ هاوڕانەبوون. ئەنترناسیونال لەکۆنگرەی ١٨٩١ ی برۆکسێل، سیاسەتی سەربازی‌و میلیتاریزمی بە ڕۆشنی مەحکوم دەکردو لەساڵی ١٨٩٦ لە لەندەن بڕیارنامەی هەڵوەشانەوەی لەشکرەکان‌و دامەزراندنی میلیشیای خەڵکیان پەسەند کردو بە شێوەی گشتی یەکێك لەبڕیارو سیاسەتەکانی ئەنترناسیونالی دووەم مەسەلەی دژی جەنگ‌و



هەواڵنامەی کتێب

سیاسەتی سەربازیو خۆ پڕ چەك كردنی وڵاتان بوو. بەڵام لەبەرئەوەی كە ئەحزابی سۆسیالیست لەسەر بناغەو لەچوارچێوەی وڵاتو نەتەوەكاندا سازمان درابوون، بۆیە لەكاتی سەرهەڵدانو بەرپابوونی جەنگدا هەڵوێستی دەوڵەتەكانی خۆیان وەرگرتو سەرئەنجام هەڵوێستی تیۆریو مەبدەئی ئەنترناسیونالیستی كرایە قوربانی ناسیونالیزمو بەرگری لەوڵاتو نیشتمان. هەڵوێستو جیاوازییەكان سەبارەت بە جەنگو ئاشتی لەم خاڵانەدا دەبێتە بەیانكەری ڕاستینەی ئەنترناسیونالی دووەم.

گسدو باڵی بەهێزی ناو حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسا كە هەمیشە وەفادار بوون بە ماركسیزمی سەخت ئەندێشی، زۆر بڕوایان بەوە نەبوو، كە بزوتنەوەی تایبەت لەدژی جەنگ بەرێ بخەن. بە بڕوای ئەوان لەسەردەمی سەرمایەدارییدا جەنگ كارێكی ناچارییەو خۆ لادان لێی زەحمەتەو تەنها ڕێگای كۆتایی هێنان بە جەنگ لەناوبردنو نەهێشتنی سەرمایەدارییە. سۆسیالیستەكان نابێت بەشدار یان دەرگیربن لەشەڕو كێشەی نێوان چینە باڵادەستەكانو جەنگی ئیمپریالیستی ڕاستینەی ئەم واقعیەتە دەرئەخاتو هیچ پەیوەندی بە پرۆلیتاریاوە نییە. هەندێك لەسۆسیال دیموكراتەكانی ئەڵمانیش هەمان بۆچوونیان هەبوو، بەڵام لەواقعدا ماناكانی ئەم بۆچوونە ئەوەبوو، كە دەبێت بێ ئومێد بین لەئەگەری كاریگەری سۆسیالیستی لەسەر ڕووداوەكان. چونكە كە جەنگەكان بەرپادەبن، بێگومان ژمارەیەكی مەزن لەكرێكارن بەرەو جەنگ دەبرێنو دەكرێنە قوربانی كوشتاری گشتی، ئەگەر سۆسیالیستەكانیش بەناوی پابەندبوون بە تیۆری خۆیان كەنارەگیری بكەن، لەواقعدا هەروەكو ئەوە وایە، كە پشتیوانی لەكاری دەوڵەتەكانیان بكەن.

بەڵام هەندێك لەڕابەرانی دیكە پێشنیازی ئەوەیان كرد، كە دەبێ





ئەنترناسیۆنال سیاسەتی پەیگیری هەبێ بۆ ڕێگاگرتن لەجەنگ، جان جۆریس ڕابەری ناسراوو ڕووناكبیری ناو پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا داوای دەكرد بەهۆی بەرگری چالاكانەو بەرێخستنی یاخیبوونو ڕێپێوان دەبێت ڕێگا لەڕوودانی جەنگ بگرین. بەڵام لەهەمانكاتدا بڕوایان وابوو ئەگەر وڵاتێك بكەوێتە بەرهێرش، هەقی خۆیەتی بەرگری لەخۆی بكاتو ئەركی سۆسیالیستەكانیش ئەوەیە كە لەمكارەدا بەشداری بكەن. لەكۆنگرەی ١٩٠٧ ی شتۆتگارت، گوستاف هیرڤە بڕیارنامەیەكی پێشنیازكرد، كە لەكاتی سەرهەڵدانی جەنگ دەبێت مانگرتنی گشتیو سەرپێچی فەرمانی جەنگ بكرێتە سیاسەتی سۆسیالیستەكان. بەڵام نوێنەرانی ئاڵمان نەیاربوون بەرامبەر بەم بڕیارنامەیە، چونكە ترسی ئەوەیان هەبوو كە حیزبەكەیان بچێتە خانەی نایاسایی بوونەوە.

سەرئەنجام سەرەڕای سێ هەڵوێستی جیاوازی ڕابردوو بانگەوازی مانگرتنو یاخیبوون لەناو سیاسەتی (ریفۆرمیستی) دا جێگای هەبوو. بەڵام باڵی چەپ كە لینین، ڕوزا لوكزامبورگو كارل لیبكنشت نوێنەرانی بوون، پێشنیازی سیاسەتی توندڕەوتریان دەكرد. بەبڕوای ئەمان، ئەگەر جەنگ دەست پێبكات نابێت سۆسیالیستەكان لەڕێگای مانگرتن یان پیادەكردنی یاسا نێودەوڵەتیەكان لەدژی وەستانی جەنگ بن، بەڵكو دەبێت لەم هەلە سوود وەربگرن بۆ سەرنگونی سیستەمی سەرمایەداری.

بڕیارنامەی شتوتكارتی ساڵی ١٩٠٧ بە زمانێكی گشتی لەدژی جەنگ یان سوود وەرگرتن لەبەرپابوونی بۆ خێراتركردنی سیستەمی سەرمایەداری دەرچوو، كە بێگومان ئەمانە تەنها هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیك بوونو هیچ ڕێوشوێنو خۆ ئامادەكردنی پێوە دیار نەبوو. لەڕاستیدا زۆربەی ئەنترناسیۆنال دژی ئەو بۆچوونە بوون كە دەبێت جەنگی نێوان دەوڵەتەكان بكرێت بە جەنگی ناوخۆیی

لەدژی سەرمایەداری. لەکۆنگرەی بال لەساڵی ١٩١٢، لەگەڵ ئەوەش کە یەکەمین جەنگی ناوچەی باڵکان دەستی پێکردبوو، بۆچوونی گشتی نێو ئەنترناسیۆنالی بڕوای بە ڕێکەوتن‌و خۆشبینی بوو. لەو کۆنگرەیەشدا بڕیارنامەی دژی جەنگ‌و دروشمی (جەنگ لەدژی جەنگ) کرایە دروشمی سەرەکی‌و ئەمجارەش سۆسیالیستەکان بەم باوەڕەشەوە لەیەك جیابوونەوە، کە گوایە بزوتنەوەی سۆسیالیستی بەو ڕادەیە بەهێز بێت، کە بتوانێ ڕێگا لەکوشتاری جەنگ بگرێ‌و دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان وادار بکەن کە پاشەکشە لەو جەنگە بکرێت.

پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان ئەنترناسیونالی دابەشکرد بۆ دوو باڵی جیاوازو ناکۆك. هەڵبەت تەواوی سۆسیالیستەکان نەیار بوون لەگەڵ بێ مافی‌و سەرکوتی نەتەوەکان، بەڵام نە ئەم هەڵوێستەو نە ئامۆژگارییە تێوریەکانی مارکس‌و سۆسیالیزم نەیانتوانی بۆ پرسە ئاڵۆزەکانی نەتەوایەتی لەئەوروپای ناوەڕاست‌و ڕۆژهەڵات وەڵام‌و ڕێگاچارەی گونجاو بدۆزنەوە. بەشێوەی گشتی هەموویان ناکۆك بوون لەگەڵ سەرکوتی نەتەوەکان‌و شۆڤێنیزم‌و بیروباوەڕی سۆسیالیستییان لەدژی ئەوانە دەناسی، بەڵام زۆربەیان بڕوایان وابوو، کە ستەمی نەتەوایەتی بەشێکە لەستەم‌و چەوسانەوەی چینایەتی‌و کۆمەڵایەتی، هەرکاتێك ئەو چەوسانەوەیە نەما، بێگومان پرسی نەتەوەکانیش چارەسەر دەبێت. یەکێکی دیکە لەهەڵوێستی سۆسیالیستی‌و مارکسی ئەوە بوو، کە نەتەوایەتی‌و دەوڵەتی نەتەوەیان بە بەشێك لەسیاسەتی سەرمایەداری دەزانی‌و سەرئەنجام ئەم پرسەیان وەکو پرسێکی سەرەکی یان ڕێنما نەدەناسی. مارکسیستەکانی نەمسا یان بیرمەندان‌و لایەنگرانی مەکتەبی ڤیەننا لەناو سۆسیال دیموکراسیدا بڕوایان بە ئۆتۆنۆمی فەرهەنگی هەبوو بۆ هەموو ئەو نەتەوانەی کە لەوڵاتێکی فرە نەتەوەدا دەژین‌و ڕێگاچارەی جیابوونەوەو





دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆو مافی دیاریکردنی چارەنووسیان پێ باش نەبوو. ئەوان بیریان لەوە دەکردەوە، کە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران‌و شۆڕشی سۆسیالیستی لەوەدایە کرێکارانی نەتەوە جیاوازەکانی ناو ئیمپراتۆریای نەمسا- مەجەر، لەیەکێتی ئەواندایە نەك لەجیابوونەوەو پارچە پارچە بوون. مەکتەبی نەمسا بڕوای وابوو مەرج نییە چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی تەنها بەپێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوە بێتەدی، بەڵکو دەکرێت‌و دەبێت ئەو پرسە لەنێوان نەتەوەکاندا چارەسەربکرێت، بەمەرجێك هەموو نەتەوەیەك ماف فەرهەنگی‌و نەژادی لەو فیدراسیۆنەدا هەبێت. ڕەخنەگرانی ئەم پەیڕەوە بڕوایان وابوو کە شۆڤێنزمی نەمسایی‌و کاریگەری ئەو باڵادەستییەی نەمسا بەسەر نەتەوەکانی دیکە لەناو خودی پارتی سۆسیالیست‌و سۆسیال دیموکراسی دا وایکردووە، کە ئەو بیرمەندو ڕابەرە سۆسیالیستییانە مافی دیاریکردنی چارەنووس‌و جیابوونەوەی نەتەوەکانیان پێ قبوڵ ناکرێت‌و لەژێر پەردەی مافی ئۆتۆنۆمی فەرهەنگیدا دەیانەوێت هەژمووی ئیمپراتۆریای نەمسا بپارێزن. [٨]

ڕۆزا لوکزامبورگ‌و بەشێك لەپارتی سۆسیالیستی پۆڵۆنیا بەتوندی هێرشیان دەکردە سەرمافی چارەنووس‌و بەهانەشیان بۆ ئەوە بوو، کە سۆسیالیزم دەتوانێ تەواوی کێشەکانی دیکە چارەسەر بکات‌و پێویست ناکات کرێکاران‌و سۆسیالیستەکان خۆیان بە پرسە لاوەکیەکانەوە خەریك بکەن. بەبڕوای ڕۆزا تا ئەوکاتەی کە خەبات بۆ سۆسیالیزم لەکارواندایە، باسکردن لەپرسی نەتەوایەتی وەکو مەسەلەیەکی سەربەخۆو کاریگەر، هۆشیاری‌و هێزی پرۆلیتاریا بەلاڕێدا دەبات‌و لەئامانجی سەرەکی دووری دەخاتەوەو ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئاو بکرێتە ئاشی یەکێتی نەتەوەیی بۆرژوازییەوە.

لینین‌و باڵی چەپی سۆسیال دیموکراسی ڕوسیا زۆر پەیگیرانە داکۆکیان



هەواڵنامەی کتێب

لەمافی نەتەوەکان دەکرد، بۆ بڕیاردانی چارەنووس‌و مافی هەر نەتەوەیەکیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ بە یەکێك لەپرسەکانی سۆسیالیزم و بزاڤی سۆسیالیستی دەزانی. هەڵوێستی رۆزا لوکزامبورگ‌و سۆسیالیزمی نەمسایی سەرچاوەکەی لەبیروباوەڕی سەخت ئەندێشی (جەزم گەرایی) سۆسیالیستی فەرەنسی (گسد) وەردەگرت، کە بڕوایان وابوو لەبەرئەوەی هەموو رەهەندو ئاکامە گرنگەکانی مێژوو لەلایەن خەباتی چینایەتییەوە دیاری ئەکرێت، ناچار شتێك نییە بەناوی پرسی نەتەوایەتی‌و بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەیە شایانی ئەوە نییە کەپرۆلیتاریاو بزاڤی سۆسیالیستی خۆیانی پێوە خەریك بکەن. شارەزایان‌و لێکۆڵیارانی مێژووی مارکسیزم‌و سۆسیال دیموکراسی سەبارەت بەلینین بڕوایان وایە، کە هەڵوێستی لینین‌و بەڵشەویکەکان لەبەر ئەوە نەبوو کە داکۆکی کردن لەدەوڵەتی نەتەوەیی بۆ نەتەوە چەوساوەکانی لەخۆیدا مەسەلەیەکی گرنگە، بەڵکو لەبەر ئەوەبوو کە سەرکوت‌و کێشەی نەتەوەکانی بەهێزی زەخیرەی گرنگ دەزانی، کە دەبێت بەقازانجی خەباتی چینایەتی سوودی لێ وەربگیرێ.[٩]

هەڵوێستی ئەنترناسیۆنال‌و باڵەکانی ناو سۆسیال دیموکراسی بەرامبەر بە جەنگ کاریگەرترین‌و کوشندەترین گورز بوو کە لەوان کەوت. پاشەکشەی ئەنترناسیۆنال لەکاتی جەنگی ١٩١٤ سەرەڕای ئەو هەڵوێستە، بەڵام لەو زەمینەیەدا چاوەڕوان کراو نەبوو، چونکە سۆسیالیستەکان هێزی بێ شومارو فراوانیان لەسەرانسەری ئەوروپا دا هەبوو. تەنانەت باڵی چەپیش چاوەڕوانی ئەو شکستەی نەدەکرد. لینین لەسەرەتادا بڕوای نەبوو، کە سۆسیال دیموکراتەکانی ئاڵمان پیرۆزبایی لەبانگەوازی خۆ ئامادەکردن‌و خۆ پرچەك کردن بۆ جەنگ بکەن. لەتەواوی وڵاتانی ئەوروپا، زۆرایەتی مەزنی (سۆسیالیستەکان!) هەڵوێستی نیشتمان پەرستییان هەڵبژارد، نەك دەنگیان دا بۆ



جەنگ بەڵکو بوونە بەشێك لەجەنگی ئیمپریالیستی وتەنانەت لەنێو بەلشەویکەکانی دەرەوەی ڕوسیاش ژمارەیەکی زۆر هەبوون، کە بڕوایان وابوو کەدەبێت بەرگری لەڕوسیا بکرێت‌و بلیخانۆف کە بەباوکی مارکسیزمی ڕوسیا دەناسرا، گومانی لەوە نەبوو کە لەبەرامبەر هێرش بۆ ڕوسیا دەبێت بەرگری بکرێت‌و لەم هەڵوێستەدا بەشی هەرە زۆری بەلشەویکەکان هاوڕای ئەو بوون.

لەسەرەتای مانگی ئابی ساڵی ١٩١٤ فراکسیۆنی سەرەکی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان لەرایشتاك (پارلەمان) دەنگیان دا بەسیاسەت‌و بودجەی جەنگی‌و سەرئەنجام باڵی کەمینەش هەمان هەڵوێستیان پەسەند کرد. لەدیسامبری هەمان ساڵدا لەکاتی دەنگدانی پارلەمان بۆ هەمان مەبەست، تەنها کەس کە هەڵوێستی دژی جەنگی هەبوو کارل لیبکنشت بوو کە یەکێتی نێوحیزبی لەم مەسەلەیەدا شکاند. ماوەی دووساڵ دواتر، ژمارەی نەیارانی جەنگ هەتا دەهات زیاد دەبوو، کە بووە هۆی دابەشبوونی حیزب‌و نەیارانی جەنگ لەپارتی سۆسیالسیت دەرکران‌و لەئاپریلی ساڵی١٩١٧ پارتی سۆسیالیستی سەربەخۆی ئەڵمانیان دامەزراند. ئەندامانی ئەم حیزبە لەهەموو باڵەکانی پارتی سۆسیالیستی تێدابوو. جەنگ دابەشبوونی تازەی بەدی هێنا: پارتی سۆسیالیستی سەربەخۆ میانڕەوەکانی وەکو کاوتسکی‌و هۆگوهاس، کە لەدوای مەرگی بیبل لەساڵی١٩١٣ ڕابەری پارتی سۆسیال دیموکرات بوو و نوێخوازو تازەکەرەوەکانی وەکو برنشتاین‌و باڵی چەپیشی لەخۆدەگرت. باڵی چەپ سەرەتا بەناوی (یەکێتی سپارتاکیست) پێکهاتن‌و پاشان هەموویان بوونە بەشێك لەپارتی سۆسیالیستی سەربەخۆی ئاڵمان. لەفەرەنسا ریزی نەیارانی دژی نیشتمانپەرستی لەئاڵمان کەمتر بوو. جان جۆریس لەکاتی جەنگدا کوژرا لەوانەیە ئەگەر بمایە گومانی لەدژی جەنگ پیشاندابا، گسدو سێمبا پەیوەست بوون بە حکومەتی سەردەمی

جەنگ. لەبەلژیك فاندرفولد هەمان كاری كردو هێرڤە كە لەهەموو نەیارانی دژی جەنگ توندڕەوتر بوو بەرەو هەڵوێستی نیشتمانپەرستی زۆر توند گۆڕاو سەرئەنجام ئەنترناسیۆنال تیاچوو.

لەهاوینی ١٩١٤ بزاڤی سۆسیالیستی گەورەترین شكستی مێژوویی خۆی تۆماركرد. لەوكاتەدا و لەئەنجامی سیاسەتی ناسیونالیستیو نیشتمانپەرستی ڕابەرانی سۆسیالسیتی بۆ هەمووان ڕۆشن بوو، كە هاوپەیمانی جیهانی پرۆلیتاریا كە كۆڵەكەی بوونی سۆسیال دیموكراسیو ئەنترناسیۆنال بوو چەمكێكی بێ هێزەو نەیتوانی لەبۆتەی ئەزموونی جەنگدا سەر بەرزبكاتەوە. لەبەرەی وڵاتانی هاوپەیمان (بەریتانیا، فەرەنسا، ڕوسیا) و لەریزی وڵاتانی میحوەری ناوەندی (ئاڵمانو لایەنگرانی) هەوڵەكان بەرەو ئەوە دەچوون تا ئاڕاستەی ماركسیستی بەرەو ئەندێشەی نیشتمانپەرستی بسەلمێنن. بەڵام ماركس زۆرجار ڕوسیاو نەمساو ئاڵمانی بە قەڵای دواكەوتنو كۆنەپەرستی باسكردبوو، لەم ڕووەوە زۆرێك لەسۆسیالیستەكان جەنگی ئەوروپایان لەدژی ڕوسیا بە داكۆكی لەدیموكراسی بەرامبەر دیكتاتۆری دەناساند. هەر لەسەردەمی ماركسو دواتریش سیاسەتی سەربازی روسیاو پاشماوەكانی دەرەبەگایەتی لەئاڵمان لەلایەن سیاسەتو هەڵوێستی سۆسیالیستی یەوە مەحكوم دەكراو هەر بۆیەش هەوڵی فەرەنسا لەدژی ئاڵمان بەخەباتی كۆماریخوازی لەدژی كۆنەپەرستی شاهانە لەقەڵەم دەدرا.

لینینو باڵی چەپ لەكۆنگرەی زیمرفالد شكستی نێونەتەوەییان دەگەڕاندەوە بۆ خیانەتو هەلپەرستی ڕابەرانی سۆسیال دیموكرات. بەڵام هیچكام لەماركسیستو سۆسیالیستەكان لەو پرسیارەیان نەكۆڵیەوە كە ئایا شكستی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەبەرامبەر جیاوازیو نەیاری نەتەوەییو نیشتمانیدا بۆ خودی تیۆری ماركسیزم گرنگی هەیە یان نا؟



لەهاوینی ساڵی ١٩١٤ پرسێكی گرنگ بۆ بزاڤی سۆسیالیستی دەستی پێكردو كاریگەریشی تائێستا بەردەوامەو ئامانجی كۆتاییش هێشتا پێشبینی نەكراوە. دوو بۆچوون یان گێڕانەوەی جیاواز لەسۆسیالیزم كە چەند ساڵ پێشترو لەزەمینەی هەموو پرسەكاندا ڕوویاندا، كە ئەوسەردەمە (واتە سەردەمی جەنگی یەكەمی جیهانی) بەو گوڕو تینەوە پێكەوە بوونە زەمینەی نابوودی ئەنترناسیونالی دووەم. لەوكاتەدا ماركسیستو سۆسیالیستەكان ئەم پرسەیان گرنگی پێنەداو وەڵامیان نەبوو، كە ئایا سۆسیالیزم بەردەوامی مێژووە یان نا؟ ئەگەر وابێ ئەم بەردەوامییە بە چ مانایەك دێت؟ و بە چ مانایەك نیشاندەری دابڕانە لەگەڵ رابردوودا؟ یان بەواتایەكی دیكە، پرۆلیتاریا تا چ ئەندازەیەك و بە چ مانایەك بەشێكە لەكۆمەڵگای بۆرژوایی؟ لەگفتوگۆ فەلسەفییەكانی ناو بزاڤی سۆسیالیستی، وەڵامی جیاواز بۆ ئەم پرسیارانە نادیار بوون و تەنانەت لەبیروڕاكانی ماركسیشدا ناڕۆشن بوون. هەندێك لەشۆڕشگێڕانی توندڕەو بڕوایان وا بوو كەدەبێت بەتەواوی دەست لەكۆمەڵگای سەرمایەداری بەردرێتو هەر كارێك بۆ ریفۆرم بێهودەیە، ئەوان لەچاوەڕانی ئاڵوگۆڕی مەزنی مێژوویی دا بوون كە ستەمو چەوسانەوەو بێدادی بەتەواوی نەهێڵێو لەسەر وێرانەكانی سەرمایەداری، جیهانێكی نوێ دامەزرێنن. بەڵام لەلایەكی دیكەوە، هەرگیز ماركس سۆسیالیزمی بەو شتە دانەناوە كە لەبۆشاییدا دروست دەبێتو ئەو بڕوای بە بەردەوام بوونی شارستانی هەبوو هەم لەمەیدانی ئابووریو تەكنیكیو هەم لەزەمینەی فەرهەنگی دا. بەم شێوەیە لەتیۆری سۆسیالیستیو ماركسیستی دا هەردوو بیروباوەڕەكە هەبوونو كەسانو بزوتنەوەی وا هەبوون، كە دەیانویست سەرماریەداری لەناوببەنو باڵەكەی دیكە بڕوایان بەبوونو پەرەسەندنی شێنەیی عەدالەت، یەكسانی، ئازادیو خاوەنداریێتی تایبەتی هەبوو

لەناو خودی سیستەمی سەرمایەدارییدا. بزوتنەوەی کرێکاری کە لەناو پارتە سۆسیالیستەکاندا کەمو زۆر لایەنگرییان لەئایدیۆلۆژی مارکسی دەکرد، سەرکەوتنی گرنگیان لەزەمنیەی یاساکانی کارو مافو ئازادییدا بەدەست هێنابوو. ئەوان لەم واقعیەتەوە ئەوەیان بەدەستهێنابوو، کە دەکرێت لەکۆمەڵگای خۆیاندا، بە جیا لەوەی کە تیۆری چی دەڵێت، ریفۆرمو چاکسازی بەدەستبهێنن بۆیە سەرئەنجام بڕوایان بەوە هێنا کەچیدی بەرنامەکانی شۆڕشو ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە گرنگیان نەماوە. [١٠]

## سۆسیال دیموکراسی هاوچەرخ

هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی دەسەڵاتو هەژموونی سۆسیال دیموکراسی لەناو بزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی بەرەو نەمان دەچوو. کارکردو بەرنامەی حیزبەکانی سۆسیال دیموکراسی لەکاتی جەنگدا بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ رادیکاڵ بوونەوەی بزووتنەوەی کرێکاری ئەوروپا نەدەگونجا. ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو دامەزراندنی کۆمێنترنی کۆمۆنیستی یەکێکی دیکە لەو هۆکارانە بوو، کە هەم دەوری هەبوو لەرادیکاڵ بوونەوەی بزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستیو هەم نەخشی کاریگەری هەبوو لەدابەشبوونی هەژموونو دەسەڵاتی سۆسیال دیموکراسی. سەرئەنجام تەواوی بزاڤی کرێکاریو سۆسیالیستیو لەهەموو وڵاتاندا دابەشبوونی بەسەر باڵی کۆمۆنیستو سۆسیال دیموکراسیدا. لەپارتی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان، باڵی دژی جەنگ لەساڵی ١٩١٦ ریزی خۆی لەو حیزبە جیاکردەوەو یەك ساڵ دواتر پارتی سەربەخۆی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمانیان دامەزراند. ئەم پارتە تازەیە بەرهەمی رێکەوتنی هەردوو باڵی چەپو ناوەندی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان بوو، لەدژی باڵی راستو لایەنگری حکومەتی ئاڵمان لەشەڕی یەکەمدا. رادیکاڵ بوونەوەی



بزوتنەوەی کرێکاری ئاڵمانو لاوازبوونی هەژموونی سۆسیال دیموکراسی لەساڵانی دوای جەنگ بووە هۆی دروستبوونی پارتی کۆمۆنیستی ئاڵمان لەساڵی ١٩١٨و ئەم لاوازییەش بەهەڵوەشانەوەی هاوکاری حیزبی سەربەخۆی سۆسیال دیموکراتو بڕیاری حیزبی سەربەخۆ بۆ پەیوەستبوون بەئەنترناسیۆنالی کۆمۆنیستی لەساڵی ١٩١٩ هەتا دەهات زیاتر دەبوو. [١١]

لەئیتالیا، حیزبی سۆسیالیست هەر لەسەرەتای بەرپابوونی جەنگی جیهانی هەڵوێستی سەرسەختی لەدژی جەنگ هەبوو و. حیزبی سۆسیالیست یەکێك بوو لەو حیزبە جەماوەرییانەی کە پێشوازیو پشتیوانی کرد لەشۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیاو لەساڵی ١٩١٩ پەیوەست بوو بەکۆمێنترن لە فەرەنسا، حیزبی سۆسیالیست یەکسەر نەبووە ئەندامی کۆمێنترن، بەڵام ساڵی دواتر، واتە ساڵی ١٩٢٠ بووە ئەندامو ناوی خۆشی گۆڕی بۆ حیزبی کۆمۆنیست. لەبەریتانیا، حیزبی کرێکاران هەرچەندە لەگەڵ حیزبە سۆسیالیستەکانی ئەوروپا جیاواز بوو، تەنانەت خۆیشی بەسۆسیالیست نەدەزانی. بەڵام لەساڵی ١٩١٩ بەپەسەند کردنی بەرنامەیەکی تازە، لایەنگری لەریفۆرمە سەرەکیەکانی ناو کۆمەڵگا کردو سۆسیالیزمی ڕاگەیاند. سۆسیال دیموکراسی ئەوروپا لەنێوان ساڵانی ١٩١٧ تا ١٩٢١ گۆڕانکاری لەم جۆرەی لەوڵاتانی دیکەش بەخۆوە بینی.

لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمێك یان دەورانێکی جێگیر لەهەلومەرجی ئابووریدا سەرمایەداری ڕۆژئاوا لەساڵی ١٩٢٣ هەلێکی تازەی بۆ سۆسیال دیموکراسی ڕەخساند. ئەو سەردەمە مەترسی شۆڕشو ڕاپەڕین لەئەوروپا لاواز بوو بوو، سەرکوتی ڕاپەڕینو شۆڕشەکانی کرێکاری لەساڵانی ١٩٢١و ١٩٢٣ی ئاڵمان، شکستی بزوتنەوەی کۆمیتەی کارگەکان لەئیتالیا لەئەنجامی هاتنە سەرکاری حکومەتی فاشیستی مۆسۆلینی لەساڵی ١٩٢١و شکستی سەربازی حکومەتەکانی

شوورایی فنلانداو مەجارستانو سەرئەنجام هاوسەنگی هێز بەزیانی رادیکاڵیزمی کرێکاری ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. ئەم هەلومەرجە بێگومان لەخۆسازدانەوەی بۆرژوازی ئەوروپا کاریگەر دەبێت. جگە لەهەندێ حاڵەتی کەم نەبێت لەهەموو وڵاتان چینی بۆرژواو حکومەتەکانی لەگەڵ کۆتایی جەنگدا دەستیان کرد بەپێدانی بەهرەو ئیمتیازات بۆ بزوتنەوەی کرێکاری بەتایبەتی لەزەمینەی مافە کۆمەڵایەتیو فەردییەکاندا. ئەم ریفۆرمو بەهرەمەندییە دیسانو جارێکی دیکە دەستی سۆسیال دیموکراسی بەهێز کردو سیاسەتی خۆسازدانو ریفۆرمیستی رابردوویان دەست پێکردەوەو کردیانە رێبازی رەسمیو راگەیاندراویان. هەر بەو شێوەیەش جێگیربوونی ئابووری سەرمایەداری رۆژئاوا لەساڵی ١٩٢٣ بەدواوە زەمینەی ساز کردبوو بۆ یەك ریز لەریفۆرمی ریفاهیو پێدانی بیمە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەباری رێکخراوەییو حیزبیدا جارێکی دیکە لەساڵی ١٩٢٣ ئەنترناسیۆناڵی دووەم یەکێتی جیهانی ئەم رێبازەی راگەیاندەوە. هەموو ئەمانە وایکرد، کە دەنگەکانی سۆسیال دیموکراسی جارێکی دیکە لەهەڵبژاردنەکانی پارلەماندا بەرەو سەر بچێتو پانتایی هەژموونو دەسەڵاتی کرێکاریو جەماوەرییان زیاتر بکات. لەتەواوی دەیەی ١٩٢٠ ئەم حیزبانە یان بەتەنها لەدەسەڵاتدابوون، یان لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا حکومەتیان هەبوو، ئەگەر واش نەبوونایە بەهێزترین ئۆپۆزسیۆنو سەنگی گرنگیان هەبوو لەسیاسەتی ناوخۆی وڵاتەکانیان.[١٢]

سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری جیهانی سەرمایەداری لەساڵی ١٩٢٩ و دەرکەوتنی فاشیزم وەکو هێزێکی ئەوروپی، هەلومەرجی نایابی سۆسیال دیموکراسی خستە مەترسییەوە. سۆسیال دیموکراسی لەبەرامبەر ئەم هەلومەرجە تازەیەدا هیچ سیاسەتێکی کارایی نەبوو. حکومەتەکانی سۆسیال



دیموکراتی ئاڵمانو بەریتانیا کە لەو ساڵانەدا لەسەر کار بوون، نەیانتوانی بەرگەی ئەم هەلومەرجە بگرنو هەرەسیان هێنا. لەفەرەنساش حکومەتی هاوکاری سۆسیالیستەکان لەماوەی نێوان ١٩٣٦ و ١٩٣٨ هەمان هەلومەرجی ئاڵمانو بەریتانیایان بەنسیب بوو. تەنها حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوید بەگرتنەبەری بەرنامەی ئابووری کە تیایدا دەوڵەت لەئابووریو گەشەی کەرتی دەوڵەتیدا نەخشی سەرەکی هەبوو. ئەم حیزبە توانیان لەماوەی ساڵانی ١٩٣٣ تا ١٩٣٨ وەڵامی کێشەی بێکاریو قەیرانی ئابووری وڵاتەکەیان بدەنەوە. بەرەنگاری سۆسیال دیموکراسی لەبەرامبەر فاشیزمدا لەبەرنامەی ئابووریو جەماوەرییان خراپتر بوو. جگە لەحیزبی سۆسیال دیموکراتی نەمسا، کە لەساڵی ١٩٣٤ لەبەرامبەر فاشیزم راپەرینیان کرد، هیچکام لەحیزبەکانی سۆسیال دیموکراتی ئەوروپا وازیان لەهەڵوێستی لاوازو پەنابردنە بەر یاسا نەهێناو لەبەرامبەریشدا فاشیزم تادەهات لەهێرشو پەلاماردا بوو. لەساڵی ١٩٢٦ کارو چالاکی رەسمیو یاسایی حیزبی سۆسیالیستی ئیتالیا لەلایەن حکومەتی مۆسۆلینی راگیرا و لەماوەی دەیەی ١٩٣٠ ژیانی رێکخراوەییو رەسمی حیزبە گرنگەکانی سۆسیال دیموکراسی لەتەواوی وڵاتانی ئەوروپا کۆتایی هات.

سۆسیال دیموکراسی تاکۆتایی جەنگی جیهانی دووەم لەمەیدانی سیاسەتی ئەورووپادا نەمانو بەڵام لەدوای زیاتر لەیەك دەیە سیاسەتی گەڕانەوەی خۆیان بەخێرایی بەدەست هێنایەوەو پەسەند کردنی هەلومەرجو ئەرکی تازەیان گرتە ئەستۆو سەرلەنوێ لەدوای جەنگ هاتنەوە مەیدانی کارو کاریگەری.

ئەزموونی جەنگی یەکەمو دووەمی جیهانی ، هەروەها کاریگەری قەیرانە ئابوورییەکانو سەرهەڵدانی شۆڕشو راپەرینی جەماوەریو کرێکاری لەلایەكو سیاسەتو رەوشی سۆسیال دیموکراسی لەلایەکی دیکەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا

ئەکات، کە ئەم ڕەوتە لەبزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی ڕەوتێکی ئاشتیخوازو سەلامەتو نەرمو نیانەو مێژووی زیاتر لەسەد ساڵی ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە، کە سیاسەتو ڕەوشی گشتی سۆسیال دیموکراسی بەرگەی جەنگو قەیرانو شۆڕشو ڕاپەڕین ناگرێتو بەردەوام ئەوان لایەنی ڕیفۆرمیستیو سەلامەتی کۆمەڵایەتی وایان لێدەکات، کە لەسەردەمی ئاستەنگەکاندا نەمێننو لەسەردەمی ئاشتیو ئارامیو پێشکەوتنی ئابووریو شارستانیدا بەهێزو کاریگەر بن. مەبەست لەم قسانە ئەوەیە کە ڕیفۆرمیزمی سۆسیال دیموکراسی هەر بەشێك نییە لەسیاسەتو بڕوای ئابووریو ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی، بەڵکو لەبەرامبەر هەموو هەلومەرجەکاندا تەنها ڕیفۆرم دروشمو سیاسەتی ئەوانەو تەنانەت لەبەرامبەر جەنگو توندوتیژیو قەیرانە سەختەکانیشدا هەر ڕیفۆرمیستو سەلامەت پارێزن.

### نەخشی مێژوویی سۆسیال دیموکراسی لەدوای جەنگی جیهانی دووەم

سۆسیال دیموکراسی پایەگای گشتی سۆسیالیزم بوو لەوڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی. پارتەکانی سۆسیال دیموکرات هەر لەگەڵ تەواو بوونی جەنگدا زۆر بەخێرایی خۆیان سازدایەوەو شایستەیی جارانیان بەدەستهێنایەوە. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت کە لەهەموو وڵاتەکاندا ڕکابەرێکی کۆمۆنیستیان بۆ پەیدابوو لەمونافەسەی ناو بزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی. سۆسیال دیموکراتەکان جارێکی دیکە لەپارلەمانەکانو کابینە حکومەتییەکاندا سەریان دەرهێناو بوونەوە هێزی ڕیفۆرمو گەشەی ئابووریو ئەو ڕێگا چارە ریفاهیانەی، کە چاکسازی بەرچاوی لەژیانی کرێکارانو هەژاراندا دەهێنایەدی. لەدوای ساڵانی جەنگی دووەم، هێزو کاریگەری سۆسیال دیموکراسی، بەتایبەتی لەمەیدانی ڕیفۆرمو خەباتی یاساییو پارلەمانیدا،



بەڕادەیەك بەهێزو باڵادەست بوون کە تەنانەت پارتو بزوتنەوەکانی کۆمۆنیزمو چەپی نوێشیان خستبووە ژێر هەژموونی خۆیان. سەرئەنجام سۆسیال دیموکراسی بۆ ماوەی سێ دەیەی دواتر توانای ئەوەی بەدەستهێنا، کە ڕەوتەکانی دیکەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی (کۆمۆنیزمو چەپی نوێ) لەخۆیدا هەزم بکاتو جیاوازی ئەوان لەگەڵ خۆیدا نەهێڵێ.

بێگومان ئەمەش بەمانای نەبینینو نەزانینی هەژموون، هێزی ڕێکخراوەییو هەژموونی مەینەوی پارتە کۆمۆنیستەکانی سەر بەسۆڤیەت نەبوو. مێژوو ئەوەی سەلماندووە، کە هێزو هەژموونی پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیاو فەرەنساو لەهەندێك سەردەمدا هێزو توانای پارتەکانی کۆمۆنیستی یۆنان، ئیسپانیاو پورتوگال دەبێت باس بکرێت. تەنانەت لەساڵانی یەکەمی دوای جەنگ هەژموونو هێزی حیزبە کۆمۆنیستەکان زۆر لەسۆسیال دیموکراتەکان زیاتر بوو، چونکە ئەو حیزبانە لەساڵانی جەنگی دووەمدا ڕێکخراوەکانی خۆیان پاراستبوو، هەروەها توانیان بەشایستەییو فیداکاری ئەندامو کادرەکانیان لەدژی فاشیزم حیزبەکانیان لەمەترسی جەنگو فاشیزم بپارێزن. تەنانەت هەندێك لەلێکۆڵیارانو مێژوونووسان دەڵێن کە پارتەکانی سۆسیال دیموکراسی بەیارمەتیو هاوکاری حیزبە کۆمۆنیستەکان دووبارە خۆیان ڕێکخستەوەو لەسەر پێی خۆیان وەستان. ئەحزابی سۆسیال دیموکرات لەبەرئەوەی، کە تەنها خەریکی خەباتی پارلەمانیو یاسایی بوونو شارەزا نەبوون لەکاری نهێنیو توندوتیژیدا، بۆیە لەگەڵ دەسەڵاتو هێرشی فاشیزمدا بەخێرایی لەناودەچوونو هەڵدەوەشانەوە. بەڵام کۆمۆنیستەکان دروست پێچەوانەی ئەوان بوونو سەلماندیان کە تێکۆشەرو خەباتکاری ڕۆژانی سەختو پڕ کێشە بوون. سەرباری هەموو ئەمانەش، بەڵام ساڵانی دوای کۆتایی جەنگی دووەم، سۆسیال

دیموکراتەکان زۆر زوو هێزو هێزو شایستەیی خۆیان بەدەست هێنایەوەو چوونەوە ڕیزی پێشەوەی پارتو هێزە دەسەڵاتدارەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا. [١٣]

ئەو هۆکارانە چین کە دیسان سۆسیال دیموکراسی بەهێز کردەوە، چۆن هێزەکانی سۆسیال دیموکراسی کە لەساڵانی جەنگدا بێ هێزو هەڵوەشاوە بوونو هیچ نەخشو کاریگەرییان لەدژی فاشیزم نەبوو، بەڵام لەدوای جەنگ بوونەوە بەبەهێزترین ڕەوتی ناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی؟ بۆچی پارتە کۆمۆنیستەکان وەکو سۆسیال دیموکراتەکان بەهێز نەبوون؟ خۆ پارتە کۆمۆنیستەکان خوازیاری ریفۆرمی رادیکاڵترو فراوانتر بوون، ئەی بۆچی لەجیاتی ئەوان سۆسیال دیموکراتەکان بوونەوە بەهێزی کاریگەرو ئەوان نەبوون؟

**یەکەمین** وەڵام ئەوەیە کە بێهێزی ڕێکخراو بوون هێماو بەڵگە نییە بۆ بێهێزی مەیلو هێزی کۆمەڵایەتی و بەتایبەتی ئەگەر بێهێزبوونی ڕێکخراوەیی لەهۆکارەکانی دەرەوەی ئەو بزاڤە بێت. نموونەی جەنگ، داگیرکردنی سەربازیو سەرکوتی پۆلیسی. لەکۆمەڵگاکانی ئەوروپادا زەمینەی ئابووریو سیاسیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی بۆ سەرهەڵدانەوەی ریفۆرمیزمو ناسیۆنالیزمو کاری یاسایی دیموکراتیك هەتا دەهات بەهێزتر دەبوو، لەناو بزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستیشدا سەردەمێکی زۆر وەکو نەریتێك بەهێزو جێکەوتوو بوو. بۆرژوازیش لەدوای جەنگ لەهەوڵو تێکۆشاندا بوو، کە گونجاوترین شێوەی بەشداری لەسیاسەتدا بۆ حیزبە کرێکاریەکان بڕەخسێنێو بەمجۆرە بتوانێ سەردەمی قەیرانو کێشەی خۆی تێپەڕێنێ. سۆسیال دیموکراسی لەخاڵی یەکانگیری ریفۆرمیزم، ناسیۆنالیزمو دیموکراسیخوازیو یاساگەراییەو لەبزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی جیهانیدا. هەردوو جەنگی یەکەمو دووەمی جیهانی هەلومەرجێکیان هێنایەدی کە ئەم سێ مەیلو بڕوایە لەلای کرێکاران



بێ هێزو ناشایستە بێت. ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدان (لەکاتی جەنگی یەکەم)و بەهێزبوونی پارتە کۆمۆنیستەکان (لەجەنگی دووەمدا).

**دووەم،** بەڵام ڕەوتی گۆڕانکاری کۆمۆنیزمی ڕوسیو سیاسەتی رەسمی کۆمێنتڕنو ئەحزابی کۆمۆنیستی سەر بەسۆڤیەت بەو شێوەیە نەبوو، کە ببێتە ئەڵتەرناتیڤی سۆسیال دیموکراسی. گەورەترین لاوازی کۆمۆنیزمی روسی ئەوەبوو کە هیچ کات نەیتوانی رەخنەی پەیگیر لەناسیۆنالیزمو ریفۆرمیزمی سۆسیال دیموکراسی بگرێتو هەروەها خودی کۆمۆنیزمی روسیش کەوتە داوی ناسیۆنالیزمو سیاسەتی پابەندبوونی پارتە کۆمۆنیستەکان وەکو پاشکۆی بەرژەوەندی سۆڤیەتیو هەژمونی دیکتاتۆری بەلشەویکەکان. ئەمەش بۆ حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا بەبەهای گرانو خراپ تەواو بوو، چونکە پابەندی ئەم حیزبانە بەئۆردوگای سۆڤیەتی، کە دەبێت لەمەودوا پاشکۆو پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەو ناسیۆنالیزمە روسییە بنو سەربەخۆیی خۆیان لەدەست بدەن. ئەم سیاسەتە وایکرد، کە هەتا بێت کۆمۆنیزمی ئەوروپای ڕۆژئاوا بێهێز بێتو کاتێك کە بەرژەوەندی وڵاتەکانی ئەم حیزبانە لەگەڵ بەرژەوەندی جیهانی سۆڤیەت ناکۆك دەبوو، ئەم حیزبانە نەیاندەتوانی ڕۆشنو پەیگیر لایەنگری لەبەرژەوەندی وڵاتی خۆیان بکەن. [١٤] بەڵام سۆسیال دیموکراسی لەم زەمینەدا هیچ کێشەیەکی نەبوو، ئەوان هەر لەسەرەتای جەنگی دووەمەوە سەلماندیانو پابەندبوون بەبەرژەوەندی وڵاتەکانی خۆیان، پشتیان کردە هەر بەرژەوەندیو پابەندییەکی جیهانی. سەربەخۆیی پارتەکانی سۆسیال دیموکراسی، ئەم بزوتنەوەیەی جارێکی دیکەو بەئاسانی کردە ڕەوتێکی پەسەندو شیاوی ناسیۆنال ریفۆرمیزمو دیموکراتیخوازی ئەوروپایی لەدوای جەنگ. ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەهۆکارەکانی لەسەر پێ وەستانو بەهێزبوونەوەی

سۆسیال دیموکراسی لەسەردەمێکدا، کە ناسیۆنالیزم بێدار دەبێتەوە.

**سێیەم،** بەرنامەو کارکردی کۆمۆنیزمی روسیو کۆمێنترنی کۆمۆنیستی، کە سۆڤیەتو وڵاتانی پەیڕەوی سۆڤیەتیو لەلای حیزبە کۆمۆنیستەکانیش، بەرنامەو سیاسەتی چاکسازیو ریفاهی ئابووری نەبوو. ئەگەر باسی ئەمەشیان بکردایە، وەکو بەشێك لەدەسەڵاتو هێزی دەوڵەتان چاویان لێدەکرد، واتە دیسان ناسیۆنالیستانە سەیری مەسەلەی مافو ئازادیو ریفاهی کۆمەڵایەتیان دەکرد، نەك دیدگایەکی مرۆڤپەروەریو کۆمەڵایەتی. سۆسیال دیموکراتەکانیش هەمان دیدگای ناسیۆنال ریفۆرمیستیان هەبوو، بەڵام جیاوازی سەرەکی لەوەدابوو کە لەو وڵاتانەی کە سۆسیال دیموکراتەکان تیا هێزی حکومەتی یان هێزی کاریگەر بوون چەندین ریفۆرمو چاکسازی لەژیانی کرێکارانو هەژاراندا بەدی هات، بەڵام لەوڵاتانی پەیڕەوی سۆڤیەتو لەخودی سۆڤیەتیشدا ئاستی نزمی خەڵك بووە ژیانی گشتیو ئەمەش هاوسەنگی هێزی لەقازانجی سۆسیال دیموکراسی لەبزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی ڕۆژئاوادا یەکلا کردەوە.

**چوارەم،** ژیانی ئازادیو مافە سیاسیو مەدەنییەکان لەسۆڤیەتو ئۆردوگای سەر بەو وڵاتە ژیانێکی پۆلیسیو دیکتاتۆریو دەسەڵاتی سەرکوتو نەبوونی مافو ئازادییەکان بوو. بەڵام لەوڵاتانی ڕۆژئاوا پرسەکانی ئازادیو مافو ریفاهە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان بۆ هەمووان دابین کرابوو. ئەم هەلومەرجە لەلایەك سۆسیال دیموکراسی بەهێزو شایستە دەکردو لەلایەکی کە ئۆردوگای بەناو سۆسیالیستیو حیزبە کۆمۆنیستەکانی سەر بەو ئۆردوگایە لاواز دەکرد. ئازادیو مافو ریفاهی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگاکانی دوای جەنگ وەکو دەستکەوتێکی گرنگو کاریگەری مرۆڤایەتی سەیر دەکراو، بەتایبەتی بۆ ئەو هێزانەی کە تیا کاریگەر بوون، کە سۆسیال دیموکراسی لەپێش هەمووانەوە بوون. [١٥]



لەسەرەتای ساڵانی ١٩٥٠ بەدواوە جیهانی دوو جەمسەری، کە هەر یەکێك لەجەمسەرەکان باڵادەستی سۆڤیەتو ئەمریکای بەرقەرار کردو سۆڤیەتو ئۆردوگا بەناو سۆسیالیستییەکەی لەلایەکو سەرمایەداری ڕۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئەمریکا دەسەڵاتیان بەسەر تەواوی جیهاندا پاوان کرد. لەم ساڵانەدا پارتە سۆسیال دیموکراتەکان یەك لەدوای یەك پابەندی رووکەشی خۆیان بەمارکسیزم وەلاناو بەڕەسمی وازیان لەتیۆرو ئامۆژگارییەکانی مارکس هێنا. ئەوان بەگەڵێك بەهانەوە نکۆڵیان لەخەباتی چینایەتی کردو هەتا دەهات وازیان لەباسی ناکۆکییەکانی ناو سەرمایەداریو ناکۆکی نێوان کرێکارو سەرمایەدار هێنا. سەرئەنجام تەواوی حیزبەکانی سۆسیال دیموکراتی خۆیان رزگار کرد لەهەر پابەندییەکی ئایدۆلۆژیو چینایەتیو بەتەواوی وازیان لەئامانجی سۆسیالیستی هێناو بەتەواوی بوونە حیزبی یاساییو بەشداربوو لەپلاتفۆرمی هەڵبژاردنو گرتنەبەری رەسمیو راگەیاندراوی ریفۆرمیزم. هەرچەندە هێشتا لەم حیزبانەدا کەسانو کۆمەڵانێك هەبوون، کە بڕوایان بەئامانجی گۆڕانو شۆڕشی سۆسیالیستی هەبوو، بەڵام هەلومەرجی راستەقینەی ئەو حیزبانە سەردەمێك بوو پشت بەستوبوو بەسیاسەتی هەڵبژاردنو پارلەمانەکان.

یەکەمینو گرنگترین حیزبی سۆسیال دیموکراتی کە بەڕەسمی ئەم گۆڕانەی لەخۆیداکرد، پارتی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان بوو، کە لەکۆنگرەی ساڵی ١٩٥٩ بەئاشکرا رایگەیاند کە پابەند نییە بەمارکسیزمەوەو وتیان خەباتو ناکۆکی چینایەتی رەوشو کارێکی رابردووەو دەستیان کرد بەڕاگەیاندن دژی کۆمۆنیستەکانو بەڕەسمیش داکۆکیان لەخاوەندارێتی تایبەتی کرد. هەمان وەرچەرخان لەپارتی کرێکارانی بەریتانیاشدا ڕوویداو لەکۆنگرەی ساڵی ١٩٥٩ باڵی ڕاستی حیزب داوایان کرد کە بەڕەسمی واز لەسۆسیالیزم بهێنن، بەڵام هێشتا ئەو

کارەیان بۆ نەچووە سەرو زۆرایەتی کۆنگرە هێشتا بڕوایان بەسۆسیالیزم هەبوو. سیاسەتی رەسمیو جیهانی لەمەیدانی دیپلۆماسیدا پشتیوانی پارتی کرێکاران بوو لەسیاسەتەکانی ئەمریکاو پروپاگەندەی دژی سۆسیالیزمو خەباتی چینایەتی. بەهەمان شێوە ئەحزابی سۆسیال دیموکراتی نەمسا، هۆڵاند، سویدو سویسرا لەماوەی ١٩٥٨ تا ١٩٦٠ هەمان سیاسەتو ڕەوشیان گرتەبەر. هەرچەندە لەلای هەندێك لەحیزبەکان ئەم ماوەیە درێژەی کێشا تا بەرەو ڕاست ساغ ببنەوە، بەڵام سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ هیچ کام لەو حزبانە نەمایەوە، کە بەو شێوەیە بەرنامەو سیاسەتی خۆی ئاشکرا نەکات. سەرئەنجام تەواوی پارتە سۆسیالیستەکان پابەندیو بڕوایان بەسۆسیالیزمو گۆڕانی سۆسیالیستی نەماو بەڕەسمی بوونە بەشێك لەحکومەتو دەسەڵاتەکانی وڵاتی خۆیان.

### دەوڵەتی رەفای سۆسیال دیموکراسی

گەورەترین مایەی سەرکەوتنو شایستەیی سۆسیال دیموکراتی لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا لەدوای جەنگی دووەم لەدوو خاڵی زۆر گرنگدا دەردەکەوێت. لەلایەك، توانیان بەباشترین شێوە پابەند بن بەریفۆرمیزمو خەباتی پارلەمانیو یاساییو لەهەمان کاتدا ڕەتکردنەوەی تەواوی بڕواو پابەندی خۆیان بەسۆسیالیزمو گۆڕانکاری سۆسیالیستیو لەلایەکی دیکەش توانیان لەماوەی سێ دەیەداو بەبەردەوامی ریفۆرمو رەفاهی کۆمەڵایەتی، خەڵکی ئەوروپا، کە لەجەنگو ئاستەنگ بێزار بوون، بەو دەستکەوتانە ئاشنا بکەنو بیکەنە بەشێك لەژیانو فەرهەنگی گشتی. ئەم ریفۆرمانە لەمەیدانەکانی مافە سەرەتاییەکان، تەندروستی گشتی، پەروەردەو فێرکردن، هەلومەرجی یاسایی سەلامەتی کار، هەڵی پشوودانو دابینکردنی لایەنی کەمی ژیان بۆ هەمووان لەرێگای بیمە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکاندا بوونو بەشی زۆری هەوڵدانەکانیش



لەسیاسەتو ڕەوشی سۆسیال دیموکراتی پەیدا بوون. بوونی ئەم مافو ریفۆرمو خۆشگوزەرانییە هاوکات بوو لەگەڵ گەشەی ئابووری وڵاتانو بەرەوپێشچوونی سەرمایەداریو زیاتر بوونی دەوڵەمەندی، بوونە زەمینەو مەرجی مانەوەی سۆسیال دیموکراتی لەهێزی دەوڵەتەکانو لەناو خەڵکا. [١٦]

سۆسیال دیموکراتەکان ناونیشانی دەوڵەتی رەفایان بۆ ئەم هەلومەرجە تازە داناو لەمێژووشدا بەکارو کاریگەری ئەوان دەناسرێتەوە. سۆسیال دیموکراتەکان زەمینەی تیۆری ئابووری دەوڵەتی رەفایان لەدوو سەرچاوە وەرگرت، یەکەمیان تیۆرو بیرو باوەڕەکانی تیۆرمەندو ئابووریناسی ئینگلیزی (کینز)و دووەمیان، هەلومەرجی ئابووریو زەمینەی گەشەی ئابووری دوای جەنگ، بوونە ئەڵگۆیەکی سەرکەوتوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی عەمەلیو فکری بۆ سۆسیال دیموکراسی. لەم تیۆرەدا کینز دەوری دەوڵەتی لەئابووریو ئاراستەکردنی ئابووری بەهاوبەشی کەرتی تایبەتی بەرێگایەکی گونجاو دەزانی، کە ئەمەش لەگەڵ بیرکردنەوەو ریفۆرمو خەباتی یاساییو پارلەمانی سۆسیال دیموکراتیدا بەتەواوی گونجاو بوو. نەخشی دەوڵەت هەروەکو چۆن ئیدارەدانی کۆمەڵگایە بەپێی بەرژەوەندی گشتیو نەتەوەییو هەر بەو پێیەش کینز ئەوەی نیشاندا کە چۆن دەوڵەت دەزگایەکی سەرو چینایەتیو پارێزەری بەرژەوەندی گشتیو چیتر دەوڵەت لەلای سۆسیال دیموکراسی ئامرازی دەسەڵاتی چینەکان نییەو ئەم دەزگایە بەپێی سۆسیال دیموکراسیو بیرو باوەڕەکانی کینز دەتوانێ کە کۆمەڵگا لەقەیرانە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان ڕزگار بکات.

دوو هۆکاری سەرەکی نەخشیان هەبوو لەزەمینە سازکردنو فەراهەمی گەشەو چاکسازی ئابووریو دەسەڵاتی دەوڵەتی رەفا. یەکەم کە لەهەموو شت گرنگتر بوو نزمی ئاستی بەهای هێزی کار بوو لەساڵانی پێشو دوای جەنگی

دووەم. لەوڵاتانی وەکو ئاڵمانو ئیتالیاو ژاپۆن ئەم هاتنە خوارەوەیە بە لەسەدا شەستو حەفتا گەیشت. دووەم، ئەوەبوو کە پیشەسازی لەسەردەمی جەنگو بەهۆی نزمی نرخی هێزی کارەوە بەرەو پێشەوە دەچوو. لەماوەی ٢٥ ساڵ لەجەنگ بەدواوە پیشەسازی بەڕادەی سەد ساڵی پێشووتر بەرەو گەشە دەچوو. گەشەی ئابووریو بەرەو پێشەوەچوونی پیشەسازیو بازرگانی لەدوای جەنگی دووەمو سەردەمی جێگیریو ئاسایشی سیاسی لەمەودوا ڕێگر نەدەبوو لەوەی کە نرخی هێزی کارو مەعیشەتی کرێکارانیش بەرەو سەر بچێت. بەپێچەوانەوە رازی کردنی کرێکارو بەهێزکردنی متمانەی کرێکارانو کارمەندانو خەڵك بەحکومەتەکان یەکێك بوو لەبەرنامەی ناو دەستووری کاری دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا. سۆسیال دیموکراتی بەپاراستنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ سەندیکاو یەکێتییە کرێکارییەکان لەلایەكو بەخەباتی پارلەمانیو یاساییو ریفۆرمیستی هەلومەرجی نایابی بۆ خۆی رەخساندو خۆی کردە هێزی پاراستنی ئاشتیو ئارامی کۆمەڵایەتی لەسێ دەیەی دوای جەنگ. دەوڵەتی رەفا بەرهەمی ئەم ئاشتییە کۆمەڵایەتییە بوو ، بەرژەوەندی سەرمایەداری ڕۆژئاواش بێگومان نەتەنها لەگەڵ ئەم رەوشو ئەڵگۆ ئابوورییە ناکۆکی نەبوو، بەڵکو بەتەواوی هاوڕاو هاو بەرژەوەند بوو لەگەڵ پاراستنیدا.

## لاوازیو لەرزۆکی دەوڵەتی رەفا

لاوازیو لەرزۆك بوونی دەوڵەتی رەفا کاتێك دەستی پێکردن کە هۆکارەکانی بوونو بەردەوامبوونی دەستیان بەگۆڕان کرد. نزمبوونەوەی نرخی سوود لەنیوەی دووەمی دەیەی ١٩٦٠ وایکرد کە سەرمایەداران لەهەوڵی کەمکردنەوەی کرێی ساڵانەی کرێکاران بوون. تەنانەت سەرمایەدارانو نوێنەرە سیاسییەکەیان دەیانویست کە ئەم کەمکردنەوە جێگیر بکەنو تەنها تایبەت نەبێت بەسەردەمی



قەیرانی ئابووریو کەمبوونەوەی نرخی سوودەکانی سەرمایەداری. سۆسیال دیموکراسی هەموو تواناو هەژموونی خۆی بەکارهێنا، کە کرێکاران بەم خواستەی سەرمایەداران رازی بکات. بەڵام هەلومەرجەکە بەنیازی سۆسیال دیموکراتەکان نەبوو.

کرێکاران کە گەشەو دەوڵەمەندبوونی سەرمایەدارییان بەبەرهەمی کاری خۆیان دەزانیو لەساڵانی رابردوودا ئاستی ژیانیان بەرەو سەر دەچوو، رازی نەبوون بەژیانو کرێی ساڵانەی کەمتر. لەساڵانی کۆتایی دەیەی ١٩٦٠و نیوەی یەکەمی دەیەی ١٩٧٠ سەرانسەری ئەوروپا پڕ بوو لەشەپۆلی ناڕەزاییو مانگرتنی کرێکاران. مانگرتنە فراوانەکانی ئەڵمان، ئیتالیا، بەلژیكو سوید تا گەورەترین مانگرتنی گشتی مێژوو لەفەرەنسا، کە تیایدا دە ملیۆن کرێکار دەستیان لەکار هەڵگرت، دەوڵەتی موحافەزەکارانی بەریتانیا لەژێر مانگرتنی فراوانی کرێکارانی مەعدەنو تەواوی کرێکارانی دیکە ڕووخاو تا کار گەیشتە شۆڕشی ١٩٧٤ی پورتوگالو لەهەموو وڵاتانی ئەوروپا سەردەمی جێگیریو ئارامی ئابووری بەسەرچوو.

ئاوابوونی سەردەمی گەشەو رەونەقی سەرمایەداری بەمانای کەمبوونەوەی ئاستی ژیانو دەرامەتی خەڵكو کەمبوونەوەی دەرامەتی دەوڵەت، کە لەڕێگای باجەکانەوە پەیدا دەبوو. ئەمانەش سەرەڕای بێکاریو داخستنی بەشێکی زۆری کارگەو کارخانەکان و لەلایەکی دیکەشەوە کەمکردنەوەی سۆسیالو بیمەی بێکاریو تەواوی بیمە کۆمەڵایەتییەکان. دەوڵەتەکانیش ئەگەرچی دەرامەتیان کەمتر دەبوو، بەڵام ئامادەنەبوون کە بودجەکانیان کەم بکەنەوە. لەگەڵ بێکاریو کەمبوونەوەی بیمەی بێکاریو بیمەکانی کۆمەڵایەتیو ئابووری، هەڵاوسانی ئابووریو بڵاوبوونەوەی پارەی بێ پشتیوان، بوونە هۆکاری گرانیو بەتایبەتی گرانبوونی کاڵا سەرەکییەکان. ئەم هەلومەرجانە لەگەڵ بودجەو مەسرەفەکانی دەوڵەتی رەفادا نەدەگونجا، وردە وردە دەوڵەتی رەفا بنکەو بارگەی خۆی

پێچایەوەو سۆسیال دیموکراسیش دەوری نایابو شایستەی لەم زەمینەیەدا لەدەستچوو. لەم سەردەمەدا، کە سەردەمی قەیرانو گرانی هەڵاوسانی ئابوورییە بێگومان سەرمایەداریش پێویستی بەهێزێکی وەهایە کە ئەم هەلومەرجە بێ بەهرەو بێ مافییە بپارێزێو لێرەوە نەخشی پارتە ڕاستڕەوو موحافیزەکارەکان زیاتر دەبێت، کە ڕاستەوخۆ لەدژی ژیانو گوزەرانی خەڵک کار دەکەن. هەلومەرجی ساڵانی ١٩٧٠و ١٩٨٠و کەمبوونەوەی هێزو شایستەیی سۆسیال دیموکراسی ڕێگای خۆشکرد بۆ بەهێزبوونی دوو هێز لەچەپو ڕاستەوە. لەبەرەی چەپەوە ڕێبازی سۆسیالیستی دیموکراتی یان چەپی نوێ بەرەو بەهێز بوون دەچوو، لەبەرەی ڕاستیشەوە لیبرالیزمی نوێ سەری هەڵداو بەهێز بوو، کە بەرنامەکەی لەبێ دەخالەتی دەوڵەت لەپرۆسەی بەرهەمهێنانو ئاڵوگۆڕی سەرمایەداریو پەیوەندی نێوان کرێکارانو خاوەن کاردا کورت دەکرێتەوە.[١٧]

سەرئەنجام نیوەی دووەمی دەیەی ١٩٧٠ دەبێتە سەرەتای ئاوابوونی سۆسیال دیموکراسیو ئەڵگۆو مۆدیلی ئابووری دەوڵەتی ڕەفاش لەزۆر لایەنەوە کەوتە بەر ڕەخنە. دەوترێ کە هەڵاوسانو گرانی تەنها بەکەمکردنەوەی مەسرەفەکانی حکومەت، کەمکردنەوەی کرێو هێنانە خوارەوەی توانای کڕینی خەڵکەوە چارەسەر دەکرێت. سیاسەتی ئابووری (مانوتوریستی) لەناوەندە باڵادەستەکانی بۆرژوازی دەستی پێکرد. مانۆتۆریزم سیاسەتێکی ئابوورییە کە دەیەوێت نەخشو کاریگەری دەوڵەت لەئابووریدا کەمبکاتەوە یان نەیهێڵێ و بەشی تایبەتی ئابووریو توندبوونەوەی مونافەسەی ئازادو چارەسەری قەیرانی ئابووری بەبەهای بێکار کردنی خەڵک، هەڵاوسانو گرانیو نەهێشتنی بیمەکانی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکات. زیادبوونی نرخی نەوت لەساڵی ١٩٧٤و قەیرانی ساڵانی ١٩٧٥و ١٩٧٩ کاریگەریو متمانەی سۆسیال دیموکراسی کەمکردەوەو



حکومەتەکانی سۆسیال دیموکراتی، کە ماوەی زۆر لەسەرکار بوون یەك لەدوای یەك نەدەمانو لەجێگای ئەوانو لەهەموو وڵاتان باڵی ڕاست دەچوونە سەر کار. لەم سەردەمەدا تاچەریزمو ریگانیزم بەپێشڕەوی هێرشی بۆرژوازی لەدژی کرێکارانو دەوڵەتی رەفاو سۆسیال دیموکراسی لەمەیداندا بەهێز دەبوون.

لەماوەی ساڵانی دەیەی ١٩٨٠، شکستی مۆدیلی ئابووری سۆسیال دیموکراسی، لەدەستچوونی حکومەتو کابینەکانی حکومەتو بوونیان بەپارتەکانی ئۆپۆزسیۆن، کە یەك لەدوای یەك لەحکومەتدا نەمانو لەهەڵبژاردنەکاندا دۆڕاندیان. ئەم سەردەمە پێویستی بەوەبوو کە سۆسیال دیموکراسی بەخۆیدا بچێتەوەو بەچاوی سەرنجو ڕەخنەوە باسی دەیەی رابردووی خۆی بکات. یەکێك لەپرسەکانی سۆسیال دیموکراسی ئەوەبوو، کە پەیوەندی ئەوان بەبزاڤی کرێکارانو سەندیکاو یەکێتییەکانەوە ئەوەبوو کە سۆسیال دیموکراتەکان تەنها بەچاوی دەنگدەرەوە تەماشای کرێکارانیان دەکردو سەردەمی دەوڵەتی رەفاش ئەوانی بێخەم کردبوو، کە کرێکاران بەدڵنیاییەوە لەڕیزو پشتیوانی ئەوان دەبن. بەڵام سەردەمی قەیرانو کەمبوونەوەی کرێو نزمبونەوەی ئاستی ژیانو بیمە کۆمەڵایەتیەکانیان، بووە سەردەمێك کە پەیوەندی ئەوان بەبزاڤی کرێکاران لاوازو لەرزۆك دەبوو. یەکەمین ئەرکو کاری سۆسیال دیموکراسی ئەوەبوو، کە تیۆرو بیروباوەڕی نەبوونو نەمانی خەباتو ناکۆکی چینایەتی بەدرۆ بخرێتەوەو دیسان دەست بکەنەوە بەخەباتی کرێکاریو جەماوەری بۆ بەدەست هێنانەوەی مافو دەستکەوتەکانی کرێکارانو لێرەوە سۆسیال دیموکراسیش هاتەوە مەیدانی رادیکاڵیزمی کرێکاریو داکۆکیکردن لەژیانو مافی ئەوان. ئەم خەباتو بۆچوونە لەگەڵ رای گشتی بۆرژوازیو چینەکانی ناوەند سازگار نەبوو، ئەمەش وایکردو هەتا ئێستاش هەروایە کە ئاستی دەنگدەرانی سۆسیالیستەکان

بەرەو کەمبوونەوە بچێت. لەم سەردەمەدا سۆسیال دیموکراسی لەگەڵ کومونیستەکانو چەپی نوێو بزوتنەوەی کرێکاریدا چوونە هاوپەیمانیو هاوکاری چینایەتیو رادیکاڵیزمەوە. ئێستا سۆسیال دیموکراسی لەهەوڵی ئەوەدایە کە لەنێو چینەکانی ناوەڕاستا نەخشو کاریگەری جاران بەدەستبێنێتەوە. ساڵانی هەشتا بەساڵانی لاوازیو سەر لێشێواوی سۆسیال دیموکراسی ئەژماردەکرێت، کە لەلایەك دەیویست پێگەی خۆی لەنێو کرێکاراندا بپارێزێ یان کە لەدەستی چووە بەدەستی بێنێتەوە و لەلایەکی دیکەوە دەیویست بۆرژوازیو چینەکانی ناوەڕاست ئاشت بکاتەوە. بەڵام لەهەردوو بەرەکەوە شەریکی بۆپەیدا بوو کەئەو جەماوەرەی لەگەڵدا بەش بکاتو چیدیکە ئەحزابی پلەیەكو بێ رکابەر نەماون.

بەم شێوەیە سۆسیال دیموکراسی وەکو رەوتێکی خاوەن بەرنامەو ئەلگۆی ئابووری تایبەتیو ناسراوی خۆی، بەهۆی کارو شایستەیی ریفۆرمیستی، توانی جارێکی دیکە لەناو کرێکاراندا هێزو شایستەیی پەیدابکاتەوە. هەرچەندە سۆسیال دیموکراسی هەتادێت جیاوازی خۆی لەگەڵ ئەحزابی بۆرژوازییدا کاڵ دەکاتەوەو تەنها لەسەردەمی هەڵبژاردنەکاندا بەهۆی داواکاریو پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنەوە خۆیان دەناسێنن، بەڵام هێشتا ئەمە بەومانایە نییە کە هەڵوەشانەوەی تەواوی سۆسیال دیموکراسی دەبینن. سەرئەنجام سۆسیال دیموکراسی ئەم دەورەیە سۆسیال دیموکراسیەکی لاوازترە لەسەردەمی ساڵانی دوای جەنگی دووەم هەتا نیوەی دووەمی دەیەی ١٩٧٠.

شکستی کۆمۆنیزمی روسیو هەڵوەشانەوەی بلۆکی بەناو سۆسیالیستی لەساڵانی ١٩٨٩ ـ ١٩٩١، سۆسیال دیموکراسی دەخاتە هەلومەرجێکی تازەوە. لەلایەك پێگەو هێزو توانای جەماوەری بەرەو لاوازی دەچێتو لەلایەکی دیکە دوو



هاوپەیمانی تازەی بۆپەیدا دەبێت لەناو بزوتنەوەی سۆسیالیستیو کرێکاریدا کە یەکێکیان کومونیستەکانی سەربە ئوردوگای سۆڤیەتیەو لەلایەکی دیکە چەپی نوێیە. بەڵام تائێستا ئەم سێ باڵە لەتەواوی جیهاندا نەیانتوانیوە کە هاوپەیمانیو پلورالیزمێکی سیاسیو چینایەتیو سۆسیالیستی بەدەست بهێنن. هێرشی لیبرالیزمی نوێ بەرامبەر بە سۆسیال دیموکراتیو دەوڵەتی رەفاو تەواوی بیروباوەڕی سۆسیالیستی یەکێکی دیکەیە لەوکێشانەی کە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو خواز دەبێتو سەردەمی ئێستا واتە لەدوای شکستی سۆڤیەتو ئۆردوگاکەی، کارو خەباتی یەکەمی بزاڤی سۆسیالیستیو کرێکاری دەبێتە هاوپەیمانی جیهانی لەبەرامبەر لیبرالیزمی نوێو هێرشی باڵی ڕاست.



هەواڵنامەی کتێب

## پەراوێزەكان

[١] . لشك كولاكوفسكی، جریان های اصلی در ماركسیزم (جلد دوم)، ترجمەی عباس میلانی، نشر آگاه، چاپ دوم ١٣٨٥، ل ٧.

[٢] . ترنس بال و ریچارد داگر، ایده ئولوژی های سیاسی و ایده آل دمكراتیك، برگردان د. رویا منتظمی، انتشارات پیك بهار، چاپ اول ١٣٨٤، ل ٢٥٢.

[٣] . ایستوان مزاروش، فراسوی سرمایە (بحران ساختاری نظام سرمایە) برگردان مرتضی محیط، نشر اختران، چاپ اول ١٣٨٢، ل ٢٧٥.

[٤] ـ لشك كولاكوفسكی، هـ. س. پ، ل ل ١٣ ـ ١٥.

[٥] . جوزف شومپیتر (كاپیتالیسم، دموكراسی، سوسیالیسم)، ترجمەی حسن منصور، نشر مركز، چاپ دوم ١٣٧٥، ل ٤٣٣.

[٦] . دایرة المعارف دموكراسی، زیر نظر: سیمور مارتین لیپست، كتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجة ایران، جلد دوم، ل ٩١٨.

[٧] . دایرة المعارف دموكراسی، جلد یكم، ل ٣٩٧.

[٨] ـ موریس بارییە، مدرنیتەی سیاسی، ترجمەی عبدالوهاب احمدی، نشر آگاه، چاپ اول، ل ٢٢٦.

[٩] . دایرة المعارف ناسیونالیسم، زیر نظر: الكساندر ماتیل، كتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجهء ایران، جلد دوم.

[١٠] . حسین بشیریە، اندیشەهای ماركسیستی در قرن بیستم، نشرنی، چاپ ششم، ١٣٨٤، ل ٥٠.

[١١] ـ كارل كائوتسكی، علیە لینینسم، ترجمەی منوچهر صالحی، نشر اختران، چاپ اول ١٣٨٣، ل ٢٣٢.

[١٢] ـ جوزف شومپیتر، (كاپیتالیسم، سوسیالیم، دموكراسی)، ترجمەی حسن منصور، نشر مركز، چاپ دوم، ١٣٧٥، ل ٤٤٠.

[١٣] . جعفر رسا، آرمانها وتوهمات (بررسی مختصر تاریخ سوسیالیسم) انتشارات پویا، چاپ دوم، ١٣٧٠، ل ٢٢١.

[١٤] . حسین بشیریە، اندیشەهای ماركسیستی در قرن بیستم، نشرنی، چاپ ششم ١٣٨٤، ل ١٠٢.

[١٥] ـ آدام شاف، چشم انداز سوسیالیسم مدرن، ترجمەی فریدون نوائی، نشر آگە، چاپ اول، ١٣٧٦، ل ٥١.

[١٦] . دایرة المعارف دموكراسی، زیر نظر: سیمور مارتین لیپست، كتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجەی ایران، جلد دوم، ل ٦٧٦.

[١٧] ـ دایرة المعارف دموكراسی، جلد دوم، ل ٦٧٩.

هەواڵنامەی كتێب

# کـــــورد

# لەنێوان ( دووبـارەبوونـەوە ) و ( وەسـتـان ) لەمێژوودا

کامەران محەمەد

هەوالنامەی کتێب

دووبارەبوونـەوە لـە مێـژوودا پانتاییـەکی فراوانـی ئـەدەبیاتی زۆر گـەل و نەتەوەی جیاوازی جیهانی گرتووەتەوە، یەکێکیش لەو نەتەوانە نەتـەوەی کوردە، گوزارشـتی (دووبارەبوونـەوەی مێـژوو) بووەتـە دیاردەیـەکی بـاوی نێـو هـەموو کۆڕوکۆبونەوە و ناوەندە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی. بـەڵام تێکڕای ئـەو باسانە باسکردنێکی نازانـستی و قوڵبوونـەوەی هـزری تێدا بـەدی ناکرێت، بۆیـە زۆر گرنگـە توێژینـەوەی زاسـتی لەمـەڕ دۆزێکـی زینـدووی نێوکایـەی مەعریفـەو مەعریفـەی مێـژوویی و لایەنـە جیـاوازو جۆراوجۆرەکـانی بخەینـە ڕوو، ئـەم توێژینەوەیەش لە دوو تەوەری سەرەکی پێك دێت، لە تـەوەری یەکەمدا باسمان لـە (دووبـارە بوونــەوەو) و (وەسـتان) لـە نێـوان رەوتـی سروشـتێتی و رەوتـی مێژوویێتیدا کردووە.

لـە تـەوەری دووەمیـشدا باسـمان لـە کـورد لـە نێـوان (دووبـارە بوونـەوە) و (وەستان) لە مێژوودا کردووە.

بێگومـان ئـەو سەرچـاوانەی لـەم توێژینەوەیــەدا بــەکارهاتوون چــەند سەرچاوەیەکی بنـەڕەتی فەلسەفەی مێـژوو و مێـژووی کـوردن. لەبـەر ئـەوە ئـەم





توێژینەوەیـە لـەڕووی جۆرێتیـەوە توێژینەوەیـەکی پێـشەنگە، بۆیـە ئاسـاییە کەموکورتی و ناتـەواوی تێدابێت. جا بۆیـە داواکارم لێکۆڵینەوەکەم بـە چاوێکی رەخنەگرانەوە بخوێندرێتەوە.

**دووبـارەبوونەوە ... لەنێوان رەوتی سروشتی و رەوتی مێژووییدا**

یـەکێك لـەو دەسـتەواژانەی تـاکو ئێـستا لەکایـەی مەعریفـەی مێژوویـیدا مشتومڕێکی زۆری لەسەرە و چەندەها بیروبۆچونی جیـاوازی لـەبارەوە دەربـڕاوە، بریتیـە لـە (دووبارەبوونـەوە لـە مێـژوودا) یـاخود (دووبارەبوونـەوەی مێـژوو). مێژوونووسی گـەورەی یۆنـان (توکیدیدسـی ئەسـینی - Thuaydides) (٤٦٠-٣٥٩ پ.ز) کە هاوسەردەمی جەنگی بلوبونیز بوو، کە لـە نێـوان شـارە یۆنانیەکانـدا و بـەهۆی جیـاوازی نێـوان دیموکراسـی و ئولگـارکی ڕوویـدا، [1] بەیەکـەم کـەس دادەنرێت کـە باسی لە (دووبارە بوونـەوە)ی مێـژوو کـردووە، بۆیـە ئـەو پێیوابـوو ئامـانجی مێـژوو بریتییە لە تیشك خستنەسەر واقیعی کۆمەڵایـەتی. نـەك بەتـەنها هـەردوو واقیعـی سیاسی و سەربازی وەربگیرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەفسانەکان دووبارە نەبنەوە. [2]

ئایا مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە؟ ئەم پرسـیارە بابـەتی سـەرەکی گفتوگۆی نێـو پـەیمانگا زانـستییەکانی جیهـانی رۆژئـاوا بـوو لـە مـاوەی هـەردوو سـەدەی هەژدەونۆزدە(توینبی). کاتێك ئـەم دەسـتەواژەیە (دووبارەبوونـەوەی مێـژوو) گرنگـی تـەواوی پێـدرا کـە گروپێـك لـە مێژوونوسـان پەیـدابوون و بەتونـدی جـەختیان لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە کـە مێـژوو زانـستە، وەك زانـستە سروشـتیەکان. بێگومـان ئـەو پێـشکەوتنەی کـە زانـستی سروشـت بەدەسـتی هێنـا لەسـەدەی حەڤدەهەمـدا کـارێکی بنـەڕەتی کـردە سـەر زانـستە مرۆڤایەتیـەکانیش، لـە هۆکارەکـانی ئـەو پێشکەوتنە بەرچاوە بـەمیتۆدگرتنی –میتـۆدی ئـەزموونی- زانـستە سروشـتیەکان بوو. لێرەوە مرۆڤناسەکان پرسیاریان لەمەودای تـوانینی جێبـەجێکردنی میتـۆدی

زانستی سروشتی بەسەر زانستی مرۆییدا دەکرد، تا ئەمیش ڕۆڵی خۆی ببینێتو بتوانێت پێشکەوتنێکی هاوشێوەی ئەو بەدەست بهێنێت. بەرەوپێشچوونی زانستە مرۆڤایەتیەکانیش بۆ ڕۆڵی فەیلەسوف و زاناکان دەگەڕێتەوە، فەیلەسوفەکان سەرقاڵ بوون بە میتۆدەوە و زاناکانیش گرنگیان بە بابەت دەدا. لە پێشەنگی فەیلەسوفەکانەوە (بیکۆن)و(لۆك) و(هیوم) دێنو لە سەرووی زاناکانیشەوە (گالیلۆ)و(کیپلەر)و(نیوتن) دێن. [2]

گرنگی (فرنسیس بیکۆن) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو بە دامەزرێنەری میتۆدی ئەزموونی نوێ دادەنرێت، وای کرد لەسروشتەوە زانستێکی تیۆری بەدەستبهێنێت، کە ئامانجی پەیبردنبێت بە چییەتی بوون (ماهیە الوجود). بۆیە (بیکۆن) سروشتی لەشوێنە راستەکەی خۆی داناو بووە زانستێك، کە لە چۆنێتی ماددە یاخود بارودۆخی گۆڕانی نەك لە چیەتیەکەییدا بکۆڵێتەوە. جا دۆزینەوەی چۆنیەتیەکانیش (الکیفیات) بەمیتۆدێکی ئیستقرائیانە نەبێت تەواو نابێت، ئەوەش ئەوە دەخوازێت، ژمارەیەکی زۆری لەتوانادابوو کۆبکرێتەوە لە بارودۆخی پەیوەست بەو دیاردەیەی، کە مەبەستە لە بارودۆخە گۆڕاوەکاندا لە پێناوگەیشتن بەیاسا توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بەسەر سروشتدا زاڵ بێت و ڕامی بکات، بێگومان ئەوەش لەسەر زانستە مرۆڤایەتیەکان بەگشتی و مێژوو بەتایبەتی ڕەنگی دایەوە، دەتوانین بڵێین ئەو ڕەنگدانەوەیەش لەم سێ خاڵەدا خۆیان دەنواند:-

١. میتۆدی زانست: کۆکردنەوەی گەورەترین ژمارە، کە لەتوانادابێت لە ڕووداوە مێژووییەکان، بە ئامانجی گەیشتن بە بڕیارە گشتیەکان،وەك ئەوەی لە زانستە سروشتیەکاندا بەدی هاتووە.

٢. مەبەستی زانست: ئەوەش مەبەستێکی کردارییە لە سروشتدا و





رامکردنی سروشت بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ، بەڵام لەمێژوودا ئامانج دەوڵەمەند کردنی مرۆڤە بەو بڕیارانەی کەوای لێدەکات، لەبەر تیشکی شارەزاییەکانی ڕابوردوو لەواتای ڕووداوەکانی ئێستا تێبگات، تەنانەت تیشك بخاتەسەر داهاتووش.

٣. سەربەخۆبوونی زانست لە ئایین: مەبەستی زانست بەو شێوەیە نەمایەوە، کە راژەی مەبەستەکانی لاهوت بکات، بێگومان ئەوەش بەسەر مێژوودا رەنگی دایەوە، مێژوونوسەکان ئەو دیدە دواڕۆژییەیان دوورخستەوە، کەوای دەکرد مەبەستی مێژوو بخاتە دەرەوەی چوارچێوەی جیهانەوە و بیخاتە دووتوێی جیهانی دواڕۆژەوە، بۆیە ئامانجی ڕەوتی مێژووخرایە چوارچێوەی جیهانی هەنوکەوەومێژووش بووە گوزارشتکەری کردارەکانی مرۆڤ نەك هێزێکی نادیار. [4]

تەنانەت کەسێکی وەك (کاریل) دەڵێت:" دەتوانرێت پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان وەك هاوکێشە بیرکارییەکان یەکسان بە یەکسان دابڕێژرێت، ئەگەر چەند مەرجێکی دیاریکراوی تێدا هەبوو، لەوبارەشدا دەتوانێت بەرەوچەند ئەنجامێکی ورد هەنگاو بنێت و پێشبینی ڕووداوەکانی مێژوو بکاتو بە ئەندازەیەکی زۆر لە وردەکاری، تەنانەت بەوەش کە لەداهاتوودا ڕوودەدات، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەشدا ئەتوانرێت پلانی زانستی دابنرێت، کە تێکڕای بوارە جیاوازەکانی ژیانی داهاتوو لەخۆ بگرێت". [5]

(چارل سینوبوس)یش دەڵێت: (مێژوو زانستە و هیچ دوودڵی و گومانێکی تێدانییە، چونکە ئێمە دەتوانین وشەی (زانست) بەسەر هەموو کۆمەڵە زانیارییەکی بەدەستهاتوو لەڕێگەی میتۆدێکی باوەڕپێکراوی توێژینەوەی یەك جۆری دیاریکراو لە واقیعەکاندا بەکاربێنین. جائەوە زانستی ڕووداوەکانە کە پەیوەستە بەخەڵکە زیندووەکانەوە لە (کۆمەڵگە)دا لەمیانەی بەدوایەکدا هاتنی زەمەنەکانی رابردوو". هەروەها دەچێتە هەژماری زانستە وەسفییەکانەوە،

ئەوەش جیاوازییەکی ئاشکرای لەگەڵ زانستە گشتیەکاندا هەیە. ئەو زانستانەش (میکانیك، فیزیا، کیمیا، زیندەوەرزانی) بۆ دۆزینەوەی یاساگەلێکی بەدوایەکداهاتووی جێگیر لەمیانەی دیاردەگەلێکی (یەکجۆر)دا کاردەکەن، وەك نموونە هێنانەوەیەکی لاپەڕەیەك دەربارەی بارودۆخە واقیعێتییە زەمکانیەکان. چونکە ئامانجی خوێندنەوەی واقیع نییە، بەڵکو پێشبینیکردنە (تنبؤ) بەوەی کە ڕوودەدات لەبارودۆخە زانراوەکان، زانستە وەسفییەکان بۆ زانینی (رووداو)ە realites جوزئیەکان هەوڵدەداتو لە چۆنیەتی دابەشکردن دەکۆڵێتەوە، جا لەیەك شوێندا وەك (گەردوونناسی، زانستی جوگرافیا، زانستی کانزاکان، رووەك زانی، زانستی گیانلەبەران) یاخود لە شوێن و بەدوایەکدا هاتنی زەمەنەکاندا بێت پێکەوە. بۆیە مێژوو دەگەڕێتەوە بۆ جۆری کۆتایی (جیۆلۆجیا) زانستی سەردەمە مێژووییە دێرینەکان Paleontology[٦]. هەروەها (د. کەمال مەزهەر)یش هەر بەوەوە ناوەستێت کە مێژوو زانستە، بەڵکو پێیوایە مێژوو (زانستی زانستەکانە)[٧] و وادەبینێت گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگە بەپێی یاسایەکی تایبەت دەگۆردرێت و بەرەوپێش دەچێت. ئەو یاسایەش بۆخۆی کەوتۆتە ژێر کاری ژمارەیەك دیاردەی گرنگی پێکەوە بەستراوی خودی ژیانەوە.[٨] بۆیە بە بۆچوونی ئەو مێژوو یەکێکە لە زانستە هەرەگرنگەکانی ژیان.[٩]

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر مێژوو زانست بێت، ئەوا یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی زانستیش بریتییە لە (دووبارە بوونەوە)، بۆ نموونە لە هەر شوێنو کاتێکدا دوو هایدرۆجین و یەك ئۆکسجین لێکبدرێت، ئەوە ئاو دروست دەبێت $H_2 + 1/2O_2 \rightarrow H_2O\uparrow$ یاخود سوتانی یەك گەرد کاربۆن (گرافیت) لە هەوادا دەبێتە هۆی دروست بوونی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن $C + O_2 \rightarrow CO_2$ هەرکاتێکیش ئەم کردارانە دووبارە کرانەوە، ئەوا بێگومان هەمان ئەنجام





بەدی دێت، لەوسۆنگەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر چەند هۆکارێك یەکیانگرت و دیاردەیەکی مێژوویيان پێکهێنا، ئەوا جارێکی دیکە و هەرکاتێکی دیکە ئەگەر ئەو هۆکارانە یەکیان گرتەوە، ئەوا هەمان دیاردەی مێژوویی یاخود (هاوشێوە)ی ئەو دیاردەیە بەدیدێت، بەڵام وەك (کەمال مەزهەر) دەڵێت: "رووداوی مێژوویی لە سنورێکی تایبەتیدا خۆی دووپات دەکاتەوە).[١٠]

(جۆرج سانیتا)فەیلەسوفیش دەڵێت:" ئەوانەی رابردوویان بیردەچێتەوە، مەحکومن بەوەی (دووبارەی بکەنەوە)".[١١]

## چەند نموونەیەك

( کەمال مەزهەر) دەڵێت:" لە هەموو شوێنێك و هەموو کاتێك فشاری زۆر بۆتە تەقینەوە و ناڕەزایی. شۆڕشە بۆرجوازییەکانی ئەوروپای نێوان سەدەی شازدە و نۆزدە لەزۆر رووەوە لەیەك دەچن، چ لەهۆڵەندە و چ لە ئینگلتەرە، چ لە فەرەنسا و چ لە وڵاتانی تری ئەوروپای ئەو قۆناغە، زۆرداری و هەرەسهێنانی پێوەندی دەرەبەگی و پەیدابوونی چین و دەستەی نوێ و بەرزبوونەوەی ڕادەی تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵك و باری قورسی ژیان و ئابوری و چەند هۆیەکی لەیەکچووی تر ئەو شۆڕشانەیان دروستکرد، کە بەهەمان دەستور بوونە هۆی ژمارەیەك ئاڵوگۆڕی لەیەکچووی وەك لەرزاندنی رژێمی بۆرجوازی و ئازادکردنی جوتیاران لە چەوساندنەوە و کۆت و زنجیری دەرەبەگی و پەرەپێدانی مەرجی پێشکەوتنی پیشەسازی و چەسپبوونی دامودەزگای دیموکراسی نوێ و ئاڵوگۆڕی تری لەو جۆرە بابەتە.

گەر کەمێك نزیکتر بکەوینەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان هۆی بەرپابوون و شێواز و ئەنجامەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٥٢ی میسر و شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ی عێراقدا بەدی ناکەین. راستە لە عێراقدا (فەیسەڵ) و (خاڵ) ی و (نوری

سەعید) کوژران، کەچی لە میسر (فاروق) و خزمەکانی وڵات بەدەرکران، بەڵام ئەو جیاوازییە هیچی لە ئەنجامەکانی شۆڕشی میسر و عێراق نەگۆڕی.

جاری وا هەیە مێژوو لە کات و شوێنی جیاوازدا خۆی دووپات دەکاتەوە. بەوێنە هیچ جیاوازییەك لەنێوان هەڵوێستی کاربەدەستانی ئەوروپای سەدەی پازدە و کاربەدەستانی لەئیپراتۆرێتی عوسمانی سەدەی شازدە و حەڤدەدا بەرامبەر بە چاپی نوێ نەبوو، چ لەوێ و چ لێرە وەك سەگی هار پەلاماری ئەو دەستکەوتە هەرە گەورەیەی زانستی مرۆڤیان داو بە کاری شەیتانیان لەقەڵەمدا.[١٢]

## ڕەوتی مێژوویێتی

پێش ئەوەی بەوردی لە(دووبارەبوونەوە) یاخود (هاوشێوەیی) ئەو ڕووداوانەی سەرەوە بدوێین. پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەگەر ئەوە تێڕوانینی ڕەوتی ڕۆشنگەری بووبێت بەرامبەر بە مێژوو. ئەوا ڕووبەڕووی کاردانەوەیەکی توند بوویەوە، ئەویش لە ڕەخنەگرتن لە دانانی مرۆڤ بە بەشێك لە سروشت و پاشانیش لە ئەستەمی پراکتیککردنی میتۆدی زانستی سروشتی بەسەر مێژوودا بەرجەستە دەبوو.

(هێردەر J. G. Herder ) بەڕێبەری بزوتنەوەی مێژوویێتی یاخود سەربەخۆبوونی میتۆدی مێژوو لە میتۆدی زانستە سروشتیەکان و تەنهایی بوونی مێژوو دادەنرێت. (هێردەر) لە خێزانێکی ئاینداری پارێزگار گەورەببوو، بەوردی لاهوتیشی خوێندبوو، بۆیە پێگەیشتنەکەی پێگەیشتنێکی ئاینی بوو، بێگومان نەزعەی پارێزگارێتی شوێنەوارێکی دوورتری لەوە بەجێهێشت کە بەتەنها بەرهەڵستی ڕەوتی سەردەمی ڕۆشنگەری بکات، کە ڕەخنەی ئاراستەی ئاین دەکرد و بێباوەڕ دەبوو پێی. چونکە ئەو ڕەوتە پارێزگارێتییە کە ئایینی بوو، گرنگی بەلایەنی ڕۆحی تاك دەدا لە ئایندا نەك لایەنی لاهوتی ئاینزایی،





بۆیە لەپاشانیشدا ئەوە هۆشیاری تاکی بەرامبەر بە تاکێتی و سەربەخۆییبوونی لەکۆمەڵی مرۆڤایەتی زیاد دەکرد، ئەوەش بەسەر تێڕوانینیدا بۆ مێژوو شکایەوە. بۆیە میتۆدی مێژوویی لای ئەو بووە (تاکێتی مێژوو)، بەوپێیەی لەمێژوودا بەتەواوی دوو چرکەسات یەکسان نابن، هەروەکو چۆن لای سۆفی (دووکات) یەکسان نابن. هەروەها (هێردەر) قوتابیەکی بەردەستی (کانت)بوو کە بەڕووی کتێبەکانی (مۆنتسکیۆ) و (ڕۆسۆ) و (هیوم)دا کردیەوە ، بۆیە (هێردەر) بە بەرهەڵستی کردنی کانت بۆ ڕەوتی سەردەمی ڕۆشنگەری بەتایبەتی بەبەرهەڵستیکردنی تێڕوانینە مێژووییەکانیان سەرسام بوو، دواتر (هێردەر) ڕەخنەی لە هەندێ لە کتێبە فەلسەفیەکانی (کانت)یش گرت، بەڵام(هێردەر) زیاتر بە لیبنتزی فەیلەسوفی ئینگلیزی سەرسام بوو و کەوتە ژێر کاریگەرێتییەوە، ئەوەش بەتەنها لە باوەڕبوونیدا نەبوو بە چاودێری خوایی (العنایە الالهیە) یاخود سەرخستنی بیروباوەڕە ئایینیەکان بە فەلسەفە. بەڵکو سەرسامبوونەکەی تیۆری مونادەکان* یاخود ناوەڕۆکە ڕۆحیەکانیشی گرتەوە، ئەو کاروبارەی کە نیگای تاکێتی واقعە مێژووییەکانی پێ بەخشی.[١٣]

هەروەها (هێردەر) لەگەڵ (گۆتە)دا بزوتنەوەیەکی وێژەیی بەناوی (حرکة العاصفة والاندفاع) پێکهێنا، جا نەزعەی ئەدەبیش کاریگەری بەسەرییەوە جێهێشت، چونکە لەگەڵ مۆرکی زانستی زانستە سروشتیەکاندا نەدەگونجا، (گۆتە) لایەنی خودی ڕۆمانسی لە هزری (هێردەر)دا هێندەی تر تۆخکردەوە، بەو ئەندازەیەش لە نەزعەی زانستی ژیرێتی مێژوو دووری خستەوە. بەوشێوەیە هۆکارە ئایینی و وێژەییەکان پێکەوە گونجان و (هێردەر)یان گەیاندە ڕێبەرێتی بزوتنەوەی مێژوویی بەرهەڵستکاری سەردەمی ڕۆشنگەری. بەمشێوەیە چەمکی مێژوویێتی بەشێوەیەکی توند بە (هێردەر)ەوە بەستراوەتەوە، ئەو



هەواڵنامەی کتێب

تەواوی ئـەو هزرانـەی ڕەتكـردەوە، كـە فەلـسەفەی ڕۆشـنگەری دەربـارەی بیرۆكـەی پێشكەوتن بانگەشەی بـۆ دەكردوبەلایـەوە ببـووە مـۆركێكی مێـژووی مرۆڤایـەتی. هەروەها لەو فەلسەفەیەدا ئـەو قۆناغـەی مێـژوو پێیگەیـشتبوو، جگـە لـە كەڵەكـە بوونی شارەزاییە پێشینەییەكان سەبارەت بـە نـاوەرۆكی پێـشكەوتن، شـتێكی دیكـە نــەبوو. بــەلای (هێــردەر)ەوە ئــەو گۆڕانكارییــە بینراوانــەی كــە فەلــسەفەی ڕۆشنگەری دیاریكردبوو لە دایكبووی كەوتنە نێو وەهمـی گـۆڕانی شـتەكان لەسـەر ئاستی بینراووشێوەكان بوو. ئەمە لە كاتێكدا بابەتـەكان وەك خۆیـان دەمێننـەوە. بۆیـە لـە تێروانینـی ئـەودا پێـشكەوتنی گـرنگ ئـەو پێـشكەوتنەیە لـە كرۆكـی ڕۆشـنبیری هـەر نەتەوەیەكـدا ڕودەدات، كـە هـەڵگری بابـەتی ڕۆحـی نەتەوەیـە، هەروەها دەبێت بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ كارتێكـەرە دەرەكییەكانـدا بكات، بـەو پێیەی هەڕەشەیە بۆسەر ئەو ڕۆحـە، كـە دواتـر هەرەشـەی بـۆ سـەر پـەرەسـەندنی مێژووی مرۆڤایەتی لێدەكەوێتەوە.

(هێــردەر) وادەبینێــت چــاودێری خــوایی بــە تــەنها چــالاكییەكانی بەســەر سروشتدا چڕ ناكاتەوە و مێژووی لێبكاتە دەرەوە، لەبەر ئـەوە هـەوڵی ئـەوەی دەدا لــە ڕوداوە مێژووییــە بەدوایەكــدا هاتووەكانــدا بــەدیهاتنی نەخــشەی خــوداییو ئاڕاستەكەی بەرەو پێشكەوتن بدۆزێتەوە. بەڵام ئەو بیرۆكەیـەی ڕەتـدەكردەوە كـە پێشكەوتنی بـۆ ژێـری ڕووت دەگەڕانـدەوە(١٤) . مێـژوو تـەنها گێڕانـەوەی ڕوداوەكـان نەبوو، بە ئەندازەی ئەوەی كارلێكێكی ناوەكی مرۆڤایـەتی بـوو لـە خـودی خۆیـدا. لێرەشەوە جیهانبینییەكی مێـژوویی نـوێی دانـا، دژبـوو لەگـەڵ ئـەو جیهانبینیـەی (ماكیاڤیلی) دایِنابوو، كە تێیـدا ( مەبەسـت ئـامراز دیاریـدەكات)، ئەمـە لەكاتێكـدا بەلای (هێردەر)ەوە مرۆڤ بوونەوەرێكی لێوانلێوە لە هەستەكان. ئـەوەی گرنگیـشە لـە تێروانینـدا بـۆی لـە چـەندێتی ئـەو كردارانـەدا بەرجـستە نابێـت، كـە ئـەو





ئەنجامی دەدات، بـە ئەنـدازەی ئـەوەی لـە توانادایـە بـۆ گەیـشتن بـە ئاشـكراكردنی كاریگـەرێتی ئـەو هەسـتانە( ئـەو لـە یـەك كاتـدا مەبەسـتوئامرازە)، بەوشـێوەیە دەستكەوتووە بـەدیهاتووەكان لەسـەر تـەواوی ئاستەكان(ئـایینی، هـزری، هونـەری، سیاسـی،كۆمەلأیەتی) تـەنها دیاردەگـەلێكی مرۆڤـەكان دەبێـت. ئەمـە لـە كاتێكـدا كاری بنەڕەتی مێژوونووس دەبێـت بـەرەو قـوڵایی ئـەو دیاردانـە ئاڕاسـتە بكرێـت، ئەمـەش لـە میانـەی تێپەڕانـدنی تـەواوی هزروتێروانینـەكان، تەركیزكردنـە سـەر شاراوە ناوەكییەكانی مرۆڤ، واتە (هەسـتەكان) بـۆ گەیـشتن بـە ڕاسـتێتی مێـژوو و ڕاسـتێتی سروشـت* . بۆیـە تێگەیـشتنێكی دروسـت بـۆ مێـژوو، لای ئـەو وەك لـە كتێبەكەیدا (فەلسەفەیەكی دیكە بـۆ مێـژوو) گوزارشـتی لێكـرد، ڕزگـاربوونی لـەو تێگەیـشتنە خراپـە دەخواسـت، كـە جیهـانبینی سـەردەمی ڕۆشـنگەری بـۆ مێـژوو خـستبوویەڕوو، چـونكە ئـەو سـەردەمە گریمانـەی یـەك سروشـتی مرۆڤایـەتی لـە هەموو كات و شوێنێكدا دەكـردو بەهایـەكی ڕەهـای دادەنـا، ئـەوەش بـە سـەپاندنی بەسـەر هـەموو سـەردەمە مێژووییەكانـدا. لەگـەڵ ئـەوەدا كـە گـۆڕانی هەمیـشەیی كرۆكـی ڕەوتـی مێـژووە، جـا لای یـەك نەتـەوە دوو چركەسـات هاوشـێوە نییـە، سەرەڕای دوونەتەوە، جا ئەو مێژوونوسەی تێبینـی هاوشـێوەكان دەكـات و سـەبارەت بە جیاوازییەكان بێ ئاگا دەبێت، ئەوا تێگەیشتنی واقعێتی مێژوو خراپ دەكات. ١٥

"بەهـەمان شـێوە، ئـەركی مێـژوونووس دەركردنـی بڕیـاری لادەرو گومڕاكـەر نییـە بەسـەر ڕابـوردوودا. یـاخود خـۆی بكاتـە واعیزێكـی بیروبـاوەڕ، ئەگـەر بەعەقڵیـەتی ئـەو سـەردەمەی كـە توێژینـەوەی لەسـەردەكات پێوانـە بكرێـت، چـونكە ئـەوە جگەلـە چـەند حـوكمێكی هەڵـە شـتێكی دیكـەی لێناكەوێتـەوە، بێگومـان هـەموو سـەردەمێكی مێـژوویی و هـەموو ماوەیـەك و هـەموو شارسـتانێتییەك كەسـێتی و بـەهای تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، بۆیـە ئـەركی

مێژوونوس ئەوە نییە بە پێوەرە هەنوکەییەکان بڕوانێتە ڕابردوو، چونکە مرۆڤایەتی تاکە شێوەیەك یا مۆرکێك یاخود شێوازێك نییە، پاشان دەبێت هەموو سەردەمێك بەگوزارشتی تایبەت بەخۆی گوزارشتی لێبکرێت، چونکە هەموو سەردەمێك و هەموو نەتەوەیەك مۆرکێکی بێوێنەی خۆی هەیە، کە دووبارەنابێتەوە. بۆ نمونە شارستانێتی میسری کۆن وەك شارستانێتی چین یا یۆنانی یاخود ڕۆمانی نییە، بەڵکو هەریەکەیان بە شێوەیەکی تاك و جیامەند پێکهاتوون، دواتر دەبێت  مێژوونوس هاوسۆزبێت لەگەڵ ئەو سەردەمەی توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دەدات، بەڵام تێپەڕاندن (تجاوز)ی بارودۆخە زەمکانیەکان و دەرکردنی بڕیارگەلێکی ڕەها، ئەوا خراپ تێگەیشتنە لە مێژوو چونکە (شکسپیر) (سۆفۆکلیس) نییە و (هامیلتون)یش (هومیروس) نییە". [١٦]

بێگومان مێژوونوسانی سەردەمی ڕۆشنگەری مێژوویان لە میانەی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەدواکەوتوو، لەمیانەی هەردوو سەدەی حەڤدە و هەژدەهەمدا بە پێشکەوتوو دادەنا، بێئاگابوون بەرامبەر بەو بەردەوامییەی لەنێوان بەشەکانی مێژوودا هەیە. ئەمە لەکاتێکدا سەدەکانی ناوەند ئەڵقەیەکی گرێدەرە لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا نەك بەوشێوەیەی (ڤۆڵتێر) بە ئەفسانە و نەزانی و نادیاری دەیبینی، ئەو پێشکەوتنەش کە مێژوو نوسانی سەردەمی ڕۆشنگەری بۆ سەردەمەکەی خۆیان بانگەشەیان بۆ دەکرد، تەنها لە سەرکەوتنی مرۆڤ بەسەر هێزە سروشتیەکاندا بەرجەستە دەبوو، چونکە ئەوە تەنها لایەنی ژیری دەنواند، بەڵام مرۆڤ بەتەنها ژیری نییە، بەڵکو چەندەها لایەنی جۆراوجۆری ئەوتۆی تێدایە کە سەرەڕای ژیری ویست و سۆزوهەستیش لەخۆ دەگرێت، تەنانەت هەستەکان لای هەندێ لە فەیلەسوفەکان بە سەرچاوەی سەرەکی زانین دادەنرێت، دیارترینی ئەو فەیلەسوفانەش (هێردەر) بوو.[١٧] لەبەر





ئەوە لەکەسێتی مرۆڤ تێناگەین، ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی تێکڕای ئەو لایەنانەدا نەبێت، بەهەمان شێوەش لەڕۆحی جیامەندی نەتەوەیەك و سەردەمێکی دیاریکراودا تێناگەین، ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی هەموو پێکهێنەرەکانیدا نەبێت، ئەوانەش تەنها کردار گەلێکی دەرەکی نین، بەڵکو سروشتێکی ناوەکین، کە لەپشتەوەی ئەو کردارانەدا خۆی حەشار داوە و لەشێوەی جیاوازی سیاسەت و ئابوری و فەلسەفە و هونەر و ئاییندا پێکی دەهێنن. بۆیە هەرگیز ناتوانرێت بەمیتۆدی زانستە سروشتیەکان گیانی نەتەوە و کەسێتیەکەی بناسرێت. چونکە ئەو میتۆدە جگە لەوەی رووکەش و دەرەکیە شتێکی دیکە نادۆزێتەوە. بەڵام رابوردووی مێژوویی ئەوا واقیعێکی رۆحیە و بە رۆحیش نەبێت ناتوانرێت رۆح بناسرێت، واتە رۆحی ناوەکی مرۆڤە کە دەتوانێت رۆحی سەردەم ئاشکرا بکات، دواتریش مێژوونووس بۆ ئەوەی کەسێتی نەتەوەیەك بناسێت، دەبێت لەگەڵیدا کارلێك بکات و لەخودی خۆیدا هەست بە کەلتورەکەی بکات، ناشتوانرێت لەمیانەی گشتیە ئەبستراکتەکان (الكليات المجردة)دا لەوەبگەین، هەروەکو لەزانستە سروشتیەکاندا بەدیدەکرێت.

ڕەوتی مێژوویێتی کە تەبەنێی سەربەخۆبوونی مێژوو و میتۆدەکەی لە زانستە سروشتی و میتۆدەکەی دەکرد، لەسەر دژایەتیکردنی هزری سەردەمی ڕۆشنگەری و جیامەندبوونی لە سروشت بەردەوامبوو. [١٨] بە هەمان شێوەش ناتوانرێت پێشبینی داهاتوو بکرێت لە مێژوودا، چونکە مەعریفەی مێژوویی بەستراوەتەوە بەوەی کە جزئی و سنورداره، بەڵام داهاتوو ڕەهایە و سنوردار نییەو دواتریش ناتوانین ببینە خاوەنی، جا ئەگەر مەزنترین سەرکردە -بۆ نموونە ناپلیۆن- نەتوانێت لەسەرەتاوە چارەنوسی جەنگێك دیاریبکات، ئەوا چۆن مێژوونوسێك دەتوانێت داهاتووی مرۆڤایەتی دیاریبکات؟! بەوشێوەیە

هەروەك (ر. ج. كولنجود) دەڵێت: "بەشێوەیەكی ڕەها مێژوو خۆی دووبارە ناكاتەوە، بەڵكو ڕووداوەكان لە هەموو قۆناغێكی نوێدا ، بەشێوەیەك بەدوای یەكدا دێن و مۆركێك بەدیاردەكەوێت، كە جیاوازی لەنێوان ئەو و ئەوەی پێش خۆیدا بكات، بۆ نموونە دەبینین بەربەرێتی مەسیحی لەسەدەكانی ناوەڕاستدا لە بەربەرێتی بتپەرستی سەردەمی (هومیروس) جیاوازە. [19]

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە ئەركی مێژوو ناكرێت لە چوارچێوەی بازنەیەكدا دیاری بكرێت، كە هەمیشە لەدووبارەبوونەوەدا بێت، بەڵكو ئەركی مێژوو بریتیە لەبەدیهێنانی نوێ بە بەردەوامی، جا بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین لە دووبارەبوونەوەی مێژوو تێبگەین،دەبێت لە چەمك و واتای مێژوو تێبگەین، لەو چەمكەش تێناگەین ئەگەر لە ڕەگەزە بونیادنەرەكانی مێژوو تێنەگەین! چونكە تائەو رەگەزانە بەشێوەیەكی ورد نەناسین، ئەوا ناتوانین پێناسەیەكی (تەواو) و (وەك خۆی) مێژوو بخەینە ڕوو، واتە بەئەندازەی سەركەوتنمان لە پێناسەكردن و وێنا كردنی ڕەگەزە پێكهێنەرەكان، بەهەمان ئەندازە سەركەوتوو دەبین لە پێناسەكردنێكی (تەواو)ی دروستكراوەكە كە(مێژوو)ە. گرنگترین ئەو رەگەزانەش بریتین لە (مرۆڤ، شوێن، زەمەن) كە بنەڕەتی دروستبوون و بەرجەستەبوونی مێژووی هەر گەل و نەتەوەیەكە لەژیاندا، مرۆڤ وەك پاڵەوانی ڕووداوەكان و شوێن وەكو شانۆ و سەكۆی نمایشی زنجیرەی بەسەرهاتەكان و زەمەنیش وەك چركەساتەكانی تۆماركردنی ڕووداوەكان ڕۆڵی كاریگەر و بونیادنەرانەی مێژوو دەبینن.

### یەكەم: مرۆڤ

بێگومان ناسینی مرۆڤ بە هەموو لایەنەكانیەوە وەك سروشت و پێكهاتە و تایبەتمەندیەكان و ڕۆڵی لە ژیاندا، خاڵی سەرەتا و دەستپێكی هەموو



هەواڵنامەی کتێب



توێژینەوەیەكی ناوەڕۆكداری مێژووی مرۆڤە، چونكە ئەگەر ئێمە لە حەقیقەتی مرۆڤ تێنەگەین، ئەوا ناتوانین لە مێژووەكەی تێبگەین و راڤەی هەڵسوكەوتەكانی بكەین، پاشانیش بڕیاری لەسەر بدەین، چونكە ئەگەر لەسەر بنەڕەتی ناسینی مرۆڤ توێژینەوەكان ئەنجام نەدرێن، ئەوا جگە لە گێڕانەوەی چەند چیرۆكێكی بێ پەیوەندی و پڕكردنەوەی بۆشاییەك شتێكی دیكەی لێ بەرهەم نایەت. (مرۆڤ)یش بە (هۆش) و (ژیری) و (بەرچاوڕوون)ی لە هەموو بونەوەرەكانی دیكە جیادەكرێتەوە و تاكە بوونەوەرە كە مێژووی هەیە، لەمیانەی توێژینەوەی مێژوودا پەیبردن (ادراك)ی گەشەدەكات و بازنەی شارەزاییەكانی فراوان دەكات. مرۆڤ تەمەنێكی كورت و مرۆڤایەتیش تەمەنێكی درێژی هەیە، بۆیە زانینی ئەزمونەكانی ژیان سەبارەت بە مرۆڤ پێویستن، چونكە تەمەنی مرۆڤ زۆر كورتە سەبارەت بە زانینی هەموو شتێك لە ژیاندا، تەمەنی مرۆڤیش ئەوپەڕی دەگاتە (٧٠-١٠٠) ساڵ و ئەگەر بە ویستی خۆی هەموو شتێك تاقیبكاتەوە، ئەوا پێویستی بە ئەنجامدانی ملیۆنەها ئەزموون دەبێت. بۆیە ئەگەر مرۆڤ سودی لە ئەزمونی ڕابردوو و مێژوو وەرنەگرتایە ئەوا لە مەیمونێكی لاواز زیاتر نەدەبوو، جیاوازی نێوان مرۆڤ و مەیمونیش بریتیە لەوەی كە مرۆڤ ژیانی خۆی لەوێوە دەست پێدەكات، كە ئەوانەی پێش خۆی كۆتاییان پێ هێناوە، بەڵام هەموو نەوەیەكی مەیمون ئەزمونەكانی خۆی بەخۆی دەست پێدەكات. پاشانیش جگە لە هەندێ ئەزموونی تایبەت بەخۆی نەبێت سودمەند نابێت. بۆنمونە لە گرنگترین دەستكەوتەكانی مرۆڤ لەمیانەی مێژوودا بریتیە لەو زمانەی كە گفتوگۆی پێ دەكات، زمانیش بریتییە لەو دەفرەی كە ڕۆشنبیری لەخۆ دەگرێت. ڕۆشنبیریش بە ڕۆڵی خۆی جۆر و ئاڕاستەی شارستانی دیاریدەكات، هەروەكو زمان و پەرەسەندنەكەیەتی كە لەخودی خۆیدا جۆری

مێژووی نەتەوە روون دەکاتەوە، جا زمان شارستانی و مێژووە، بۆ نمونە ئەگەر وشەی (ئاو) دەلالەت لەو شلەیە دەکات و (نان)یش ئاماژە بەو خواردنە دەکات، ئەوا ڕەنگە هەزارەها ساڵ تێپەڕیبێت ئەوجا مرۆڤ گەیشتبێتە ئەوە، جا ئەگەر هەموو مرۆڤێك بیەوێت بۆ خۆی زانست و داب و نەریت دروستبکات، ئەوا جیاوازییەك لەنێوان ئەو و زیندەوەرەکانی دیکەدا نامێنێت. بۆیە دەبێت لە میانەی ئەزمونە دەوڵەمەندەکانی (مرۆڤایەتی)یەوە بچێتە نێو بوارە زیندووەکانی ژیانەوە و لەوێوە سەرەتای ژیانی دەستپێبکات، واتە مرۆڤ توانای بەهرەمەند بوونی هەیە بە ئەزموونە جۆراو جۆرەکانی مرۆڤایەتی. مرۆڤ یاخود (ناوەڕۆکی ناوەوەی مرۆڤ) بنەڕەتی بزوتنەوەی مێژووە، بێگومان بزوتنەوەی مێژوو لە تێکڕای بونەوەرەکانی دیکە جیادەکرێتەوە بەوەی، کە بزوتنەوەیەکی مەبەستیی (غائیە)یە نەك هۆکاریی (سببی) بەتەنها. بزوتنەوەی مێژوو بەتەنها چاو نابڕێتە هۆکارەکان، یاخود رابوردوو، بەڵکو بەرەو مەبەستەکان دەڕوانێت، لەبەر ئەوەی بزوتنەوەیەکی ئامانجدارە و مەبەستی هەیە بۆ داهاتوو، بۆیە داهاتوو بزوێنەری هەر چالاکیەکە لە چالاکیە مێژووییەکان. داهاتووش لە میانەی ئەو (بوون)زەینیەوە، کە ئەو داهاتووی تێدا دروستدەبێت دەجوڵێت. لەبەر ئەوە بوونی زەینی بریتییە لە هاندەر و بزوێنەری بزوتنەوەی مێژوو، چونکە ئەو بوونە زەینیە لەلایەکەوە لایەنێکی هزری بەرجەستە دەکات، کە جیهانبینیەکانی ئامانجەکە دەگرێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە وزە دەنوێنێت یاخود ئەو ویستەی کە مرۆڤ بەرەو ئەو ئامانجە هاندەدات و جوڵانی بەرەو ئامانجەکە چالاکتر دەکات، جا ئەو بوونە زەینیەیە کە داهاتووی جوڵاو بەرجەستە دەکات، لە لایەکەوە گوزارشت لە هزر و لەلایەکی دیکەشەوە گوزارشت لە ویست دەکات، بە ئاوێتەبوونی نێوان هزر و ویستیش





کاریگەرێتی داهاتوو و بزوێنەرێتی بۆ چالاکی مێژوویی لەسەر پانتاییە کۆمەڵایەتیەکان بەدیدێت، لە ڕاستیدا هزر و ویست ناوەرۆکی ناوەوەی مرۆڤن و هەر ئەمانیشن کە ئەو مەبەستانە دروست دەکەن، ئەو ئامانجانە لە میانەی ئاوێتەکردنی هزر و ویستدا بەرجەستە دەکەن. لێرەدا دەگەینە ئەو راستییەی، کە ناوەڕۆکی ناوەوەی مرۆڤ بنەڕەتی بزوتنەوەی مێژووە. سەرخانی کۆمەڵایەتیش بە هەموو ئەوانەی کە دەیگرێتەوە پەیوەندییەکان و سیستم و هزرەکان و... هتد لەڕاستیدا بەو ژێرخانەوە پەیوەستە، واتە بە ناوەڕۆکی ناوەوەی مرۆڤ. جا گۆڕان و بەرەوپێشچوونی ئەو سەرخانە کۆمەڵایەتیە شوێنکەوتەی گۆڕان و بەرەوپێشچوونی ئەو ژێرخانە دەبێت، جا ئەگەر بنەڕەتەکە گۆڕا ئەوا ئەو سەرخانەش دەگۆڕێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بنەڕەتەکە بە قەتیس ماوی مایەوە، ئەوا سەرخانەکەش بە قەتیسی دەمێنێتەوە. بەمشێوەیە مرۆڤ پاڵەوان و دروستکەری مێژووە.

**دووەم : شوێن**

شوێن، رەگەزی دووەم و بنەڕەتی دروستبوونی مێژووە، بە تەنها سەکۆیەکی بێ چرپە و بێ کاریگەر نیە لە ئاڕاستە کردنی رووداوەکانی مێژوودا، راستە مرۆڤ رۆڵی سەرەکی دەبینێت، بەڵام خۆ مرۆڤیش لە پانتایدا دەجوڵێت و لە بۆشاییدا مەلە ناکات. بێگومان لە دەستپێکی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەویدا بژێوی و ژیانی مرۆڤ لەسەر سروشت، یاخود زەوی) بووە، زەوی چاوگی زیندوێتی و ژیانی مرۆڤایەتی بووە. بەڵام زۆرجار لە میانەی کارلێکردنی نێوانیان زەوی لە مرۆڤ یاخی بووە و وەڵامی خواست و پێداویستییە مرۆڤایەتیەکانی مرۆڤی نەداوەتەوە. بیگومان ئەم نەسازییەی نێوان مرۆڤ و زەوی کێشەیەکی سەرەکی بووە، بەڵام مەودا دوورەکانی ئەو نەسازییە لە یەکدی نزیکدەبێتەوە، ئەگەر

مرۆڤ بەپێی یاسایەکی بابەتی کە لەڕێسا مێژووییە نەگۆڕەکانە جولاْیەوە. ئەو یاسایەش بریتیە لە یاسای کاریگەری ئاڵوویری نێوان شارەزایی و مومارەسە. هەرکاتێ مرۆڤ توانی سنورەکانی نەزانینی خۆی بەرامبەر بەسروشت بەرتەسك بکاتەوە، ئەوا شارەزایی بە زمان و یاساکانی زیاد دەکات و دەتوانێت زێدەتر زاڵ بێت بەسەریدا و بۆ پێداویستیەکانی خۆی رامی بکات و بیخاتە ژێر دەسەڵاتیەوە. بێگومان هەموو شارەزاییەك لەو کایەیەدا بەردەوام لە مومارەسەوە لەدایك دەبێت و هەموو مومارەسەیەکیش بەڕۆڵی خۆی شارەزایی بەرهەم دێنێت. لەبەر ئەوە یاسای کاریگەری ئاڵوویرکەر لەنێوان شارەزایی و مومارەسەدا یاسایەکی بابەتییە، کە چارەسەری ئەو نەسازییە لە ئەستۆ دەگرێت و چارەسەری بەردەوام بۆ ئەو نەسازییەی نێوان مرۆڤ و سروشت پێشکەش دەکات. بەوپێیەی کە نەزانی (جهل) مرۆڤ بە بەردەوامی کەم دەکاتەوەو بە بەردەوام لە میانەی مومارەسە کردنی سروشتدا گەشە بە زانیارییەکانی دەدا. کە شارەزاییەکی نوێ بەدەستدەهێنێت و ئەو شارەزاییە نوێیەش لە گۆڕەپانێکی نوێ لە گۆڕەپانەکانی سروشتدا زاڵبونێکی پێدەبەخشێت. جا لەو گۆڕەپانە نوێیەدا مومارەسە دەکات و، ئەو مومارەسەیەش بە ڕۆڵی خۆی دەگۆڕێت بۆ شارەزایی، بەوشێوەیە شارەزایی مرۆڤایەتی بە بەردەوامی گەشە دەکات.

نەسازی نێوان سروشت و مرۆڤ لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئیجابیاتی ئەوەی هەیە، کە وا لە مرۆڤ دەکات هەمیشە بەردەوام بێت لە گەڕان و کۆششکردن بۆ ئاشنا بوون لە نهێنیەکانی سروشت و ژینگە. ئەمەش وا لەمرۆڤ دەکات کە پاڵ نەداتەوە و لە بارێکی دیاریکراودا دەق نەگرێت و هەمیشە چالاك و کارابێت، بەواتایەکی دیکە بوونی نەسازی نێوان مرۆڤ و سروشت خاڵێکی گرنگی بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی و بزوێنەری بزوتنەوەی مێژووە.





**سێیەم :( کات -زەمەن )**

زەمەن رەگەزی سێیەمی دروستبوونی مێژووە و لە چەند لایەنێکەوە هەوڵ دەدەین باس لەڕۆڵی ئەو رەگەزە بکەین:

**لایەنی یەکەم:** کات چۆنیەتیەکی پاڵفتە (خالص)یە لە جەوهەردا، هیچ شتێك لە ڕێساکانی چەند (الکم)ی بەسەردا جێبەجێ ناکرێت. واتە دەربارەی ساتە یەك لەدوا یەکەکانی ناوترێت ئەوە یەکێکە یاخود زیاتر، لەبەر ئەوە هیچ گونجانێك لەنێوان بەشەکانیدا نیە و بێگومان هەموو ساتێك لە ساتەکانی دیکە جیاوازییەکی تەواویان لە نێواندایە، جا ئەوە بوونێکی بێ چەندێتییە و گونجاوێکی پاڵفتەیە، هەروەها (کات) بەدوایەکدا هاتنێکی بەردەوامە لەنێوان ساتەکاندا ئەگەر بشێت دەربارەی ساتێك قسە بکەین، بەواتای چەند بەشێکی لەیەکدی جیاواز، جا یەکسات دەچێتە ساتێکی دیکەوە و بە تەواوەتی دەچنە نێو یەکەوە و هیچ ڕێگەیەك بۆ جیاکردنەوەی ساتێك لە ساتێکی دیکە نییە، لەبەرئەوەی هەموو ساتەکان ماوەیەکی (رەها)ن، بەمشێوەیە زەمەن رەگەزێکی بنەڕەتی دروستبوونی مێژووە و بەبێ بوونی زەمەن، مێژوو چییەتی خۆی لەدەستدەدات. بەڵام دابەشکردنی کاتیش بۆ ساتەکان لە واقیعدا هیچ بوونێکی نییە، بەڵکو هزرە لەسەر بنەڕەتی دابەشکردن نەبێت ناتوانێت پەی پێببات ، بۆیە ئەو دابەشکردنەی هزری مرۆڤەکان بەدییان هێناوە و ئەو زەمەنەی مێژووی مرۆڤ وابەستەیە بە کۆمەڵەی خۆری خۆمانەوە و لەو چوارچێوەیەدا ئێمەی مرۆڤ ئەو یەکە زەمەنیانەمان بۆداناوە، بەپێی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانە کەونی و ژیانییەکان، ئەگینا هەر ئەو یەکە زەمەنیانەی کە ئێمەی مرۆڤ لە ژیانماندا پێی ئاشناین. لە کۆمەڵەی خۆرێکەوە بۆ کۆمەڵەی خۆرێکی دیکە و تەنانەت لە ناو کۆمەڵەی خۆریشدا لە هەسارەیەك بۆ هەسارەیەکی دیکەی جیاواز لە خولگەدا

دەگۆڕێت. ئەمە لە کاتێکدا کە مرۆڤ چاوی بڕیوەتە ئاسۆکانی داهاتوو و دەڕوانێتە بۆشایی ئاسمان و وێڵە بەدوای ژیاندا لەسەر هەسارەیەکی دیکە کە ژیانی تێدا بێت، یاخود بتوانێت لە بۆشاییدا بمێنێتەوە. لەڕاستیدا بنش (تصور) کردنی زەمان لەسەر ئەو شێوەیە بنشێکی بەتاڵە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەوکات چیەتی (ماهیە)و جەوهەری کات زەوت دەکەین.

**لایەنی دووەم:** زەمەن بەتەنها بریتی نیە لە تێپەڕبوونی چرکە و خولەك و کاتژمێر و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ و سەدە و هەزارەکان، بەڵکو زەمەن بەرپرسیارێتی گشتگیر دەنوێنێت لە تێکڕای ئەو کێشانەی کە پەیوەندی بە هەموو ژیانەوە هەیە، بەڵکو زەمەنە کە مرۆڤ دەخاتە سەر سکێچی بیرکردنەوە لە ڕابووردو و ئێستا و داهاتووی، واتە زەمەنە وا لە مرۆڤ دەکات هەوڵی باشترکردنی ئێستای بدات لە ڕابردووی باووباپیران و نەوەکانی پێش خۆیی و لە ئەزمونەکانیان بەهرەمەند بێت، لەهەمان کاتیشدا ڕەهەندە داهاتوویەکانیش بەهەند وەربگرێت و چاویان تێدەبڕێت و لەمیانەی بوونە زەینیەکانی خۆی هەنگاو بۆ داهاتوو دەنێت و لە ئاکامیشدا هەنگاوی مەزن بە بزوتنەوەی مێژووەوە دەنێت.

**لایەنی سێیەم:** زەمەن چەندەها وێستگە (هزرکرد)ی گرنگە تا مرۆڤ بتوانێت لێوەی دەستکەوتە گرنگەکانی مرۆڤایەتی پێ بپێوێت و بە کورترو ئازاتر و خێراتر دەستکەوتی دیکە و زێدەتری لێوە بەدەستبهێنێت. واتە بتوانێت سات لەدوای سات (هزرکرد) دەستکەوتە پێشینەییەکان بەجێبهێڵێت و دەستکەوتی مەزنتر بەدەست بهێنێت، واتە لە میانەی کەناڵەکانی زەمەندا (هزرکرد) بتوانێت شاکارە شارستانیەکان بنیات بنێت و تەنانەت لەگەڵ زەمەندا





بکەوێتە پێش بڕکێوە و هەوڵی پێشدانەوەی لەگەڵدا بدا. بەواتایەکی دیکە مرۆڤ بتوانێت پێش زەمەن بکەوێت و لەمیانەی بەدەستهێنانی دەستکەوتی مەزن و ڕەخساندنی ژیانێکی باڵا و شایستە بە مرۆڤ مێژووی مرۆڤایەتی بەرەوپێش ببات.

**لایەنی چوارەم:** زەمەن گۆڕاوێکی ڕەهایە، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی بەردەوامە ئەو گۆڕانەش واتای ئەوە نیە کە شتێك یاخود شتەکان دەگۆڕێت، بەڵکو واتای ئەوەیە کە کات خۆی دەگۆڕێت، لەبەر ئەوەی گۆڕان پێویستی بە شتێك نیە کە بابەتی گۆڕان بێت، جوڵە پێویستی بە جوڵێنەرێك نییە، لەبەر ئەوەی خودی جوڵەیە کە دەجوڵێت (ئەگەر دەستەواژەکە ڕاست بێت).

بەڵام گۆڕان واتای بەدیهێنانی شتێکی نوێیە و بە بەردەوامی و هێنانە بوونی شتێکە کە پێشتر بوونی نەبووبێت و بوونی چاوەڕوانکراو نەبووبێت. بۆیە زەمەن لە گۆڕانەکەیدا واتە لەجەوهەریدا بەدیهێنانە بە بەردەوامی. لە ئاکامی ئەم توێژینەوەیەدا دەتوانین بڵێین مێژوو لە ئەنجامی کۆبوونەوە و کارلێککردنی هەرسێ ڕەگەزی (مرۆڤ و شوێن و زەمەن)دروست دەبێت.

تا مرۆڤ بەڕوبەرو پانتایەکانی شوێنو ژینگە جیاوازەکاندا ڕۆبچێت و زەمەنیش بەرەوپێش بڕوات، ئەوا مێژووی مرۆڤ و بزوتنەوەی مێژوو بەرەو پێشەوە دەڕوات. واتە تامرۆڤ بە سروشت و ژینگەکەیدا بگەڕێت و مومارەسەی ژیان بکات ئەوا شارەزاتر دەبێت و بازنەی زانیارییەکانی فراوانتر دەکات. تا زەمەنیش لە هەڵکشاندا بەردەوام بێت ئەوا مرۆڤ ئەزمونەکانی کەڵەکە دەبن بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی مرۆڤەکانی دیکەی سەدەکانی پێشوو لە میانەی تێڕوانین و وردبوونەوە لە بزوتنەوەی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر مرۆڤ خۆی بئاخنێتە قۆزاخەیەکەوە و چاو نەڕوانێتە مەبەستە باڵاکانی داهاتوو و بەدوای نهێنیەکانی سروشت و بووندا نەگەڕێت و



هەواڵنامەی کتێب

حساب بۆ کاتە بێ سەرەوتەکان نەکات، ئەوا لە خاڵی سفردا دەمێنێتەوە و ناتوانێت بەرەوپێش بچێت و مێژوو دروست بکات.

بەمشێوەیە گوزارشتی (دووبارەبوونەوە) لە ڕەگەزەکانی مێژوو گوزارشتێکی بێ واتا و بێ ناوەڕۆکە، ئەو چرکەساتەی کە مرۆڤ ناڕوانێتە ئاسۆکانی داهاتوو کارایانە بە سروشتدا ناگەڕێت و هیچ بەهایەك بۆ کات دانانێت، ئەوا خۆی لە نێو قۆزاخەیەکدا ئاخنیوە و لە دۆخێکی وەستاندایە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگی دیکە بکەین کە ئەویش بریتیە لەوەی کە زۆرجار مرۆڤ لە چەند لایەنێکدا بەرەو پێش دەچێت. بەڵام ئەگەر هەر لایەنێکی دیکەی فەرامۆش کرد، ئەوا بێگومان لەو لایەندا بە وەستاوی دەمێنێتەوە.

### سەدای دووبارە بوونەوە

زۆر جار لە ناوەندە زانستی و وێژەییەکاندا گوێبیستی ئەو دەستەواژەیە دەبین، کە مێژووی کورد خۆی دووبارە دەکاتەوە. بێگومان مێژوونوسی گەورەی کورد (د. کەمال مەزهەر) پێیوایە (مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە)، زۆرجاریش لە وانەکانی خوێندنی باڵادا ولەلایەن (د.کاوس قەفتان) و (د.کەمال عەلی)ییەوە، کە هەردووکیان پسپۆرییەکەیان لە مێژووی کورددایە، گوێبیستی ئەو دەستەواژەیە دەبووین: "کورد مێژووی خۆی چەند بارە دەکاتەوە". تەنانەت ئەم دووبارەبوونەوەیە بووەتە دیاردەیەکی رۆشنبیری و کەلتووری خەڵکی کوردستان بەگشتی و زۆرجار لە قسەکردنی ئاساییدا لەلایان، گوێبیستی ئەو دەستەواژەیە دەبین، بێگومان ئەوە بووەتە دیاردەیەکی مەعریفەی مێژوویمان، بەڵام تا ئێستا بە شێوەیەکی زانستی و قوڵ توێژینەوەی دەربارە ئەنجام نەدراوە، کە دەبوو پسپۆڕانی مێژوو پێش هەموو کەسێکی دیکە هەوڵی شیکردنەوەی ئەو دیاردەیەیان بدایە و لە راستێتی ئەوە تێبگەیشتنایە کە ئایا (ئەو رووداوانەی





خۆیان دووبارە دەکەنەوە) ئایا دووبارەبوونەوەی مێژووە؟ یاخود وەستاوی کورد دەسەلمێنن لە نێو مێژوودا؟. ئەمە لە کاتێکدا وەك لە بەشی یەکەمدا سەلماندمان مێژوو خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو (دەوەستێت) بۆیە پێویستە ئێمەی کوردیش بەوپەڕی وردیەوە لەو دۆزە ڕابمێنین ولایەنە جۆراوجۆرەکانی شیبکەینەوە.

### چەند نموونەیەکی ( وەستان ) لە مێژووی کورددا

بێگومان ئەگەر چاوێك بە مێژووی کورددا بخشێنین ئەوا خۆمان لەبەردەم ژمارەیەکی زۆری (وەستان لە مێژوودا) دەبینین. جا لەبەر ئەوەی پێکهێنانی ژێرخانێکی ئابوری پەرەسەندو و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست و پاشانیش بنیاتنانی شارستانێتیەکی گەشەکردوو، بە هێمنی و سەقامگیری بارودۆخی سیاسی وڵاتەوە بەستراوەتەوە ، ئەوا ئێمە زیاتر نمونە (وەستاو)ەکان لەلایەنی سیاسیەوە دێنینەوە، پاشانیش لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین.

**یەکەم** :(میر بەدرخان) هەر لەو ساتەوەی جڵەوی دەسەڵاتی میرنشینی بۆتانی گرتەدەست بیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکردەوە. ئەوە بوو پێش هەموو شتێك بانگەشەی یەکگرتنی کوردانی کرد، وەڵامدانەوەیەکی باشی هەبوو، پاشان دەستیکرد بە ئامادە کردنی سوپا و دامەزراندنی کارگەی چەك و جبەخانە لە دەوڵەتەکەی. ئەم کارانە سوڵتانی تەواو بێزار کرد، بۆیە دەستی بە ئاژاوەنانەوە کردو ئەوەبوو هانی فەلەکانی ناوچەی (بۆتان)ی دا، کە دژی (بەدرخان پاشا) بوەستن و باجی پێنەدەن. ئەوەبوو دەوڵەتی عوسمانی بەهاوکاری ئینگلیز و فەڕەنسیەکان لەشکرکێشیان بۆ سەر بۆتان دەستپێکرد، بەڵام بەشکست خواردوویی گەڕانەوە و کوردستانیان جێ هێشت، ئەم سەرکەوتنە دەرفەتێکی لەباری بۆ میر پێکهێنا، تا بتوانێت لە ساڵی ١٨٤٢دا سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنێت ئەو بەناوی خۆیەوە پارەی دەرکرد و سنوری دەوڵەتی بە



هەواڵنامەی کتێب

ئەندازەیەك فراوانكرد، كە لە ناوچەی وانەوە تا مەهاباد و ڕەواندوز لەلایەك و لە موسڵەوە تا دیار بەكر لەلایەكی ترەوە لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوو. پاشان میر توانی شنگار، سیرت، وێران شار، سوێرەك، دیاربەكر، شنۆ و ورمێ بكاتە بەشێكی دەوڵەتەكەی، ئینگلیز و فەڕەنسەكان لەسەر دامركاندنەوەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان پێیان داگرت، ئەوان بەژێر زارەكی دەوڵەتی توركیایان لە كورد هاندا و بە فیتی ئەوان دەوڵەت بۆ دامركاندنەوەی جوڵانەوەی كورد لەشكرێكی تازەی پێكهێنا، ڕێبەرێتی ئەو لەشكرە بە (عوسمان پاشا)و(عومەر پاشا) و (سەبری پاشا) سپێردرا. یەكەم پێكاهەڵپژانی چەكدارانە لە نێوان سوپای تورك و پێشمەرگەكانی كوردستان لە نزیك (ورمێ) ڕوویدا لە ئەنجامدا سوپای تورك شكا. لە كاتێكدا (میر بەدرخان) خەریكی دەرپەڕاندنی دوژمن بوو، هەواڵێكی وا بڵاو بووەوە، كە گوایە بازوی چەپی لەشكر بەسەركردایەتی (یەزدان شێر)ی ئامۆزای (میر بەدرخان)بوو، سەنگەری پێشمەرگایەتی چۆڵ كردووە و چۆتە ڕیزی دوژمنانەوە، (یەزدان شێر) بەهۆی ئەوەی لەگەڵ (میر بەدرخان) ناتەبابوو، بە بەڵێنی توركەكان فریودرا و ویستی بەو خیانەتە تۆڵەی خۆی لەمیر بكاتەوە، لە ئەنجامدا توركەكان بە پشتیوانی یەزدان شێر ناوچەی جەزیرەیان گرتەوە. لێرەدا (میر بەدرخان) ناچار بوو بەشێكی كەمی هێزەكەی بۆ ڕاونانی دوژمن لە ناوچەی ورمێ بهێڵێتەوە و بەشەكەی تر بەرەو جەزیرە بەرێبخات، دوای چەند جەنگێكی خوێناوی، ناوچەی جەزیرە لە داگیركەرە توركەكان پاككرایەوە، بەڵام هەڵوێستی (یەزدان شێر) (میر بەدرخان)ی شپرزە كرد و ناچاری كرد بەرەو قەڵای (ئیرۆخ) بكشێتەوە. پاشان هێزەكانی توركیا كە سەرلەنوێ خۆیان ڕێكخستەوە و هێزی تریان بۆهات، لە هەرچوارلاوە قەڵاكەیان گەمارۆدا. (میر بەدرخان) و پێشمەرگەكان هەشت مانگ داكۆكی گردەبڕیان لە





قەڵای (ئیرۆخ) كرد. پاشان ئازوقە و كەرەسەی جەنگیان لێ بڕا، بۆیە ناچاربوون بێنەدەرێ، هێرشێكی بەربڵاویان كردە سەر سوپای توركیا و شەڕی مانونەمانیان كرد، دوای پێكدادانێكی خوێناوی و زیانێكی زۆر، میر و پاشماوەی هێزەكەی دەستگیر كران، بەمشێوەیە دوایی بەو جوڵانەوەیە هێنرا، میریش ڕەوانەی ئەستەمبوڵ كرا. لەم سەروبەندەدا بە بۆنەی سەركوتكردنی جوڵانەوەكەوە، مەدالیای "شەڕی كوردستان" كە دەوڵەتی توركیا دەری كردبوو، بە هەموو ئەو كەسانە درا كە لە شەڕەكەدا بەشداربوون[٢٠].

بە هەمان شێوە"كاتێك شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ لە كوردستانی باكور بەڕێبەرێتی (شێخ سەعیدی پیران) بەرپابوو، ئەوەبوو بە ماوەیەكی زۆر كەم زۆرینەی ناوچەكانی باكوری كوردستانی گرتەوە. لەسەرەتادا چەندەها ناوچەی عەشیرەتی مەستان و بۆتانیان لە خواروی جایاكجوران و ناوچەكانی الجلی و خانی،... هتد یان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە[٢١]. ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە لە یەكەم هەڵمەتیاندا پالو و چاپوك چورپانییان ئازاد كردبوو، لەلایەكی دیكەشەوە هێزێكی گەورەی بۆسەر العزیز، وملاتیە و جەمیش گازیك نارد. دواتر نەخشەی گرتنی شاری (دیاربەكر)یان دانا. لە ڕۆژی ٨ی ئازاری ١٩٢٥ ئەوەبوو شۆڕگێڕان چوونە نێو شارەوە و لە ناوشاردا جەنگێكی خوێناوی بێوێنە ڕوویدا. بەڵام شۆڕشگێڕان بەناچاری شاریان بەجێ هێشت، (ئەحمەد خواجە) دەڵێت: "پاش ئەم نوشستییە و گەڕانەوەی سەرۆكی مەزن (شێخ سەعید) سەرۆك عەشرەتەكانوكوردە (بەشەرەف!) و (خاوەن ناموسەكان!)ی لێ هەڵگەڕانەوە و لەدواوە پەلاماری لەشكرەكەی (شێخ سەعید)یاندا، ئەو كوردە خاوەن پەیمانانەی شێخ سەعید ئەمانەبوون كە شێخیان دەست خەڕۆكرد.

١. سەرۆك عەشیرەتی هەویركی حاجو ئاغا – لەنصیبین.

٢. بدرالدین شێخ ئەحمەد: لە خانەدانەکانی دیاربەکر کەرجۆشکی.

٣. چەلەبی : سەرۆك عەشیرەتی هەویرکی.

٤. جەمیل : سەرۆك عەشیرەتی ریمان.

٥. ئیسماعیل : سەرۆك عەشیرەتی حەسار.

٦. ساڵح بەگ : سەرۆك عەشیرەتی ئارناسی.

٧. مستەفا ئاغا و ئاغایانی دیرسیم و سەرۆکی جهان بەگیانی سیواس.

٨. ئاغایان و سەرۆك عەشیرەتەکانی ئالازیك و مەلاتیە.

پاش ئاوارەیی (شێخ سەعید) و لەشکرەکەی، ئەم سەرۆك عەشیرەتە (بەشەرەف!) و (ناموسانە!)ی کورد بە تەلەگرافیش کویلەیەتی خۆیان بۆ سەرۆك کۆمار (ئەتاتورك) نوسی"[٢٢].

(عادیلە خانم)یش کە خێزانی وەسمان پاشای جافە و دوای مردنی پاشا لە ساڵی ١٩٠٩ دەسەڵاتداریێتی خێڵی جافی کەوتەدەست، بێگومان هەڵوێستی سیاسی ئەم خانمە هەوادار و لایەنگری بەهێزی بەریتانیای گەورەبوو، نەك لە هەڵەبجە بەڵکو لە هەموو ناوچەی شارەزووردا، ئەگەر خانم نەبوایە هەرگیز ئینگلیز نەیدەتوانی بەئاسانی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات، چونکە بەرگری و لایەنگرێتی لە (شێخ مەحمود)ی حەفید، چووبووە ناخ و دەروونی خەڵکەوە و هەموو حەزیان دەکرد پشتیوانی لە شۆڕشەکەی بکەن، کەچی (خانم) بەخێرایی پەیوەندی دەکات بەسەرەك عەشیرەتەکانی ناوچەکەوە. بۆئەوەی پشتیوانی لە شێخ مەحمود نەکەن، هەر ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە نیگەرانی خەڵکی هەڵەبجە و ئەوەبوو دەستیان دایە چەك و لەگەڵ(شێخ ڕەشید) و (شێخ کەریم)ی عەبابەلێ و (حامید بەگ) دژ بە ئینگلیز و خانم بەرەو کەژ هەڵدێن و لە ئەنجامیشدا شەرە خوێناویەکەی (دەربەندی قەشکەوڵ) ڕوودەدات.



ئەم کارەی خانم وا لە ئینگلیز دەکات متمانەی تەواوی پێ بکەن و نازناوێکی هەرە گەورەی خۆیانی پێ ببەخشن کە (خان بەهادور)ە واتە (پاڵەوانی ئازا)، بێگومان ئەم نازناوە بە کەم کەس دراوە، ئەوەش لەجیاتی ئەو هەموو خزمەتەبوو کە خانم پێشکەش بە بەریتانیای گەورەی کردووە"[٢٣].

(عادل سدیق)یش لە توێژینەوەیەکی ئەکادیمیانەدا سەبارەت بە شاری هەڵەبجە، باس لە هەڵوێستی بەگزادەکانی جاف دەکاتودەڵێت:" بەگزادەکانی جاف لەو کاتەدا (١٩١٩) لە هەڵەبجەدا لە ڕووی هەڵوێستی سیاسییەوە بەسەر دوو گرووپدا دابەش ببوون:

**گروپی یەکەم بە سەرۆکایەتی عادیلە خان** (خێزانی وەسمان پاشا)وهەردوو کوڕەکەی (عیزەت بەگ و ئەحمەد بەگ)وخانەوادەی مەحمود پاشا بوون. ئەم باڵە لەگەڵ شێخ مەحمودوئامانجە نەتەوایەتییەکانی ناکۆك بوون، پشتیوانێکی پتەوی هێزی داگیرکەری بەریتانی بوون لە هەردوو ناوچەی سلێمانیوگەرمیاندا، سوارەکانیان لە خزمەتی بەریتانیادا بوون هەرکاتێك داوایان بکردایە، هەواڵگرێکی زۆریان کۆکردبووەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هێزە خێڵەکییەکانی شێخ مەحمودوپشتیوانەکانی، خەڵکی عەشایەروجەماوەری هەڵەبجە بە دڵ لەگەڵ شێخ مەحمودو شۆڕشەکەیدا بوون، بەڵام لە ترسی خانم کەس نەیدەوێرا ئەوە بدرکێنێ، چونکە خانم چاوساغی خۆی لە هەموو جێگەیەك بلاوکردبووەوە، لەلایەکی ترەوە کاغەز و نوسراوی بۆ هەموو سەرۆك هۆزوعەشرەتەکانی شارەزوور ناردبوو کە پشتیوانی لە شێخ مەحمود نەکەن، لە راستیدا خەڵك لەو کاتەدا نەیدەتوانی ئەوەی ئەیەوێت بیکات، چونکە بڕیاروهەڵوێست وەرگرتن تەنها مافی سەرۆك عێلوگەورە پیاوان بوو."[٢٤]



هەواڵنامەی کتێب

هەمان دیاردەی وەستاوی کورد لە مێژوودا لەکاتی ڕووخانی کۆماری مەهاباد لە ڕۆژهەڵات و[25] شۆڕشی ئەیلول لە باشور بەدی دەکرێت، کە کۆمەڵە عەشیرەتێکی کورد بڕیاری خیانەتکردن بە کۆمار و شۆڕش دەدەن و دەچنە پاڵ سوپای دوژمنەوە و دەست بە کورد کوشتن دەکەن.

دووەم:**(نەوشیروان مستەفا)** لە کتێبەکەیدا (میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا) لەژێر سەرباسی (پێنج برا و ٣٧ ساڵ براکوژی) کۆمەڵە نمونەیەك دێنێتەوە کە چۆن میرەکانی بابان یەك بۆ سەرشۆڕکردنی براکەی پەنا دەبەنەبەر هێنانی سوپای هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بۆماوەی ٣٧ ساڵ ئەمە پیشەی هەریەك لەو پێنج برایە دەبێت!!

لە ساڵی ١٧٤٧ ئەحمەد پاشای وەزیر ویستی سەلیم پاشا لێبخات و مولکی بابان بهێنێتەوە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی بەغدا. میرەکانی بابان و کۆیە و باجەلانو هێزەکانیان بەشداری ئەم لەشکرکێشییە بوون. وەزیر دەیویست سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشا لە جێگەی سەلیم دابنێ. لە ساڵانی شەڕی ڕۆم و عەجەم خالید پاشا بە دڵسۆزی مابووەوە بۆ عوسمانی، بەڵام سەلیم لەگەڵ ئێرانیەکان دەستی تێکەڵاو کردبوو. خالید پاشا لە (ئورفا) مردبوو، چەند کوڕێکی لەدوا بەجێ مابوون لەوانە (سلێمان، ئەحمەد، محەمەد، مەحمود، عومەر). لەشکرکێشییەکە بەهۆی نەخۆشکەوتنی زۆری سوپا و سەرکردەکەیانەوە بە تەواوی بەئامانج نەگەیشت. ئەگەر چی ئەحمەد پاشا، سلێمانی بە پلەی پاشا بە میری بابان دانا (١١٦٠ك/١٧٤٧ز)، بەڵام سەلیمی بۆ نەگیرا، سەلیم لە ناوچەکەدا مایەوە، مردنی ئەحمەد پاشا و پەشێوی هەلومەرجی بەغدا تا وەزارەت بە سلێمان پاشای (ئەبولەیلە) گەیشت وای کرد بۆ سلێمان بە تەواوی جێگر نەبێ،





سەلیم لە ناوچەکەدا مابووەوە، ئەبولەیلە سەلیمی دانایەوە بەمیری بابان، سلێمان هەڵات بۆ ئەردەڵان (١٧٥١ز)، سلێمان گیروگرفتی گەورەی بۆ سەلیم و بۆ وەزیر دروست کردبوو. وەزیر سەلیمی لابردەوە و لەشکرکێشییەکی گەورەی کردە سەری‌وسلێمانی دانایەوە[26].

"علی پاشای تازە وەزیر (والی بەغدا) لەشکرێکی گەورەی بۆسەر سلێمان سازدا، سلێمان کە بەمەی زانی ئەویش لە قەڵاچوالانەوە بەڕێ کەوت، هێزەکانی خۆی کۆکردەوە پێنج شەش هەزار سوار و حەوت هەشت هەزار پیادەی کۆکردەوە، تۆپ و کەرەستەی تەواوی جەنگی ئامادە کرد، لە جەبەل حەمرین دامەزرا و لە دامێنی هەردەکانی (صقال توتان) سەنگەری لێداو ڕێگای هاتوچۆی بڕی. لەشکری وەزیر گەیشتە دەلی عەباس، لەشکری بابان خۆی پێنەگیرا بە چەمی نارینیدا بەرەو دواوە کشایەوە. وەزیر کەوتە دوایان، هێزی بابان چووە کفری لە نێوان کفری و دوانزە ئیمامدا لە شوێنێکدا بەناوی (کۆشکی زەنگی) هەردوو لەشکر لێکیاندا، لەشکری بابان شکا، زۆری گیرا و کوژرا. سلێمان بە زەحمەت خۆی دەرباز کرد، بارگە و بنە و خێوەت و تۆپەکانی کەوتە دەست لەشکری مەمالیك – ڕۆم. لەم لەشکرکێشیەدا ئەحمەد بەگی برای سلێمان پاشا هاوڕێی سەفەری وەزیر و میوانداری هێزەکەی بوو، وەزیر (خەلعەت)ی میرایەتی کردەبەر ئەحمەد و بە پاشا لەجێگەی سلێمانی برای داینا (١١٧٦ك-١٧٦٢ز)[27]. وەکو نوسەری "تاریخ زندیە" لەڕووداوەکانی ساڵی ١١٧٣دا نوسیویەتی دەڵێت: (سلێمان پاشا، پاشای کوردستان. بابانیش بەندایەتی ڕاگەیاند و دڵسۆزیو نۆکەرایەتی و فەرمانبەری خۆی دەربڕی). سلێمان هەڵات بۆ ئێران، کەریم خان ئەردەڵانی پێ سپارد)[28].

(زیپور) کە لە ساڵانی (١٧٦٥-١٧٦٦) هاتۆتە عێراق، باسی قەڵاچوالان و



هەواڵنامەی کتێب

میرنشینی بابان بەمشێوەیە دەگێڕێتەوە: "ژمارەیەکی زۆری ئەم بنەماڵەیە بۆ بەدەستهێنانی پلەی پاشایەتی لەناو خۆیاندا رقە بەری لەگەڵ یەکتری دەکەن، لەبەر ئەوە پاشای بەغداد هەمیشە پاشایەك لەم بنەماڵەیە دائەنێ، بەلام ئەوەیان دائەنێ کە لەوانی تر پارە زۆرتر بدات. پیاو دەتوانێ پەی بەوە ببات کە ئەم رەعیەتە بەسەزمانە چۆن بەدەست چەوساندنەوەی دوولایەنەوە گیریان خواردووە! لەلایەك حوکمی زۆرداری تورکە زاڵمەکان، لەلایەکی ترەوە حوکمی تۆقێنەری کە ئەم بنەماڵەیە سەپاندوویانە بەسەر کوردەکانی قەلاچوالان و ناوچەکەدا، بۆیە لەم ناوچەیەدا شار و شارۆچکەی تێدا نییە، قەلاچوالانیش گوندێکی بچوکی هەژارە"[29].

- لە ١٧٦٤ محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشا، دەبێتە میری بابان.
- لە ١٧٧٢ ئەحمەد پاشا دیسانەوە بووەوە میری بابان
- لە ١٧٧٦دا مەحمود پاشای بابان بەیارمەتی (شەفیع خاندی) لە ئێرانەوە گەڕایەوە، بەلام تێکشکاو گەڕایەوە.
- لە ١٧٧٧ مەحمود پاشای بابان دووبارە لەگەڵ (مەحمود علی سەردار)دا گەڕایەوە و لە نێوان (محەمەد پاشا) و (خەسرەوخان)ی سنەدا لە نزیك (سەری بار) دایان بەیەکدا و خەسرەوخان زۆر خراپ تێکشکا، لە هەمان ساڵدا (کەلب عەلی خان)ی سەرکردەی زەند، بۆ یارمەتی ئەحمەد پاشای بابان هات و جارێکی دیکە لەسەر تەخت داینایەوە، و (محەمەد پاشا)ش بەرەو کۆیە هەڵهات[30].
- لە ١٧٧٨دا (محەمەد پاشای بابان) و (تەیمور پاشا) لە کۆیەوە بەرەو میرنشینی بابان هاتن و لەگەڵ (ئەحمەد پاشای بابان)دا لە گلەزەردە کردیان





بە جەنگکی دەستەویەخە و کاتژمێرێکی خایاند، لەو شەڕەدا تەیمور پاشا کوژرا و محەمەد پاشاش بەدیل گیرا و هەردوو چاوی دەرهێنرا[31].

ئەگەر دوای زیاتر لە دوو سەدەو لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا تەماشای گۆرانکارییە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان بکەین، ئەوا بەو راستییە ئاشنا دەبین کە هەمان روداوگەلو بە هەمانشێوەی براکان روودەدەنەوە، چەند ساڵێك براکوژیو دەستێوەردانە هەرێمایەتییەکان وەك رۆژگاری بابان نەهامەتیو کاولکارییان بۆ نیشتمان هێنایەوە.[32]

**سێیەم:(هاوڕێ باخەوان)** لە(هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستانوکورد)دەڵێت:"لە ساڵی ١٩٦٨دا پارتی دیموکراتی کوردستان (مەلا ئاوارە)ی دایە دەست دەوڵەتی ئێران و لە سێدارەیاندا. نێوبراو ئەندامێکی بەرزی حزبی دیموکراتی ئێران بوو و هۆزانەوانیش بوو"[33].

- لە پێنجی ئایاری ١٩٦٨دا (سلێمان موعینی) و (خەلیل شەوباش) کە دوو تێکۆشەری خۆرهەڵاتی کوردستان بوون شەهیدکران. ئەمانە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە درابوونە دەست دەوڵەتی ئێران[34].
- هەمان روداو دوای بیستوهەشت ساڵ بە هەمان شێوەوجیاوازی کارەکتەرەکان روودەدەنەوە! وەك(هاوڕێ باخەوان) دەڵێت:" لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦دا بزوتنەوەی ئیسلامی حەوت ئەندامی حزب دیموکراتی کوردستانی ئێرانی دایە دەست دەوڵەتی ئێران"[35].

### کۆمەڵگەی کوردی لە پۆلێنی کۆمەڵگاکاندا

لە میانەی نمونەکانی پێشوودا خۆمان لەبەردەم قەیرانێکی گەورەدا بینیەوە، قەیرانێك کە ئافراندن و تواناکانی نەتەوەیەك ئیفلیج دەکات،

قەیرانێك كە هیچ بەهایەك بۆ مێژوو و داهاتوو دانانێت، جەنگ لە دژی گۆڕانکارییەکان رادەگەیەنێت! هزرێك كە توانای جیاکردنەوەی باش و خراپی نەمێنێت و سایکۆلۆجیەتیەك كە بەخۆی نامۆبێت و لەنێوان باوەشی دوژمنانیدا ئاسودەبێت، رۆشنبیرییەکیش كە رەگەزەکانی گۆڕان بە نەخۆشیەکی کوشندە بزانێت. تاوان و ناپاکیەك كە زیاتر لە ٢٠٠ساڵ پێش ئێستا ئەنجامدرابێت، ئێستاش هەمان کردار جارێکی تر و لە سەردەمێکی تەواو جیاوازدا ئەنجام بدرێتەوە، هەموو ئەمانە وامان لێدەکەن كە قسە لەسەر زیندوێتی یاخود مردوێتی، لەدایکبوون یاخود مردنی کۆمەڵگە بکەین. لەپێش ئەوەشدا پێویستە باس لە تێکڕای جۆرەکانی کۆمەڵگە بکەین و پاشان بزانین کۆمەڵگەی کوردی لە چ خانەیەکی ئەو پۆلێنەدا جێگەی دەبێتەوە، كە خستومانەتە ڕوو، دواتریش لە هۆکارە خودی و بابەتیەکانی ئەو قەیرانانە بدوێین كە ئەم کۆمەڵگایەی تێدا دەتلێتەوە.

## پۆلێنکردنی کۆمەڵگە

جۆراوجۆرێتی کۆمەڵایەتی كە بێژەی کۆمەڵگەی بەسەردا پراکتیك دەبێت، ئەم شێوانەی لای خوارەوە لە خۆدەگرن:

**یەکەم: کۆمەڵگەی سروشتی یاخود سەرەتایی.**

ئەم جۆرە بریتیە لەو کۆمەڵگەیەی كە مەشخەڵەکەی بە شێوەیەکی هەستپێکراو دروست نەبووە، لە کاتی دروستبوونیەوە کەسێتیەکەی نۆژەن بکاتەوە، واتە نموونەی کۆمەڵگایەکی وەستاو و خاوەن مەشخەڵی نەگۆڕ بەدیدێنێت، وەك کۆمەڵگەکانی مێرووڵە و هەنگ، یاخود کۆمەڵگەی خێڵە ئەفریقیەکان لە سەردەمی پێش کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمدا، بە هەمان شێوەش کۆمەڵگەی خێڵەکی عەرەبی پێش هاتنی ئیسلام نموونەی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیەن[٣٦].





**دووەم: کۆمەڵگەی مێژوویی...**

ئەم کۆمەڵگەیەش لە باروودۆخێکی سەرەتایی دیاریکراودا لەدایکبووە، بەڵام دواتر سیفەتە ڕیشەییەکانی، سەرەتای لەو بارە سەرەتاییەوە و بەپێی یاسای پەرەسەندن و بەرەوپێشچوون دارشتەوە. ئەم جۆرە کۆمەڵگەیەش نموونەیەکی گۆڕا و (متحرك)بە دیدێنێت، واتە ئەو کۆمەڵگەیەی كە ملکەچی یاسای گۆڕانە، لە ڕیشەوە مەشخەڵەکانی خۆی دەگۆڕێت و دایدەڕێژێتەوە، بێگومان ئەم جۆرەش یەك شێوە نییە، بەڵکو لەلایەنی ڕێگەی دروستبوون و لەلایەنی شێوەی بنیاتنانیەوە جۆراو جۆرە. لەڕاستیدا کۆمەڵگەی مێژوویی دەتوانرێت بە دوو ڕێگە دروست ببێت:

یەکەمیان لەسەرەتادا لە کەرەستەی نوێ پێکدێت، واتە لە کەرەستەیەك كە ڕووبەڕووی هیچ گۆڕانێکی مێژوویی پێشوو نەبووبێتەوە. جا ئەو کەرەستانە لەو باروودۆخەی کەلەسروشتدا لەسەری بووە بەکار دەبات، هەر بەو ڕێگەیە کۆمەڵگە مێژووییە سەرەتاکان دروستبوون، وەك ئەوەی شۆڕشی کشتوکاڵی لە چاخی بەردینی نوێدا. بەڵام ئەم جۆرە ڕەنگە لە ڕەگەزگەلێکیشەوە دروست بووبێت، كە پێشتر لە کۆمەڵگەیەکی مێژوویی پێشوودا بەکارهاتبێت. كە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بەهۆی پێشکەوتنی یاخود سادەبوونی پانتاییەکەیەوە گۆڕابێت بۆ ڕەگەز گەلێکی ئامادە بۆ بەکارهێنانی لە کۆمەڵگەیەکی نوێدا. هەروەها ڕەنگە بەهۆی خواستن (الأستعارة)یشەوە بێت لە وێنەی کۆچێکدا، كە ئەو ڕەگەزانە لە کۆمەڵگەی دایك دادەڕنێت، وەك ئەو کۆچەی كە کۆمەڵگەی ئەمریکی هەنوکەی پێکهێناوە. ئەوە ئەو کۆمەڵگەیەیە كە لە ڕەگەزگەلێك پێکهاتووە كە کۆمەڵگەیەکی شارستانی لە دۆخی فراوانبوونیدا پێشکەشی کردووە، ئەو

کۆمەڵگە شارستانێتیەش کۆمەڵگەی ئەوروپی سەدەی شانزەهەم بوو. یاخود ئەو کۆچەی کە کۆمەڵگەی ئەسکیمۆی بەهۆی دارنینی لە رەگەزە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگە مەگولیە چینیەکانی رۆژهەڵاتی دوور پێکهێنا، زۆرجاریش خواستن وێنەیەکی دیکە لەخۆ دەگرێت، کاتێك کە حاڵەتەکە دەبێتە گێرانەوەی پێکهاتەی پەردوی کۆمەڵگەیەك یاخود ئەو کۆمەڵگەیانەی کە دیار نەماون. لەنمونەی ئەوانیش کۆمەڵگەی رۆمانیە کە لە رێگەی بنیاتنانیدا زۆر لەو کۆمەڵگەیانەی مژی کە دیار نەمان، وەك کۆمەڵگەی گالی لەپاش جەنگی (ئەلیزیا Alesia) و کۆمەڵگەی قەرتاجنی Carthaginoise لەپاش جەنگی (زاما)، و کۆمەڵگەی میسری پاش سەرکەوتنی قەیسەر بەسەر (یومی)دا... هتد[37].

بێگومان کۆمەڵگەی مێژوویش لە روانگەی گەشەکردنی بارودۆخە مێژووییەکەی کە لەدایکبوونەکەی بۆ دەرەخسێت، جۆراو جۆر دەبێت، لەم گۆشەیەشەوە دوو جۆر کۆمەڵگە دروست دەبن:

أ- کۆمەڵگەیەکی مێژوویی لەدایکدەبێت، جا لەدایکبوونەکەی وەڵامدانەوەیەك دەبێت سەبارەت بە هەڵبژاردنێکی بەسەردا سەپێنراو (اختیار مفروض)، کە بارودۆخە سروشتیە تایبەتیەکەی ئەو ناوەندەی کەتێیدا لەدایکبووە بەسەریدا دەیسەپێنێت، جا ئەگەر ئەو ناوەندە رووبەرووی جۆراوجۆرییەکی کتوپڕبێت یاخود رەگەزە پێکهێنەرەکانی کتوپڕ رووبەرووی ناوەندێکی سروشتی نوێ بووەوە، کە دەتوانین ناوی لێبنێین نمونەی جوگرافی، بێگومان کۆمەڵگەی ئەمریکی بۆ ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دەگەڕێتەوە کە بەرهەمی کۆچی ئەوروپی بوو، ناچار بوو کەخۆی لەگەڵ بارودۆخە سروشتیەکانی کیشوەری نوێدا بگونجێنێت.





ب- ئەو کۆمەڵگە مێژووییە، کاتێك رووناکی دەبینێت، کە باوەش بۆ بانگەشەی هزرێك دەکاتەوە، دەتوانین ناوی نمونەی هزری (ئایدیۆلۆجی) لێبنێین. کۆمەڵگەی ئیسلامی بۆ ئەم شێوەیە دەگەڕێتەوە. هەروەکو کۆمەڵگەی ئەوروپی بنەڕەتیشی بۆ دەگەڕێتەوە و ئەوەیە کە بەشێوەیەکی گشتی بە بەرهەمێکی هزری مەسیحێتی دادەنرێت. هەروەها دەتوانین کۆمەڵگەی سۆڤێتی پێشوو و چینی ئەمرۆش لەم جۆرە دابنێین[38].

ئەوانە کۆمەڵە نمونەیەك بوون دەربارەی جۆراوجۆرێتی مێژوویی، یاخود پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگەیەی کە توێژینەوەی لەسەر دەکەین. جا کۆمەڵگە لە هەر نمونەیەکیان بێت تەنها کۆکردنەوەی رەگەزەکان یاخود کەسەکان نییە، کە غەریزەی کۆمەڵێتیبوون بەرەو گلۆتگیرییەك لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا کێشیان دەکات، ئەو غەریزەیە ئامرازێکە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگە، نەك هۆکارێك بێت بۆ دروستبوون، رەنگە کۆمەڵگە زیاتر لەوە لەکۆمەڵە تاکێك کە وێنەکەی پێکدەهێنن لەخۆی بگرێت، ژمارەیەك لەو نەگۆڕ (ثوابت)انە لەخۆ دەگرێت، کە بەردەوام پێی دەبەخشێت و بەدیاریکردنی کەسێتیەکەی لە وێنەیەکی سەربەخۆی نزیك لە ئاکامەکانیەوە، دەتوانین بەدوو رێگە کاروبارەکە جیا بکەینەوە:

أ- لە هەندێ بارودۆخی مێژوویدا روودەدات، کە کۆمەڵگەیەك کەسێتیەکەی لەدەست بدات و لە مێژوودا بسرێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بێگومان ژمارەی تاکەکانی لەوبارەدا ناگۆڕێن، بەڵکو هەموو تاکێك پارێزگاری لە غەریزە بژێوییەکەی لە کۆمەڵدا دەکات ، ئەو غەریزەیەیە کە مەشخەڵی (معالم) مرۆڤ دیاریدەکات، بەو سیفەتەی کە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، تاکەکان وایان لێدێت کە بەتەنها ببنە پاشماوەی کۆمەڵگەیەکی تیاچوو، لە هەمانکاتدا

پاشماوەیەکی ئامادە بۆ ئەوەی بچنە نێو جەستەیەکی کۆمەڵایەتی نوێوە. لەپاش جەنگی ئەلیزیا Alesia کۆمەڵگەی گالی نەما، بەڵام گال وەك تاکەکان مابوون، بەڵکو بۆ کەرەستەیەکی ئامادەو بۆ چوونە نێو بنیاتنانی جەستەیەکی کۆمەڵگەیەکی دیکە گۆڕان، کە ئەویش کۆمەڵگەی ڕۆمانی بوو.

ب- جا ئەگەر ئەو تاکانەی کە کۆمەڵگەیەك پێکدەهێنن، لە کۆتایی نەوەیەکی دیاریکراودا لەناوچوون، ئەوا کۆمەڵگە هەر دەمێنێت و پارێزگاری لە کەسێتیەکەی دەکات و شتێکی بەرناکەوێت. هەروەکو پارێزگاری لە ڕۆڵی خۆشی دەکات لەمێژوودا. تەنانەت بلیمەتی و دابوونەریتی خۆشی بەسەر هاتووە نوێیەکاندا دەسەپێنێت –تەنانەت ئەگەر بێگانەش بن- ئەوەشمان بینی کاتێك کە کۆمەڵگەی چینی هۆزەکانی مانشۆ و مەگۆلەکانی قوتدا، لەوکاتەدا کە پەلاماری وڵاتانی چینیاندا،یاخود چۆن کۆمەڵگەی ئیسلامی هۆزە مەگۆلەکانی قوتدا، کاتێك مەگۆلەکان بەغدایان داگیر کرد و کۆڵانەکانیان لەخوێندا سورکرد. جا کۆمەڵگە لەناو خۆیدا ئەو سیفەتە خودیانە هەڵدەگرێت، کە بەردەوامی بۆ مسۆگەر دەکەن و کەسێتی و ڕۆڵی لە مێژوودا دەپارێزن. ئەو رەگەزە نەگۆڕە ناوەڕۆکی جەوهەری قەوارەی کۆمەڵایەتیە، ئەوەیە کە تەمەنی کۆمەڵگە دیاریدەکات و لە تێپەڕبوونی زەمەندا سەقامگیربوونی پێ دەبەخشێت و بارودۆخی ڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو مێژووی بۆ دەڕەخسێنێت.

هەر ئەویشە کە لە کۆتاییدا لە تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا بەرجەستە دەبێت، کە تاکەکانی کۆمەڵگە لەنێو خۆیاندا پێکەوە دەبەستێتەوە و تێکڕای ڕەنگی چالاکیە جیاوازەکانیان لە ئاڕاستەی ئەرکێکی (وظیفة) گشتیدا ئاڕاستە دەکات. کە ئەوەش پەیامی تایبەتی ئەو کۆمەڵگەیەیە. لێرەوەیە ئەو تۆڕە





پێکدێنن، هەرچەندە لە قۆناغێکی سەرەتایشدا بێت، ئەوەیە کە گوزارشت لە ڕوودانی (لەدایکبوونی کۆمەڵگە) دەکات لەمێژوودا.

لێرەوە ئەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی کوردی لە پۆلێنی ئەو کۆمەڵگەیانەدا بەشێوەیەکی گشتی نەك رەها، هێشتا مەشخەڵە نەگۆڕەکانی کۆمەڵگەی سەرەتایی تێنەپەراندووەو بە ڕێژەیەکی زۆر کەم‌و دیاریکراو نەبێت، نەچووەتە نێو کۆمەڵگەی مێژووییەوە، جابۆ ئەوەی ئەو ڕەوش و بارودۆخە وەستاوییەی کە تێیدایە تێیپەڕێنێت، دەبێت گۆڕانێك لە هەناوی خۆیدا بەدی بێنێت و داب و نەریتە نێگەتیڤەکان بسڕێتەوە و هەوڵی دارشتنەوەی کەسێتی خۆی بدات.

*****



هەواڵنامەی کتێب

## پەراوێزەکان

[1] - حسان حلاق: منهاج الفكر والبحث التأريخي والعلوم المساعدة وتحقيق المخطوطات بين النظرية والطبيق، ل٣٠٠.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٣.

[3] - احمد محمود صبحي: في فلسفة التأريخ، دار النهضة العربية،بيروت، ١٩٩٤، ل١٣.

[4] - هەمان سەرچاوە، ل ١٤.

[5] - د. نەبەز مەجيد ئەمين: محازەرەکانی قۆناغی ماستەر،زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤايەتييەکان-بەشی مێژوو، (ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٤).

٦ - لانجلوا، وسينوبوس: النقد التأريخى،(ت: عبد الرحمن بدوى )، ط٤، الكويت، ١٩٨١.ص أ.

[7] - کەمال مەزهەر ئەحمەد:مێژوو، ل٧.

[8] - هەمان سەرچاوە، ل٩.

[9] - هەمان سەرچاوە، ل١١.

[10] - هەمان سەرچاوە، ل١١.

[11] - ڕێبین ئەحمەد هەردی.

[12] - کەمال مەزهەر ئەحمەد:مێژوو، ل١٢.

[*] - مونادەکان: بێژەيەکی يۆنانيە و واتای يەکێتی (الوحده) دەگەيەنێت پاشان بووە ناونيشانی ڕەوتی (ليبنتز) کە ئەوەی دەگەياند گەردوون لە گەوهەر گەلێکی سادەی ڕۆحی پێکهاتووە، هەموويان بەشێوەيەکی خۆبەخۆ کاردەکەن و بوونی گشتی دەنوێنن.

[13] - احمد محمود صبحى: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨ودواتر.

[14] عبدالرحمن البدوى: موسوعة الفلسفة،الجزء الثالث، الطبعة الاولى، قم،١٤٢٧،ل٣٦٠.

★ إسماعيل  نوري الربيعي: النزعة التاريخية ومعنى التاريخ  " تاريخ ما بعد الكولونيالية "
imseer@yahoo.com

[15] - هەمان سەرچاوەولاپەرەی پێشوو.

[16] - هەمان سەرچاوە، ل ٣٠.

[17] عبدالرحمن البدوى: موسوعة الفلسفة،الجزء الثالث، الطبعة الاولى، قم،١٤٢٧،ل٣٦٠.





[18] - هەمان سەرچاوەولاپەرەی پێشوو.

١٩ - کولنجوود،ر.ج: فكرة التأريخ ، ( ت : محمد بكير خليل ) ،لجنة التأليف والترجمة والنشر، ط٢ ،القاهرة، ١٩٦٨.، ص١٣٦.

[20] - عەزيز شەمزينی: جوڵانەوەی ڕزگاری نيشتمانی کوردستان، ل٧٥و دواتر، حامد محمود عيسى: القضية الكردية في تركيا، ل٤٧ودواتر.

[21] - م. أ. هسرتيان: كردستان تركيا بين الحربين، ل٧٨.

[22] - احمد خواجە: چيم دی، ل١٧-١٨، بەرگی سێيەم.

[23] - بكر حمەصديق عارف: لاپەڕەيەك لە مێژووی هەڵەبجە، (١٧٠٠ز-١٩٥٨)، ل٦٢و دواتر.

[24] عادل سديق:هەڵەبجە(١٨٨٩-١٩٣٠)لێکۆڵينەوەيەکی مێژوويی سياسيە،پرۆژەی تيشك٢٨، چاپی يەکەم،٢٠٠٨، ل١٠٦.

[25] - عثمان علي: دراسات في الحركة الكوردية المعاصرة ١٨٣٣-١٩٤٦ دراسات تأريخية وثائقية، ل٧٣٣.

[26] - نەوشيروان مستەفا ئەمين: ميرايەتی بابان لەنێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، ل٨٣.

[27] - هەمان سەرچاوە، ل٨٥.

[28] - هەمان سەرچاوە، ل٨٥و دواتر.

[29] - هەمان سەرچاوە.

[30] - هاوڕێ باخەوان: (هاوڕێنامە) بۆ مێژووی کوردستان و کورد، ل٧٠و دواتر.

[31] - هەمان سەرچاوە.

[32] بڕوانە: هاوڕێ باخەوان: (هاوڕێنامە) بۆ مێژووی کوردستان و کورد، ل٣٥١و دواتر.

[33] - هەمان سەرچاوە، ل٣٦٥

[34] - هەمان سەرچاوە، ل٣٥٥

[35] - هەمان سەرچاوە، ل٣٥٦.

[36] - هەمان سەرچاوە، ل٤٠٥.

[37] - مالك بن نبى: ميلاد مجتمع شبكه علاقات الاجتماعيه، ل٩ودواتر.

[38] - هەمان سەرچاوەولاپەڕەی پێشوو.

# سۆسیۆلۆجیای گەشە پێدان..
# سەرەتایەکی تیۆری

ئارام عەلی فەرەج

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ ئەوەی هەوڵدان بۆ لێکدانەوەی گەشەکردنی کۆمەڵگە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، مێژوویەکی دێرینتری هەیە، لەسەدەی نۆزدە و رەنگە سەرەتاکانی بگەڕێتەوە بۆ نێو فکری یۆنانی بەتایبەتی لای (هیراکلێتس)، بەلام ئەوبیریارانەی کە کاریگەری گەورەیان هەبووە لە فۆرمەلەبوونی تیۆرەکانی سوسیۆلۆجیای گەشەپێدان، بریتین لەهەریەك لە:( كارل ماركس و ئەمیل دورکایم و ماکس فیبەر).

ئەگەرچی هەوڵی ئەنترۆپۆلۆجیستەکانی وەك (مۆرگان و تایلور ..... هتد)، گرنگی و بایەخی گەورەی هەیە لە لێکدانەوەی گەشەکردنی کۆمەڵگەدا، بەلام لەلایەکەوە هەوڵەکانی ئەوان لە چوارچێوەی تیۆرەی پەرەسەندندا بوو [١]، لە لایەکی دیکەوە هەریەك لەم ئەنترۆپۆلۆجیستانە لە لێکدانەوەکانیاندا بۆ سروشتی گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەڵگە جەختیان لەسەر لایەنێك لە لایەنەکانی گۆڕان بووە و وەك پێویست گرنگیان بە لێکدانەوەی لایەنەکانی دیکە یان سەرجەمی سیستمی کۆمەڵگە نەداوە . بۆ نموونە لای زانایەکی وەك (مۆرگان) پرسی سەرەکی، گۆڕانی سیستمی خێزان بووە و هەوڵیداوە قۆناغەکانی





گەشەکردنی خێزان دیاری بکات، لە قۆناغی تێکەڵاوی سێکسی (Promiscuity) بۆ قۆناغێك کە تیایدا خێزان لە تەنها ژن و پیاوێك پێکهاتووە (Monogamy) [٢]. وە هەروەها هەوڵەکانی (ئەدوارد تایلۆر) بۆ دیاریکردنی ئەو قۆناغانەی کە بیرکردنەوەی ئایینی پیایدا تێپەربووە.

سەرەڕای ئەمەش بایەخی سەرەکی ئەم ئەنترۆپۆلۆجیستانە بەو کۆمەڵگایانە داوە، کە لەقۆناغی بەرلە پیشەسازیدان، نەك گرنگیدان بە پرۆسەی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵگە لەسەر ئاستی جیهانی [٣]، بەلام کۆمەڵناسەکانی سەدەی نۆزدە بە تایبەت (کۆنت و مارکس و دۆرکایم و فیبەر) هەوڵیانداوە، کە قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستێکی گشتگیرتر لێکبدەنەوە، بۆ نموونە لای (ئۆگست کۆنت) پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگە لەهەمووئاستە جیاجیاکانی نێو سیستمی کۆمەڵایەتیدا بەدی دەکرێت . ئەم گۆڕانەش تەنها لایەنێك ناگرێتەوە بەڵکو سەرجەمی لایەنەکانی فیزکی، ئەخلاقی، عەقڵی و سیاسی، دەگرێتەوە، کە کۆنت لەرێگەی یاسای سێ قۆناغەکەوە (ئایینی، میتافیزیکی، زانستی) یەوە لێکدانەوەی بۆ کردووە [٤] .

هەریەك لەم سوسیۆلۆجیستانە لەو باوەڕەدابوون، کە تیۆرەکانیان دەتوانێ سروشتی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵگە لەسەرجەم کۆمەڵگەکان (پیشەسازی و پێش پیشەسازی) لێکبداتەوە [٥].

لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و لەگەڵ سەرهەڵدانی لقێکی نوێی کۆمەڵناسی، کە بەکۆمەڵناسی گەشەپێدان ناسراوە و هەوڵی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەکانی جیهانی سێهەم ئەدات، تیۆری ئەم کۆمەڵناسانە (مارکس، دۆرکایم، فیبەر) کەوتنە بەر رەخنە و لەئەنجامیشدا دوو قوتابخانەی نوێ سەریانهەڵدا.

قوتابخانەی یەکەم کە بە تیۆرەی مۆدێرنیزەکردن ناسراوە پشتی بەستووە بە

لێکدانەوەکانی هەریەك لە (دۆرکایم و فیبەر) [٦]. هەرچی قۆتابخانەی دووەمیشە بە تیۆرەی دواکەوتن یان پاشکۆیەتی ناسراوە پشتی بەستووە بەو لێکدانەوانەی کە مارکس بۆ سیستمی سەرمایەداری ئەنجامیداون. [٧]

## ڕیشـــەی تیۆرەی پاشکـــۆیەتی
### کارل مارکس

سەدەی نۆزدە، سەدەی شۆڕشی پیشەسازی بوو . پێشکەوتنی پیشەسازی و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان، گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئەم گۆڕانەش هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی چەندین گرفت و قەیرانی کۆمەڵایەتی. لێرەوە بەشێك لە زانایان و کۆمەڵناسان هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئەم قەیرانانە و لە هەمانکاتدا دۆزینەوەی یاساکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی ئەم گۆڕانەیاندا.

شۆڕشی پیشەسازی و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنای، بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕوانینێکی تایبەت بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە، ئەم ڕوانینە هۆکاری سەرەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی گەڕاندەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە سیستمی ئابووریدا ڕوودەدەن، لەپێشەنگی ئەو بیریارانەی کە هەڵگری ئەم بۆچوونە بوون (کارل مارکس) بوو .

فەلسەفەی مارکس فەلسەفەیەکی ماددی بوو، ماددیەت بنەمای سۆسیۆلۆجیای مارکسە، لای مارکس ئەوەی لەسەرەتادا بوونی هەیە ماددیە و هەرچی هۆشیاری هەیە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە ماددیەیە کە هەیە [٨] .

مارکس ڕای وابوو کە کاری فەیلەسوفەکان تاسەردەمی ئەو لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی جیهان بووە، بەلاَم کاری ئێستای فەلسەفە بریتیە لە گۆڕینی جیهان، لێرەوە مارکس هەوڵیدا لە هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی





کۆمەڵگە لێکبداتەوە ئەویش لەڕێگەی لێکدانەوەی دیالێکتیکیەوە[٩] ، ئەنجامی ئەم هەوڵانەش مارکسی گەیاندە ئەو بۆچوونەی کە بزوێنەری سەرەکی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵگە هۆکارە ئابووریەکانن . مارکسیەت وەك تیۆرێکی سۆسیۆلۆجی دەکرێت بۆ دوو بیروڕای سەرەکی دابەش بکەین، یەکەمیان بریتیە لە حەتمیەتی ئابووری [١٠] ، مەبەستیش لەم حەتمیەتە ئابووریە بریتیە لەوەی کە کاتێك گۆڕانکای بەسەر ژێرخانی ئابووریدا دێت، ئەویش لەئەنجامی گۆڕانی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندی بەرهەمهێنان، ئەو پەیوەندیانەی کە مرۆڤ بە حوکمی بەرهەمهێنانی کاڵاو شتومەك مرۆڤەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەم گۆڕانکاریەی دەبێتە هۆی گۆڕان لەسەرخانی کۆمەڵگەدا، مارکس لەم بارەیەوە دەڵێت: "کۆی گشتی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان بونیادی ئابووری ڕاستەقینەی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت، کە سەرخانی کۆمەڵگە لە یاسا و سیاسەت و ژیانی کلتوری مرۆڤ، ژیانی ڕۆحی و عەقڵی و ئیستاتیکی، هەموو بیرو باوەر و فەلسەفە و شێوە ژیانی کۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەی سیستمی ئابوورین" [١١]

بیروڕای دووەم لە سوسیۆلۆجیای مارکس، بریتیە لە باسکردن لە میکانیزمەکانی گۆڕان، کاتێك کە سیستمی سەرمایەداری سەرهەڵدەدات و پەرەدەسێنێ (بابەت) دەستدەگرێت بەسەر هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و ئەو کرێکارانەش کە لەسایەی ئەم سیستمەدا کاردەکەن، هەست دەکەن ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن و ئەو شمەکانەی کە بەرهەمی دەهێنن زۆر کەمترە لەو کرێیەی کە وەریدەگرن، ئەمەش نامۆبوونێك لای کرێکار دروستدەکات (دژە بابەت)، چونکە ئەم جیاوازیە لە بەرهەمی کرێکار لەگەڵ ئەوەی بەرهەمی دەهێنێت زێدە بەهایەك دروستدەکات، کە وەك قازانج دەچێتە گیرفانی خاوەن کارەوە . لەئەنجامی ئەمەشدا دوو چینی جیاواز لەکۆمەڵگەدا دروست دەبێت، بۆرجوازی



هەواڵنامەی کتێب

(بابەت) و برولیتاریا (دژە بابەت) بە کەڵەکەبوونی سەرمایەی چینی بورجوازی جیاوازی ئابووری نێوان ئەم دوو چینەش فراوانتر دەبێت تا بەشۆڕش کۆتایی دێت (یەکگرتنی دژەکان) . بەم جۆرە مارکس بڕوای وایە کە بەدرێژایی مێژوو ململانێی ئابووری، سیستمی کۆمەڵایەتی تازەی بەرهەمهێناوە، بەڵام دواتر ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییە تازەیە خۆیشی کەوتۆتە ململانێوە لەگەڵ گرووپی ئابووری تازەدا و سیستمێکی تازەی لێکەوتۆتەوە ... بەو شێوەیە .

ئەو ململانێیەی مارکس باسی دەکات، بەتەنها لەچوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا قەتیس نابێت، واتە لەگەڵ ئەوەی کەسەرمایەدارەکان لەپێناو فرۆشتنی کاڵاکانیان بە کڕیارەکان، لەنێو خۆیاندا دەکەونە کێبڕکێ و ململانێ و کارگەکان لەپێناو ئەوەدا کە بتوانن لە بازاردا شوێنی خۆیان بپارێزن، ناچاردەبن تا ئەو شوێنەی بۆیان دەکرێت کاڵاکانیان بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەرهەمبهێنن و بەنرخێکی هەرزان بیان فرۆشن . ئەمەش وا لە سەرمایەدارەکان دەکات کە لەهەوڵی بەردەوامدابن بۆ دۆزینەوەی بازاڕی نوێ و بەدەستهێنانی کەرەستەی خاوی هەرزان و سود وەرگرتن لەهێزی کاری هەرزان. ئەمەش مارکسی گەیاندە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم یاسا ناوەکیانەی سیستمی سەرمایەداری پاڵ بەسەرمایەدارییەوە دەنێت بۆ بلاوبوونەوە لەسەر ئاستی جیهان، کاریگەری پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، ئەویش لەرێگەی زاڵبوون بەسەر سیستمی تەقلییدی ئەو کۆمەڵگەیانەدا [١٢] .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مارکس پەیوەندیەکی بەهێز دەبینێت لەنێوان سەرهەڵدانی سیستمی سەرمایەداری و سەرهەڵدان و گەشەکردنی مۆدێرنەدا . مارکس پێی وایە کە کۆمەڵگەی بۆرجوازی لەسەر وێرانەکانی کۆمەڵگەی فیودالی بنیاتنراوە، ئەویش لەرێگای سیستمی سەرمایەدارییەوە، کە





پیشەسازی نوێی گەشە پێداوە بەمەش بۆرجوازی رۆڵێکی شۆڕشگێرانەی لە مێژوودا بینیوە [١٣] .

مارکس هۆی پەلکێشانی رۆژئاوا دەگەڕێنێتەوە بۆ مەیلی داگیرکاری دامەزراوە ئابوورییەکانی سەرمایەداری. واتە پاڵنەری سەرەکی مەیلی داگیرکاری دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان بریتیە لە پاڵنەری ئابووری، ئەمیش لەلایەك بۆ ساغکردنەوەی بەرهەم و کاڵاکانیان کە بەشێوەیەکی گەورە زیاد دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ دەستکەوتنی هێزی کاری هەرزان و دەستخستنی کەرەستەی خاو . سەرفکردنی کاڵاو شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، جێگەی پیشەسازی نیشتمانی دەگرێتەوە و کاتێك کە شێوازی بەرهەمهێنانیش گۆڕانی بەسەردا دێتو بونیادی ئابووری تازە دەبێتەوە، ئەوا سەرجەمی بونیادی کۆمەڵایەتی لەگەڵیدا بە پرۆسەی مۆدێرنیزەکردندا تێئەپەرێت، بەم جۆرە دەبینین مارکس پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان سەرمایەداری مۆدێرنە و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا دەبینێت، هەروەك چۆن ئەم بارودۆخەش دوای ئەوەی کە لەئەوروپا گەشەدەکات بەسەرجەمی جیهاندا بلاودەبێتەوە و بونیادی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگانەش ناچار بەگۆڕان دەکات .

### تیۆرەی پاشکۆیەتی

پەیڕەوکەرانی ئەم قوتابخانەیە، تائاستێکی زۆر پشتیان بەستوە بەبۆچونەکانی کارل مارکس سەبارەت بە رۆڵی دەوڵەت و دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا. بەپێچەوانەی پەیڕەوکەرانی قوتابخانەی مۆدێرنیزە کردنەوە، هۆکاری دواکەوتنی کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم ناگێڕنەوە بۆ ئەوەی کەئەم کۆمەڵگایانە پەیڕەوی لە کلتورێکی سیاسی مۆدێرن و سیستمی دیموکراسی و بازاڕی ئازاد و.....هتد، ناکەن. بەڵکو لە ڕوانگەی ئەم قوتابخانەیەوە

هۆکاری سەرەکی دواکەوتویی ئەم کۆمەڵگایانە بریتیە لە پاشکۆیەتی و ئەو کێشە بونیادیانەی کەلە سترۆکتوری کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگایانەدا هەیە.

وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا مارکس باوەڕیوایە، کە دەوڵەت لەسیستمی سەرمایەداریدا ئامرازیکە بەدەست چینی بۆرجوازییەوە و ئەم چینەش لەخزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بەکاریدەهێنێ. واتە چینی سەرمایەداری بەهۆی بەهێزی ئەو پێگە ئابوریەوە کە هەیەتی و لەئەنجامی دەستبەرداگرتنی هۆکارەکانی بەرهەمهێناندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستدەگرێت بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەتدا و بەمەش کەمینەیەك دەستدەگرن بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا و دەبنە چینی هەیمەنەدار و زۆرینەش کەخاوەنی پێگەیەکی ئابوری بەهێزنین دەبنە پاشکۆی چینی دەسەڵاتدار . لەم خاڵەدا هەندێ مارکسیە بونیادگەرەکان لەگەڵ مارکسدا هاوڕانین. وەك لە بۆچونەکانی (نیکۆس پۆلانتزاس)دا دەیبینین.

پۆلانتزاس لەو باوەڕدایە، کە سەرنجەکانی مارکس دەربارەی دەوڵەت سادەکردنەوەی ئەو ڕۆڵە ئاڵۆزەیە کەئەم دامەزراوەیە لەسیستمی سەرمایەداریدا دەیگێرێت. لەم بارەیەوە لە کتێبی( دەسەڵاتی سیاسی و چینە کۆمەڵایەتیەکان ) دا ئەوە دەخاتەڕو، کە چینی سەرمایەدار ڕاستەوخۆ ناچێتە ناو دەسەڵاتی دەوڵەتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشاراوەیی ئەم پرۆسەیە ئەنجام ئەدات . پۆلانتزاس پێی وایە کە چینی سەرمایەدار بەهۆی ئەو هێزە ئابوریەوە کە هەیەتی دەوڵەت ناچاردەکات کە بەجۆرێك کاربکات کەلەخزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەم چینەدابێت " بەمجۆرە دەوڵەتی سەرمایەداری بەشێوەیەکی سیستماتیکی، سروشتی سیاسی چینایەتی دامەزراوە سیاسیەکانی پەردەپۆش دەکات . ئەوەی لەم پرۆسەیەشدا یارمەتی ئەدات، بریتیە لەو ڕۆڵە





ئاڵۆزەی کە ئایدیۆلۆجیا لەم ئاستەدا دەیگێڕێت " [١٤].

لەگەڵ ئەوەی کە پولانتزاس لێرەدا شیکاریی بۆ سروشتی سیستمی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی دەکات، بەڵام ئەم شیکارییە یارمەتی تیۆریزەکەرانی تیۆرەی پاشکۆیەتیدا، کەزیاتر لەسروشتی ئەو پاشکۆیەتیە بگەن کەکۆمەڵگەکانی دەرەوەی خۆرئاوای تێدا دەژی. لەم ڕوانگەیەوە یەکێك لە پێشەنگەکانی ئەم قوتابخانەیە کە ( ئەندریە گۆندەر فرانك )ە چەندین توێژینەوەی لەسەر کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم ئەنجامداوە. فرانك لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیەوە بەو دەرەنجامە گەیشت کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا زنجیرەیەك لە پاشکۆیەتی دروستبوە. بەمانایەکی دیکە لەگەڵ ئەوەی کە دەوڵەت لەجیهانی سێیەمدا پاشکۆی ئەو چینەیە کە هێزی ئابوری لە دەستدایە ( چینی سەرمایەدار)، بەڵام ئەم چینە بۆخۆشی بۆتە پاشکۆی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەڕوی سیاسی و ئابوریەوە. بەمانایەکی تر، بورجوازی نیشتمانی بەهۆی پشتبەستنی بە بۆرجوازی ڕۆژئاوایی ڕێگای خۆشکردوە بۆ زیاتر دەستبەسەرداگرتنی ئابوری ئەم وڵاتانەوە لەلایەن ڕۆژئاواوە. بەمەش پاشکۆیەتی زیاتر کردوەو دواکەوتنیشی قوڵترکردۆتەوە[١٥] .

بەمجۆرە دەبینین کە فرانك پێی وایە کە هۆکاری سەرەکی لەدواکەوتن و هەژاری وڵاتانی جیهانی سێیەم بریتیە لە پاشکۆیەتی، ئەم پاشکۆیەتیەش بەزنجیرەیەکدا شۆڕدەبێتەوە بۆ خوارەوە، بەمەش نەك تەنها ئابوری بەڵکو ئاڕاستەکردنی سیاسەتی ئەم وڵاتانەش کۆنترۆڵ دەکات " لە ڕاستیدا ئیمپریالیزم لەئەمریکای لاتینیدا زۆر لەمەش زیاتر ڕۆشتوە و سەرجەمی بونیادی بەرهەمهێنان و بونیادی چینایەتی بەرەو دواوە بردوە. هەروەك چۆن بە بەکارهێنانی دەوڵەت بۆ دەستبەسەرا گرتنی کەرتی کشتوکاڵ نەوەستاوە،

بەڵکودەستیشی گرتوە بەسەر سەرجەمی دامەزراوە ئابوریو سیاسیەکاندا. تاکوئابوری وڵات بخاتە چوارچێوەی سیستمی ئیمپریالیزمەوە"[١٦]

## ڕیشە فیکریەکانی تیۆرەی مۆدێرنەکردن

### ١- ئەمیل دورکایم ودابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی :

پرسی سەرەکی لای دورکایم لە لێکدانەوە و راڤەکردنی گەشەکردنی کۆمەڵگەدا بریتیە لەو گۆڕانەی کە لەدابەشکردنی کاردا روودەدات . بۆ روونکردنەوەی کاریگەری دابەشکردنی کار لەگەشەکردنی کۆمەڵگەدا، دورکایم جیاوازی لەنێوان دوو جۆر لەکۆمەڵگەدا دەکات، کۆمەڵگەی تەقلیدی و کۆمەڵگەی مۆدێرن . هەریەك لەم دوو جۆرەی کۆمەڵگە بەجۆریك لە پەیوەستی یان هاریکاری کۆمەڵایەتی دەناسرێتەوە .

کۆمەڵگەی تەقلیدی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیە، ئەمەش وادەکات ئەو کارانەی کە ئەنجامی ئەدەن کاری سادە و دیاریکراوبن [١٧]، لەئەنجامی ئەمەشدا دابەشکردنی کار لەئاستێکی بچووك و سادەدا دەبێت، چونکە سەرجەمی ئەو کارانەی گرووپە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم کۆمەڵگایانە ئەنجامی دەدەن کاری لەیەکچوون . ئەو هاریکاریەی کە لەنێوان ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا هەیە دورکایم ناوی دەنێت هاریکاری میکانیکی [١٨].

بەبڕوای دورکایم یەکێك لەفاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵگە لە تەقلیدەوە بۆ مۆدێرن بریتییە لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان [١٩] . دورکایم باوەڕی وایە کە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان دوو ئەگەر دەخاتە بەردەم کۆمەڵگە کە بریتین لە: خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی نوێ یان دروستبوونی قەیران و کێشەی گەورە و بەردەوام لە کۆمەڵگەدا .

دورکایم باوەڕی وایە کەئەگەر هاتوو ئەو دەرامەتەی دەست ئەندامانی





کۆمەڵگە دەکەوێت زیاتر بوو لەو پێویستیەی کە هەیانە، ئەوا دەتوانن لە تەنیشت یەکتریەوە بژین، بەڵام گەرهاتوو ژمارەیان بەجۆرێك زیادی کرد، کە زیادبوون لەدەرامەتدا بەهەمان ئەندازە رووی نەدا، ئەوا ئاگری جەنگ هەڵدەگیرسێت بەجۆرێك هەتاوەکو ئەم جیاوازیە گەورەتر بێت واتە هەتاوەکو ژمارەی ململانێکەرەکان زیاتر بێت لەبەرامبەر کەمی دەرامەتدا، ئەوا توندوتیژیەکە گەورەتر دەبێت [٢٠] . چارەسەری دورکایم بۆ ئەم بارودۆخە بریتیەلە زیادبوون لە دابەشکردنی کاردا . لەئەنجامی ئەم پرۆسەیەشدا هەریەك لە ئەندامانی کۆمەڵگە یان گرووپە جیاجیاکانی کۆمەڵگە بەکارێکی دیاریکراوەوە خەریك دەبن کە جیاوازە لەکاری گرووپەکانی دیکە . ئەمەش وادەکات هەریەك لەم گرووپانە پێویستیان بەیەکتر هەبێت، لەئەنجامی ئەمەشدا جۆرێکی جیاواز لەهاریکاری دروستدەبێت کە دورکایم ناوی دەنێت هاریکاری ئورگانیکی [٢١] واتە ئەگەر لە کۆمەڵگەی تەقلیدیدا هاریکاری میکانیکی کەلەسەر بنەمای لەیەکچوون برەوی هەبێت، ئەوا لەکۆمەڵگەی مۆدێرندا ئەوەی جێگەی ئەم هاریکاریە دەگرێتەوە، کە بریتییەلە هاریکاری ئورگانیکی کەلەسەر بنەمای جیاوازی و پەیمان بونیاد نراوە. ئەو جیاوازیەی کە لەنێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگەدا کە لەئەنجامی دابەشکردنی کاردا روودەدات، دەبێتەهۆی زیاتر پشت بەیەکبەستنی ئەندامانی کۆمەڵگە، ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر عەقڵیەت و ئەخلاقیاتی تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێت [٢٢].

دورکایم لە کتێبی (دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی) دا باس لەوە دەکات کە گۆڕانی کۆمەڵگە لەتەقلیدیەوە بۆ مۆدێرن بەتەنها گۆڕانی شێوازی هاریکاری کۆمەڵایەتی ناگرێتەوە، بەڵکو سەرجەمی لایەنەکانی کۆمەڵگە گۆڕانیان بەسەردادێت، بۆنموونە لەکۆمەڵگەی تەقلیدیدا ئەو هێزەی کە جڵەوی هاوسەنگی



هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵگە دەكات بریتیەلە کۆ و ویژدان، بەلاّم لە کۆمەڵگەی مۆدێرنـدا یاسا ئـەم کارە ئەنجامدەدات و هەرکارێك کە دژی یاسا بێت بەتاوان ئـەژمار دەکرێت، نـەك بەگوێرەی ویژدانێکی دەستە جەمعی [٢٣] .

**٢- ماکس فیبەر و عەقلاّنیەت :**

وەکو هەریەك لەدورکایم ومارکس، فیبەر هەوڵی داوە لێکدانەوە بۆ سەرهەلدانی کۆمەڵگەی پیشەسازی بکات وئەو هۆکارانە بدۆزیتەوە، کە بونەتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵگەکانی رۆژئاوا لە تەقلیدیەوە بۆ مۆدێرن . فیبەر بە پێچەوانەی مارکسەوە، کە پێی وابوو ئایین وەکو یەکێك لە پێکهاتەکانی سەرخانی کۆمەڵگە، رەنگدانەوەی واقیعی ئابووری کۆمەڵگەیە ودواتریش ئاینی یەکسان کرد بە وەهم، فیبەر بەپێچەوانەی مارکسەوە لەو باوەڕەدایە کە ئایین (بە تایبەتی مەزهەبی پرۆستانت لە ئایینی مەسیحیدا)، کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر لە دایکبوونی سیستمی سەرمایەداری.

فیبەر لەوباوەڕەدایە، کە سەرمایەداری یەکێکە لەو سیستمانەی کە بەدوای قازانجدا دەگەڕێت، بەم مانایەش سەرمایەداری لەزۆر شوێنی جیهاندا و لەزۆر کاتی جیاوازدا گەشەی کردووە، بەلاّم سەرمایەداری نوێ جیاوازە لەفۆرمەکانی دیکەی سەرمایەداری کۆن، ئەو تایبەتمەندێتیەی کە ئەم جۆرە سەرمایەداریە جیادەکاتەوە، بریتیە لە رێکخستنی عەقلاّنی و کارکردنی ئازاد، لێرەدا فیبەر پرسیاری ئەوە دەکات: ئایا ئەم فۆرمە نوێیەی سەرمایەداری چۆن دروست بووە؟ لەوەلاّمدا فیبەر دەڵێت : "سەرهەڵدانی ئەم سیستمە نوێیە بەهۆی کاریگەری ئاکاری پرۆستانتەوە بوو بەتایبەت مەزهەبی پیوریتانیزم [٢٤] ، بەلاّم ئایا ئاکاری پرۆتستانتی چۆن دەبێتەهۆی بەئەنجامگەیشتنی ئەم پرۆسەیە ؟

بەحوکمی ئەوەی کە خاڵی سەرەکی لەپرۆسەی مۆدیرن کردندا لای فیبەر





بریتییە لە پرۆسەی لە ئەفسانە داماڵینی جیهان، لێرەوە فیبەر جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە، کە ئایینزا یاخود ئەخلاقی پرۆتستانتی لەگەشەی خۆیدا، لەبەرامبەر سەرهەڵدانی سەرمایەدارێتی مۆدێرندا، ئەفسانە داماڵینی قبووڵ کردووە، واتە خوای داوە بەدەستی زۆربەی پێداویستیە دونیاییەکان و عەقڵ ئامێری [٢٥] ، فیبەر بۆ سەلماندنی بیروراکانی پشتی بەستووە بەخستنەرووی ئامارو بەڵگەی مێژوویی و لەسەر ئەم بنەمایەش جیاوازی کردووە لە ئاستی بەرەوپێش چوونی سیستمی سەرمایەداری . فیبەر لە کتێبی (ئاکاری پرۆتستانتی و رۆحی سەرمایەداری) دا باس لەوە دەکات، کە بەشێکی زۆری ئەو خاوەن پرۆژە و دامەزراوە گەورانەی کە لە ئەڵمانیای ئەو کات بونیان هەبو، سەر بەمەزهەبی پرۆتستانتی بونو لەهەمان کاتیشدا خاوەن رۆشنبیریەکی بەرزبون [٢٦] .

لێرەدا خاڵێکی دیکەی گرنگ لە فیکری فیبەردا دەبینین، کە کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەسەر فۆرمەڵەبوونی سوسیۆلۆجیای گەشەپێدان بەگشتی و گەشەپێدانی سیاسی بەتایبەتی، ئەویش ئەوەیە کە لای فیبەر سەرمایەدارێتی بەتەنها کورت نابێتەوە بۆ پرۆسەیەکی ئابووری، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا رۆشبیریەکی نوێ و رێکخستنێکی کۆمەلاّیەتی و سیاسی تازەش دەهێنێت. فیبەر پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان عەقلاّنیەت وەك یەکێك لە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی مۆدێرنە و سەرمایەداری وەك سیستمێکی کۆمەلاّیەتی و سیاسی و ئابووریدا دەبینێت . پرۆتستانیەت تا ئاستێکی زۆر بەها زەمینی و عەقڵیەکانی قبوڵ کردووە، فیبەر لەسەر ئەم بنەمایە جیاوازی لە نێوان پرۆتستانیەت لەگەڵ کاسۆلیك و ئایینەکانی دیکەدا دەکات . پرۆتستانیەت هانی خەڵکی ئەدات بۆ ئەوەی رەزامەندی خوابەدەست بهێنن، ئەم رەزامەندیەش بەکارکردن و هەوڵدان دێتە دی. بەمەش چەند بەهایەکی نوێی وەکو هەوڵدان و گەڕان بەدوای

سەرکەوتندا، کە ئەمانەش رۆحی سستمی سەرمایەداری پێکدەهێنن [٢٧] .

فیبەر لەو باوەڕەدایە کە بەر لەسەرهەڵدانی سیستمی سەرمایەداری، بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی هۆکاری سەرەکی بووە بۆ کۆکردنەوەی سەروەتو سامان [٢٨] ، بەڵام سیستمی سەرمایەداری بەرلەوەی هێز بەکاربهێنێت، عەقڵ بەکاردەهێنێت بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە، لێرەوە فیبەر پێشنیاری رێکخستنێکی یاسایی و سیستماتیکی دەسەڵات (بیروکراسیەت) دەکات، کە پەیوەندیەکانی هێزو بەکارهێنانی هێز لەسیستمی سەرمایەداریدا رێکدەخات .

### تیۆرەی بەمۆدێرنکردن

لەڕاستیدا تیۆرەی بەمۆدێرنەکردن تا ئاستێکی زۆر پشتی بەستوە بە بەچونەکانی هەریەك لە ( دورکایم-فیبەر) ئەمەش لەبەر ئەوەی کە هەریەك لەم دو کۆمەڵناسە رۆڵی یەکجار گەورەیان بینیوە لە پێشخستنی میتۆدی بەراوردکاری و خودی چەمکی گەشەپێدانی سیاسیش لە ئەنجامی بەراوردکردنی سیستمە سیاسیە جیاجیاکانەوە سەریهەڵداوە.

یەکێك لەپێشەنگەکانی تیۆرەی مۆدێرنکردن، کۆمەڵناسی ئەمریکی (تالکۆت پارسۆنز)ە. پارسۆنز باوەڕی وایە کە مۆدێرنکردنی کۆمەڵگە بریتییە لەتوانای گونجانی سیستمی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ژینگەی سروشتی دەوروبەردا، ئەم کارەش بەپلەی یەکەم لەئەستۆی سیستمی ئۆرگانیکیدایە. واتە هەر سیستمێك پێویستە خۆی بگونجێنێ لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کەتیایدایە و ژینگەی سروشتی بخاتە خزمەتی ئامانج و پێداویستیەکانی خۆیەوە. بەگوێرەی ئەم تێڕوانینە، کۆمەڵگەی مۆدێرن بریتییە لەو کۆمەڵگەیەی کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیەوە توانای خۆگونجانی لەگەڵ ژینگەی دەرەوەدا بەهێزەو سروشتی





دەوروبەر دەخاتەخزمەتی خۆیەوە، ئەوەی کەئەم هێزی گونجانەی ئەداتێ سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و زانستی، بریتیە لە سەرلەنوێ ڕیز کردنەوەی ئەو پلە بەندییەی کەلەسیستمی کۆمەڵایەتیدا هەیە، ئەویش لەڕێگەی رێکخستنی پێگە کۆمەڵایەتیەکانەوە لەسەر بنەمای شارەزایی و لێهاتویی نەك بەگوێرەی بۆمانەوەوە لەڕێگەی خێزان یان بنەماڵەوە [٢٩] .

پارسۆنز باوەڕی وایە کە کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم دەتوانن پرۆسەی بەمۆدێرنە کردن ئەنجام بدەن، ئەویش بە چاودێری رۆژئاوا[٣٠] . لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچونەی سەرەوەشدا، پارسۆنز چەندین لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری ئەنجامداوە، ئەویش لەڕێگەی جیاوازیکردن لەنێوان کۆمەڵگەی تەقلیدی و کۆمەڵگەی مۆدێرندا.

لەئەنجامی ئەم بەراوردکارییەشدا، پارسۆنز گەیشتە دانانی هێڵکارییەکی تیۆری کە پێشکەوتنی کۆمەڵگەکانیش لەو ڕوانگەیەوە پۆلێندەکات. ئەم هێڵکارییەش بریتیە لەسێ ئاست : ئاستی سەرەتایی و ناوەند و مۆدێرن . لێرەدا ئاستی سێیەم، لەڕوی سیاسیەوە بریتیە لەو ئاستەی کە دیموکراسی و بەشداری سیاسی لەلایەن خەڵکەوە لە ئاستێکی بەرفراواندایە و سەرکردەش لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە دیاری دەکرێت و زۆر لەو مەسەلە گرنگانەی کە پەیوەندی بە سیاسەتی وڵاتەوە هەیە لەڕێگەی پرۆسەی ریفراندۆمەوە ئەنجامئەدرێت[٣١]

خاڵی جەوهەری لای پارسۆنز و قوتابخانەی بەمۆدێرنە کردن بەگشتی سەبارەت بە گەشەپێدانی سیاسی، بریتیە لە جیاکاریی لەنێوان کۆمەڵگەی تەقلیدی و کۆمەڵگەی مۆدێرندا[٣٢] . هەروەك چۆن لەو باوەڕەدان کە دەشێ کۆمەڵگاکانی تری دەرەوەی رۆژئاوا پرۆسەی مۆدێرنەکردن ئەنجامبدەن، ئەویش لەڕێگەی بڵاوبونەوەی بەها رۆژئاواییەکان، وەکو هۆشیاری سیاسیی



هەواڵنامەی کتێب

بەشداریکردنی خەڵك لەدەسەڵاتدا لەرێگەی سیستمێکی دیموکراسیەوە، هەروەها بەهێزکردنی کلتوری سیاسی و.......هتد. لەئەنجامی ئەم پڕۆسەیەشدا پایەکانی سیستمی تەقلیدی لەبەر یەکهەڵدەوەشێت و سیستمێکی کۆمەڵایەتی مۆدێرن جێگەی دەگرێتەوە، بەڵام جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی کۆمەڵگەکان لەسەر بنەمای تەقلیدی و مۆدێرن، جیاکردنەوەیەکی گونجاو نییە. لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە ئەم چەمکە چەمکێکی ئاڵۆزەو تەمومژاوییە و لەلایەکی دیکەشەوە دەشێ هەڵگری مەرامی ئایدیۆلۆجی بێت، بەوەی کە لایەنگری سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوا دەکات . سەرەڕای ئەمەش ئەو گریمانەیەی کەقوتابخانەی مۆدێرنەکردن کاری لەسەردەکات، کە گوایە پڕۆسەی گەشەپێدانی سیاسی دەشێ لە ڕێگەی گواستنەوە و بڵاوبونەوەی بەها و هۆکارە تەکنەلۆجیە ڕۆژئاواییەکانەوە بۆ کۆمەڵگاکانی دەرەوەی ڕۆئاوا ئەنجامبدرێت، گریمانەیەکە شوێنی گومانە.

هەندێك لە ڕێبەرانی ئەم قوتابخانەیە(مۆدێرنیزەکردن) پێشبینی ئەوەیان نەکردبو، کە دەشێ بیروڕا تەقلیدیەکان لەرێگەی تەکنەلۆجیای مۆدێرنەوە زیاتر بڵاو ببنەوە و سەرلەنوێ لە فۆڕمی دیکەدا درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن . واتە مەرج نیە گەشەکردنی ئابوری و هاتنی مۆدێرنە، ببێتە هۆی وازهێنانی کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکان لەسیستمی کردارو بیروباوەڕ و بەها تەقلیدیەکان(*) .

لەئەنجامی ئەمەشدا چەندین ڕەخنەی جۆراوجۆر ڕوبەڕوی قوتابخانەی مۆدێرنەکردن بەشێوەیەکی گشتی و پارسۆنز بەتایبەتی بونەوە. لەگرنگترین ئەو ڕەخنانەش ڕەخنەکانی سوسیۆلۆجی بەناوبانگ (س.ڕایت میڵز)ە . میڵز لەکتێبە گرنگەکەیدا( خەیاڵی سوسیۆلۆجی) کە لەساڵی ١٩٥٩ دا نوسیویەتی چەند ڕەخنەیەکی گرنگ ئاڕاستەی بۆچونەکانی پارسۆنز دەکات.

رایت میڵز لەو باوەڕەدایە کە پارسۆنز لە لێکدانەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا





فاکتەری مێژویی فەرامۆشکردوە، ئەمەش لەئەنجامی پەیوەستبون بە تەنها مۆدێلێکی دیاریکراو، کەمۆدێلی ڕۆژئاواییە بۆ لێکدانەوەی سروشتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی کەهەر کۆمەڵگەیەك تایبەتمەندی مێژویی خۆی هەیە، کەجیای دەکاتەوە لە کۆمەڵگەکانی دیکە(٣٣) .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە رایت میڵز لەو باوەڕەدایە، ئەو شێوازە تایبەتە لەگۆڕانی کۆمەڵایەتی کەلە ڕۆژئاوا ڕویداوە مەرج نیە لەکۆمەڵگاکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا هەمان ئەزمون دوبارە بێتەوە، تەنانەت گەر هاتوو ئەو نمونە و بەهایانەش بگوێزینەوە بۆ نێو ئەو کۆمەڵگایانە، چونکە هەر کۆمەڵگەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیەو ناکرێت ئەزمونی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو وەك خۆی لەکۆمەڵگەیەکی دیکەدا دوبارە بکەینەوە. رایت میڵز لەو باوەڕەدایە کە ئەگەرهاتوو سنوری کارکردنی توێژەر لەچوارچێوەی یەکەیەکی دیاریکراودا قەتیس بوو (کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بەنمونە) ئەوا ئەستەمە توێژەر ئەو جیاوازیانە ببینێت کەلەنێوان کۆمەڵگە مرۆییەکاندا هەیە بەشێوەیەکی گشتی. هەربۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زۆر گرنگە توێژەری کۆمەڵناسی ئاگاداری مێژوی کۆمەڵگەکان بێت و ئاگاداری ئەو ڕاستیە بێت، کە سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکان فرە چەشنن و تایبەتمەندی خۆیان هەیە(٣٤).

سەرەڕای فەرامۆشکردنی فاکتەری مێژویی لەلایەن پارسۆنزەوە. یەکێکی دیکە لەو ڕەخنانەی کە ڕوبەڕوی ئەم کۆمەڵناسە دەبێتەوە، بریتیە لە بەکارهێنانی چەمکی گونجانی ئۆرگانیکی، لەم بارەیەوە ڕەخنەی ئەوە ئاڕاستەی پارسۆنز دەکرێت کەوا ئەم چەمکە( گونجانی ژینگەیی) لەلایەکەوە چەمکێکی ئاڵۆزە و پارسۆنز وەك پێویست ڕونکردنەوەی لەبارەوە ئەنجامنەداوە، لەلایەکی دیکەشەوە مەرج نییە کە توانای گونجاندن لەگەڵ ژینگەی دەرەوەدا هەموکات

ببێتــەهۆی پێــشکەوتن " پارسـۆنز" بێئاگایــە لــەوەی کــە توانــای خۆگونجانــدن لەلایــەن کۆمەڵگــە هاوچــەرخەکانەوە دەبێتــەهۆی بــەهێزبونی هەیمەنــەی ئــەم کۆمەڵگایانــە و هەرچــی زیــاتر دەستبەســەردا گــرتن و پەراوێزخــستن و تەنانــەت تێکشکانی دانیشتوانی کۆمەڵگە دواکەوتوەکان" [٣٥] .

★★★★★

## پەراوێزەکان


(١ ) دنكن ميشيل، معجم علم الاجتماع، ترجمه:احسان محمد الحسن، :ص ٢٧٤.

(٢ ) لوسي مير، الانثروبولوجيا الاجتماعية، ترجمة:شاكر مصطفى سليم، دار الحرية، بغداد، ١٩٨٣:ص٣١

(٣ ) اندروويسبر، مدخل الى سوسيولوجيا التنمية، ترجمة: حميد يوسف، دارالشؤن الثقافية، بغداد، ١٩٨٦، ص٩

(٤ ) نيقولاتيماشيف، نظرية علم الاجتماع، ترجمة: محمد الجوهرى و اخرون، الطبعة الخامسة، دار الكتب الجامعية، القاهرة، ١٩٧٨، ص٥٨

(٥ ) اندرو ويسبر، هەمان سەرچاوە، ل٩

(٦ ) هەمان سەرچاوەی پێشو، ل٦

(٧ ) ه س پ :ل ٦

(٨ ) نيقولا تيماشيف، المصدر السابق، ص ٨٥

(٩ ) George Ritzer، Classical Sociological Theory، Second edition، The Mcgraw-hill Inter national Editions، ١٩٩٦، P :١٥٢

(١٠ ) نيقولا تيماشيف، المصدر السابق، ص ٨٥

(١١ ) روبرت ماكيفر و شارلز بيدج، المجتمع، الجزء الثالث، ترجمة : سمير نعيم احمد، مكتبة النهظة المصرية، القاهرة، ١٩٧٠، ص ٩٨٠

(١٢ ) غازي فيصل، التنمية السياسية في بلدان االعالم الثالث، المصدر السابق، ص ٣٢.

(١٣ ) بابـەك ئەحمـەدی، مـۆدێرنێتی و قـەیران، وەرگێڕانـی: ڕێبـوار سـیوەیلی، گۆڤـاری سـەردەم، ژمـارە ٥، دەزگـای چـاپ و پەخـشی سـەردەم، سێمانی، ١٩٩٩، ل ٢٢.

(١٤) نيكوس بولانتزاس، السلطة السياسية و الطبقات الاجتماعية، الجزء الاول، ترجمة:عادل غنيم، دارابن خلدون، بيروت/لبنان، ص:١٥٣.

(١٥ ) اندرية غوندر فرانک، برجوازية الرثة و تطور الرث، ترجمة: الهيثم الايوبي و اكرم ديرى، دار العودة، بيروت، ١٩٧٣، ص ٩٣

(١٦ ) نفس المصدر، ٩١







(١٧ ) اندرو ويسبر، مدخل لسوسيولوجية التنمية، الصدر السابق، ص٦٣.

(١٨ ) نيقولا تيماشيف، نظرية علم الاجتماع طبيعتها و تطورها، الصدر السابق، ص١٧٢.

(١٩ ) اندرو ويسبر، مدخل لسوسيولوجية التنمية، الصدر السابق، ص٦٢.

(٢٠ ) اميـل دوركـايم، في تقـسيم العمـل الاجتمـاعي، ترجمـة : حـافظ الجمـالي، اللجنـة اللبنانيـة للترجمـة الروائـع، المكتبـة الـشرقية، بيروت، ١٩٨٢، ص٣٠٢.

(٢١ ) نيقولا تيماشيف، المصدر السابق، ص١٧٢.

(٢٢ ) نفس المصدر، ص١٧٢.

(٢٣ ) اميل دوركايم، في تقسيم العمل الاجتماعي، المصدر السابق، ص ١٠٤-١٠٧.

(٢٤ ) خضر زكريا، نظريات سوسيولوجية، الطبعة الاولى، الاهالي للطباعة و النشر، سوريا، ١٩٩٨، ص١٣٦

(٢٥ ) بابەك ئەحمەدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

(٢٦ ) ماكس فيبر، الاخلاق البروتستانتية و روح الراسمالية، ترجمة: محمد علي مقلد، مركز الانماء القومي، بدون سنة الطبع، ص١٦

(٢٧ ) غازي فيصل، التنمية السياسية، في العالم الثالث، المصدر السابق، ص ٢٣.

(٢٨ ) ماكس فيبر الاخلاق البروتستانتية و الروح الراسمالية، المصدر السابق، ص ٣١

(٢٩ ) ارفنج زايتلن، النظرية المعاصرة في علم الاجتماع، ترجمة: محمود عودة و ابراهيم عثمان، منشورات ذات السلاسل، كويت، ١٩٨٩، ص: ١٠٠

(٣٠ ) غازي فيصل، التنمية السياسية في بلدان االعالم الثالث، المصدر السابق، ص ٢٧.

(٣١ ) ارفنج زايتلن، النظرية المعاصرة في علم الاجتماع، المصدر السابق، ص ١٠٢ .

(٣٢ ) تالكوت بارسونز، قـضايا تنمويـة في المجتمـع، في كتـاب مـن الحداثـة الى العولـة، تـاليف : ج تيمـونز و ايمـي هايـت، ترجمـة : سمـر الشيـشكلي، سلسلة عالم المعرفة، ٣٠٩، ص ١٢٧.

(* ) دامەزراندنی چەندین سایتی ئەنتەرنێت و کەناڵی ئاسمانی که بانگەشـە بـۆ بـیرو بـاوەرە تەقلیدیـەکان دەکـەن و بـەکارهینانی تـازەترین هۆکارە تەکنەلۆجیەکان لە کردەوە تیروریستیەکاندا ڕاستی ئەم بۆچۆنە دەسەلمێنن.

(٣٣ ) س . رايت ميلز، الخيال السوسيولوجي، ترجمة:صالح جواد كاظم، دارالشؤن الثقافية، الطبعةالاولى، بغداد، ١٩٨٧، ص:١١-٤١.

(٣٤ ) محمد علي محمد، علم الاجنماع و المنهج العلمي، دار المعرفة الجامعية، القاهرة، ١٩٧٨ ص:١٣٨.

(٣٥ ) ارفنج زايتلن، نظرية معاصرة في علم الاجتماع، المصدر السابق، ص: ١٠٣.





هەواڵنامەی کتێب

# باکوری کوردستان

## خەباتی پارتایەتیو ڕێکخراوەیی ناسیۆنالیزمی کورد

( ١٩٨٠ — ١٩٤٦)

بەشی دووەم

ماجید خەلیل

### باسی دووەم :دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا.. پێکهاتەو ئاما نجەکانی .

دامەزراندنو دروستبوونی کۆمەڵە ڕۆشنبیریەکانو یانە خوێندکاریەکانی گەنجانی کورد، لەگەڵ قۆناغی جیابوونەوەیان لە پارتی کرێکارانی تورکیا، زەمینەی سەرهەڵدانیان بە شێوەی پارتی سەربەخۆ بۆهاتە گۆڕێ، ئیتر چەندین پارتو لایەنی سەربەخۆی کوردی نەتەوەیی لەدایکبوون، لەگەڵ ئەوەشدا پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا پێش پەرتبونی ناسیۆنالیستە کوردەکان لە پارتی کرێکارانی تورکیاو جیابونەوەیان وەکو تەنها ڕێکخستنێکی کوردی سەربەخۆ بوونی هەبوو، کە خۆیان لە فۆرمی ئایدۆلۆژیای پەرتو جیاجیادا دەدایەوەو زۆرجاریش لەنێو پێکهاتەی پارتەکەدا چەند بەرەیەکی جودا سەریان هەڵدەدا، ئیتر هەموو ئەم پارتانە بەشێوەی نهێنی لە تورکیادا کاریان دەکرد، بە تایبەتی لە ناوچە کوردیەکاندا، هۆکاری نهێنی کارکردنی ئەم پارتە کوردیانەش دەگەڕایەوە بۆ دەستوری ساڵی ١٩٦١ز تورکیا، بەپێی ئەو دەستوورە دروستکردنی





هەموو ئەو پارتە سیاسیانە قەدەغە بوو کە خەباتدەکەن بۆ بەدیهێنانی مافی نەتەوەکانی تر، بەتایبەت کوردەکان، لە ماددەی (٥٧)ی دەستوری تورکیادا هاتبوو " پەیڕەوو پرۆگرامو چالاکیەکانی پارتە سیاسیەکان پێویستە لەگەڵ (پڕەنسیپی) یەکپارچەی دەوڵەتو نەتەوەی تورکیا کۆك بێت".

ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیاش لە کاتێکدا بوو، کە ساڵی ١٩٦٣ز ڕۆژنامەی قاهیرەی (الحقیقە) ئاشکرای کرد، کە نوێنەرانی تورکیا،عێراق، ئێران لە بەغداد کۆبوونەتەوەو لەوێدا پلانێکی سەربازی بەرفراوانیان بۆ لەناوبردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد دارشتووە، دیارە ئەو ڕێکەوتنە هەوڵێك بوو تا دەرگا سنووریەکان لەسەر کوردی پارچەکان داخەنو کاریگەری کوردایەتی لەسەر یەکتر بمرێنن، بەڵام لەم کاتەدا پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا لە دایکدەبێت، ئەم لە دایکبوونە لە فۆرمێکی نوێدایە، کە تیایدا نیشتیمانپەروەرانی کورد، وەکو ئەلتەرناتیڤێك ئەم پارتەیان بەکارهێنا تا لە پێناوی بەرژەوەندی کورد کار بکەن[1] .

دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا ڕووداوێکی زۆر گرنگە[2]، لەبەرئەوە ئەم پارتە یەکەمین ڕێکخستنی سیاسی نەتەوەیی کوردە، چونکە پێکهاتەی ئەم پارتە سیاسیە، کە لە ساڵی ١٩٦٣ دامەزرا، کوردانی لە چوارچێوەی هەموو چینە کۆمەڵایەتیو بۆچوونە جیاوازە سیاسیەکاندا کۆکردبوویەوە، ئەم تایبەتمەندیە لە پارتێکی لەم جۆرەدا تا ئەوکات زۆر دەگمەن بوو، پارتی هەموو ئەو پێکهاتە جیاوازانەی لەچوارچێوەیەکدا کۆکردبوویەوە تا پەیوەستبن بە کارکردن لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو ئابوری کوردستانو دانان بە مافی نەتەوەی کوردو پێشکەوتنی توراسی ڕۆشنبیری کورد بکەنە ئامانجیان[3]، ئەم پارتە بە وتەی کریس کۆچێرا لەلایەن نەتەوە پەروەرانی

کوردەوە دروستبوو، کە ئەزموون و نموونەیان لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە وەرگرتبوو، کە ئەو بە پارتی دیموکراتی بارزانی ناوی دەهێنێ[4]، هەروەها بۆچوونێکی تر زەمینەی دروستبوونی ئەم پارتە دەگەڕێنێتەوە بۆ گروپی (٤٩)کان، کە پێی وایە ئەوان ئەوکات دەیانتوانی لە ڕێگای جوڵانەوەی بارزانییەوە ببنە ڕێکخراوێک، بەڵام ئەو کاتە زەمینەیان بۆ نەڕەخسا ، ئەم ڕێکخراوە وەکو ڕێکخراوێکی فراوان و خاوەن بەرنامە، چاودێران پێیان وایە لە دوای ڕێکخراوی خۆیبوونەوە کە لە ساڵانی ١٩٣٠ یەکەمین ڕێکخراوی کوردی بوو، جارێکیتر سەرهەڵدەداتەوە، بەڵام ئەمجارە پێیان وایە وەکو درێژکراوەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقە[5]، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە کوردستانی باکووریش لەگەڵ ئەو حوکمە دیسپۆتیزمەی کە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی و بە پێی یاسا بەکاریدەهێنا دژی کورد، بە هیچ جۆرێک دەستبەرداری ویست و ئارەزووی سەربەخۆییان لە دەست نەداوەو سۆزو هاودەردییەکی قوڵ سەبارەت بەبرایانی خۆیان لەکوردستانی باشوور دەردەبڕی، کە دروشمی (کوردستان یان نەمان) یان کردووەتە پیشەی خۆیان، کوردەکان خۆیان بە گەلێك دەزانن، کە پیلان و سیاسەتە دەرەکیەکان وڵاتی ئەوانی پارچە پارچە کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا هەستی مەزنی نەتەوەیی و کولتوری و زمان، تا ئەوکاتیش ئیحساسی وانی پێکەوە پەیوەست کردبوو، هەموو ئەو سنورە دەستکردانەی بەهۆی جەنگ و سیاسەتە دەرەکیەکانەوە بەسەر نیشتیمانی ئەواندا سەپابوو، نەبوبویە هۆی ڕەوینەوەو لە دەستدانی ئەم هەستە قوڵەی کاریگەری و هاریکاریکردن[6]، هەر لەبەرئەمەش بوو لە باکوری کوردستانداو لە سێبەری زوڵم و ستەمی پارتە شۆفێنیەکانی تورکدا، لاوە نەتەوەییەکان و ناسیۆنالیستەکانی کورد پارتی دیموکراتی کوردستانیان درووستکرد، کە خواستی حوکمی خۆ بەڕێوەبەری و





ڕۆشنبیری و زیندووکردنەوەی فەرهەنگی کوردی دەکرد[7]، ئەم پارتە بە ڕاوێژکاری فەهمی بیلال، کە ڕاوێژکاری سەردەمی شێخ سەعیدی پیران بوو، بەشێوەیەکی فەرمی لە ڕۆژی (١١)ی تەمووزی ١٩٦٥ز لە باخی کۆشکی قازی لە دیاربەکر دادەمەزرێ، پارتەکە لەسەرەتادا لەلایەن پێنج لاوی ناسیۆنالیستی کوردەوە دروستدەبێت کە پێکهاتبوون لە :

**یەکەم : سەعید ئاڵچی.**

سەعید ئاڵچی خەڵکی ناوچەی بینگولەو لە دایکبووی ساڵی ١٩٢٥ز، کەسێکی خۆ دروستکەر بوو، پیشەی ژمێریاری بوو ، بوبە سەرۆکی پارتەکە لەسەرەتادا..

**دووەم : شەعیر ئاپۆلۆ زومیر .**

شەعیر ئاپۆلۆ زومیر لە ساڵی ١٩٣٨ز لە پایکان لە دایك بوو بوو، خوێندنیشی لە ناوچەی سیرت خوێند بوو، بەڵام تەواوی نەکرد بوو، ناوبراو کارمەند بوو لە بەڕێوەبەرایەتی پۆستەو گەیاندن .

**سێیەم : دەروێش ئاڵ گۆڵ.**

بە سعدوش بەناوبانگ بوو، ئەم کوڕی دەرەبەگێکی خێڵی پەنجینارها بوو، لە ساڵی ١٩٣٥ لە کورتاڵانی ناوچەی سیرت هاتبووە دونیاوە، دواتر دوورخرابوویەوە بۆ سووریاو لەوێ خوێندنی ناوەندی تەواو کرد بوو، لە پاش لێبووردنی گشتی دەوڵەت لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٠ گەڕابوویەوە کوردستان ، دواتر ساڵی ١٩٧٣ بوو بە سکرتێری پارتی ناوبراو .

**چوارەم : عومەر تورهان.**

عومەر تورهان ئەمیش لە ساڵی ١٩٤٠ لە ئاروتی ناوچەی سیرت لە دایك بوو بوو، لەکاری ڕۆژانەیدا کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی خۆیی بوو .

**پێنجەم : درووناس.**

درووناس ساڵی ١٩٣٨ز لە دایك بوو بوو، ئەمیان تەنها کەسی ئەم گروپە بوو کە قوتابی زانکۆ بوو[٨]، هەربۆیە لەیەکەم دانیشتنندا بەسکرتێر دیاریان کرد.

بەم جۆرە ئەم حزبە لە پێکهاتەیەکی کرێکارو دەرەبەگو خاوەندار هاتە بوون، کە بە هیچ جۆرێك لە سەرەتادا مەیلی هاوکاری کردنیان نەبوو لەگەڵ هێزە چەپڕەوەکاندا[٩]، هەرچەندە فەهمی بیلال کەسێکی زۆر بە تەمەن بوو کە نزیکەی ٨٥ ساڵ دەبوو، بەڵام کەسایەتیەکی ئاڵۆز بوو، چونکە خۆی مارکسیەکی بێ باوەڕ بوو، لە هەمانکاتدا ئەندامانی حیزبەکەی هاندەدا، کە لەو شوێنەی شێخ سەعیدی تیادا نێژراوە، تەڵقینو فاتیحا بخوێنن، کە ئەمەش بۆ خۆی ئاماژەیەکی ڕونی دەدایە ڕادەی هۆشیاری پەروەردەییان، لە هەمانکاتیشدا حزبێکی ڕاستڕەوی لەم جۆرە بە ڕاوێژی ئەو دروستدەبێت، چونکە بە بڕوای فەهمی بیلالی ڕووناکبیری کورد، پێکهێنانی ئەم پارتە پاش چل ساڵ لە ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، تۆڵەیەك بوو لە جیاتی چارەنووس[١٠] ، دیارە لەم قۆناغەی کە ئەم پارتە ڕادەگەیەنرێ، لە تورکیادا حکومەتێکی نوێ تەشکیل دەکرێ، لەو هەڵبژاردنەدا پارتی عەدالەت زۆرینەی کورسیەکانی بە دەستهێنا بوو، پارتی گەلی کۆماریش ٢٨٪ دەنگەکانی هێنابوو، لە کاتێکدا پارتی عەدالەت ٥٢٪ دەنگەکانی بەدەستهێناوە، پارتی کرێکارانی تورکیاش تەنها٢,٢ ٪ی دەنگی هەبوو، بەمەش کوردەکان کە لەو پارتەدا بوون نائومێد بوو بوون، چونکە لەلایەکەوە پارتەکە تا ئەو کات دانی بە بوونیان نەنابوو، لەلایەکی ترەوە سەنگی خۆیشی لە دەستدابوو، تا بتوانێ شتێك بۆ کورد بکات گەر بیەوێ، بەم جۆرە سلێمان دیمریل بوویە سەرۆکی وەزیران، چونکە لە پارتی عەدالەت بوو، ئیتر دەرکەوتنی بزاڤەکان لە سایەی ئەم حکومەتەدا زیاتر سروشتێکی ئایینیو تائیفیان هەبوو[١١]،





هەر بۆیە پارتیش لەودەمەدا هەمان سروشتی لە خۆیدا دەنواند، بەڵام ئەم حزبە نهێنی بوو، لەبەرئەوەی هەمان ساڵ یاسای تورکی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان قانونێکی دەرکرد کەڕێگری دەکرد لە هەر پارتێکی سیاسی پەیوەست بە خۆیان، ئەمیش بە پێی مادەی ٨٩و مادەی ٩٠ لە یاسای پارتە سیاسیەکانی ژمارە ٦٤٨ کە لە تەمووزی ١٩٦٥ز ڕاگەیەنرا بوو، لەدەقی مادەکەدا هاتبوو " دامەزراندنی هەر پارتێکی سیاسی کە سروشتێکی وای هەبێ جەخت لە نەتەوەی جیاواز بکاتەوە یا لە بەرژەوەندی کەمینەیەکی نەتەوەیی بێ، ئەوە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە"، کە لێرەوە هەموو ڕێکخراوە کوردیە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی کوردستانی تورکیای دەگرتەوە چ نهێنی بن یان ئاشکرا، ئەو ڕێکخراوانەی کاریان دەکرد لە پێناو دانان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا لە تورکیا[١٢] ، پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا لە کاتێکدا دروستبوو، کە ڕادەی تواندنەوەی کورد لە کۆتا پلەیدا بوو، هەمان ساڵ دروستبوونی ئەم پارتە، بە یاسا قەدەغە کرا لە سەرژمێریەکاندا ڕەگەزی نەتەوەیی بنوسرێ، کتێبی (فاکت بوك) کە لەلایەن (سی ئای ئەی) ئەمەریکیەوە دەردەچێت، سەرژمێری کوردی بە ٢٠٪ی دانیشتوانی تورك دانا بوو[١٣] ، بەڵام لە کۆی ئەم ژمارە زۆرەی کورد تەنها دوو ملیۆنێك کورد مابوون کە هەستیان دەکرد بەخۆیان کوردن، ئەمانەش لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا دەژیانو تا ئەو کاتەش پێیان دەوتن تورکی چیایی، داپڵۆسین هەموو شتێکی گرتبوویەوە، ئەوان نکوڵیشیان لەو داپڵۆسینە دەکرد، چونکە مرۆڤ ناتوانێ شتێك داپڵۆسێ کە بۆنی نەبێ[١٤]، هەربۆیە لەم دەوروبەرەدا پێویستی لە دایکبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، هاتە ئاراوە پارتی لە دەوروبەرێکی کۆنە پارێزداو لەسەر دەستی ئەوانیش لە دایکبوو، ئەم پارتە بێ گومان نهێنی بوو، چونکە حزبێکی کوردی بە پێی پێناسەو یاسا نایاسایی

بوو، پارتی لە ڕووی ئایدیۆلۆژیەوە وەکو باسکرا لە پارتی دیموکراتی کوردستانی، مەلا موستەفا دەچوو، حیزبێک بوو تەواو نەتەوەیی و هیچ مەیلێکی بۆ لێکۆڵینەوە لە ناکۆکیە ناوخۆییەکانی نێوان ناسیۆنالیزمی بونیاد نراو لەسەر نەتەوەو ئاکارگەرایی و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی نەبوو، لەگەڵ هەندێکیش ئەم پارتە بە پێچەوانەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، چارەنووسی وابوو شوێنەوارەکانی هێندەی پارتەکەی کوردستانی باشوور کاریگەر نەبن، ئەم پارتە وەکو باسکرا لەسەر دەستی پێنج ناسیۆنالیستی کوردو بە ڕاوێژی فەهمی بیلال دامەزرا، سەرچاوەکان دەڵێن لەسەر دەستی (فایەق بو جاك) لە کانونی یەکەمی ١٩٦٥ دامەزراوە، پارتەکە بە ئاشکرا جوداییخوازانە نەبوو بوو[١٥]، دیارە ئەمەش کۆمەڵێ هۆکاری تایبەتی هەبوو، کە واقیعی ئەو سەردەمەی کوردستانی باکوور وایکردبوو بە میتۆدی خەباتی ڕزگاری خوازانەی پارتەکانەوە شوێنی خۆی بکاتەوە، ئەویش زەبرو زەنگی یاساکانی تورك بوو، کە ئەم شێوە میتۆدەی هێنابویە بوون، یان دەبوو کارکردنی کورد لەناو حزبە سیاسیە کلاسیکیەکانی تورکدا بێت، کە لە بچوکترین بەرینایی دیموکراسی ئەو پارتانە کەڵکیان وەردەگرت، یاخود دەبوو حیزبی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن[١٦] هەروەکو چۆن پارتی دیموکراتیان دامەزراند، بەڵام بەرنامەی ئەم حزبەش دیسانەوە تارمایی یاساکانی تورکی بەسەرەوە دیارە، بەرنامەی پارتی ناوبراو بە ڕەچاوکردنی ناچاریەکانی دەستوورو یاسای سزادانی گشتی دامەزرابوو، کە ماددەی ١٢٥ی بۆ چالاکی جوداخوازی بوو، لەو مادەیەدا سزای مەرگی بۆ هەر هەوڵێکی لەو جۆرە دانابوو، هەربۆیە لە پرۆگرامی پارتەکەدا نێوی ئۆتۆنۆمی و خۆ بەڕێوەبەری نەبرا بوو، ئەمەی خوارەوەش بەرنامەی پارتی ناوبراوە کە ئەم لایەنانەی دەگرتەوە :





**یەکەم** : دیاری کردنی سنوری ناوچەی کوردستان .

**دووەم** : زمانی کوردی، لەناو کوردستاندا دەبێت زمانێکی فەرمی بێت .

**سێیەم** : هەموو کارمەندو فەرمانبەرانی دەوڵەت لەکوردستاندا دەبێت کورد بن.

**چوارەم** : کوردان دەبێت لە پەرلەمان و حکومەتی ناوەندی بە ڕێژەی دانیشتوانی خۆیان نوێنەریان هەبێت .

**پێنجەم** : سێ لەسەر چواری سەرچاوەکانی کوردستان دەبێت بۆ بودجەی تایبەتی کوردستان تەرخانبکرێت، بەشێکیشی تەرخانبکرێت بۆ حکومەتی ئەنقەرە .

**شەشەم** : بەرنامە ڕێژی پرۆژەکانی ئاوەدانی و پیشەسازی، لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دەبێت و دەوڵەتیش لێی بەرپرسیارە .

**حەوتەم** : پێویستە ناوی ناوچە کوردنشینەکان بە فەرمی بناسرێت .

**هەشتەم** : پێویستە یاسای چاککردنی زەوی و کشتوکاڵ جێبەجێبکرێ و زەویەکان لە نێو جوتیاراندا دابەشبکرێن، هەنگاوی پێویستیش بنرێت لە بواری بانك و قەرز پێداندا .

**نۆیەم** : دروستکردنی لادێ لەو ناوچانەی کە چادرنشینی کوێستانی و هاوینەهەواری تێدایە تا بتوانن، لەوێدا ژیان بگوزەرێنن .

**دەیەم** : چاندنی توتن، کە ئێستا لە دەسەڵاتی تایبەتی دەوڵەتدایە، دەبێت بکرێتە تایبەتی، یان توتنی بەرهەمهێنراو پێویستە لە لایەن دێهاتیەکانەوە لە بازاڕی ئازاد بفرۆشرێت[١٧] .

تێبینی دەکرێت لەم بەرنامەیەدا ڕێگە چارەیەك گیراوەتە بەر، کە هەست دەکرێت چارەی جیاوازیەکی ئابووری گەورەی لە نێوان ناوچە دواکەوتووە کوردنشینەکانی خۆرهەڵاتی تورکیاو شوێنەکانی تردا کردووە[١٨]، یاخود لە

بەرنامەکەدا وشەی ئۆتۆنۆمیو خۆبەڕێوەبەری نابینرێ، ئەویش دەگەڕایەوە بۆ (دەستوورو یاسای سزای جوداخوازیو ترس لە ماددەی (١٢٥)ی دەستوور، هەروەها لەمەڕ پرسی کۆمەڵایەتی بەرنامەیەکی بونیادنەرانە بوو، لە هەمانکاتیشدا حزبەکە نەبوو بە حزبێکی چینایەتی، لەلایەکی تریشەوە لەم پارتەدا نیشاندرا بوو، کە خواستێك هەیە بۆ کۆکردنەوەی هەموو چینو توێژەکانی خەڵکی کوردستان لە دەوری بەرنامەیەك، کە ئومێدەوار بوون لە ڕێگایەکی دیموکراسیەوەو بە ئاشتی چارەی کێشەی کورد بکات[١٩]، فایەق بوجکی دامەزرێنەر، لە کوردەکانی شاری ئورفە بوو، ئەو پێشتر نوێنەر بوو لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی تورکیا، فایەق هەموو ئەوانەی لەدەوری خۆی کۆی کردنەوە، لە سەرەتادا نیشتیمانپەروەرو نەتەوەچیە بۆرجواکان بوون، بە وتەی بئوارئەلیما بەدەر لە کاریگەری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەسەریان کاریگەری کوردە ناسیۆنالیستەکانی سوریاشیان لەسەر بوو[٢٠]، ڕەنگە مەبەستی بئوار ئەلیما کاریگەر بوونی ئەم پارتە بێت بە پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا، چونکە ئەم پارتەش لەسەر دەستی نورەدین زازا ساڵی ١٩٥٧ دروستبوو بوو، کەپێش دەستگیرکردنیان لەلایەن دەوڵەتەوە ئامانجیان یەکێتی کوردستانو ڕزگار کردنی نیشتیمانی بوو، پاش ئەوەی ساڵی ١٩٦١، لە زیندان ئازاد دەبن، تێڕوانینێکی هاوشێوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیایان دەبێتو لە خواستەکانی پێشویان پاشگەز دەبنەوەو تەنها خواستگەلێکی ڕۆشنبیریو سیاسی بەرز دەکەنەوە[٢١]، ئەمەش لەو توندوتیژیەوە سەریهەڵدا کە دەسەڵاتی شۆڤێنی سوریا بەسەر ئەو حیزبەدا سەپاندیو زیاد لە ٥٠٠٠ کوردی لە یەك کاتدا توندی زیندانەکان کرد[٢٢]، کاریگەریەکەش ڕەنگە لەوەوە بوو بێت کە لە ساڵانی شەستەکانەوە کوردە بەرهەڵستکارەکانی تورکیاو عێراق ڕوویان کردبوویە





سوریاو لە شوێنو شارەکانی جەزیرەو عفرینو کوبانیدا کاریگەر بوونیان بە یەکتری زیاد بوو[٢٣] ، لە لایەکی ترەوە لە چۆنیەتی ڕێوشوێنی ڕاگەیاندنی پارتەکەشداو لە ڕاکێشانو سوێند دادانی ئەندامەکانیاندا کاریگەریەکانی بزافی ناسیۆنالیستی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەخوێندرێتەوە، کریس کۆچێرا دەڵێ " ئەوانیش هەروەکو دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، لە باخێکدا کۆبوونەوەیان کردو بە دەقی بەرنامەکەی خۆیان سوێندیان خواردو یەکەمین سەرۆکی خۆیان هەڵبژارد کە (سەعید ئاڵچی) بوو، هەروەها خواستی فەهمی بیلالیان هێنایە دی، کە لەسەرەتادا نەخشێکی گرنگی لە پارتەکەدا هەبوو، بەڵام ڕابەرایەتی درایە دەست، کەسێکی بە تەمەنتر، کە ئەویش نوێنەری شاری ئورفە (فایەق بوجاق)★ بوو، ناوبراو لە ڕۆژی ٢٠ی ئابی ١٩٦٥، سوێندی خواردو سەعید ئاڵچیش کرایە سکرتێری حیزب[٢٤]، فایەق کاریگەری زۆری لە نێو پارتەکەدا هەبوو، تا کاتێ ئەو ڕابەر بوو ململانێی توندو ئایدیۆلۆژی لە پارتەکەدا دیار نەکەوتبوو، تەنانەت سەرانی چەپیش وەکو هێزێك نەهاتبوونە پێشەوە لە ناو پارتەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا پارتی، نەیتوانی پارتێکی جەماوەری بێت، وا پێدەچێت هۆیەکی ئەم جەماوەری نەبونە کوژرانی فایەق بوجاکی دامەزرێنەرو ڕابەری پارتەکە بوبێت، ئەو ساڵی ١٩٦٦، هەشت مانگ دوای دامەزراندنی پارتەکەی کوژرا،[٢٥] پارتی لە سەرەتادا مەیلی ڕاستڕەوی هەبوو، چونکە هەستێکی بەهێز هەبوو لەلایەن حکومەتەوە بۆ دژایەتیکردنی هەموو کۆمۆنیستو چەپەکان، لەبەرئەوە بزافی سیاسی کوردی وەکو بەدیلێكو وەکو ڕێگایەکی تر ڕێگای ڕاستڕەوی بۆ بەکارهێنانی ئاغاو شێخو ئاینیەکانی کورد بەباش زانی بۆ خەباتکردنی ئەوقۆناغە ، هەروەکو چۆن لە پەیڕەو پرۆگرامدا ناسیۆنالیستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان باسیان لە جوداخوازی نەکرد بوو،

بەو جۆرەش ڕێگای ڕاستڕەویان بۆ خەباتی واقیعی کۆمەڵایەتی کوردی ئەوکاتە لاپەسەند بوو ، لەبەرئەوە لەسەر ئەساسی ئەو بنەمایە لە سەرەتاوە فایەق بوجاك لایەنگرانی خۆی کۆدەکردەوەو هانی دەدان بۆ کاری ڕێکخراوەیی، پاش کوژرانی ئەم پیاوە ساڵی ١٩٦٦ز لە لایەن پۆلیسەوە، سەعید ئاڵچی کە ناسیۆنالیستێکی کۆنە پارێز بوو، لەسەر هەمان بەرنامە کاری کرد، ئەویش لەشارەکەی خۆیەوە کە بینگول بوو دەستیکرد بە کۆکردنەوەی لایەنگر بۆ حزب، ئەو لە ماوەی دوو ساڵدا لایەنگرانی خۆی لە شارەکانی سیلڤانو ئامەدو باتمانو سیڤەرەك کۆدەکردەوە، ئیتر ئارادەیەك پارتەکە لە نێوەندی دەسەڵاتیشدا مەترسی دروستکرد بوو، ئەویش ساڵی ١٩٦٨ز زیندان کرا[٢٦]، لێرەوە قۆناغێکی تر لە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا خرایە نێو پێکهاتەی حیزبەکەوە کە پەیوەندیکردن بوو بە سەعید قورمزی تۆپراق، کە ئەویش یەکێك بوو لە کوردە چەپەکانی دەرسیمو لە زیندانەدا بوو[٢٧] تا پێش ئەو ڕابردووە سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیاش وەکو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە چینی موحافزکاری کورد ( سەرۆك عەشیرەکان، تەریقەت، شێخو بازرگان) پێکهاتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی خوێندەواری کوردی وەکو پارێزەر فایەق بوجاخو دکتۆر سەعید ئەڵچی بەڕێوەیان دەبرد، کە گرنگیو بایەخیان بە پەروەردەو گەشە کردنی دەوروبەریان دەدا، لەبەرئەوە ئەم دەستە کادێرە زیاتر کەسایەتی شێخ سەعیدیان بە بنەما وەردەگرتو لە وتاری چەپو ئەنتڵجێنسای کوردی ساڵانی ١٩٣٠ەوە دوور بوون[٢٨]، لەگەڵ ئەوەشدا پارتی وەکو پارتی کوردستانی باشوور، وتاری چەپ لە ناویدا سەریهەڵداو کاریگەری لەسەر لاوان دانا، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە فیگۆرێکی چەپی جیاواز لە فیگۆری ناسیۆنالیستی کلاسیك دەرکەوێت، دکتۆر شوان، کە دواتر باسی لێوە





دەکەین، نموونەی ئەم فیگۆرە بوو، چەپی تورك وەکو دینامیکێك لەباری ئایدیۆلۆژیەوە جوڵانەوەی کوردی بەخۆیەوە دەبەستەوە، ئەمەش لە دوو بەش بوونی (٤٩)ەکانەوە سەریهەڵدا، کە لێرەوە لە نێو پێکهاتەی پارتیدا ناسیۆنالیستی چەپو ڕاست سەریهەڵدا، کە هۆکارەکەیشی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە چلونۆکان ڕیشەی کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەبوو، قۆناغی پڕ لە جووڵەی چلو نۆکان مۆری خۆیان لە سیاسەتی شەستەکاندا هەبوو[٢٩]، لەبەرئەوە وتاری کوردی لەناو پارتیدا ناوەڕۆکێکی لە وەلای نەتەوەگەراییەوە بەخۆوە گرتو خۆی بە بەشێك لە کرێکارو گوندیەکانی گەلانێك دەزانی کە لە دژی ئیمپریالیزم شەڕیان دەکرد، لەبەرئەوە ئەم تایبەتمەندیە دوو لایەنییەی جوڵانەوەی کوردی زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی باشی پێ بەخشی بوو، بۆ نموونە لە کۆبوونەوەو ڕێپێوانەکانی ساڵی ١٩٧٦دا ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە حەوت شاری کوردیدا بەشداریان کرد، هەر لەبەرئەم چالاکیانەی پارتیش بوو کە سەرکردایەتی عەسکەری دۆخی نایاسایی لە ویلایەتەکانی دیاربەکرو سیرت ڕاگەیاندو لە بەیاننامەیەکدا دۆخە نائاساییەکەیان بڵاوکردەوە، کە بەئەرکی زانیبوو چالاکییە عەسکەریەکانی خۆیان دەربارەی تەمێکردنی خەڵکەکە ڕوون بکەنەوە، لە بەیاننامەکەدا هاتبوو" لە ئەنجامی هەزاران زمان لە یەکتردان زیاتر لە ١٠ هەزار کەس گیراون"، هەربۆیە لە ئایاری ١٩٧٢زدا دادگەی نائاسایی دەستی کرد بە پرۆسەی دادگاییکردنی ئەندامانو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، لەناویاندا (عەبدولقادر ئۆکەتمان، سێبان بیلگیدچ، ئاگیت تانرپکلو، عارف زێرێك، خورشید ئۆنۆك، محمد تەبغان، تاهیر ئۆکتیم، حەسەن ئۆکتیم، محمد قوندوس ڕەمەزان، فادیم نۆگلو، یوسف ئۆگلو، عبداللە کەیایپ تەتار، عبدالجمیل ئێرکان، سەبری ڤێسق شەرەفەدین ئێڵجی، نورەدین عیشق، فازیل چەخت پی،

نادر چەخت چی ئەحمەد قادیار، یوسف بێلف، عەبدی ئۆنار، سەلاحەدین تەیمورتاش، تەها قەرەنتاش، فەخرەدین یاوز، سولێمان خاك فان، موسا عەنتەرو زولكۆ شێخین)و چەند كەسێكی تریش كە حوكمی غیابی دران، كە ئەو كات لە دەرەوەی وڵات بوون لەوانە : ( دكتۆر سەید ڤیزمیزی تۆپ ڕەق، فایەق ساوش، نازم بالكاس، حیكمەت بولتەڤینە، حەسەن ئیكلمیشو عەلی قەپلان) هەموو ئەمانە حكومی جیاجیایان بەسەردا سەپێنرا[٣٠]، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین پارتی دیموكراتی كوردستانی توركیا توانیبووی شوێنی خۆی لە نێو كوردانی ڕووناكبیرو عەشایەرو ئایدیۆلۆژیا جوداكاندا بكاتەوەو وەكو مەترسیەكیش ڕوو لە دەسەڵاتی سیاسی بنێ، بەڵام دابەشبوونی پارتی لە ئاكامی كاریگەریەكانی نێو پێكهاتەی حیزبو كاریگەریەكانی پارتی دیموكراتی كوردستانی باشوور، دواتر ئەم بزاڤەی بە ئاڕاستەیەكی تردا برد .

## دابەشبونی پارتی دیموكراتی كوردستانی توركیاو زەمینەی دروستبونی پەكەكە

### باسی یەكەم: دابەشبونی پارتی دیموكراتی كوردستانی توركیا

پارتی دیموكراتی كوردستانی توركیا لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٥ – ١٩٧٥ بەهێزترین پارتی كوردی بوو لەمەیدانی سیاسی كوردستانی باكوردا، كە كوردانی ناسیۆنالیستو نیشتمانپەروەران لەدەوری كۆ بووبونەوە، بەهێزترین ڕێكخستنی سیاسیشی هەبوو لەنێو ڕیزەكانی جەماوەری كورددا[٣١]، بەڵام لەسەرەتای دروستبونیەوە تا ساڵی ١٩٧١ز نەیتوانی لەو شوێنانەی ئۆرگانی حزبیو ڕێكخستنەكانی خۆی لێیە، جێگای خۆی وەكو حزبێكی جەماوەری بكاتەوە، دەكرێ هۆكاری ئەوەش كۆنە پارێزی پارتەكە بێت، یاخود پەیوەندی بە





ئایدۆلۆژیاو واقیعی پارتەكەوە بێت، چونكە فایەق بوجاكو دواتریش سەعید ئاڵچی هاوشێوەی ڕاستڕەویەتی توركەكان بون لەمومارەسەی سیاسیدا، هەربۆیە پەیامەكانیان پەیامێكی كۆنەپارێزی بوو، ئەوان زیاتر پێڕەویان لەئاغاكان دەكرد، ئاغاكانیش لەگەڵ ئەنكەرەدا خۆیان گونجاندبوو، ئیتر بەدوای بەرژەوەندی خۆیانەوە بوون، لەبارودۆخێكی وەهاشدا پارتی شتێكی وەهای نەبووكە بیخاتە ڕوو،[٣٢]ئەم پەیوەستیە بەئایدۆلۆژیای ڕاستڕەوی توركەوە بەجۆرێك بوو، كە هێزەكانی ئاسایشی تورك بەتەواوەتی ئاگاداری جموجوڵەكانی پارتی بوون، ئەوەبو پاش كوژرانی فایەق بوجاكی ڕابەریان بەدەستی میتی توركی ساڵی ١٩٦٦، سەعید ئاڵچیش ساڵی ١٩٦٨ دەستگیركرا، لێرەوە زیندانو كۆبونەوەی هەڵسوراوە ناسیۆنالیستەكانی كورد لەنێو بەندیخانەكاندا وەكو قوتابخانەیەك بیرو بۆچونی جیاخوازی تیادا پیشان دەدا، لێرەوە ئەندامە گیراوەكانی پارتی لەگەڵ سەعید قورمزی ئۆپراق بونە دۆست، ئەو نازناوی دكتۆر شوان بوو [٣٣] ، شوانیش ئایدۆلۆژیایەكی چەپی هەبوو، هەرئەویش دواتر دەبێتە باڵێكی چەپڕەوی نێو پارتی، كە دواتر دەبێتە هۆی جیابونەوەو كەرت بونی حزبەكە، دیارە ئەمەیش تایبەتمەندیەكی دوولایەنانەی دابوویە ناسیۆنالیستی كورد لەو قۆناغەدا، پارتی وەكو حیزبێكی ڕاستڕەو تەنها ڕۆژنامەیەكی نێوەندیشی نەبوو كەزمانحاڵی خۆی بێت، باوەڕەكانی هەرلەچوار چێوەی كۆمەڵە پەیامێكدا بوو بەزمانی توركی و زمانەكانی تر بڵاوی دەكردنەوە، ئامانجی ناسیۆنالیستەكانی نێوی خەباتكردن بوو لە پێناو مافی ئۆتۆنۆمی و ڕۆشنبیری بۆ گەلی كورد لە چوارچێوەی توركیادا، هەرچەندە ئەم شێوە گوتارە كاریگەر بوو لە نێوچە كوردیەكاندا ، بەڵام گوتارەكانی زیاتر كاریگەر بوون بە میتۆدی پارتەكانی پارچەكانی تر كە ئێران و عیراق و سوریا

ئەوانەی کەنوێنەرایەتی گەلی کوردیان دەکرد لەو قۆناغەدا، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، کەبەتەواوی شوێنی تەواویان لەباکوری کوردستاندا بەجێهێشتبوو، هەرئەمەیش وای کردبوو پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا ڕەنگدانەوەو کاریگەری سەر سنورەکانی عیراق و تورکیایان بەتەواوی لەسەر بێت [٣٤]هەربۆیە لیبڕالانەو ڕاسترەوانە دەیڕوانیە کێشەکان‌و خەباتێکی زانستی نەبوو، هەرگیز سەرکردایەتی پارتەکە بیریان لەوە نەدەکردەوە کەهاریکاری لەگەڵ هێزی چەپڕەودا بکەن، ئەوان پێیان وابوو بیروباوەڕە چەپڕەوەکان مەترسین لەسەر پارت و گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی [٣٥]، لەبەر ئەوە زیاتر ئەم پارتە ئاڕاستەی پارتەکانی پارچەکانی تری کوردستانی گرتبوو، نەك ئەو تایبەتمەندیە بەرفراوانەی چەپ و هێزی چەپڕەو کەباکوری کوردستانی گرتبویەوە ، پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا ساڵی ١٩٦٦ ز لە کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بەشداری کرد، کەلە کوردستانی عیراق بەسترا، هەر لەو قۆناغەشدا بڕیاری پێشکەشکردنی هاریکاری دا بۆشۆڕشی ئەیلول لەکوردستانی باشور، کەشۆڕشێك بوو دژی حکومەتی ئەو کاتەی عیراق، ئەمە وایکرد حزب لەناو خۆیدا وردەوردە باڵی چەپڕەوی تیایدا زاڵ بێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی خاوەن زەوی و ئاغاکانی حیزب تەنازولیان کرد بۆدەسەڵاتی تورکی، لەبەرامبەر پاراستنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیاندا، لەلایەکی تریشەوە ڕەگەزی چەپ لەناو حزبدا بەرەنگاری فشارێکی زۆرتر بویەوە[٣٦] ، دیارە زاڵبونی ئەم باڵەو گەشەکردنی لەنێو پارتیدا دەگەڕێتەوە بۆ خودی دکتۆر شوان ، ئەو ناوی ڕاستەقینەی سەعیدی قرمزی توبوراق بوو لەسەرەتادا خەریکی خوێندنی پزیشکی بوو لەزانکۆ، ناوبراو ساڵی ١٩٣٦ لەخێزانێکی هەژاری دێهاتەکانی دێرسیم لە دایکبووبوو، دایکیشی لە هەکاریدا فەرمانبەربوو ، شوان هەستێکی کوردانەی





هەبوو، پێشتر لەگەڵ ٤٠ کەسدا ئاسایشی تورك زیندانی کردبوو، ئیتر لە زیندانندا فێری وانەی شۆڕشگێڕی بووبوو، کاتێك ساڵی ١٩٦٠ ئازادکرا بیروباوەڕە چەپڕەوەکانی خۆی لەگۆڤاری ڕابەریدا بڵاو دەکردەوە، ناوبراو وتارەکانی دەربارەی هەلومەرجی کوردستان بوو، سەرەتای خەباتی سیاسی لایەنگرێکی تۆخی پارتی کرێکارانی تورکیا بوو، دواتر پەیوەندیەکی ئاڵۆزی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیادا پەیداکرد، ساڵی ١٩٦٨ز دەچووە دیدەنی سکرتێری پارتی لە ئەنتالیا کەئەو کات تورکەکان زیندانیان کردبوون، لەهەمانکاتدا بەهۆی ئاشنایی لەگەڵ زمانی فەڕەنسی‌و گوێگرتن لەڕادیۆکانی دەرەوە، ئاگای لەبزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهانی سێهەم و ئەمریکای لاتینی بوو، شوان زیاتر کاریگەر بوو بەخەباتی جیڤاراو هاوسۆزی ئەو جۆرە خەباتەیش بوو، ئەو پێی وابوو تیۆری ناوچەی شۆڕشگێڕی (کەلەلایەن جیڤاراو کارستڕۆو ریجی دۆبرۆیە تیۆریزە کرابوو )لە کوردستانیشدا دەتوانرێ جێبەجێبکرێت، هەربۆیە بڕوای بەخەباتی شۆڕشگێڕانەبوو [٣٧]، بەمجۆرە دکتۆر شوان سەرەڕای کەمبونی پێشینەی سیاسی، کاریگەری زۆری لەسەر بزوتنەوەی کوردی تورکیا هەبوو ئەو ڕێگای سێهەمی هەڵبژارد ، ڕێگای خەباتی چەکداری و تیۆری ناوچەی شۆڕشگێڕی جیڤارا، بەمجۆرە تایبەتمەندی جوڵانەوەی کوردی لەتورکیا کەلە ژێر کاریگەری جوڵانەوەی کوردی عیراق و چەپی تورکیاوە پێشکەوتو بوو ، بەزاڵبونی باڵی دکتۆر شوان لەنێو پارتیدا ئیتر جوڵانەوەی کوردی لەتورکیا خۆی بەدرێژە پێدەری جوڵانەوەی کوردستانی باشور نەدەزانی ، ئەمە پاش ئەوەی لەکۆنگرەی چوارەمی پارتی کرێکارانی تورکیادا بۆیەکەمجار مارکسیەکان بڕوایان بەبونی نەتەوەی کوردو خەباتی ئەوان هێنا .

هەموو ئەم جیاوازیەش لەبیر کردنەوە بۆخەباتی ڕزگاری کورد ، زیاتر لە

زیندانەکانەوە چەکەرەی کردبوو، زیندانی دیاربەکر بوبویە زانکۆیەك کەبەردەوام باسی کێشەی کوردی تیادا زیندووبوو، ئەوەبوو ڕۆشنبیران و خوێندکارانی ناو زیندان بەسەر چەند ڕەوتێکی جیاوازدا دابەشبووبوون [38]، ئەم جەنجاڵیەی نێو زیندانەکان لە کاتێکدابوو کەحوکمی عورفی دژی چالاکی جوداخوازی ڕاگەیەنرابوو، تەنها لەشاری دیار بەکردا ٥٠٠٠کەس زیندان بوون، بەدەر لەوەیش سەرانی کۆدەتای ١٩٧١ پشتێنەی تورکیان دادەنا، کەبەبیانوی دامەزراندنی پرۆژەی کشتوکاڵی لەسنوری هاوبەشی عیراق و سوریادا تورکی قوبرسی و تورکەکانی قەوقازیان لەو پرۆژانەدا وەکو وەرزێر نیشتەجێ دەکردو کوردی ڕەسەنیان وەدەردەنا، مەبەستیشیان لەمەدا ئەوەبوو ڕۆڵەکانی کورد لە برا کوردەکانی عیراق دابڕن، بەتایبەتی لەوێندەر بارزانی پاش خەباتێکی ١٠ ساڵی توانیبوی مافی ئۆتۆنۆمی بەشێوەیەکی فەرمی لە دەستوردا جێگا بکاتەوە[39]، لەم ڕەوشە توندو تیژەی سیاسەتەکانی تورکیادا باڵی چەپڕەو لەناو پارتیدا بەتوندی سەریهەڵدابوو، لەم کاتەدا ئەوان تەنها خوازیاری مافی ئۆتۆنۆمی نەبوون ،جیا لەوەیش دەیانەویست مافی فەرهەنگی و بنیاتنانەوەی ئابوری و جڤاکێکی کۆمەلأیەتی بالأتر لە کوردستاندا دروستبکەن، ئەوەبوو باڵی دکتۆر شوان دواجار جیابونەوەی خۆیان لە پارتی ڕاگەیاند، دکتۆر شوان خۆی و گروپەکەی ڕوویان کردە کوردستانی عیراق تاوەکو خۆیان بۆڕووبەڕوبونەوەی چەکدارانە دژی تورکیا ئامادەبکەن، ئەم کارەی دکتۆر شوان مەلا مستەفای بارزانی بەرەنگاری کێشە کرد ، چونکە ئەو دەمانە پشتیوانی ئێران وتورکیای لەدەستدەدا لە خەباتی ڕزگاری خوازانەی دژی ڕژێمی عیراق [40]، دەکرێ ئەم پشتیوانیە تەنها مەبەست لێی ڕاگرتنی دۆخەکەبوبێ لەلایەن پارتیەوە تا بەجارێ چەندین دوژمنی بۆ ڕاست نەبێتەوە، هەندێك سەرچاوە دەڵێن دکتۆر





شوان پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە چەپەکانی تر (کۆمەڵەی ئازادی کوردستان ) هەبووە، لەسێپتەمبەری ١٩٦٩ ز چوەتە کوردستانی عیراق، مەبەستی ئەو کردنەوەی سەربازگەیەك بووە لەناوچەی بادینان لەنزیکی باتۆفە ، بۆئەوەی ببێتە مەدرەسەیەك بۆپەروەردەکردنی ئەو پێشمەرگانەی کەلەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیاوە دەنێردرانە کوردستانی عیراق تاوەکو سوود لە ئەزموونی پێشمەرگەکانی بارزانی وەربگرن، دکتۆر شوان لەم سەفەرەیدا ٣ کەس لە هاو خەباتانی لەگەڵدا بوو، ئەوەبوو ساڵی ١٩٧٠ کۆنگرەیەکیان بەست و پارتێکی نوێیان بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان لەتورکیا پێکهێنا، شوان دووبارە گەڕایەوە تورکیاو لەتەك ژمارەیەکی زۆرتر لەلایەنگرانی گەڕایەوە عیراق، ئەمەش پاش ئەوەی کودەتای ١٩٧١ز ڕویداو فشاری سەریان زیاتر بوو، سەعید ئاڵچی و باڵە ڕاستڕەوەکەی پارتیش لە وڵات مابونەوە، تاڕودانی ئەم کودەتایە، ئیتر ئەوانیش هەڵهاتن بۆکوردستانی باشور، ناکۆکی ئەم دووڕەوتە لە باشوریشدا زۆر زیادی کرد، سەرچاوەکان ڕۆڵی دەزگای ئاسایشی تورکیا (میت) لەتۆخکردنەوەی قەتڵی نێوان ئەمانەدا بەکەم نازانن [41]، نەك هەرئەوە میت ویستویەتی لەناوەوە کۆنترۆڵی ئەم پارتە بکات [42]،تەنانەت سەعید ئاڵچی لەلایەن گروپی بەرانبەرەوە تۆمەتبار دەکرا بەبەکرێگیراوی حکومەتی تورکیا[43]، هەربۆیە دکتۆر شوان لەپاش شەڕ وەستانی ئازاری ١٩٧٠ واتە بەیانی ١١ی ئازار، پێگەی چەپی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیای لە زاخۆدا دامەزراندبوو، ئەو کات ئاڵچی و شوان نوێنەری دووباڵی دژ بەیەك بوون لەیەك حزبدا [44]، هەربۆیە هەرلەناو حیزبەکەدا لایەنگرانی دکتۆر شوان دەناسران بە شوانیونو لایەنگرانی ڕاستڕەویش بەکوبانیەکان دەناسران .

**١/شوانیەکان:** هەموئەوانەبوون کەنوێنەرایەتی هێزە چەپڕەوە کوردیەکانیان دەکرد بێجگە لە فەرمانبەرو ڕۆشنبیرو کرێکاری شارەکان کەلە ڕیزەکانیاندابوون، هەروەها تەواوی جوتیاری نێو لادێکانیش لایەنگریان بوون، ئەمانە ئەندامە پێشینەکانی پارتی کرێکارانی تورکیا بوون، کادێرەکانیان زۆر بەنهێنی کاریان دەکرد، کە بڕواو متمانەی تەواویان بە سەرکردەکەیان دکتۆر شوان هەبوو، لەم ڕەوتەدا هێزێکی ڕێکخراوەیی و جەماوەری ئامادەیی هەبوو، هەروەها تەواوی ڕێکخراوەکانی تر سەر بەم باڵە بوون، وەکو یەکگرتوی ژنانی تورکیای دیموکراتی شۆڕشگێڕ، یەکگرتوی مامۆستایانی شۆڕشگێڕ ، یەکێتی سەندیکا کرێکاریەکانی شۆڕش، ڕێکخراوی لاوانی شۆڕشگێڕ، یانە ڕوناکبیریەکانی ڕۆژهەلات ، هەموو ئەمانە بەشێکبون لە سیاسەتی شوانیەکان بۆئەوەی شۆڕببنەوە بۆنێو جەماوەری کورد، کارەکانیان زیاتر لە شارە سەرکیەکانی وەکو وان و هەکاری و دیاربەکر بوو، هەموو ئەم هەوڵانەشیان لە چوار چێوەی بزوتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی تورکیادا بۆ سەندنی مافی نەتەوەیی کورد بوو[45]، سەرچاوەکان دەڵێن شوانیەکان پاش تیرۆرکردنی دکتۆر شوان جیابونەوەو لەژێر ناوی پارتێکی نوێدا خۆیان ئاشکرا کرد، دکتۆر شوان لەنێو سنوری دەسەلاتی شۆڕشدا کوژرا [46]، واتە باشوری کوردستان، ڕوداوەکەیش لەو کاتەدا بوو کەکودەتای تورکیا ڕویدابوو، ئەوەبوو سەعید ئاڵچیش هەڵهاتبوو بۆکوردستانی عێراق، ئەمەیش بۆدورکەوتنەوەبوو لە مەترسی توندو تیژیەکانی تورکیا، هەروەها بۆچارەسەری ناکۆکیەکانیشی بوو لەگەڵ دکتۆر شوان، سەعید مەبەستی ئەوەبوو دکتۆر شوان ناوی پارتەکەی بگۆڕێت، چونکە هەر لەژێر ناوی پارتیدا بەشێوەی سەربەخۆکاری دەکرد، هەربۆیە ئاڵچی هەوڵی دا بوو بگەڕێتەوە نێو حزبەکەی، تەنانەت پێیان وابوو بۆئەم مەبەستە دادوەری بارزانی پێویست





دەبێت، بەلام بەدەستتێوەردانی دەزگای میت و هەڵەی هەردوولا تاریکترین ڕووداوی بزوتنەوەی کوردستانی تورکیا سەریهەڵدا، سەعید ئاڵچی ڕۆژی ١ی تەموزی ١٩٧١ لەلایەن دکتۆر شوانەوە دەکوژرێت، ئیتر لایەنگرانی بەدیار نەمانی سەرکردەکەیان نیگەران دەبن، بۆئەم مەبەستەیش داوای لێکۆڵینەوەی پێویست لە بارزانی دەکەن، ئەویش ئەسعەد خۆشەوەی ڕادەسپێرێت تادەستبکات بەلێکۆڵینەوە لەگەڵ شواندا، دواجار دادگایی دەکرێت و ڕۆژی ٢٦ی نۆڤەمبەری ١٩٧١ لەلایەن پێشمەرگەکانی بارزانیەوە لەسێدارە دەدرێت، ئەم دوو کوشتنە مۆدێلێکی تاریك بوو لە مێژوی بزافی ڕزگاری کوردستان، کە مۆدێلی پاکسازی خوێناوی نێوان کوردبو [47] چونکە ململانێیەکی خوێناوی لەنێوان هەردوولادا دەستپێدەکات، تەنها لەشاری مەلازگرددا دوو هۆزی سەر بە دووڕەوتەکە نۆزدە کەس لەنێوانیاندا دەکوژرێت، دیارە باڵی ڕاستڕەو ئەو دەمە بە کوبانیەکانیش دەناسران .بەمجۆرە دوای لەسێدارەدانی دکتۆر شوان ئیتر ئەندامەکانی ، لەژێر ناوی پارتی کاری کوردستانەوە کاریان دەکرد، لەبەرامبەریشدا موستەفا توران پارتێکی سیاسی بەناوی پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی کوردستان لە دیاربەکر دامەزراند، ئەم پارتە خواستی سەربەخۆیی هەبوو، بەجۆرێك مەیلی پشتبەستنی نەبوو لەگەڵ هیچ هێزو دەوڵەتێکی دراوسێ، موستەفا ئایدۆلۆژیایەکی ڕووەو ماویزمی چینی هەبوو، لەبەرامبەردا دژبە سۆڤیەت بوو لە شێوەی کاری سەربازیو سیاسیدا، بەلام ساڵی ١٩٧٢ لە دۆخێکی شاراوەو نادیاردا لە بیمارستانێکی تورکیادا گیانی لەدەستدا[48] ، لایەنگرانی سەعید ئاڵچیش بەشێوەیەکی کاتی شەرەفەدین ئاڵچی دیاری دەکەن بە سەرۆکی پارتەکەیان تا لەکۆتایی ساڵی ١٩٧١ لەشاری دیار بەکردا پارتەکە کۆنگرەیەك دەبەستێتو دەروێش سەعدو وەکو سکرتێری خۆیان دیاری دەکەن[49] و دواتریش وەکو کوك خۆیان ئاشکرادەکەن کەدواتر باسیان دەکەین.

ب/ **کوبانیەکان** : هەمووئەوانەبوون کەئاڕاستەیەکی دژە چەپیان لە خەباتی ڕزگاریخوازی کوردیدا گرتبو ناوەکەشیان لە شێخ کوبانەوە هاتبوو کەسەرکردەی یەکێك بوو لە عەشیرەتە دیارو ناودارەکانی ناوچەکە لە دیاربەکرد، لەبەرئەوە ئەم حزبە تەواوی دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەت و عەشایەرو شێخەکانی لەدەوری خۆی کۆکردبویەوە، هەروەها خەڵکانی ئاڕاستە ئاینیش لە ژێر کاریگەری ئەم حیزبەدا بوون، بەجۆرێك لەشێوەی بونیەو تەرکیبی کۆمەڵایەتیەوە هاو شێوەی پارتی عەدالەتی تورکیا بوو، چالاکیەکانیشیان زیاتر لە شارە کوردیەکانی وەکو ئەرزرۆم و سیواس و دیار بەکرو مەلا تیەو مەلازگردا بوو [50]، ئیتر ململانێی ئەم دووحزبە لەنێوان یەکترداو نفوزی پارتی لەنێوان کاسبکارو زانایانی ئاینی و پیشەسازانی کورددا بەشێوەیەکی باش ڕەنگدانەوەی هەبوو، باڵی چەپ سەر بە بیرو باوەڕەکانی دکتۆر شوان بوو کەسوربون لەسەر خەباتی چەکداری، بەتایبەتی پاش ئەوەی لەنیوەی دووەمی دەیەی ١٩٧٠دا توندوتیژی گورگە بۆرەکان بۆسەر چەپەکان لەلادێو شارەکاندا زۆر تر بوبوو، ئەمە بێجگە لەناو زانکۆو گەڕەکە میلیەکانی ئەستەمبوڵ و ئەنکارە، ئەو پێکدادانانە قوڵایی کوردستانیشیان گرتبویەوە، کەتێیدا ڕێبازە سۆفیەکان و ئاغاکانیش ترسی کۆمۆنیزم دای گرتبوون [51]، هەردوو بزوتنەوەکەیش لەنێو لاوانی گوندنشیندا پێشکەوتنی بەرچاویان هەبوو، بەڵام بەهۆی دەستتێوەردانی میت و حکومەتی تورکیاوە توندو تیژی لەنێوان باڵی ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانی کوردەوە سەری هەڵدابوو، دەتوانرێت بگوترێت کە ستراتیژی ئەم توندو تیژیە ڕێگای بۆئاڵۆزیەکی گەورەتر کردەوە، موسا عەنتەر بەم شێوەیە باسی ئەو ئاڵۆزیە دەکات "من خۆم بەچاوی خۆم بینیم ڕێکخراوە کوردیەکان، لە هەرێمە کوردیەکاندا بەبێ ئەوەی پێویستیان بەدەوڵەت هەبێت یەکتریان لەنێو دەبرد





"،دەکرێت ئەم ڕەوشە بەشەڕێکی نێوخۆیی نێو ببرێت، لەلایەکەوە باڵی چەپ عەشیرەتەکانی وەکو فیودالی دەوڵەت نێو زەد دەکرد [52]، لەلایەکی ترەوە پاش کۆتایی هاتنی جوڵانەوەی بارزانی بۆناسیۆنالیستی کوردی تورکیا واتایەکی نوێ هاتە پێشەوە، کەخۆی لە تایبەتی بونی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا دەبینیەوە، لێرە بەدواوە پارتەکان کاریگەر نەبوون بە پارتەکانی پارچەکانی تر، یان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، ئیتر جوڵانەوەیەکی کوردی پشت بەخۆ بەستوی دژ بە ئەمریکاو ئیسرائیل و ئێران سەریهەڵدا، چونکە ئەم زلهێزانە دەستیان لە شکستی جوڵانەوەی کوردی باشوردا بە ئاشکرا دیار بوو، بەمجۆرە باڵەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا لەگەڵ کوردە ناسیۆنالیستە چەپەکانی ناو پارتی کرێکارانی تورکیا لەو قۆناغەدا چەندین پارت و ڕێکخراوی کوردیان دروستکرد، کەدواجار زەمینەیان بۆدروستبونی پارتێکی بەهێزی جەماوەری ، پارتێکی سەر سوڕهێنەری ئایدیۆلۆژی، وەکو پارتی کرێکارانی تورکیا خۆشکرد لە ساڵی ١٩٧٨ز.

**باسی دووەم: پارت و ڕێکخراوە کوردیەکان و زەمینەی دروستبونی پەکەکە**

لەباکووری کوردستاندا پاش هەڵوەشانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا بۆ دووبەرەی جیاواز، هەروەها پاش خۆڕاگەیاندنی ناسیۆنالیستە کوردەکانی ناو پارتە چەپەکانی تورکیا چەندین پارت و ڕێکخراوی کوردی سەربەخۆ دروستبوون، کەزیاتر لە ١٥ پارتی ڕێگا جیاواز لەتەنها ئامانجی بەدەستهێنانی مافەکانی کورددا خۆیان بینیەوە ئەوانیش ئەمانەبوون :

١. کوك - بزافی ڕزگاری کوردستان /نێوەند

٢.بزافی ڕزگاری خوازی کوردستان /کوك

٣. بزافی ڕزگاری کوردستان - کوکسی / ڕووەو سۆسیالیساتی

٤. پارتی پێشەنگی کارکەرێن کوردستان / پێشەنگ

٥. پارتی کرێکارانی کوردستان

٦.پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا/ پەکەکە

٧. پارتی سۆسیالیستی کوردستان

٨. تەڤگەرا سۆسیالیستی کوردستان

٩. ئالآی ڕزگاری - ترۆتیسکی

١٠. ئالآی ڕزگاری

١١. یەکیەتیا سۆسیالیستیا کوردستان

١٢. پارتی دیموکراتی کوردستان

١٣. پارتیا هێزێن وەلاتپارێزێ کوردستان (پارهێز)

١٤. شۆڕشگەری کوردستان

١٥. دەنگی کاوە [٥٣]

**یەکەم : پارتی دیموکراتی کوردستان (کوک)**

چەپەکانی ناوپارتی بەرە بەرە کۆنترۆڵی ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیایان کرد، ئەوانیش پاش کوژرانی دکتۆر شوانو سەعید ئاڵچی زۆرینەی حیزبەکەیان پێکدەهێنا، ئیتر خۆیان لە کۆنگرەیەکدا ڕێکخستەوە وەکو پارتێکی سەر بەخۆ،کە لەساڵی ١٩٧١ لەدیاریەکر بەستیان، دواتریش لەکۆنگرەیەکی تردا ساڵی ١٩٧٤ لە کۆبونەوەی هەشتەمی خۆیاندا لیژنەی ناوەندی حیزبیان دیاریکرد، کەئەمە بنەما بنچینەییەکانیانە کەلە سەری پێکهاتبوون: ئامانجیان دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسین بوو بۆکورد، کەپێیان وابوو ئەمەیش بەرێگەچارەی





شۆڕشێکی نیشتمانی و دیموکراتیو بەخەباتێکی جەماوەی دێتەدی کەلەمادەی دوی میتۆدەکەیاندا دامەزراندنی هێزێکی بەرگریکاری چەکدارانەی بەدروست زانیبوو، هەروەها پاککردنەوەی ناوچە کوردیەکان لەدەسەلآتی تورک و دامەزراندنی دەسەلآتێکی جەماوەری دیموکراتی لە کوردستان، لەلایەکی ترەوە دامەزراندنی بەرەیەکی دژە ئیمپریالیان بە ئەرکی خۆیان دەزانی، ئەوان دژی فیودالو فاشست و ئیمپریالیزم بوون، پێیان وابوو ئەم بەرەیە دەبێت هەموو بەشەکانی کۆمەلگای کوردی و هێزە دیموکراتیە نیشتمانیەکان بگرێتەوە[٥٤]، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان پێی وابوو هێزی جەماوەی کورد بریتیە لە جوتیار، هەربۆیە پێویستە لەچالاکیەکاندا بایەخیان پێبدرێت، پێویستە لە چینی ڕۆشنبیران خوێندکاران و پیشەگەرەکان و پێکهێنەرەکانی چینی ناوەند نوێنەر هەبێت، حیزب پێی وابوو دوژمنی سەرەکی ئیمپریالیزمە، ئەوانەی رێککەوتنی ئابوریو سیاسیان لەگەڵ تورکدا بەستوە دژی کورد، ئەمەیش لەمادەی ٦ ی حزبەکەدا هاتبوو، لەیەلاکی ترەوە میتۆدی حیزبەکە دیاریکردنی سنوری کوردستانی بەهەند وەرگرتبوو، سەرەڕای هۆکارە جوگرافی و ڕەگەزیەکان کەلەمادەی ٧دا چەسپابو، لە مادەی ٢٢ی بەرنامەکەیشدا دابینکردنی مافی ڕۆشنبیری و کلتوری نەتەوەکانی تری ناو کوردستان دیاری کرابوو، هەروەها خواستی پەیوەندی باش لەگەڵ ولآتانی ئازادیخوازی ناوچەکەدا لەمادەی ٢٦ی خۆیدا جێگای کرابویەوە، بەلآم نهێنی بونی پارتەکە ڕێگای بەزۆر جەماوەری بونی پارتەکە نەدەدا، هەروەها هێزێکی مادیو سەربازیو بەهێزی نەبوو بۆ تەحقیقی ئامانجەکانی [٥٥]، ئەم پارتە لەئۆکتۆبەری هاوینی ١٩٧٧ دا لە شاخێکی نزیک پارێزگای هەکاری کۆنگرەی خۆی بەستەوە، کەتیایدا ڕەگەزی چەپی شۆڕشگێڕ بالآدەستتر بوون، هەموو ئەوانەش کەفیودالو پارێزگار بوون بەتەواوی



هەواڵنامەی کتێب

حزبیان لێپاککرایەوە، ئەم حزبە ئیتر لەژێر ناوێکی شێوە ئاشکرای بەنێوی (کوك) کاری دەکرد، یاخود بەناوی ڕزگارکەرانی نیشتمانی کوردستان ناسرابوون، لێرەوە ڕێکخستنێکی شێوە جەماوەری بەهێزیان بونیاد نابوو، چونکە سەرکردایەتی حزب بڕوای بە ڕابەرایەتیەکی جەماعی هەبوو، بنکەکانیشی لە شارو شارۆچکەکاندا بەگەڕخستبوو،[56] حزب لەکۆنگرەی ١٩٧٧ سکرتێرێکی نوێیان بەناوی موحەمەد عەلی دینز هەڵبژارد، کە پارێزەرێکی خەڵکی ناوچەی جەزیرە بوو، ئەو لەشوێنی دەروێش ئاکگۆل هەڵبژێردرا ، دەروێش لە لاوە دامەرزێنەرەکانی پارتی بوو، پارتی بۆ ئەو قۆناغە ئامانجی سەربەخۆیی پەسەند کردبوو، ڕایشی گەیاندبوو کەئامادەی پەسەندکردنی بنەماکانی مارکسیست-لینینیست دەبێت، ئەوە بوو ئەم شێوە چەپڕەویە باڵی چەپی ناو پارتی ڕازی نەکردوو لەو کۆنگرەدا بەتەواوی بڕیاری جیابوونەوەیان داو بەفەرمی وەکو کوك ناسێنران، ئەوان زۆر بەتوندی ڕەخنەیان لەچەپی تورك دەگرت، کە ئەوانیش پارتەکانی سۆسیالیستو کرێکارانو کۆمۆنیزمی تورکیا بوون، کوك داوای دەکرد بۆچونەکانیان بەشێوەی نوێ دەربڕن،، هەروەها بەرژەوەندی خۆی بەچینی کرێکارەوە دەبەستەوە، خەباتی چەکداریشی بەتەنها دروشم دەزانی[57]، هەربۆیە راستتر ئەوەیە بڵێین ئەم پارتە ساڵی ١٩٧٧ لەدایك بووە، تەنانەت نەك لە پارتی تورکیا بەڵکو چاودێران بە جیابووەی دەزانن لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، بەتایبەتی لەدوای تیرۆری هەردو سەرکردەی وایلچیو سیواس، هەروەها نابودیو نسکۆی شۆڕی ئەیلولیش زیاتر ڕێگای بۆ سەربەخۆ کارکردنی کردەوە، هەربۆیە لاوە کوردەکانی باکوور لە کوکدا خولیا نەتەوەییەکانیان دەدیەوە، کەبەئازادی نەتەوەی کوردستانیش ناویان دەبرد[58]، زۆرترینی لایەنگرانیان لە شاری ماردینو ناوچەسنوریەکانی عیراقو سوریادا





بوون، ئەم پارتە تا ساڵی ١٩٨٠ بەردەوام بوو، ئەوکات لە هەوڵی یەکێتی دا بوو لەگەڵ گروپەکانی تردا، بەتایبەتی SPTK خواستیان ئەوەبوو بەرەکە بەنێوی بەرەی دیموکراسی یەکگرتو بێت، بەڵام بۆیان نەهاتەدی، کوك لە خەباتی کوردستانی باشور هاوسۆزیان دەنواند، تەنانەت زۆر هاوسۆزو پشتیوانی کوڕانی بارزانی مەسعودو ئیدریس بوون ، کەئەوکات پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەردەستیان هەستابویەوە، بەڵام تۆخبونەوەی توندوتیژی بیرە چەپڕەوەکان لەناو کوکدا بوبەهۆی لاوازیو پەرتەوازە بونی حزبەکە، کەدواجار ڕێگای بۆ سەرهەڵدانی گروپی چەپی تر کردەوە لە مەیدانەکەدا[59]

**دووەم :کۆمەڵەی فەرهەنگی دیموکراتی شۆڕشگێڕ**

ئەمانەیش ڕەوتێك بوون لە چەپەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، کەکاریگەر بونیان بەبیرو باوەڕەکانی دکتۆر شوان، لەژێر ناوی (کۆمەڵەی فەرهەنگی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) دا کاریان کرد، لە زۆرێك لە پارێزگاو قەزاکاندا لقی ڕێکخستنیان کردەوە[60]، سەرەتا کۆمەڵەکە عومەر ستەن دەیبرد بەڕێوە کە خۆی بەمیراتگری دکتۆر شوان دەزانی، ساڵی ١٩٧٤ سێ ڕێکخراوی سەربەخۆی لە ئەنکاراو ئەستەمبوڵ و ئەزمیر لەدەوری خۆی کۆکردبویەوە و چالاکیەکانیشی لە کوردستان فراوانکردبوو، عومەر پێی وابو بزوتنەوەی نیشتمانی دیموکراتیك دەبێت لەسەر پایەی ئایدۆلۆژیای مارکسیزم بێت، دوو بلاّوکراوەیان بەنێوی ژیانانو (ژیانی نوێ) و تیرك، دەردەکرد.

بیرو بۆچونیان وابو تەنها ڕێگا چارەی ئازادی و سەر بەخۆیی چوار بەشی کوردستان نەتەوەی کورد ڕزگار دەکات، هەربۆئەم مەبەستە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی ناوەندی بۆچوار بەشی کوردستان و خەباتی چەکداری پێشنیار

کردبوو، ئەودەمانە پارتی سۆسیالیستی کرێکارانی تورکیا ، حیزبی کۆمەنیستی تورکیا هەبون، بەڵام ئەوان ڕێگە چارەیان بۆکێشەی کورد لەدەرەوەی تورکیا لەبەرچاو نەدەگرت، هەربۆیە هەڵوێستی ئەم پارتە زۆر سەرسەختانە لایەنگری شورەوی و نەیاری چین بوو.[٦١]

### سێهەم: پارتی سۆسیالیستی کوردستان (ڕێگای ئازادی )

کەمال بورقای کەلە چەپی تورکی دابڕابوو، ئامادەیی خۆی بۆ دامەزراندنی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا دەربڕی، کەدواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆپارتی سۆسیالیستی کوردستان، ئەمەیش هەوڵێك بوو بۆچارەسەری کێشەی کورد لە چوار چێوەی دیموکراسیدا لەتورکیا [٦٢]، ئەم حزبە بەکۆمەڵی ڕێگای ئازادیش ناسراو بوو، ئەویش بەهۆی ئەو گۆڤارەی کەبەناوی ڕێگای ئازادی دەریان دەکرد، نموونەی ئەندامانی ئەم پارتە بەشێوەیەکی گشتی چڕکرابویەوە لەنێوان خوێندکارو ڕۆشنبیراندا، گۆڤاری ڕێگای ئازادی و ڕۆژنامەکانی ڕۆژی وڵات کەحزبەکە هەڵدەستا بە بڵاوکردنەوەیان ڕۆڵێکی گەورەی دەگێڕا لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی چەپڕەویدا، ئەم بڵاوکراوانە بەزمانەکانی تورکی و کوردی بڵاودەکرانەوە، کەبە شێوەی نهێنی و شێوەی ئاشکرا یاخود ئاشکرا لەو دەمانەی کەچاودێری حکومەت لاوازبوبو، بەتایبەتی لە کۆتایی هەفتاکاندا زۆر بڵاو دەکرانەوە [٦٣] دیارترین ئەندامەکانیان بریتی بوون لە ( ئیحسان ئاکسۆسی ،کەلە زینداندا دەقی پێکهێنانی ڕێکخراوی ڕێگای ئازادی ، ئامادەکردبوو )، ئیحسان لە ئاگری هاتووەتە دنیاوەو پاش تەواوکردنی کۆلیژی ماف ڕویکردبویە سیاسەت، ئەو لە زینداندا بەهاوکاری یەڵماز شامیلیل کەئەندازیار بوو لەگەڵ هەریەك لەنەزیف خەلیل [٦٤]و مەهدی زانا[٦٥]و کەمال بورقای کەپارێزەرو





سیاسەتمەدار بوو، بڕیاری دامەزرانی ڕێگای ئازادیان دا [٦٦]ئەم پارتە لەسەرەتادا لەگەڵ پارتی کرێکارانی تورکیا نزیکبوو، بەجۆرێك کەمال بورقای پێش ئەوەی ببێتە سکرتێر سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی تورکیای بۆ پێشنیاز کرابوو، بەڵام ساڵی ١٩٧٤ بویە سکرتێری گشتی ڕێگای ئازادی، دواتر لە کۆبونەوەیەك لەماڵی زیائاکار کەحەوت ئەندامی دامەزرێنەری ڕێگای ئازادی بەشدار بوون، پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیایان پێکهێنا، بەڵام تاساڵی ١٩٧٩ز هەربەناوی گۆڤارەکەیانەوە دەناسران و کاریان دەکرد، کەیەکەمین ژمارەی ساڵی ١٩٧٥ز دەرچوبو، ئەوەبو ئەم حەوت کەسە دامەزرێنەرە یەکەمین کۆمیتەی ناوەندی پارتەکەیان دانا، لەماوەی چەند مانگێکیشدا بەرنامەیەکیان دانا، کەژمارەشیان زیاد بوو بۆدوانزە کەس مەکتەب سیاسیان هەڵبژارد [٦٧]، ئەم حیزبە لەساڵی ١٩٧٩ ز بەشێوەیەکی خێرا ڕوی لە زیادی کرد، ئیتر وەکو پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا ناسێنران‌و بڕوای بەوەیش هەبوو کەتورك‌و کورد لەچوار چێوەی سیستەمێکی دیموکراتی و سۆسیالیستیدا دەکرێت بەیەکەوە لەتورکیادا بژین، پارتەکە پێی وابو کەدەکرێت لەئایندەدا شۆڕشێکی سۆسیالیستی لە تورکیادا ڕوبدا، بەبڕوای ئەوان کوردستان لەنەبەرددایە دژی فیوداڵەکان و تەنها چارەسەریش ئینقیلابێکی شێوە میللی دیموکراتییە، بەم ئینقیلابە دەتوانرێت دەسەلاتی دەرەوە لەکوردستان لابرێت، بڕوایان وابوو شۆڕشی دیموکراتی بەبێ وەسیلەی شۆڕشێکی سۆسیالیستی تەواو سەرهەڵنادات [٦٨]، نوسەرانی بەرنامەی پارتی سۆسیالیست بەم بابەتە دەستیان پێکرد کە دەڵێ" تەنیا یەك پارتی شۆڕشگێڕ دەتوانێت بۆئازادی نەتەوەیی ئێمە ڕابەر بێت " ئەوان بەڕەخنە لەڕابەری فیوداڵی – بۆشێوازی بارزانی لە کوردستانی عیراق هەڵوێستیان وەرگرتبوو، کەهێزی سەرەکیان لە ڕزگاری میللەتی بێکارو جوتیارو هەژاری

کوردستانەوە دەدی، ئەم هێزە شۆڕشگێڕە دەبێت لەدەرەوەی پارتێکی چینایەتی کرێکاران کۆبێتەوە، کەبەڕانمای مارکسیزمو لینینیزم بەڕێوە دەچێت، ئەوان پرسی کوردستانی گەورەیان بەخەیاڵی دادەناو چالاکی خۆیان تاکاتی (ئازادکردنی لانی کەم دووبەشی کوردستان بەمەبەستی یەکێتی ) لەناو خاکی داگیرکراو لە تورکیا سنورداركرد، بەبۆچونی ئەوان ڕزگاری کوردی تورکیا بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی چینی کرێکارو نەتەوەی ژێر دەست و بەرژەوەندی شۆڕش، بەهۆی تایبەتمەندی هەلومەرجی ئێستا لە دووحاڵەتدا پەسەند دەکرێت، یا بەشێوەی سەربەخۆیی یا دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆو دیموکراتی یا لە چوار چێوەی دەوڵەتی فیودالی دیموکراتی بە دووکۆماری بەهرەمەند لەمافی ئینسانی بەشی گرنگی کارەکانیان بوو، ئەم پێشنیازە بەمەبەستی نەهێشتنی کەم وکوڕی بڕیار نامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ڕاگەیەنرا ، کە ( دەزگا هاوبەشەکانی فیدراڵی ، لەزەمینەی سیاسەتی دەرەوە ،بەرگری ، ئابوریو ٠٠٠ هتد) بەیەکسانی تەواوی نێوان هەردوو لا بەڕێوە دەچێت، لەسەر ئەم داوایە سوربون کەلەم یەکێتیەدا دووکۆماری پێکهێنەری فیدراسیۆن، هەریەکەیان سەربەخۆو دەسەلاتدارن [٦٩] ، زیا ئاکار دەیووت " ئەگەر دەسەلاتدارانی تورك بنەمای یەکسانی ئێمە بەڕەسمی بناسن، ئێمە بۆ ڕێگا چارەی فیدراڵی ئامادەین، بێجگە لەمە میللەتی کورد دەتوانێت دەوڵەتی کوردی خۆی دروستبکات، بەهیچ جۆرێك خودموختاریمان وەکو ڕێگا چارە قەبوڵنییە"، هەروەها دەیانویست دەسەلاتی سەرۆکە دەرەبەگەکان کۆتایی پێ بهێنن و چاککاری لە زەویدا بکەن، زۆریش نەیاری چین بوونو خۆیان بە دامەزرێنەرانی مارکسیست دەزانی لە کوردستاندا .[٧٠]





**چوارەم : پارتی گەل**

لەلایەن کۆمەڵێك کەسایەتی سیاسی کورد دامەزرا، ئەوان بەشێوەی ئاشکرا خۆیان ڕاگەیاندو ناوی خۆیان نا پارتی گەلی کورد، کەخۆیان بە درێژە پێدەری کۆمەڵەی تەعالی پێشکەوتنی کورد دەزانی، یەکەم پارتی دامەزراوی کورد بوو لە باکوری کوردستان ساڵی ١٩٠٨، هەربۆیە لە حەفتاکانیشدا خۆیان بەیەکەم حیزبی سیاسی ڕێپێدراو دەزانی لە مێژوی کوردی هاوچەرخدا، ئەمەیش مانایەکی تایبەتی دەدایە خەبات و چالاکی و سیاسی حزبی لەناو کورددا. [٧١]

**پێنجەم : حیزبی ئازادیخوازی ئیسلامی**

حیزبێکی کوردی ئیسلامی بوو، خواستی پێکەوە ژیانی کوردو تورکی هەبوو بە لەبەرچاوگرتنی برایەتی ئیسلامیو کردنی ئیسلام بەبنەمایەك بۆئەو مەبەستە، ئەم حزبە سەرەڕای هاوپەیمانیەتی لەگەڵ پارتی کۆماری کاریگەریەکی ئەو تۆی نەبو لەکەمکردنەوەی دژایەتی دەوڵەت بۆ کورد، بەلاّم ئەم کۆمەڵە ئیسلامیە دەوری کارای هەبوو لە پێشکەوتنی سیاسیانەی مەسەلەی کورد، تەنانەت کاری دەکرد بۆدروستکردنی پەیوەندی و هاوکاری لەنێوان خۆیو پارتەکانی تردا . [٧٢]

**شەشەم : حیزبی ڕزگاری / ئاڵای ڕزگاری**

وەکو حزبێکی چەپرەو ساڵی ١٩٧٦ دامەزرا، ئەم حزبە بەناوی گۆڤارەکەیانەوە ناسران، کەناوی ڕێگای ڕزگاری بوو، دامەزرێنەرانی ئەم حزبە بریتی بوون لە (مومتاز کوتان )کەشانزەساڵ حکومی زیندانی بەسەردا درابوو، ئەم پیاوە لەدامەزرێنەرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان و کەمال بۆرقای

سکرتێریان نەتەوەیی تر بوون ،مومتاز لەگەڵ پارێزەران شەریف کایا ، ڕۆشەن ئەسلان و گروپێکی مارکسیست کە زۆربەیان لە کۆمەڵەی فەرهەنگی و دیموکراتی شۆڕشگێربون و لەو گروپە وازیان هێنابوو، بڕیاری پێکهێنانی حزبی ڕزگاریان دا، هەروەها یەڵماز باڵکاش و باتاڵبات و علی بایقولو کەخەڵکی گوندێکی نزیك باتمان بوون لەگەڵ یومنو بوجاق و نەزیر شلیقاملوی خەڵکی ماردین کەسەرۆکایەتی کۆمیتەی لاوانی زانکۆی لەئەستۆدابوو کوردێکی مێژووزانی دەرچوی زانکۆبوو، هەموو ئەمانە لە دامەزرێنەرانی حزبەکە بوون، ابراهیم کوگلو [٧٣]لەگەڵ محمود قلیج و فیکرەت شاهێنی پارێزەریش ئەندامی کاراو دروستکەری پارتەکەبوون ،[٧٤]ئەوانیش وەکو دامەزرێنەرانی ڕێگای ئازادی سەردەمێکی درێژ لەپارتی کرێکارانی تورکیادا چالاکیان نواندبوو، دامەزراندنی پارتەکەیش لە زیندانی دیاربەکردا بڕیاریان لەسەردابوو، هەربۆیە زۆر حەماسانە داکۆکیان لەسەربەخۆیی کورد دەکردو ڕەخنەیان لە کەمال بۆرقای سکرتێری ڕێگای ئازادی ئەوەبوو کەخۆی بەپارتی کرێکارانی تورکیاوە دەبەستەوە، هەربۆیە زۆربەیان لەو پارتەوە هاتنە ناو ڕێگای ڕزگاری، ئەندامەکانی پەیوەندی لەگەڵ ڕێگای ئازادی باش بوو، مومتاز کوتان لە کۆبونەوەیەکی هاوبەشی ساڵی ١٩٧٤ لەئەنکەرە پێشنیازی بلاوکراوەی هاوبەشی کردبو لە ڕێگای ئازادیدا، بەلام پێشنیارەکەی پەسەند نەکرا، هەربۆیە لەهاوینی ١٩٧٤ حەڤدە کەس دامەزراندنی پارتی ڕزگاریان قبوڵ کرد، کەکۆمەڵناسی ناسراوی تورك ئیسماعیل بێشکچی [٧٥] لەنێو ئەم حەڤدەکەسەدابوو، دوای ئەم کۆبونەوە ١٧ کەسیە، لەشاری موشداو لەناو ماڵی شەرەفدین کایادا حزبەکەیان تاوتوێ کرد، سەرەتا دەیان ویست ڕۆژنامەیەك دەرکەن و تیادا ئایدۆلۆژیای خۆیان بخەنە ڕوو، دواتر وەکو پارتێك خۆیان دەرخەن، ساڵی ١٩٧٥ بەشێوەیەکی





سادە خانەی بلاوکردنەوەی کۆمەڵەکەیان دانا [٧٦] ، هەندێك پێیاوایە ئەم حزبە ساڵی ١٩٧٨ دابەشبوون لە نێویدا ڕوودەداتو ناوی خۆیان دەنێن ئاڵای ڕزگاری، کە زۆربەی حزبی ڕزگاری لە ناویاندا خۆیان دەبیننەوە[٧٧] ، هەندێکیش پێیان وایە دامەزراندنو ڕاگەیاندنی پارتەکە لە ساڵی ١٩٧٨دا بووە، چونکە ڕۆشن ئەسلانی دامەزرێنەر دەڵێ: "ئەزمونی تەواومان نەبوو، زانیاری پێویستمان بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێك لا نەبوو، جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان مۆدێلێکی سیاسی دیکەمان لەلا نەبوو، هەموو کەسو کادیرەکان خۆیان بە مارکسی لینینی دەزانی، بەلام جێگەی مەبەستی ئێمە ڕێکخراوی کوردستانی بوو، هەتا ئەو کات لەلامان بەرجەستە نەبوو بوو، لەناو خۆشماندا تەبا نەبووین"، ئەوکات ڕزگاری بلاوکراوەیەك بوو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکی نۆ کەسیەوە بە دوو زمانی تورکیو کوردی دەردەچوو، کە لێکۆڵینەوەی مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەی کوردوو ڕێگای ڕزگاری تیا باسدەکرا، گۆڤارەکە لە یەکەمین ژمارەوە ڕاگیرا، ئیتر ژمارەکانی ئایندەی بە نهێنی دەردەچوون، ڕزگاری خۆی بە پارێزەرانی سەربەخۆیی چوار بەشی کوردستان دەزانی ، داگیرکەرانی تورکو ئێرانو عەرەبیان ڕسوادەکرد، ئەوان شکستی فەلەستینیان بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە کە خەباتیان تەنها لە فەلەستیندایە، دەیانوت پێویستە سەرەتا بزووتنەوەی شۆڕگێڕی لە کوردستان دابینبکەینو پاشان کورد لە بەرەیەکی نەتەوەیی بەریندا کۆبکەینەوە، پاشان شۆڕشی ڕۆژهەلاتی نزیك بەهاوبەشی کرێکارانی عەرەبو تورکو فارس بە ئەنجام بگەیەنین، بەهۆی هەڵوێستی ڕەخنە گرانەیان لە شورەوی جیاواز بوون لە حزبەکانی تر، یەکێك لە ڕابەرانی ڕزگاری چەند هەفتە پێش کودەتای ١٩٨٠ وتی "پارتی کۆمۆنیستی شورەوی هەرگیز بەیاننامەیەکی بۆ مافی کورد دەر نەکردوە" یەکێتی شورەوی هیچ کۆمەکی بە

پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران نەکرد، لایەنگری خەباتی بەرزانیش نەبوو، بەڵام بڕواشیان وابوو ڕۆژێك دەبێت شورەوی ناچار ڕوی ڕاستەقینەی ئەم بزووتنەوەی بۆ دەردەکەوێت، ساڵی ١٩٧٨ حزبی ڕزگاری بوو بەدوو بەشەوە، ئیتر دوو گۆڤاریان دەردەکرد، ڕزگاری لەلایەن مومتاز کۆتانو ڕۆشن ئەسلان، ئاڵای ڕزگاریش لەلایەن ئیبراهیم کوکلوی پارێزەرو ئیبراهیم دەلی ئەندازیارو مامۆستا هەبیج دەردەچوو[٧٨]، لە کودەتای ١٩٨٠ی زاینی ئەم پارتە ڕوبەڕووی گرتنو سەرکوتی ئەندامانی بوویەوەو زۆربەیان هەڵهاتن بۆ دەرەوە، تا ئەوکاتەش لەگەڵ ئەوەدا نەبوون چارەسەری کورد لە ڕێگای یاداشتو یادخەرەوەکانی حکومەتەکانەوە بکرێت، پێی وانەبوو ڕابەرێکی میانەوەری وەکو ئەجەویدیش کێشەی کوردی پێ چارە بکرێ ،هەروەكو چۆن حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەو جۆرە بیری دەکردەوە کە هۆشداریو بەیاننامە چارەسەرە، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٧ی زاینیدا کە هەموو حزبە چەپەکان پشتیوانیان دەکرد حزبی ڕزگاری پشتیوانی نەکرد، ئەوان کوردیان هۆشیار کردەوە کە ڕێگە چارەی بەدەسهێنانی مافەکانی کورد تەنها شۆڕشێکی سۆسیالیستیە بە ڕابەرایەتی چینی کرێکاری کورد[٧٩]، هەر ئەم پێداگریەبوو لە خەبات، کە دواتر بوو بەهۆی جیابوونەوەی ئاڵای ڕزگاری لێی، چونکە ئاڵای ڕزگاری پێی وابوو کرێکار زۆر لەوە کەنەفتو بچوکترە کە بتوانێ هەنگاوی گەورەی لەو جۆرە بنێ، ئەمجۆرە جیابووەی پارتی، بەلایەنگرانی شێوە خەباتی ترۆتسکی ناویان دەرکرد[٨٠].

### حەوتەم : حزبی کاوە – دەنگی کاوە

حزبی کاوە یان دەنگی کاوە، کەسەرچاوە گەلێکی تر بەرێکخراوی مایۆنیستی کاوەش نێوی دەبەن، ئەم پارتە دوژمنێکی بەهێزی پشتبەستن بوو





بەیەکێتی سۆڤیەت لەبزافی ڕزگاری خوازی کوردا، لەبەرامبەر ئەوەدا پشتیوانی خواستی ماویەکانی دەکرد لەشێوەی خەباتدا، کاوە ناوێك بوو بۆ پارتەکەیان کەلەکاوەی ئاسنگەرەوە وەریانگرتبوو، ئەم ناوە لەئەدەبیاتو مێژووی کوردا وەکو ڕەمزی پاڵەوانێکی کورد، لەزاڵبون بەسەر زوڵمو ستەمدا لەشانامەی فیردەوسیدا هێنراوە، چالاکیەکانیشیان لەنیوەی دووەمی حەفتاکانەوە دەست پێدەکات، سەرەتا زنجیرە چالاکیەکی ئازایانەیان دژی سەربازگە نیزامیەکانی تورك دەستپێکرد، هەرچەندە ئەندامەکانیشیان لەقوتابی زانکۆو دانیشتوانی شارەگەورەکان تێپەڕی نەدەکرد،[٨١] کریس کۆچیرا هۆی دامەزراندنی ئەم پارتە لەسەر ڕێبازی ماویەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ جیاوازیەکانی نێوان لایەنگرانی چینو شورەوی لەسەر جۆری خەبات، دواجار لاوانی کورد گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ساڵی ١٩٧٦ لەدێهاتی ناوچەی سیڤەرك پارتێك ڕابگەیەنن، لەسەر بنەمای بیروباوەڕەکانی ماوتسی تۆنگ، پێکهاتەی ئەندامانی حزبەکەش زیاتر بریتی بوون لە لایەنگرەکانی دکتۆر شوان، کەزیاتر ئەوانەبوون لەسەربازگەکانی کوردستانی باشورەوە راهێنرابون بۆ خەباتی پارتیزانی ، هەندێکیشیان لایەنگری پارتی کۆمۆنیستی تورکیا بوون، یاخود ئەوانە بوون کەسەر بە مارکسیستی لینینیست بوونو بیروباوەڕی ماویزمیان هەبوو،[٨٢]، ئەم خەباتکارە چەپە توند رەوانە هەمویان سۆشیال ئیمپریالیزمی شورەویان رەخنە لێدەگرت، بەبروای ئەوان سۆڤیەت لە چوارچێوەی بەرگری لەخەباتی پرۆلیتار بەدەرە، ئەوان رووی واقیعی سۆڤیەتیان لەپێشچاو بووکە چۆن چەکی فرۆشراو بەداگیرکەرانی کوردو کوشتاری کورد بەدەستی ئەنکەرەو بەغدادی قبوڵە، بەڵام گروپی کاوە دواجار خۆشیان جیاوازیان تێکەوت، ئەویش بەهۆی سیاسەتی دەرەوەی چینو سیاسەتی دەرەوەی ماویەکانەوە سەریهەڵدا لەبەرامبەر جیهانی سێهەم، کە گروپێکیان

لێجیابویەوە بەنێوی دەنگی کاوە،[83] لەم ڕووەوە ئەلبانیاش لەگەڵ چین دابەشبوو، ئیتر ڕێگای ئەلبانیایان گرت،[84] لایەنگرانی کاوەی سەر بەئەفکاری ئەلبانیا ڕەخنەیان لەچین دەگرت کە کەدەیەویست تورکیا لەدژی شورەوی بەهێزبکات و پرسی کورد وەکو کێشەیەکی ناوخۆیی بناسێت، ئەمەش بەبیانوی لەپێشەوەیی خەباتی تورکیا لەدژی شورەوەیی ، کە بوبویە هۆی پشتگوێخستنی کێشەی کورد، کاوە ڕێکخراوێکی نهێنی بوو هیچ کات ناوی ڕابەرانی ئاشکرا نەدەکرد، تورکیا زۆر دژی ئەم ڕەوتە توندو تیژ بوو، ئەوەبوو زۆرێك لە دامەزرێنەرانی لە حەفتاکاندا کوشت بەناوەکانی

١. فەرید ئۆزۆن ئەندازیارو خەڵکی ناوچەی سیفەرك

٢. حسێن ئەسلان سکرتێری حیزبەکە بوو دانیشتوی ناوچەی دێرسیم بوو پارتی زانێکی نێو چەپە تورکیەکان بوو

٣. نەجلا مکسبی هاوسەری حسین ئەسلان بوو کاتێ لە سێدارەدرا سکی پڕ بوو، ئەویش سکرتێری کۆمیتەی ئافرەتان بوو لەدیاربەکر .

٤. ڕەمەزان شەن لاوێکی خەڵکی شاری دێرسیم بوو.

٥. محمد امین موتلو خەڵکی دێرسیم بوو کاری بەڕێوەبەرایەتی دەکرد .[85]

زۆربەی ئەندامەکانی ڕزگاری بە باڵەجیاوازەکانیەوە لەکودەتای ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن دەزگای ئاسایشی تورکەوە کوژران ، هەندێك لەڕابەرانیشیان پاش ئەوەی لەلایەن سوریاوە تەسلیم بەتورك کرانەوە لەسێدارە دران، دیارە ئەم حزبە ساڵی ١٩٧٧ بەهۆی بلاوکراوەو گۆڤارەکانیانەوە، هەروەها بەهۆی دامەزراندنی کۆمیتەی ناوەندی و بنکەکانیان لەناوچەکوردیەکان، بوبویە پارتێکی تۆکمەو بەهێز، ئەندامەکانیشیان زیاتر مامۆستای زانکۆو لاوانی کورد بوون، بەرنامەی پارتەکەش جێگیر نەبوو، چونکە لەباس و خواستی ئایدۆلۆژیدا بووبو





بەدوبەشەوە،کەدوبەشەکەیش بریتی بوون لە:

★لایەنگری تییۆری جیهانی سێی سەر بەچین بوون، کەخەباتی دژی شورەوییان لەپێشدەگرت.

★لایەنگرانی ئەلیبانیش ئازادی کوردستانیان لە پێش دانابوو.

دواجار دەنگی کاوە کەلایەنگری جیهانی سێ بوون لەگەڵ کاوە –ڕاد کەلایەنگرانی ئەلبان بوون ساڵی ١٩٧٨ جیابونەوە، سەرەڕای ئەوەیش لەنێو لایەنگرانی ئەلبانیشدا جیاخوازی سەریهەڵدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەندامێکی پارتی کۆمۆنیستی ئەلبانیا لەلایەن سەرۆکی وڵاتەکەیەوە کوژرا، لەکۆتاییدا دەگەینە ئاکامێك کەلەکاری حزبیدا یەك ڕێبازیان نەبوو، بەڵام ئازادی کوردستان و کوردستانێکی دیموکراتیکی سۆسیالیست ئامانجیان بوو، بەهیچ جۆرێکیش ڕێگەیان نەدەدا ڕابەرایەتیان لەدەستی سەرۆك خێڵەکان بێت، چونکە پێیان وابوو دژی بۆرژوای کورد خەبات دەکەن و بۆ سۆسیالیزم تێدەکۆشن، ئەم ئامانجانەیش تەنها بە لولەی تفەنگ دێتەدی، هیچ وڵاتێکیش بەبێ تفەنگ ئازادی نەناسیوە[86] ، دواجار ئەم پارتە بەهۆی سەرهەڵدانی پارتی چەپی کوردیەوە بەتایبەتی پارتی کرێکارانی کوردستان شکستی هێناو لەڕوی جەماوەریەوە دۆڕاندی .[87]

### نۆهەم : پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا

ئۆج ئالان دەڵێت" لەنیسانی ١٩٧٣ دا لەکەنارەکانی بەنداوی چوبوکی ئەنکەرەی پایتەخت وەکو گروپێکی شەش کەس هەندێ جار لەسەر پێیان و هەندێك جاریش بە دانیشتن گفتوگۆمان دەکرد، ڕاستر ئەوەیە وەکو گروپێکی کوردستانی دەجولاینەوە هۆکاری سەرەکیشمان بۆئەوە دەگێڕایەوە کەکوردستان کۆلۆنیەکی کلاسیکە"، ئەو پێی وابوو ئەوە تایبەتمەندیەکی وەهای هەبوو

کەبەرەو ڕێکخستن دەچوون سالآنی ١٩٧٤-١٩٧٥-١٩٧٦ بەرەو ڕێکخستنی گروپ دەزانێت [٨٨] ئەم ڕێکخستنە بە پێچەوانەی پارتەکانی دیکەی کورد لە ئەنکەرە دامەزرێنرا، نەك لە کوردستان. پارتەکە لەسەرەتادا لایەنگرانی بەئاپۆچیەکان دەناسران، ئەمەیش دەگەڕایەوە بۆنازناوی سەرکردەکەیان عبدالله ئۆج ئالان، ئەم پارتە هێزێکی چەپڕەوی جەماوەری بوو لەکۆتایی حەفتاکاندا بەتەواوی یەکلابویەوە بۆکاری توندو تیژی دژ بە دەسەلآت، تەنانەت پارتە کوردیە ڕاستڕەوو چەپڕەوەکانیشی پێچاپەوە، ئەوان تۆمەتباریان دەکرد بەتوندو تیژی ڕەفتاریان دژی پارتە کوردیەکانی تر، هونەرمەندی گەورەی کورد شڤان ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەناساندنی پارتەکە، بەهونەرەکەی جەختی لەسەر دژایەتی ئیمپریالیزم و کۆنە پارێزی دەکردەوە [٨٩] دامەزرێنەرانی پەکەکە تەنها خوێندکارانی زانکۆبوون، لەناو ئەواندا محمد خەیری دورموش کەسیرە یەڵدرم (هاوسەری ئایندەی عبدالله ئۆج ئالان) حەقی قەرارو عبدالله ئۆج ئالان بون کەخوێندکاری زانستی سیاسی بوو، ناسراو بو بە ئاپۆ، هەندێك لە بونیادنەرانی پەکەکە تورك یان لاز بوون، بەتایبەت حەقی قەرارو کەماپیر کەبەرپرسی ئایندەی کۆمیتەی سەربازی بوو، ئەوان لە کۆڕو سیمینارە نهێنیەکانیاندا گەیشتنە ئاکامێك کەبەڵێ کوردستان داگیرکراوەو کوردیش نەتەوەیەکی جیاوازە لەنەژادی تورك، ئۆج ئالان لەسەرەتادا کەسێکی دورە پەرێز بوو، لە خۆپیشاندانەکانی حەفتاکان خۆی دەرنەدەخستو دەی وت " من نامەوێت بە گوللەیەکی وێڵ بکوژرێم، دەمەوێت بۆکوردستان بژیم"، بەرەبەرە ئۆج ئالان وەکو ڕابەرێکی کارێزما لەنێو ڕێکخراوەکەدا پەسەند کرا [٩٠] کارەکانیان ساڵی ١٩٧٣ دەستپێکرد زۆر بەوردی و زۆر بەنهێنی، هیچ ناوێکیشیان لە خۆیان نەنابوو ،[٩١] پاش ڕیزێك کۆبونەوەی نهێنی لەسالآنی ١٩٧٧-١٩٧٨ لەدیاربەکرو





عەزیزو لیچ ناوی کلاسیکی پارتی کرێکارانی کورد لە ٥ی مایسی ١٩٧٩ز لەشاری دیار بەکردا بەڕەسمی لەخۆیانیان نا ، لێرەوە پەکەکە وەکو ڕێکخراوێك کۆمیتەی ناوەندیو دەفتەری سیاسی و سکرتێری دیاریکرد، کەڕەنگدانەوەی ئەزمونی پارتە چەپەکانی تورکیای لێ نیشتبوو، ئەوان خەباتی چینایەتی و ناسیۆنالیزمیان تێکەڵکرد، لەئۆرگانە فەرمیەکەیاندا کەمەزلوم دۆگان سەرنوسەری بوو ئەم ڕاستیەیان دووپات دەکردەوە، ئۆرگانەکەیان ناوی سەر بەخۆبوون بوو، چونکە تەنها پارتێك بوو بەشێوەی ئاشکرا داوای دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆی دەکرد، کەهەموو پارچەکانی کوردستان بگرێتەوە،[٩٢] دەنگدانەوەی ئەم پارتە لەناو کوردانی عیراقدا کەم نەبوو، چونکە لاوانی ئەوێ بەهۆی جەنگی ناوخۆی پارتیو یەکێتیەوە بێزار بووبوون، پەکەکەیش لەو نێوەندەدا وەکو ڕەوتێکی مارکسی و لینینی و ڕادیکاڵ سەری هەڵدابوو، پەکەکە لە قۆناغی ١٩٧٨-١٩٨٤ زۆر جار داوای دانوستانی ئاشتیانەی دەکرد لەگەڵ تورکیادا بەمەرجێك نزیکیەکان لەسەر بنەمای کەمالیزم نەبێت، کەدان بەبەرامبەردا نەنێن، ئەم قۆناغە لەخەباتی ڕێکخستنەکانی پەکەکەدا لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان قۆناغی کاریگەربونی پەکەکە بوو بەسەر تەواوی پارچەکانی کوردستان، چونکە ئایدۆلۆژیایەکی سەر سوڕهێنەرو سیحراوی هەبوو، بیری سیاسی ئۆج ئالان شۆڕ بوبویەوە بۆنێو تەواوی چین و توێژەکانی کوردو ڕێگای جیاوازی ئاشتی و شەڕی لەبەردەم تورکیادا پێشنیاز دەکرد، بەلآم کۆدەتای ١٩٨٠ و داننەنان بەبونی کوردو گیانی توندوتیژی تورك ڕێگای خەباتی چەکداریو قۆناغی پارتیزانی بۆپەکەکە بەرینکرد، ئیتر لەساڵی ١٩٨٤ز بەدواوە ئەم هێزە بەتەواوەتی لەسەر شانۆی ڕوداوەکانی کوردستاندا دەرکەوتو قۆناغی کاریگەری باکوری بۆ پارچەکانی تر خستە ئەستۆی خۆی .

## باسی سێهەم :کودەتای ١٩٨٠ و چارەنوسی پارتە سیاسیەکانی کورد

کۆتایی حەفتاکان لەتورکیادا زیادەڕۆیی سیاسی بووە گرفتێکی ڕاستەقینە، هەریەك لە ڕێکخراوەکانی وەك ڕێکخراوی چەپی لاوان و ئیسلامییە ئسولێیەکانوڕێکخراوی گورگە بۆرەکان توشی ڕوبەڕو بونەوەیەکی بەرچاو هاتن، ئەمەش بوە هۆی کۆنترۆڵکردنی شەقام و شوێنە گشتیەکانو حەرەمی زانکۆکان و شوێنانی تر لەلایەن ئەم دەستەو گروپانەوە، ئەوان زیاتر لەو قوتابی و لاوانە پێکهاتبوون کەهیوا بڕاوبوون لەقبوڵکردنیان لەزانکۆکاندا بەهۆی ئەو قەیرانە ئابورییەی وڵات تێی کەوتبوو، بێبەش بوبون لە چنگ کەوتنی کارو پیشەیەکی گونجاو، ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٧ حکومەتە ڕاستڕەوەکانی تورکیا پشتگیریان لەهەردوو جوڵانەوەی نیشتمانی فاشی و ڕێکخراوی گورگە بۆرەکان دەکرد، لە دژی هێزە چەپڕەوەکان، بەڵام لەماوەی ئەجەویددا ١٩٧٨-١٩٧٩ چەپەکان پشتگیریان لێکراو ئەجەوید پاراستنیو ئەوانی گرتە ئەستۆ، تەنانەت بەپێشەوای چەپ ناویان دەبرد، ئیتر فشاری دژی دەسەڵات ڕوی لە زیادی کردو تێکڕای گەشەی ئابوریش ساڵی ١٩٧٩ ٨٪هاتەخوارێ بۆ٢٪ کەبێکاری ڕوی لە زیاد بوون کرد بەڕێژەی ٢٠٪، ڕێژەی هەڵاوسان زیادی کرد بۆ٨٥٪ [93]دواجار کودەتا لەنیوە شەوێکی ١٢ ئەیلولی ١٩٨٠ دەستپێکرد، تانکەکان شەقامە گشتیەکانی پایتەختیان تەنی و هاتوچۆی شوێنە سەرەکیەکانی شار قەدەغە کراو ڕادیۆو تەلەفزیۆن نەکرایەوە، بانگەواز کرا بۆ تەواوی پارتە سیاسیەکان خۆتەسلیمکەن و هەریەك لە ئەجەویدو دیمیریل لەگەڵ خێزانەکانیان دوور خرانەوە بۆ غالی بولی [94]، سەندیکای کرێکارانی چەپ و یەکێتی سەندیکای کرێکارانی ڕاست داخرانو حوکمی عورفی سەرانسەری وڵاتی گرتەوە، سەرۆکی هەموو حیزبەکان گیران و سەفەر





بۆدەرەوەی وڵات قەدەغە کرا، جەنراڵ کەنعان ئیفرین سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بوو، هەم سەرۆکی وڵاتیش. ئەنجومەنێکی حوکم دانرا کە ١٢ ئەندام بوون سەرۆکەکەشیان بوڵن ئەلەسوی خانەنیشینکراو بوو، ئەم ڕژێمە نوێیە بەردەوام بوو لە درێژە پێدانی سیاسەتی دژە کوردو بڕیاری دروستکردنی هەرێمی ئاسایشی دا بە قوڵای ١٠ تا٢٠ کم بەدرێژای سنورەکانی عیراق و ئێران و سوریا، ئەمەیش بەنێوی لەنێو بردنی چەتەگەری بوو ، کە هەزاران بنکەی ئابوری و بازرگانی لە دیار بەکرو بەتلیس و باتمان و بایەزیدو شارەکانی تر کردەوە تەواوی پارت و ڕۆژنامەو چاپەمەنیە کوردەکانی داخست، لەو بڵاوکراوانە (ڕۆژی وڵات ، ڕێگەی ئازادی ،ژینانو،دیمۆرمجی، دیموکرات شۆزبورلوك، تێکۆشی) پاشان پرۆسەی دادگایکردنی سەرکردەکانی پارتە سیاسیە کوردیەکان دەستپێکرد لەگەڵ خاوەن چاپخانەو بنکەکانی پەخشدا هەموو ئەوانە تاوان بار بوون بە خواستی جودا خوازی، سەرچاوەکانی چاپەمەنیە کوردیەکانی دەرەوەی وڵات لەماوەی ٣ساڵی دوای کودەتا سەر بازیەکەدا دەڵێت زیاد لە ١٧٠ هەزارکەس گیراون و ٢٠٠ کەسیش لە ژێر ئەشکەنجەدا مردوون لەئۆپراسیۆنەکانیشدا ٧٠٠کەس کوژراون و ٤٨ ی لەسێدارە دراون، پۆلیس و جەندرمە سەر پشکن لەبەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی کورددا، بەهاوکاری ئەمریکا لەناوچەی هەکاری فڕۆکەخانەیەکی عەسکەری دروستکراو فڕۆکەخانەی ویلایەتی وانیش فراوانکرا ،[95]ڕێو شوێنی ئاسایش و تۆڕی جاسوسی سەرانسەری کوردستانی تەنی، ساڵی ١٩٨٢ ئەندامانی کاوە هەڵشاخان بە هێزێکی تورکیدا لەناوچەی تونجەلی و ١٢ سەربازی تورکیان کوشت، کەڕائیدێك لەناویاندابوو لەگەڵ مولازمێکداو ١٨ کەسیشیا بریندار بون، لێرەوە جینۆسایدی کورد دەستپێکردەوەو ڕاستەوخۆ ٤ لەڕابەرانی ئەو گروپە کوژراو سکرتێری پارتی

کرێکارانی کوردستانیش لەگەڵ ٦٤کەس لەئەندامانی حیزبەکە لەکوردستان دەسگیرکران، لە دیار بەکریش ٤٠٠ ئەندامی پەکەکە قۆڵبەستکران بەتۆمەتی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ، کورد لەو قۆناغەدا بەهۆی ناکۆکی و دابەشبونی ناوخۆو زەبری بێدینانەی سوپا لە دژیان، توشی شۆك بوبون ، سەرچاوەکان دەڵێن ئاسایشی تورك دەستیگرتووە بەسەر ٢٣٣١ پێشمەرگەی ئاپۆدا کەدادگای عورفی دیاربەکر ٩٧یانی لەسێدارەدا [٩٦]، گرنگترین پارتە کوردیەکان لەو قۆناغەدا بریتیبوون لە :

١/ پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا : ئەم پارتە ساڵی ١٩٧٨ بەفەرمی دامەزرا زۆرێك لە ئەندامانی پارتی کرێکارانی تورکیای لەخۆدا کۆکردەوە، بەلاّم سنوری چالاکی جەماوەری زۆر لاواز بوو تائەو کاتەوی دەستی بەخەباتی چەکداری کرد ساڵی ١٩٨٤

٢/ ڕێکخراوی کرێکارو جوتیارانی کورد لەتورکیا : درێژکراوەی پارتی کرێکاران و جوتیارانی تورکیابون، کە باڵی چینی ماوی بوون لە حیزبی شیوعی تورکیدا، ئەم ڕێکخراوە خواستی کوردستانی سەربەخۆی هەبوو لە تورکیادا، یەکێك لە ئەندامانیان بەناوی عادل شاهین لەدادگای ئەستەمبوڵدا وتی "تادەوڵەتی سەر بەخۆی کوردی دروستنەکەین، لەتۆڵەی خۆمان بۆتورکەکان ناوەستین" دواتر زۆربەی ئەندامانیان چونە ناو پەکەکەوە

٣/ پارتی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕی کوردستان : ئەم پارتە ساڵی ١٩٨٠ دامەزرا هەندێك ڕێکخراوی کاوە بەباڵی سەربازی ئەم پارتە دەزانن ، ئەوان لێدانی بەهێزیان بەرکەوت لەلایەن ئاسایشی تورکیاوە، ئەمەش پاش ئەوەی لە نیسانی ١٩٨١ سکرتێرەکەیان حەسەن ئەسغەر حوکمی زیندانی هەتا هەتای درا، هەروەها زیندانیەکانیان ساڵی ١٩٨١ لەئەستەمبوڵ دەستڕێژی گوللە کران، نوسەری کورد





ڕۆشن سونبو لوغلو لەڕۆمانێکدا ئەو ڕوداوەی نوسیوە، کەخەڵاتی دووەمی لە پێشبڕکێی یونس نادی ئەدەبی ساڵی ١٩٨٩ بەدەستهێناوە، حزبەکەیان ساڵی ١٩٨٢ دووکەرت بوو، ئەوانەی بڕوایان بەفکری سۆسیالیستی نەمابوو، پارتی بوژانەوەی کوردیان دانا کەبانگەشەی بۆدەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەکرد، لەڕێی خەباتی چەکداریەوە، هەروەها ئەم پارتە پارتێکی ڕاستڕەوبوون کە لەو قۆناغەدا کاری دەکرد.

٤/ پارتی دیموکراتی کوردستان : ئەم پارتە بەدرێژە پێدەری پارتی ساڵانی شەست و حەفتاکان خۆی دەزانێت ، بەلاّم ساڵی ١٩٨٢ بەهۆی چونی ئەندامانی بۆناو پەکەکەو نەبونی سەرکردەیەکی بەهێز تایبەتمەندی حیزبی لەدەستداو تەنها وەکو گروپێکی چەکدار مایەوە.

٥/ ڕێکخراوی پێشمەرگە : ئەم ڕێکخراوە حسێن بیلدیرم سەرکردەی بوو، کەڕێکخراوێکی چەپی کوردی بوو هاوکاری ڕێکخراوە چەپە شۆڕشگێڕەکان بوو، چەندین لقی لە ولاّتانی ئەوروپی وەکو ئەڵمان و ئینگلیزو سوید هەبوو، چالاکیەکانیان لەناو کرێکارە کوردەکانی ئەوروپادابوو .[٩٧]

*****

## لیستی سەرچاوەکان


### سەرچاوە عەرەبییەکان

ابراهیم الداقوقلی :

١ . اكراد تركيا ،ط ١ بيروت ٢٠٠٣.

ابراهيم خليل احمد، خليل علی مراد:

٢. ايران وتركيا ، دراسة فی التاريخ الحديث والمعاصر، الموصل، ١٩٩٢.

احمد نوری النعيمی:

٣. تركياوحلف شمال الاطلسی، ط١،المكتبة الوطنية ببغداد، بغداد،١٩٨١.

جبار قادر و ابراهيم خليل احمد واخرون :

٤. تركيا المعاصرة، ط١، الموصل، ١٩٨٧. جليلی جليل واخرون :

٥. الحركة الكردية، بيروت.حامد محمود عيسی.:

٦. القضية الكردية فی تركيا، ض١، القاهرة، ٢٠٠٢.صلاح سعدالله:

٧. المسالة الكردية فی تركيا، مرحلة جديدة، مطبعة شفيق، بغداد .عبدالفتاح علی يحيی البوتانی:

٨. وثائق عن الحركة القومية الكرديةالتحررية ط ١ اربيل ،٢٠٠١

٩.دراسات ومباحث فی تاريخ الكرد والعراق والمعاصر،ط١ دهوك، ٢٠٠٧. مجيد جعفر :

١٠. كردستان تركيا ، دراسة اقتصادية اجتماعية سياسية فی تحت التخلف الاستعماری، ض ١ ، بيروت ،١٩٩٩.

### سەرچاوە کوردیەکان

ئیسماعیل بەشکجی :

١. کوردستان - کۆلۆنیەکی نێو دەوڵەتی ، لە ئینگلیزیەوە ڕێبوار ڕەشید ، هەولێر ،١٩٩٣، بەرگی یەکەم .







جەمال نەبەز:

٢. کوردستان و شۆڕشەکەی ، چ ٣ ، هەولێر ، ٢٠٠٧ .

چەند وتارێك دەربارەی کێشەی کورد لە ڕوانگەی کۆمەڵێك نوسەری دانیمارکەوە:

٣. نا پەسەندەکان، وەرگێڕانی ئازاد مەولود، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

حەسەن ئەرفەع :

٤. کوردەکان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی ، وەرگێڕانی سەردار محمد،چ١، سلێمانی، ٢٠٠١.

حەسرەتیان:

٥. یاسا دەستوریەکانی تورکیاو کورد لەسەردەمی نوێدا، وەرگێڕانی لە ڕوسیەوە د. دلێر ئەحمەد، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧.

دیڤید ماکداول:

٦. مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی لە فارسیەوە ئەبوبەکر خۆشناو، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣، بەرگی دووەم.

سامی شۆڕش :

٧. تورکیاو ئەوروپا و کورد لەو بازنەیەدا، چاپخانەی خانی، چ١، هەولێر ٢٠٠٧.

عبدالله ئۆج ئالان :

٨. بەرگریکردن لە گەلێك ، وەرگێڕانی لە تورکیەوە لوقمان عبدالله، چ ١ چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی .

کرمانج گوندی :

٩. سی ساڵ خەباتو ولاتێکی وێران، سوید، ١٩٩٠.

کریس کۆچێرا :

١٠. بزوتنەوەی کوردو هیوای سەربەخۆی، لە فارسیەوە ئەکرەمی میهرداد ، سلێمانی، ٢٠٠٣ .

گوینتەر دێشنەر:

١١. کورد گەلی لە خشتە براوی غەدر لێکراو، لە عەرەبیەوە حەمەکەریم عارف، چ١،




هەوالنامەی کتێب

هەولێر، ١٩٩٩.

رضا هلال :

١٢. توركياو ململانێ ى عەلمانيەت ،ئيسلام، ،كورد، وەرگێڕاوى دلێر عەباس ، سلێمانى ١٩٩٩ .

محەممەد نورەدين:

١٣. توركيا لەسەردەمى گۆڕاندا، وەرگێڕانى ئازاد بەرزنجى، چ١، سلێمانى، ٢٠٠٠.

هێنرى جەى . باركىو گراهام ئى . فولەر :

١٤ .مەسەلەى كورد لە توركيا، سلێمانى، ١٩٩٨، لا١٩ .


**سەرچاوەى فارسى**


بئوار اليما ( نور على موراد) :

١. اخرين مستعمرة- بحران كردستان تركية از اغاز تا كنون، ض١، تهران، ١٣٦٠.

كندال و عصمت شريف وانلى و مصطفى نازدار :

٢. كردها ، ترجمة ابراهيم يونس ، ض٣ ، تهران.

ذويس بلو:

٣. مساله كورد ، بررسى تاريخىو جامعه شناسى، ترجمه د. برويز ئەمينى، دانيشگاه كوردستان، چ١، كردستان.

نادر انتصار :

٤. قوميت گرايى كرد ، ترجمه عبدالله عبدالله زاده ،چ ١، تهران.


**سايتو گۆڤارەكان**


١. اعداد الندوه العاليه للشباب الاسلامى . WWW. said.net.

٢. جبار قادر : القضية الكردية في تركيا من منظور باحث ارمني . www.ahewar.org[1] .







٣. لفتة حول التواصل الثقافى بين الكرد في سوريا، مجلة انترنيتة شهرية تعنى بشؤن الثقافة الكردية ـ اوراق كردية، العدد٤، ٢٠٠٠، WWW.AMUDE.COM.

٤. حەميد بۆز ئەرسەلان : كوردايەتى و جولانەوەى كورد ، ،گۆڤارى دۆسيەى توركيا ،ژ٤ ، سەنتەرى لێكۆڵينەوەى ستراتيژى ، سلێمانى ، ت،٢٠٠٦ .


*****

**پەراوێزەكان**

---

[1] ـ حەسرەتيان : سەرچاوەى پێشوو، لا٨٠ .

[2] ـ ئيسماعيل بەشكچى : سەرچاوەى پێشوو، لا٧٩ .

[3] ـ ابراهيم الداقوق : اكراد تركيا، لا٢٤٧ .

[4] ـ كريس كۆچێرا : سەرچاوەى، لا١٣٨ .

[5] ـ حەميد بۆز ئەرسەلان : سەرچاوەى پێشوو، لا٨٤ .

[6] ـ حەسەن ئەرفەع : كوردەكان، لێكۆڵينەوەيەكى مێژوويىو سياسى، و: سەردار محمد،چ١، سلێمان، ٢٠٠١،لا٧٨ .

[8] ـ كريس كۆچيرا : سەرچاوەى پێشوو : لا ١٢٨ ـ ١٣٩ .

[9] ـ اعداد الندوة العالمية للشباب الاسلامى . WWW. said.net

[10] ـ كريس كۆچيرا : سەرچاوەى پێشوو ، لا١٢٨ .

[11] ـ ابراهيم خليل احمد واخرون : تركيا المعاصرة، ط١، الموصل، ١٩٨٧، ١٧١ .

[12] ـ حامد مەحمود عيسى : القضية الكردية في تركيا، لا٢٥٥ ـ ٢٥٦ .

[13] ـ سامى شۆڕش : توركياو ئەوروپا كورد لەو بازنەيەدا، چاپخانەى خانى، چ١، هەولێر ٢٠٠٧، لا١٤٣ .

[14] ـ چەند وتارێك دەربارەى كێشەى كورد لە ڕوانگەى كۆمەڵێك نوسەرى دانيماركەوە: نا پەسەندەكان، وەرگێڕانى ئازاد مەولود، دەزگاى چاپو پەخشى سەردەم، سلێمانى، ٢٠٠٢، لا٢٤١ .

[15] ـ ديڤيد ماكراول : سەرچاوەى پێشوو، لا٨٤٦،٨٥٦ .

[16] ـ هێنرى جەى . باركىو گراهام ئى . فولەر : مەسەلەى كورد لە توركيا، سلێمانى، ١٩٩٨، لا١٩ .

[17] ـ كريس كۆچێرا : سەرچاوەی پێشوو، لا١٢٨ ـ لا١٢٩ .

[18] ـ هێزی جەی . بارتی . گراهام ئی . فولەر : سەرچاوەی پێشوو، لا١٨ .

[19] ـ كريس كۆچێرا : سەرچاوەی پێشوو، لا١٢٩ .

[20] ـ بئوار اليما : سەرچاوەی پێشوو، لا٦٠ .

[21] جبار قادر : القضية الكردية في تركيا من منظور باحث ارمنى . www.ahewar.org

[22] ـ كرمانج گوندی : سی ساڵ خەباتو وولاتێكی وێران، سويد، ١٩٩٠، لا١٥ .

[23] ـ لفتة حول التواصل الثقافى بين الكرد في سوريا، مجلة انترنيتة شهرية تغى بشؤن الثقافة الكردية ـ اوراق كردية، العدد٤، ٢٠٠٠، WWW.AMUDE.COM

[24] ـ كريس كۆچيرا : سەرچاوەی پێشوو، لا١٣٥ .

[25] ـ ديڤيد ماكراول : سەرچاوەی پێشوو، لا٨٣٤ .

[26] ـ ديڤيد ماكراول : هەمان سەرچاوە، لا٨٥٦ .

[27] ـ ديڤيد ماكراول : هەمان سەرچاوە ، لا٨٥٦ .

[28] ـ حەميدبۆز ئەرسەلان : سەرچاوەی پێشوو، لا٨٥ .

[29] ـ حەميدبۆز ئەرسەلان: هەمان سەرچاوە، لا٨٥ .

[30] ـ حەسرەتيان : سەرچاوەی پێشوو، لا٩٣ ـ ٩٤ .

[31] عبدالفتاح على البوتانى: دراسات ومباحپ فى تاريخ الكرد والعراق المعاصر، دهوك، ٢٠٠٦، لا١٦٥.

[32] .ديڤيد ما كداوڵ : سەرچاوەی پێشو ، لا ٨٣٤ .

[33] .ديڤيد ما كداوڵ :.هەمان سەرچاوە ،لا٨٥٦ .

[34] . جليلى جليل واخرون : الحركه الكرديه، .بيروت، لا١٩٠-١٩٢ .

[35] حامد محمود عيسى : سەرچاوەی پێشو ،لا٢٩٩ .

[36] حامد محمود عيسى : هەمان سەرچاوە ،لا٣٠٠.

[37] كريس كۆچێرا :سەرچاوەی پێشو ،لا١٣٥ .

[38] حميد بۆز ئەرسەلان: سەرچاوەی پێشوو ،لا٨٧-٨٨ .

[39] گوێنتەر دێشنەر :سەرچاوەی پێشوو ،لا١٠١ .

[40] بئوار اليما : سەرچاوەی پێشوو ،لا ٦٠ .

[41] ببئوار اليما : سەرچاوەی پێشوو ، لا ٦٠-٦١ .

[42] حەميد بۆز ئەرسەلان :سەرچاوەی پێشوو ،لا٩٣ .





[43] عبدالفتاح على البوتانى: دراسات والمباحپ، لا١٧٩.

[44] ديفيد ماك داول : سەرچاوەی پێشوو لا ٨٥٦.

[45] ايبراهيم داقوقلى : سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٤٦

[46] كرمانج گوندی : سەرچاوەی پێشوو ، لا٥٨ .

[47] كرس كۆچێرا : سەرچاوەی پێشوو ،لا ١٣٦ .

[48] عبدالفتاح على البوتانى : دراسات والمباحپ، لا١٨٣.

[49] عبدالفتاح على البوتاانى : هەمان سەرچاوە، لا ١٨٣.

[50] ايبراهيم داقوقلى : سەرچاوەی پێشوو، لا٢٤٥ .

[51] ديفد ما كداود: سەرچاوەی پێشو ،لا٨٤٦.

[52] حميد بۆز ئەرسەلان: سەرچاوەی پێشوو ،لا٩٦ .

[53] كرمانج گوندی : سەرچاوەی پێشو ،لا٤٩-٥٠ .

[54] جليلى جليل واخرون : سەرچاوەی پێشو ،لا ٢٧١ .

[55] جليلى جليل: هەمان سەرچاوە ، لا٢٧١.

[56] حامد محمود عيسى: سەرچاوەی پێشوو، لا٣٠٠.

[57] كريس كۆچيرا: سەرچاوەی پێشوو، لا١٤٩.

[58] نادر انتصار : سەرچاوەی پێئشوو، ٧٤لا_٧٥.

[59] بئوار اليما : سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٥,.

[60] حامد نخمود عيس : سەرچاوەی پێشو ،لا ٢٩٨ .

[61] كريی كۆچيرا : هەمان سەرچاوە ، لا١٤٧.

[62] حەميد بۆز ئەرسەلان : سەرچاوەی پێشوو ،لا ٨٩ .

[63] حامد محمود عيسى : سەرچاوەی پێشو، لا ١٩٨ .

[64] نەزيف خەليل (لەموسڵ لەدايك بووە زمان زانو ڕوناكبير بووە مامۆستای زمانی ئينگليزی زانكۆ بووە (كريس كۆچێرا : سەرچاوەی پێشو ،لا١٥٣ )

[65] مەهدی زانا ساڵی ١٩٤٠ لە سيلوان لەدايكبووە سەرقاڵی كاری بەرگدوری بوو : هەمان سەرچاوە، لا ١٥٣.

[66] كريس كۆچێرا : سەرچاوەی پێشو ،لا١٤٢ .

[67] كريس كۆچێرا : سەرچاوەی پێشو ، ١٤٣ .

[68] بئوار اليما : سەرچاوەی پێشو ،لا٦٣ .

[٦٩] كريس كۆچێرا : سەرچاوەی پێشو ،١٤٤.

[٧٠] كريس كۆچێرا : هەمان سەرچاوە ،لا١٤٤.

[٧١] حامد محمود عيسی : سەرچاوەی پێشو ،لا٢٩٧ .

[٧٢] حامد محمود عيسا : سەرچاوەی پێشو ،لا٢٩٧

[٧٣] ايبراهيم بوكلو لەساڵی ١٩٤٩ لەدێی حاجيە لە نزيكی شەريف نيكو شيزار بەدوری ١٢كم لەئەنكەرەوە لەدايك بووە ئەو ناوچە خێڵی كوردی بيلخانی پێش سەد ساڵ لەو مێژووە تێدا ژياون ناوبراو كوڕی خاوەن زەويەكی گەورەبوو خوێندنی لەئەنكەرە تەواو كردبوو (كريس كۆچێرا :سەرچاوەی پێشو لا١٥٣

[٧٤] كريس كۆچێرا : هەمان سەرچاوە لا١٤٤

[٧٥] ئيسماعيل بێشك چی لەساڵی ١٩٣٢ لەباژێڕی چۆرم ناوچەی ئيسكيل لەدايكبووە، ساڵی ١٩٦٢ كۆلێژی ڕاميارى تەواو كردووەو لە كوردستاندا بووە بە فەرمانبەر ئەركی سەربازی خۆيشی لەشاری بەتليس تەواو كردووە، ساڵی ١٩٦٤ لەئەرز ڕوم لەزانكۆی ئەتاتورك وەك ياريدەدەری سۆسيۆلۆژ كاردەكات، دكتۆراكەيشی ساڵی ١٩٦٧ تەواو دەكات، لەخۆپيشاندانەكانی ئەو ساڵەی كورداندا بەشدار دەبێت و پەرتوكێكيان لەسەر دەنوسێت دواجار لەسەر ئەم پەرتوكە لەزانكۆدا دەری دەكەن، ساڵی ١٩٧١ لەئەنكەرە لەزانكۆدا دەست دەكاتەوە بەكار لەكۆدەتای ١٩٧١دا زيندانی دەكەنەوە، ساڵی ١٩٧٤ ئازادی دەكەن لە ١٩٧٩دا  ديسان دەی گرنەوە، لەساڵی ١٩٨٧دا ئازاد دەبێت و ئێستاش ماوەو چەندەها پەرتوكی بەنرخی لەسەر كوردستان هەيە ( ئيسماعيل بێشكچی : سەرچاوەی پێشو ،لا٢٥-٥٦ )

[٧٦] كريس كۆچێرا سەرچاوەی پێشو ،لا١٤٥.

[٧٧] . حامد مەحموود عيسا: سەرچاوەی پێشو، لا ٢٩٧.

[٧٨] . كريس كۆچێرا: سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٥-١٤٦.

[٧٩] . نادر انتصار: سەرچاوەی پێشوو، لا٧٣.

[٨٠] . نادر انتسار: هەمان سەرچاوە، لا٧٤.

[٨١] نادرانتصار:سەرچاوەی پێشوو،لا ٧٤.

[٨٢] كريس كۆچيرا: سەرچاوەی پێشوو، لا١٤٧.

[٨٣] نادر انتصار: سەرچاوەی پێشوو، لا٧٩، بئوار اليما: سەرچاوەی پێشوو، لا٦٥.

[٨٤] حامد محمود عيسی: سەرچاوەی پێشوو،لا٢٩٩.

[٨٥] كرێس كۆچێرا : سەرچاوەی پێشو ،لا١٤٩-١٥٤

[٨٦] كريس كۆچێرا : سەرچاوەی پێشو ،لا١٤٩





[٨٧] حامح محمود عيسا : سەرچاوەی پێشو لا ٢٩٩

[٨٨] عبدالله ئۆج ئالان :بەرگريكردن لە گەلێك ، وەرگێڕانی لە توركيەوە لوقمان عبدالله چ ١ چاپخانەی ڕەنج سلێمانی لا ٣٦٩

[٨٩] حامد محمود عيسی : سەرچاوەی پێشو ،لا٣٠٣

[٩٠] كريس كۆچێرا :سەرچاوەی پێشو ،لا١٤٩

[٩١] حامح محمود عيسی : سەرچاوەی پێشو ،٣٠٣ .

[٩٢] كريس كۆچێرا :سەرچاوەی پێشو لا١٥٠.

[٩٣] رضاهيلال :سەرچاوەی پێشو ،لا٥٤.

[٩٤] ابراهيم خليل احمد واخرون توركيا المعاصره ،لا٦٩

[٩٥] حەسرەتيان :سەرچاوەی پێشو ،لا١٠٤-١٠٥

[٩٦] ايبراهيم داقوقلی : سەرچاوەی پێشو لا٢٨٤

[٩٧] ابراهيم داقوقلی: سەرچاوەی پێشو ،لا ٢٨٥ .



هەواڵنامەی كتێب

# جەنگی جیهانیی یەکەم

یوسف محمد صادق

جەنگی جیهانیی یەکەم، بە یەکێك لە وێستگە سەرەکیەکانی پەرەسەندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت. ئەمەش بە هۆی زۆریی ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدارییان تێدا کرد و بەربڵاوی مەیدانی شەڕەکان، کە نزیکەی سەرجەم ئەوروپا و بەشێك لە ئاسیا و ئەفریقاشی گرتەوە.

جیاکەرەویەکی دیکەی ئەم شەڕە بریتی بوو لە بەشداریکردنی دەوڵەتانی نائەوروپی لە کارلێکەکانی کاتی شەڕ و پاش شەڕ. ئیدی لەو کاتەوە ڕۆڵی دەوڵەتانی نائەوروپیی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەڵمانیا و یابان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بووە ڕۆڵێکی کارا و کاریگەر و ئەمەش لەسەر حسابی ڕۆڵی دەوڵەتانی ئەوروپا و بە تایبەت دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو کاتی وەك ئەڵمانیاو بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتالیا و ڕووسیا بوو.

کاریگەرییەکی دیکەی ئەم شەڕە و دەرەنجامەکانی لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی، بریتییە لە دیاری کردنی سنووری دەوڵەتان (بە هۆی ڕێککەوتننامە نهێنییەکانی وەك سایکس بیکۆ و پەیمانی بەلفۆرەوە) بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوێن، بە شێوەیەك کە سنوورەکانی ئەمڕۆ هەمان ئەو سنوورانەن کە لەو کاتدا دەستنیشان کراون بە کەمێك دەستکارییەوە. بۆیە جێی خۆیەتیی لێرەدا کەمێك





بە وردی لە کارلێکە نێودەوڵەتییەکانی پێش و کاتی جەنگ جیهانی و دەرەنجامەکانی ڕامێنین.

## یەکەم: کارلێکە نێودەوڵەتییەکانی پێش شەڕ (١٨٩٠-١٩١٤)

دەکرێت بوترێت ئەم سەردەمە مێژووییە، کە بە کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بسمارك (راوێژکاری ئەڵمانیای پێشوو) لەساڵی ١٨٩٠ دەستپێدەکات و، بەدەستپێکردنی جەنگی جیهانیی یەکەم ١٩١٤ کۆتایی دێت. یەکێکە لە سەردەمە گرنگەکانی بەرەوپێشچوونی سیاسەتی نێودەوڵەتی.

ئەم سەردەمە هەندێ ڕوداوی گرنگی بەخۆیەوە بینی کە دواجار بوونە هۆی کەوتنەوەی یەکەم جەنگ جیهانی لەمێژوودا. هەروەك بازدانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی لە پرۆسەی پەلهاوێشتنی کۆلۆنیالیدایدا. هەروەها لەم سەردەمەدا گۆڕانکاری ریشەیی لەبونیادی سیستمی جیهانیدا روویدا، کەبوویە هۆی سەرهەڵدانی سیستمی دووجەمسەریی نێودەوڵەتی بۆ یەکەم جار لەسەدەی نۆزدەدا. ئەمەش بەهۆی ئەوەی پاش چوونە دەرەوەی (بسمارك) لەدەسەڵات گۆڕانکاریی گەورە بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیادا هات. بسمارك هەوڵەکانی لەچەسپاندنی هەژموونی ئەڵمانیا لەمەیدانی ئەوروپادا چڕ کردەوە و بەدرێژایی حوکمی، پرسە جیهانییەکان و بەتایبەتیش پرسە کۆلۆنیالییەکان پلەی دووەمیان هەبوو لەگرنگی پێدانی بسمارك، بە بەراود لەگەڵ کێشە ئەوروپییەکان کە پلەی یەکیان هەبوو. بەڵام پاش بسمارك، ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم دەستی کرد بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی جیهانی. هەروەها ئیتر فشارەکانی خاوەن پیشەسازی و بازرگانییەکان بەرهەمی هەبوو بۆ ڕووکردنە سیاسەتی کۆلۆنیالیزم. وەك پەرچەکرداریش بەریتانیا روویکردە



هەواڵنامەی کتێب

دەستێوەردان لەکاروباری ئەوروپا، دواجار هەموو ئەمانە بوونە هۆی جەمسەرگیرییەکی دوانەیی جیهانی کە کۆتایی هێنا بە سەردەمی هەژموونی ئەڵمانی.

لەلایەکی دیکەوە ئەم جەمسەرگیرییەی نێوان بەریتانیا و ئەڵمانیا لە هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکانیشدا رەنگی دایەوە، دووبلۆکی جیهانی هاتنەئاراوە کەبریتی بوون لەدەوڵەتانی هاوپەیمانیی سیانی کە ئەڵمانیا و نەمساو ئیتاڵیای لە خۆ دەگرت، لەبەرامبەریشدا کۆمەڵەی دەوڵەتانی (وفاق)ی سیانی دروستبوون، کە ئەمیش فەرەنسا و بەریتانیا و روسیای لەخۆدەگرت کە یابانیش پشتیوانی لێدەکردن. ئەم هاوبەندیانەش لە ئەنجامی کۆمەڵێك رێکەوتننامە شکڵیان گرت، کە تیایاندا هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان تێکەڵ بە پرسە حزبییەکان دەبوون. لەئەنجامی ئەم جەمسەرگیرییە نێودەوڵەتیەشدا پێشبڕکێی چەك لەنێوان دەوڵەتانی ئەوروپادا هاتەئاراوە، گرنگترینیان پێشبڕکێی چەکی دەریایی نێوان ئەڵمانیا و بەریتانیا، پێشبڕکێی چەکی زەمینیی نێوان ئەڵمانیا و نەمسا و مەجەڕ لەلایەکەوە، فەرەنساو روسیا لەلایەکی ترەوە، بوون.

گۆڕانکارییەکی گرنگی تری ئەم سەردەمە بریتی بوو لەبەرەو گۆڕان چوونی هەژموونی بێڕکابەری ئەوروپا بەسەر جیهاندا، هەرچەندە ئەم گۆڕانکارییە لەسەرخۆ بوو. لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە قورسایی رێژەیی هێزە سەرەکییەکان لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەرەو گۆڕان دەچوو بەشێوەیەك کە هەژموونی ئەوروپا هێدی هێدی بەرەو کەمبوون چوو. خۆ ئەم هەژموونە بەکۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی دووهەم کۆتایی پێهات، بەڵام ریشەکانی کۆتایی هاتنی سەردەمی هەژموونی ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ نەوەدەکانی سەدەی نۆزدە. لەم کاتەدا رۆڵی کاریگەری یابان وەدەرکەوت بەتایبەت لە جەنگ نێوان یابان و





چینەوە لە ساڵی ١٨٩٤ دەرکەوت. هەروەها وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاش هێزی سەرمایەداریی خۆی کامڵکرد، ڕوویکردە پەلهاویشتنی حزبی. لێرەوە ئیدی یابان و ئەمریکاش پیشبڕکێی حزبیان لەگەڵ وڵاتە ئەوروپییەکان دەکرد. هەربۆیە لێرەوە سیاسەتی نێودەوڵەتی هێدی هێدی لە سیاسەتێکی ئەوروپییەوە گۆڕا بۆ سیاسەتێکی جیهانی. لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم گۆڕانکارییە زیادبوونی رێژەی گەشەسەندی پیشەسازی ئەمەریکا و ئەڵمانیا بوو، بەشێوەیەك کە بەریتانیا پلەی یەکەمی لەم بوارەدا لەدەستدا وەك یەکەم دەوڵەتی پیشەسازی لە جیهاندا. لەکاتێکدا بەریتانیا ٣١,٨٪ ی بەرهەمی پیشەسازی جیهانی لەساڵی ١٨٧٠ دا بەرهەمدەهێنا، بەرامبەر بە ٢٣,٣٪ بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ١٣,٢٪ بۆ ئەڵمان، ئەم رێژانە لەساڵێ ١٩١٣داگۆڕان بۆ٣٥,٨٪ دا بۆ ویلایەتەیەکگرتووەکان، ١٥,٧٪ بۆ ئەڵمان و، ١٤٪ بۆ بەریتانیا.

وەك باسکرا، لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە ململانێی نێوان ئەڵمانیا و بەریتانیا بوو، بەشێوەیەك کە بوویە جیاکەرەوەی سەرەکیی ئەم قۆناغە. سەرەڕای بەرەوهەڵکشان چوونی هێزی ئەمریکا، بەڵام ئەم وڵاتە بازاڕی نێوخۆیی خۆی و ئەمریکای لاتینی بەگونجاو دەزانی بۆ پەرەدان بەپێشکەوتنە پیشەسازییەکەی. بەڵام ئەڵمانیا چاوی بڕیبووە بازاڕەکانی دەرەوە، ئەمە لەکاتێکدا بوو کەجیهان لەنێوان دەوڵەتە پیشەسازییەکانی تری وەك بەریتانیا و فەرەنسادا دابەشکرابوو، جگە لە چەند ناوچەیەکی کەم هیچ شوێنێك نەمابوو کە لەدەرەوەی کۆنترۆڵی ئەم دەوڵەتانە بێت. خێرایی پێشکەوتنی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی ئەڵمان لەلایەك، بەرتەسکی بوارەکانی پەلهاویشتنی داگیرکاری، دووفاکتەری سەرەکی بوون بۆ هاتنەئارای ململانێی سیاسیی توند لەنێوان ئەڵمانیا و بەریتانیا کە ئەمەش بوویە هۆکارێکی گرنگی سەرهەڵدانی جەنگ جییهانیی یەکەم.

لەلایەکی دیکەوە لەم سەردەمەدا لە دەوڵەتە فرەنەتەوەکاندا ڕەوتی نەتەوەیی جیاواز گەشەیان کرد. هەستی نەتەوایەتیی پۆڵەندییەکانی ژێر ڕکێفی ڕوسیا زیادی کرد. هەروەها لە ساڵی (١٩٠٥)ەوە بزووتنەوەی سلاڤیی باشوور (یۆگۆسلاڤیا) ڕوویکردە بەرەوسەربەخۆیی چوون، (چیك)یش داوای خودموختاریی دەکرد لەچوارچێوەی ئیمپراتۆریای نەمسای مەجەری. لە (بەڵقان)یش دا ناڕەزایی نەتەوەیی گەلە مەسیحییەکانی دژ بە دەوڵەتانی عوسمانی زیادی کرد، هەروەها ململانێی نێوان ئاراستە نەتەوەییە یۆنانی و بولگاری و سربییەکان زیادی کرد. سەرجەم ئەم بزووتنەوانەش ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەبوو لەسەر ئەو بڕیارە سیاسییانەی دواجار بوونەهۆی جەنگی جیهانیی یەکەم.

لە ڕۆژهەڵاتی سەرزەمینی عەرەبیشدا لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا ڕەوتە نەتەوەییە عەرەبییەکان ڕسکان. ئاراستەی زاڵ لەنێو ئەم بزووتنەوە نەتەوەییە عەرەبیانەدا بریتی بوو لەئاراستەی چاکسازیخوازی، کەداوای خودموختاریی گەلانی عەرەبی دەکرد لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، داننان بە نەتەوەی یەکگرتووی عەرەب وەك کیانێکی نەتەوەیی لەچوارچێوەی دەوڵەتدا. لەسەرەتادا دەوڵەتی عوسمانی بە هەندێك لەم داوایانە ڕازی بوو، بەڵام عوسمانیەکان جەنگی جیهانیی یەکەمیان بەهەل زانی بۆ کپکردنەوەی ئەم دەنگانە، دەرئەنجامیش بە یارمەتی بەریتانیا و فەرەنسا لە ساڵی ١٩١٦ عەرەبەکان دژ بەدەسەڵاتی عوسمانی و حزب (ئیتیحاد و تەرەقی) ڕاپەڕین.

هەر لەم سەردەمەدا هێزی بزووتنەوە سۆسیالیستییەکان زیادی کرد، بەتایبەت لەڕۆژئاوا و ناوەڕاستی ئەوروپا. لە فەرەنسادا لەساڵی ١٨٩٠ەوە سۆسیالیستییەکان بەشدارییان لەدەسەڵات کرد و(میللەران) بوویە یەکەم





سۆسیالیست کە پۆستی سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆمار وەربگیرێت. لە ئەڵمانیاشدا حزبی سۆسیالیست دیموکرات لەساڵی ١٩١٢ دا بوویە بەهێزترین حزب نێو پەرلەمانی ئەو وڵاتە. هەروەها ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی دروستکرا کە بزووتنەوەی سۆسیالیستییەکانی وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپای لەخۆ دەگرت و ناوی لێنرا (سۆسیالیستی نێودەوڵەتی دووهەم). ئەم بزووتنەوانە داوای سنوردانانیان دەکرد بۆ پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن و دوورکەوتنەوە لەشەڕ، یەکلاکردنەوەی کۆلۆنیالیزم. بەڵام کاریگەریی ئەم بزوتنەوانە لەسەر سیستمە حوکمڕانەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتی لاوازبوو. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ دابەشبوونی بزوتنەوەی سۆشیالیستییەکان بۆ باڵی جیاجیا و دژ بەیەك، بەهێزیی نەتەوایەتی و بزوتنەوەکانی دەربڕی، ئەم بیرە لە ئەوروپا لەبەرامبەر سۆشیالیستەکاندا.

لە ڕووی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیشەوە، لەم سەردەمەدا بەرەوپێشچوونی گەورە هاتنەئاراوە. بەتایبەت گرێدرانی هەردوو کۆنفرانسی لاهای لەساڵەکانی ١٨٩٩ و ١٩٠٧ دا کە لەیەکەمیاندا (٢٦) دەوڵەت و لەدووهەمیاندا (٤٤) دەوڵەت ئامادەبوون کە لە نێویاندا زۆربەی کۆمارەکانی ئەمریکای لاتین هەبوون، کە ئەمە یەکەم جار بوو دەوڵەتی نائەوروپی لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکاندا بەشداربن. ئەمەش بوویە هۆی پەڕاندنەوەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لەئەوروپییەوە بەرەو جیهانی بوون، جگە لەوەی کە چیدی دەوڵەتە بچووکەکانیش بەشدارییان لەکۆنفرانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەکرد. کۆنفرانسی یەکەمی لاهای بوویە هۆی گرێدانی کۆمەڵێك ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە یاسای جەنگ وشکانی و دەریایی، ڕێککەوتنامەی یەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشە نێودەوڵەتییەکان کەبەهۆیەوە دروستکردنی

لیژنەی لێکۆڵینەوە کاتییەکان و چۆنییەتی ئەنجامدانی کارەکانیان ڕێکخرا.

گرنگترین دەرەنجامی کۆنفراسی دووهەمی لاهایش بریتی بوو لە دروستکردنی دادگای هەمیشەیی ناوبژیوانی (Permanent Court of Arbitration) کە تیایدا کێشەی نێوان دەوڵەتان چارەسەردەکران. سەرباری ئەمانەش دیاردەی دروستکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە هونەرییە تایبەتمەندەکان بەردەوام بوو، وەك یەکێتیی پیشەسازی شەکر، نووسینگەی نێودەوڵەتی تەندروستی، ئەنجومەنی فرۆکەوانیی نێودەوڵەتی و..تاد.

### دووهەم: هۆکارەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم

چەندین نەوەی لێکۆڵیاران و مێژوونووسان باسیان لە هۆکارەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم کردووە. بەڵام زۆرێك لەم شرۆڤانە لەوەدا ناتەواون کەپشت ئەستوورن بە یەك فاکتەر، لایەن و ڕەهەندەکانی دیکە فەرامۆش دەکەن. بۆیە بۆ خۆبەدوورگرتن لەو هەڵەیە پشت بە شرۆڤەی لێکۆڵیاری ئەمریکی (جۆزیف نای) ، کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم شەڕە دابەش دەبێ بۆ سێ کۆمەڵە هۆکار، کە بریتین لە هۆکارەکانی بونیادی سیستمی نێودەوڵەتی، هۆکارەکانی تایبەت بە ناوخۆی دەوڵەتانی بەشدار لەململانێکانی ئەوکات و هۆکارەکانی تایبەت بەکردە و تێڕوانین و بڕیاری سەرکردە سیاسییەکان.

**ئاستی یەکەم: سیستمی نێودەوڵەتی**

لەم ئاستەدا دوو هۆکاری سەرەکی هەبوون:

**أ. هەڵکشانی هێزی ئەڵمانی**

هەڵکشان و زیادبوونی هێزی ئەڵمانیا کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر توندبوونی ململانێکان. وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ڕێژەی پیشەسازی ئەڵمانیا





بەبەراود لەگەڵ بەریتانیا زۆر زیادی کرد. لێرەوە ئەڵمانیا بەشێك لە توانا پیشەسازییەکانی ئاراستەی بەهێزکردنی جبەخانە سەربازییەکەی کرد، چ لەلایەنی هێزی دەریایی و چ لەلایەنی هێزی وشکانییەوە. لێرەوە پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن لە نێوان ئەڵمانیا و بەریتانیا و فەرەنسا هاتەکایەوە، بەریتانیا ترسی کەنارگیری نیگەرانی دەکرد، لەبەرامبەر زیادبوونی هێزی ئەڵمانیا، ئیدی دڵەڕاوکێی ئەوەی هەبوو، کە چۆن پارێزگاری لە ئیمپراتۆریە پان و فراوان و پەرتووبڵاوەکەی بکات. ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە بەهۆی (جەنگ بوێر)ەوە هێندەی تر زیادی کرد، پاش ئەوەی ئەڵمانیا یارمەتیی بوێرەکان (واتە نیشتەجێ بە ڕەچەڵەك هۆڵەندییەکانی باشووری ئەفریقا)ی دا، ئەو کاتە بەریتانیا دەستی دایە دژایەتی کردنیان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە. پەرچەکرداری بەریتانیا بۆ زیاد بوونی هێزی ئەڵمانیا یارمەتیدەر بوو بۆ هۆکاری دووهەم لەم ئاستەدا.

**ب. زیاد بوونی چەقبەستوویی هاوپەیمانییەکانی ئەوروپا**

لەساڵی ١٩٠٤ بەریتانیا وازی هێنا لە ڕۆڵگێران وەك هاوسەنگکەری هاوکێشەی هێزەکان لە ئەوروپا و جیهان. بۆیە لەساڵی ١٩٠٧ هاوپەیمانیی لەگەڵ فەرەنسا بەست، دواتر ئەم هاوپەیمانییە ئەنگلۆ- فەرنسییە بە چوونەپاڵی ڕوسیا بەرفراوانتربوو و ئەوکات (هاوپەیمانی سیانی)یان پێکهێنا. کاتێکیش ئەڵمانیا بینیی کە ئابلۆوقە دراوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیمپراتۆری نەمساومەجەڕ پەرەپێدا.

لێرەوە چەقبەستنی هاوپەیمانییەکان زیادی کرد و لە ئەنجامیشدا ڕۆڵی دیبلۆماسییەت و هێورکردنەوەی ململانێکان لەڕێی وتووێژەوە کەم بوویەوە، ئاڵوگۆڕ کردن لەنێوان هاوپەیمانییەکانیشدا نەما، دەوڵەتە گەورەکان خۆیان لە چوارچێوەی دووجەمسەردا ڕێکخست.

چەند هۆکارێکی تریش یارمەتی دەربوون بۆ چەقبەستوویی هاوپەیمانییەکان. بۆ نمونە بزووتنەوەیەك لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات هاتە کایەوە کە داوای یەکگرتنی نەتەوە سلاڤییەکانی دەکرد، کە ئەمەش هەڕەشە بوو بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریی نەمساوی، کە بەشێك لە دانیشتوانەکانیان سلاڤی بوون. لە هەمانکاتدا لە ئەڵمانیادا دەمارگیرییەکی نەتەوەیی دژ بە سلاڤییەکان هاتە کایەوە.

لەلایەکی دیکەوە هۆکارێکی تری ئەم جەمسەرگیرییە نەمانی نەرمی (مرونە)ی ئەڵمانیا بوو لەسەرەتاکانی سەدەی بیست. سیاسەتی ئەڵمانیا ناڕوون و نیگەرانکەربوو بۆ هەموو لایەك. ئەڵمانیاش وەك دەوڵەتانی تر تەماعی جیهانیی هەبوو، بەلام بە شێوەیەك هەوڵی بۆ دەدا کە هەموانی کرد بە دوژمنی خۆی. ئەڵمانیا بەریتانیای لەخۆی وروژاند کاتێك دەستی کرد بە پێشبڕکێی چەکی دەریایی، روسیای نیگەرانکرد بەهۆی سیاسەتەکانی لە تورکیاو بالکان، فەرنساشی تووڕە کرد بەهۆی هێرشکردن بۆ هەندێك لە کۆلۆنیەکانی فەرەنسا لە مەغریب. قەیسەری ئەڵمانیا دەیویست لە ڕێی ترساندنی بەریتانیەکانەوە ڕایان بکێشێت بۆ دۆستایەتی کردن لەگەڵ ئەڵمانیا. بەلام ئەوەی ڕوویدا تەواو پێچەوانە بوو، ترس و دڵەڕاوکێی بەریتانیا لە زیاد بوونی هێزی ئەڵمانیا هانیدا بۆ هاوپەیمانی کردن لەگەڵ فەرەنسا دواتریش لەگەڵ ڕوسیادا.

**ئاستی دووهەم: کێشە نێوخۆییەکانی دەوڵەتان**

لە ئاستی دووەمی شرۆڤەکردنەکەیدا، جۆزیف نای باس لە ڕووداوەکانی نێوخۆی کۆمەڵگەکان و سیاسەتی نێوخۆیی دەوڵەتانی بەشدار لە ململانێکانی ئەوکات دەکات. هەڵبەتە هەر لەم ئاستەدا لینین هۆکاری جەنگی جیهانیی یەکەم دەگێڕێتەوە بۆ سەرمایەداریی جیهانی، ئەم شەڕە بە دوا قۆناغەکانی





ئیمپریالیزمی سەرمایەداری ناوزەد دەکات. (نای) بە دوور لەم شرۆڤە ئایدۆلۆژییە پێیوایە، کە لەم ئاستەدا دوو هۆکار هەن کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێن ئەوانیش: تەنگەژە نێوخۆیەکانی هەردوو ئیمپراتۆڕی نەمساوی و عوسمانی، دواتریش بارودۆخی سیاسەتی نێوخۆیی ئەڵمانیایە.

هەر دوو ئیمپراتۆریی نەمساوی و عوسمانی چەندین نەتەوەیان لەخۆدەگرت و هەڕەشەی پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتییان لەسەربوو. سەرەڕای ئەمەش دەوڵەتی عوسمانی زۆر لاواز بووبوو، بەدەست گەندەڵی و چالاکیی گرووپە نەتەوەییە جوداخوازەکانی بەلقانەوە دەیناڵاند. سەرەنجامیش جەنگ بەلقان لەساڵی ١٩١٢ بوویە هۆی دەرپەڕاندنی تورکەکان لەم ناوچەیە، دوای ساڵێك بەلقانییەکان لەلایەکەوە کەوتنە شەڕ لەنێو خۆیاندا و لەلایەکی دیکەوە شکستی عوسمانیەکان لەبەردەمیاندا هانیدان، کە هەوڵی دەرپەڕاندنی نەمساوییەکانیش بدەن. لێرەوە ململانێیەکی توند لەنێوان دەوڵەتانی بەلقان بەڕێبەرایەتی سربیاو نەمسای ئیمپراتۆریدا سەریهەڵدا، دواتر ئەم ململانێیە بوویە هۆی کوشتنی ئەرشیدۆق فرانس فێردیناندی جێگری پاشای نەمسا لەسەر دەستی تیرۆرستێکی سربی، هەر ئەم ڕووداوەش بوویە یەکەم چەخماخەی جەنگ جیهانی یەکەم.

لەلایەکی دیکەوە بارودۆخی نێوخۆیی ئەڵمانیاش هۆکارێکی تری بەرەوشەڕچوونی ململانێکان بوو. هەندێك پێیان وایە کە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆی ئەڵمانیا هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ شەڕ. ئەمانە پێیان وایە کە هاوپەیمانیەکی ناوخۆیی خاوەن زەوییە ئەرستۆکراسیەکان و سەرمایەدارە پیشەسازییە گەورەکان حوکمی ئەڵمانیایان دەکرد، ئەم هاوپەیمانییە پشتی بە سیاسەتی پەلهاوێشتن و سەرکێشیی دەرەکی لە بری چاکسازیی نێوخۆیی و چارەسەرکردنی لێکترازانی کۆمەڵایەتیی نێوخۆی ئەڵمانیا بەست.

**ئاستی سێهەم: بێتوانایی و لاوازی ئیمپراتۆر و پادشاکانی ئەو سەردەمە**

بۆ نمونە ئیمپراتۆری نەمساوی کەسێکی پیری ماندوو بوو، سەرکردایەتی کردنی سوپای سپارد بە سەرۆك ئەرکانەکەی (جەنراڵ کۆنراد). لە روسیاشدا قەیسەر نیکۆلاسی دووهەم بەشێوەیەکی ڕەها حوکمی دەکرد و، لەتەمەنیدا بەدوور لەجیهان درێژەی بەحوکمی خۆی دەدا، دژی هەر جۆرە چاکسازیەکی نێوخۆیی بوو.

لەلایەکی دیکەوە قەیسەری ئەڵمانی بەدەست لاوازی حکومڕانییەکەی دەیناڵاند و، لەهەمان کاتدا لایەنی سۆزداریی زۆربەهێزبوو. بۆیە ئەمەش لەدروستکردنی بڕیاری شەڕدا ڕۆڵی بینی.

## سێهەم: جەنگ جیهانی یەکەم و دەرئە نجامەکانی

### ١. دەست پێکردنی شەڕ :

لە سەرەتای دەست پێکردنی ساڵی ١٩١٤، دژیەکیی ڕیشەیی لە نێوان بەرژەوەندییەکانی هەردوو جەمسەرەکەدا تا دەهات زیاتر بەدەردەکەوت. کێشەی بەڵقانیش ئەم هاودژییەی زیاتر شکڵ پێگرت و زیادیشی کرد. سربیا هەستا بە وروژاندنی گەلە سلاڤیەکانی ژێر دەستی ئیمپراتۆری نەمساومەجەڕ، کاری دەکرد بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی سربیای گەورە. ئەم هەوڵەی سربیاش لەوانەبوو ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئیمراتۆریی نەمساومەجەڕ.

لەلایەکی دیکەوە ململانێی نێوان روسیا و ئەڵمانیا زیاتر توند دەبوو، بەتایبەت ئەوکاتەی دەوڵەتی عوسمانی هەستا بە دەستنیشانکردنی جەنەڕاڵی ئەڵمانی سەندرێز بۆ دووبارە ڕێکخستن و مەشقپێکردنی سوپای عوسمانی،





روسیاش ئەمەی بە هەڕەشەیەك دەزانی بۆ سەر خۆی، فەرنسا و بەریتانیاش پشتگیریی ئەم هەڵوێستەی روسیایان کرد.

بەم شێوەیە بارودۆخی نێودەوڵەتی هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ پێکدادانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی سیانی و ویفاقی سیانی، بزیسکی دەستپێکردنی جەنگش بریتی بوو لەکوشتنی جێنشینی پادشای نەمساومەجەڕ فێردیناند لەلایەن سربییەکی تونڕەو لە ١٩١٤/٦/٢٨ و، لەماوەی نزیکەی مانگێکدا ئەم ڕووداوە پەرەیسەند بۆ جەنگی جیهانیی یەکەم.

### ٢. کۆتایی پێهاتنی شەڕ:

لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕ تا مانگی (١٠)ی ١٩١٧، دەوڵەتانی هاوپەیمانی بەتایبەت نەمساومەجەڕ و ئەڵمانیا و لەگەڵیشیاندا دەوڵەتی عوسمانی، سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێنا، بەڵام جەنگی جیهانیی یەکەم لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی ویفاق کۆتایی پێهات.

لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەم دەرەنجامەش بریتین لە سروشتی فرەنەتەوەیی هەریەکە لە ئیمپراتۆریی نەمساومەجەڕ و دەوڵەتی عوسمانی. ئەم دوو دەوڵەتە پێکدەهاتن لە چەند نەتەوەیەك کە هەندێکیان داوای ئۆتۆنۆمییان دەکرد. دەوڵەتانی ویفاقیش ئەم لایەنەیان قۆستەوە و هانی چیکیو سلاڤییەکانیاندا دژ بەئیمپراتۆری نەمساومەجەر، هانی عەرەبەکانیشیاندا دژ بە دەوڵەتی عوسمانی. ئەمەش بوویە هۆی شۆڕشی ئەم نەتەوانە، لە دەرەنجامیشدا لاواز بوونی هەردوو دەوڵەتەکە.

لەلایەکی ترەوە هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بۆ نێو شەڕ لە قازانجی دەوڵەتانی ویفاق ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی بینی لە ڕەوتی ڕووداوەکانی شەڕ. بەشداریکردنی

ئەمریکا بوویە هۆی شکستی ئەڵمانیا لە جەنگ ژێردەریاییەکاندا، هەروەها کەشتیگەلی بازرگانیی ئەمریکا ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە ئاسانکردنی بازرگانیی دەرەوەی دەوڵەتانی ویفاق.

لەهەمان کاتدا چوونەدەرەوەی ڕوسیا لە شەڕ نەبوویە هۆی کشانەوەی بەپەلەی هێزەکانی هاوپەیمانان لەبەرەی ڕوسیا بەرەو مەیدانەکانی تری شەڕ. ئەمەش بە هۆی دوړدوونگیی هاوپەیمانان لە نیازەکانی روسیای سۆڤێتی و ترسانیان لە گواستنەوەی شۆڕشی سۆسیالیستی بۆ ناو وڵاتەکانیان.

جیاوازیی بیروبۆچوون لە نێوان نەمساومەجەڕ و ئەڵمانیا و، لەنێوان سەرکردایەتیی ئەم دوو وڵاتەشدا، هۆکارێکی دیکەی شکستیان بوو لەشەڕدا. سەرکردەکانی ئەم دوو دەوڵەتە لە کاتی جیاوازدا هەوڵی هاتنە ئارای ئاشتیان دەدا، بەڵام بەهۆی ناکۆکیی بیروڕا لە نێوانیاندا و لەنێوان سەرکردەکانی ئەم وڵاتانە خۆشیاندا، ئەم هەوڵانە بێ ئەنجام بوون و بوونە هۆی لێکترازان و جیاوازی و دەرەنجامیش لاواز بوونی هەردوو دەوڵەتەکە.

دواجاریش دەرچوونی ئیتاڵیا لە ڕیزی دەوڵەتانی هاوپەیمانی و چوونەڕیزی دەوڵەتانی ویفاق، گورزێکی کوشندەی لە هاوپەیمانان دا، بوویە هۆی شکستی ئیمراتۆڕیی نەمساومەجەڕ و تەسلیم بوونی ئەڵمانیا لە تشرینی دووهەمی ١٩١٨.

**٣. دەرئەنجامەکانی شەڕ :**

لەگرنگترین دەرەنجامەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم، ڕێککەوتننامەکانی پاش شەڕ و درووستکردنی کۆمەڵەی گەلان بوون.

**أ. ڕێکەوتننامەکانی ئاشتی:**

دەوڵەتە سەرکەوتووەکان لە شەڕدا بە بەرژەوەندیی جیاوازەوە چوونە کۆنفرانسی ئاشتییەوە لە پاریس. بۆ نمونە فەرەنسا دەیەویست ئەڵمانیا





بەشێوەیەك بێ هێز بکرێت کەجارێکی تر نەتوانێت هێرشی بکاتە سەر. چونکە ئەڵمانیا لە ماوەی سەدەیەکدا سێ جار هێرشی کردبووە سەر فەرەنسا. بەڵام بەریتانیا چاوی بڕیبووە کۆڵۆنییەکانی ئەڵمانیا لەئەفریقا و کۆڵۆنییەکانی عوسمانی لە ئاسیا، سەرەڕای دووبارە چالاککردنەوەی ژیانی ئابووری لە ئەوروپادا. هەروەها نەیدەویست زۆر بەتوندی بنوێنرێت لەگەڵ ئەڵمانیا نەبادا ناچار بکرێت ڕوو لە روسیای سۆڤێت بکات و ببێتە هاوپەیمانی. لەهەمان کاتدا ئیتاڵیا لەهەوڵی دەستەبەربوونی ئەو بەڵێنانەدا بوو کەدەوڵەتانی ویفاق پێیان دابوو. بەڵام وڵاتەیەکگرتووەکان لە هەوڵی چەسپاندنی بەندەکانی ویلسۆن و ئازادکردنی بازرگانیی نێودەوڵەتی و دروستکردنی ڕێکخستنی نێودەوڵەتی و داڕشتنەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای نوێ بوو.

کۆنفرانسی ئاشتی، بەبێ بەشدارییپێکردنی ڕوسیای سۆڤێتی و دەوڵەتە دۆڕاوەکان، لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ لەپاریس گرێدرا، پێنج پەیماننامەی لێکەوتەوە کە بریتی بوون لە ڤێرسیای لەگەڵ ئەڵمانیا، سان جێرمان لەگەڵ نەمسا، تریانۆن لەگەڵ مەجەڕ، نایبی لەگەڵ بولگاریا، سیڤەر لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی[١]

لە پاڵ ئەو ڕێککەوتننامە ڕەسمییانەدا، لە کاتی جەنگ جیهانیدا کۆمەڵێك ڕێککەوتننامەی نهێنیش گرێدران، کە کرنگترینیان بریتی بوو لە ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ (Sykes Picot Treaty) ی ساڵی ١٩١٦ و، تیایدا سەرزەمینە ئاسیاییەکانی ژێر قەڵەمڕەوی عوسمانی لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا و ڕووسیاو ئیتالیادا دابەش کرا. بەڵام دواتر بە هۆی کشانەوەی ڕووسیا لە شەڕ، کەمێك گۆڕانکاریی تێدا کرا.

لە ساڵی ١٩١٧شدا لۆرد بەلفۆری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا پەیمانێکی



هەواڵنامەی کتێب

دەرکرد، کە بە هۆیەوە بەڵێنیدا کە بەریتانیا هەموو هەوڵێکی بخاتەگەڕ بۆ دامەزراندنی نیشتیمانێك بۆ یەهوود لە فەڵستیندا و، دواتر هەر بە پێی ئەم پەیمانە لەساڵی ١٩٤٨ دامەزراندنی (دەوڵەتی ئیسرائیل) ڕاگەیەندرا.

بەڵام ئەم ڕێککەوتننامەی ئاشتییانە لە نێوکرۆکیاندا هۆکاری درووستبوونی جەنگ نوێیان حەشاردابوو. چونکە دەوڵەتە سەرکەوتووەکان دانوستانیان لەگەڵ ئەڵمانیادا نەکرد، بەڵکو لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەوە کرد، کە دەبێت چ مەرجگەلێکی بەسەردا بسەپێنن، هەندێك لەم مەرجانەش سوکایەتی بوو بۆ ئەڵمانیا، لە گرنگترینەکانیشیان بریتی بوو لە داننانی ئەڵمانیا بەتاوانباریی لە هەلگیرساندنی شەڕ. بۆیە کە دواتر هیتلەر لەساڵی ١٩٣٣ دەسەڵاتی ئەڵمانیای گرتەدەست، ڕێککەوتننامەی ڤێرسایی ناوزەند کرد بە "سەپاندنی ڤێرسای".

جیا لەمەش ئەم ڕێکەوتننامەیە ئەگەرەکانی تۆڵەسەندنەوەی ئەڵمانیای مەحاڵ نەکرد. چونکە ئەم ڕێککەوتننامەیە چەند دەوڵەتێکی بچووکی لەسەر سنوری ئەڵمانیا دروستکرد کە بە ئاسانی بۆ ئەڵمانیا دەکرا بەسەریاندا زاڵ بێت. هەروەها بە پێی ڕێککەوتننامەکە ڕێ درا بە ئەڵمانیا کە (١٠٠) هەزار سەربازی هەبێت کە بە ئاسانی دەکرا پێشبخرێن و بکرێن بە ئەفسەری پێشکەوتوو. هەروەها ڤێرسای ئاماژەی بەهێزی پیشەسازی ئەڵمانیا نەکرد، بۆ ئەوەی ئەڵمانیا بتوانێت ئەو قەرەبووانەی بەسەریدا سەپێنرابوو دابین بکات. ئەمەش یارمەتی ئەڵمانیای دا کە لە ماوەی (١٥)ساڵدا هێزی خۆی بنیات بنێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ڕێکەوتننامەکانی ئاشتی بەرژەوەندییەکانی روسیای سۆڤێتییان ڕەچاو نەکرد. هەروەها دانوستان لەگەڵ نەمساومەجەڕ و بولگاریادا نەکرا، بەڵکو ڕێککەوتننامەکان لەلایەن دەوڵەتە سەرکەوتووەکانەوە دارێژران و دواتر داوا لەم دەوڵەتانە کرا کە ئیمزای بکەن.





سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئەم ڕێککەوتننامانە مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەکانی فەرامۆش کرد، چەند دەوڵەتێکی دروستکرد لە چەند نەتەوەیەکی جیاواز پێکدەهاتن، ئەمەش دەبوویە هۆی نائارامی لە نێوخۆی ئەم دەوڵەتانەدا. ئەمە جگە لەوەی کە ئابووریی ئەم دەوڵەتانە زۆر لاواز بوو، هەر ئەمەش دەبوویە هۆیەکی تری نائارامیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم وڵاتانەدا لە کاتێکدا کە ئابووریی ئەڵمانیا بەرەو دۆخی جارانی دەگەڕایەوە، ئیدی سەر لەنوێ بیری لە کۆنترۆڵکردنی ئەم دەوڵەتانە دەکردەوە.

**ب. پێکهێنانی دامەزراوەی جیهانی : دروستکردنی کۆمەڵەی گەلان**

کۆنفرانسی ڤێرسای بوویە هۆی گۆرانکارییەکی ڕیشەیی لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەویش بەهۆی درووستکردنی ڕێکخستنێکی نێودەوڵەتیی جیهانی کە بریتی بوو لە کۆمەڵەی گەلان (League of Nations). دروستبوونی کۆمەڵەی گەلان دەرەنجامی چوار هۆکاربوون: هۆکاری یەکەمیان بریتی بوو لە کەڵەکە بوونی نزیکەی سەدەیەك لە شارەزایی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. ئەم پاشخانە مێژووییەش بوویە هۆی هاتنەکایەی کلتورێکی فیکری و دامودەزگایی لەچۆنییەتیی دروستکردن و دیاریکردنی تایبەتمەندیی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان کە ئەمەش لە دروستکردنی کۆمەڵەی گەلان سوودی لێوەرگیرا.

هۆکاری دووهەم بریتی بوو لە شارەزایی هاوکاریی نێودەوڵەتی لەنێوان دەوڵەتە سەرکەوتووەکان لە شەڕی جیهانی یەکەم. ئەم دەوڵەتانە لەکاتی شەڕدا لیژنە و کۆمیسیۆنی جیاجیایان پێکهێنا کە دواتر ڕێگاخۆشکەر بوون بۆ دروستکردنی کۆمەڵەی گەلان.

هۆکارێکی تریش بریتی بوو لە هاتنەئارای هوشیارییەکی نێودەوڵەتی بۆ پێویستیی هێنانەکایەی دامەزراوەیەکی جیهانی، کە ڕێگر بێت لەبەردەم

دروستبوونەوەی جەنگ دیکەی جیهانی. دوا هۆکاریش بریتی بوو لەو ڕۆڵەی کە سەرۆکی ئەمریکی ویلسۆن دەیگێڕا بۆ هێنانەکایەی ڕیکخستنێکی نێودەوڵەتی جیهانی لەبەر ڕۆشنایی بنەما (١٤)خاڵییەکە[٢].

بەم شێوەیە کۆمەڵەی گەلان بوویە یەکەم ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی جیهانی کە ئەرکی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی لەجیهان لەئەستۆ گرت.

***************

سەرچاوەکان


١. د. علي عودة العقابى، العلاقات السياسية الدولية، دار الجماهيرية، سرت- ليبيا، ١٩٩٦.

٢. د. محمد احسان، الصراعات الدولية في القرن العشرين، دار آراس للطباعة و النشر اربيل، ٢٠٠٠.

٣. د. كاظم هاشم نعمة، الوجيز في تاريخ العلاقات الدولية، جامعة بغداد،١٩٩٠.

٤. د. محمدالسيد سليم، تطور السياسة الدولية في القرنين التاسع عشر و العشرين، دار الفجر الجديد للنشر و التوزيع، القاهرة، الطبعة الثانية، ٢٠٠٤.

٥. جون بيليس وستيف سميث، عولمة السياسة الدوليية، ترجمة و نشر: مركز الخليج للأبحاث، دبي، ٢٠٠٤.

٦. د. عدنان طه مهدي الدورى، العلاقات الدولية المعاصرة، منشورات الجامعة المفتوحة، بيروت، ١٩٩٢.

٧. د. أحمد عباس عبدالبديع، العلاقات الدولية أصولها و قضاياها المعاصرة، القاهرة، ١٩٨٨.

٨. Con Way W. Henderson, International Relations Conflict and Cooperation at the Turn of the ٢١st Century, MC Graw hill, New York, ٢٠٠١.

٩. Josef S. Nye, Understanding International Conflicts An Introduction to Theory and History, Longman, Third Edition, ٢٠٠٠.

١٠. جمال رشدى، الصراع الدولي:







www.acpss.ahram.org.eg/ahram/٢٠١/١/١/yunk.j.holsti,١٩٩٥:٩٨-١٠٠


پەراوێزەکان

١ هێندەی پەیوەنیی بە کوردەوە هەیە ئەم ڕێککەوتننامەیە بەخشینی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لەخۆ گرتبوو، بەڵام پاش بەرپابوونی شۆڕشی تورکیا بە ڕێبەریی موستەفا کەمال ئەتاتورك و ناڕازی بوونی بەم ڕێککەوتننامەیە، بووە هۆی چاکسازی کردن تێیدا بە قازانجی تورکەکان بە هۆی ڕێککەوتنامەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣.

٢ . بنەما چواردە خاڵییەکەی ویلسۆن:

١. وازهێنان لە دیبلۆماسی نهێنی و بەستنی ڕیککەوتننامەی ئاشکرا.

٢. ڕیزگرتنی ئازادیی کەشتیوانی لەدەرەوەی ئاوە هەرێمییەکان لەکاتی ئاشتی و شەڕدا.

٣. لابردنی لەمپەرە ئابوورییەکان، هێنانە کایەی یەکسانی و ئازادیی بازرگانیی نێودەوڵەتی.

٤. کەمکردنەوەی جبەخانەی سەربازی تا ئەو ئاستەی کە پێویستە بۆ ئاسایشی ناوخۆیی.

٥. یەکلاکردنەوەی دادپەروەرانەی حزب و ڕەچاوکردنی گەلانی کۆلۆنیالکراو.

٦. کشانەوی ئەڵمانیا لەسەرجەم زەوییە ڕوسییەکان، فرسەتدان بە ڕوسیا بۆ پەرەسەندن.

٧. پاراستنی سەروەریی بەلجیکا.

٨. کشانەوە لە فەرەنسا و پاراستنی سەروەرییەکەی و قەرەبووکردنەوەی.

٩. چاکسازیکردن لە سنورەکانی ئیتاڵیا و نەمسا بەشێوەیەك لەگەڵ دابەشبوونی گەلانی ئەم دوو وڵاتە بگونجێت.

١٠. پێدانی خودموختاری بەگەلانی نەمساومەجەڕ.

١١. کشانەوە لە ڕۆمانیا و سربیا و جەبەل ئەسوەد و پێدانی دەرەچەیەکی دەریایی بە سربیا.

١٢. سەربەخۆیی گەلانی ناتورکیی بندەستی دەوڵەتی تورکیا.

١٣. سەربەخۆیی پۆڵەندا و پێدانی دەرەچەی دەریایی پێی.

١٤. دروستکردنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی جیهانیی گشتی.



هەواڵنامەی کتێب

## وەرگێڕان

- ❖ ستمی جیهانیی کۆن.
- ❖ زانستی ڕامیاری.





# ستمی جیهانیی کۆن

ن. ڕۆبەرت کوپەر
و. نوێبوون

لە پێناو تێگەیشتنی ئێستا دەبێت لە ڕابردوو تێبگەین. بەمانایەکی تر، دەتوانرێت بوترێت رابردوو تا ئێستا لەگەڵماندایە. ستمی نێودەوڵەتی واڕاهاتووە، کە پشت بە هەژموونگەری یان هاوسەنگی ببەستێت.

هەژموونگەری بۆ یەکەمجار لە جیهانی کۆندا دەستیپێکرد، لەو قۆناغەدا ستم بریتی بوو لەئیمپراتۆریا و چەندین ئیمپراتۆریای وەك: ئیمپراتۆریای ئەسکەندەر، ئیمپراتۆریای رۆما، ئیمپراتۆریای مەگۆلی و عوسمانی و چینی هەبوون، چونکە سەبارەت بەجیهانی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست، لە نێوان ئیمپراتۆریا و گێرەشێوێنیدا، ئیمپراتۆریا باشتربوو. لەو رۆژگارەدا، ئیمپریالیزم وشەیەکی بێزرا و نەبوو، هەروەها لەناو ئیمپراتۆریادا ستم و رۆشنبیری و شارستانی هەبوو، بەڵام لەدەرەوەی ئیمپراتۆریا گێرەشێوێنی و ئاژاوە و بەربەرێتی هەبوو.

بۆیە لەوکاتەوە وێنەی ئاشتی و ستم لەمیانەی ناوەندێتی تاکە هێزی هەژموونگەرادا وێنەیەکی بەهێزی هەبووە، کە سەرەتا لەپێناو گێڕانەوەی جیهانی مەسیحیدا لەخەونی سەدەکانی ناوەڕاستدا ئامادەبوو (لەلایەن نوسەرانی



هەواڵنامەی کتێب

وەك دانتێ Dante)، لەوپێشنیارە زۆرانەی لەلایەن ئایدیالیەکانی هاوشێوەی (ئەمانوێل کانت Immanuel Kant و سانت سیمۆن Simon- Sant و ڤیکتۆر هۆگۆ Victor Hugo یان ئەندرۆ کارنیجی Andrew Carnegie)و لەپێناو بونیادنانی حکومەتێکی جیهانی یان حکومەتێکی ئەوروپی پێشکەشکران، کە بەردەوام و تا ئێستا لە بانگەشە و داواکان بۆ دروست کردنی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەوروپا دەبینرێت، ڕەنگی داوەتەوە. بێگومان بیرۆکەی نەتەوە یەکگرتوەکان وەك حکومەتێکی جیهانی (کەهەرگیز مەبەست پێی ئەوە نەبووە) تا ئێستا بەردەوامە، لەکاتێکدا نەتەوە یەکگرتوەکان ڕووبەڕووی ڕەخنە گەلێکی زۆر دەبێتەوە بەهۆی دەستەوسانی لەوەی کەوابێت (واتە ڕۆڵی حکومەتێکی جیهانی ببینێت).

لەگەڵ ئەمەدا، ئەوەی لە جیهاندا خۆی وەك هێزێکی داینامیکی چەسپاند دەوڵەتە بچوکەکان بوون نەك ئیمپراتۆریاکان، چونکە ئیمپراتۆریاکان بۆ گۆڕان و ڕابوون دیزایین نەکراون.

پارێزگاری و هێشتنەوەی دەستەیی و یەکاندنی ئیمپراتۆریا - کرۆکی ئیمپراتۆریاکان یەکخستنی کۆمەلگا جۆراوجۆرەکان بووە لە سایەی تەنها فەرمانڕەواییەکدا- ئاسایی جۆری سیاسی دەسەلاتگەرا دەخوازێت، لەکاتێکدا داهێنان، بەتایبەتی لە کۆمەلگا و سیاسەتدا، سەر بۆ ناسەقامگیری دەکێشێت، هەروەها دواجار، ڕێنماییە پێوەرییەکان، کە دەدرێتە فەرمانڕەوای هەرێمێك لە ئیمپراتۆریای چینیدا بەدڵنیاکردنەوەی تەواو لە ڕوونەدانی گۆڕانکاری داواکارە. لەلایەنی مێژووییەوە، بەشێوەیەکی گشتی ئیمپراتۆریاکان وەستاوبوون.

سەرچاوەی سەرکردایەتیکردنی ئەوروپا بۆ جیهان لە پشکداری بێوێنەی دەوڵەتە بچوکە ئەوروپیەکانەوە بوو. لەپێناو هاوتاییکردنی نێوان گێرەشێوێنی و ئیمپراتۆریا لە ئەوروپا ڕێگەی سێیەم دۆزرایەوە. لە بارودۆخی تایبەت بە





ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست، ئیمپراتۆریا پەرت و هەڵوەشاو بوو.

گلۆتە رکابەرە تێکپچڕاوە جیاوازەکان لەپێناو بالادەستیدا کێبەرکێی یەکتریان دەکرد! خاوەن زەویەکان، ئارە ئازادەکان، خاوەن مافە دەرەبەگیەکان، ساندیکا پیشەییەکانی و پادشا. لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە کڵێسا، کە دەستی بەسەر پاشماوەکانی ئیمپراتۆریای مەسیحیدا گرتبوو، تا ئەوکاتە ڕێژەیەکی گەورەی نفوز و دەسەلاتی بۆخۆی پاراستبوو، کە بەهۆیەوە رکابەری دەسەلاتە سیکۆلارەکانی دەکرد.

بێگومان سەرکەوتنی دەوڵەتی بچوك لەپڕکردنەوەی هێزەوە هاتووە - بەتایبەتی هێزی هەمووارکردنی یاساکان و جێبەجێکردنی- بەخاڵێکدا: واتە دامەزراندنی سەروەری.

کڵێسا، کە داخوازی فەرمانڕەوایی هەمەکی بوو، جیاواز بوو لە دەسەلاتی سیکۆلار کە لەڕووی جوگرافییەوە سنورداربوو. بەمشێوەیە ئەوروپا لەسستمێکی هەمەکی لاوازەوە بۆ شێوەیەك لە دەسەلاتە بەهێزە سەروەرەکان، بەلام سنوردار لەڕووی جوگرافییەوە و بێ هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی گشتی گۆڕا. جەنگی هەمووان دژی هەمووان، کە هۆبز مەترسی لێی هەبوو گۆڕا بۆ دۆخێکی تر کە تیایدا بۆ چڕکردنەوەی هێزی شەرعی لەڕیزێك خاڵدا، هەوڵدرا ئەو خاڵانەی کە شەرعیەت و هێز تێیاندا کورت دەبونەوە.

هوبز لەماوەی جەنگی ناوخۆیی ئینگلتەرادا ژیاوە، سستمی ناوخۆ خەمی سەرەکی بوو، بەلام چڕکردنەوەی هێز لەناوخۆ و فەرامۆشکردنی سستمی نێودەوڵەتی بێپاسەوان، لەلایەن کڵێساوە و لەسەر فۆڕمی سستم و دەسەلات فەراهەمهێنرابوو، کە تەنانەت پادشاکانیش ملکەچییان دەکرد. بۆیە سستمی ناوخۆیی لەسەر حسابی گێرەشێوێنی نێودەوڵەتی کردرابوو.

هەمەجۆری دەوڵەتە بچوکە ئەوروپیەکان رکابەرێتیەکی خولقاند، کە لەهەندێ کاتدا شێوەی جەنگی وەرگرتووە، هەروەك چۆن سەرچاوەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەکنەلۆجی بوو. جگەلەوەی سەختگیری سستمی دەوڵەتی ئەوروپی لەوەدابوو، کە ببێتە سەرچاوەی هەڕەشەکردن لەسەر هەریەك لەو دوولایەنە. لەلایەك، مەترسی لەدەستدانی کۆنترۆڵی جەنگ و گلۆربونەوەی سستم بەرەو دۆخێك لە گێرەشێوێنی هەبوو. لەلایەکی ترەوە، مەترسی سەرکەوتنی تەنها هێزێك لەجەنگەکاندا و سەپاندنی تاك هەژموونی بەسەر ئەوروپادا لەئارادابوو.

چارەسەری ئەم گرفتە بنەڕەتییە، کە خۆی لەسستمی دەوڵەتی بچوکدا دەنواند هاوسەنگی هێزەکان بوو، ئەمەش وەك ئەوەی هەندێ کات وێنا دەکرا بەشێوەیەکی تەواو میکانیکی کاری نەدەرکد. سەرەڕای ئەوە، بیرۆکەی هاوتابوونی دەوڵەتە ئەوروپیەکان لەنێوان خۆیاندا، بەشێوازێکی نێوتۆنی نیمچە میکانیکی، کە ڕێگربێت لەبەردەم هەریەکێك بۆ کۆنترۆڵکردنی کیشوەرە بە بەهێزی، باڵی بەسەر ئەندێشەکردنی مێژوویدا کێشابوو. پرەنسیپی پارێزگاری لە هاوسەنگی هێزەکانی کیشوەری ئەوروپی ماوەی سەد ساڵ بوو لە یاساکانی یاخیگەریساڵانە دەردەکرا، لە پەرلەمانی بەریتانیدا تۆمار کرابوو. لەگەڵ ئەوەدا، وابەستەیی چەمکەکان (کە ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی لەگەڵ چەند ئاماژەیەك بۆ "هاوسەنگی هێزەکان لەپێناوی ئاشتی" زیادی کرد، وادیارە هەمان مانای کۆنترۆڵخوازی ئەمریکی دەگەیەنێت)، کاتێك کاروبار لەلایەن چاوچنۆکیی ئیمپریالیزم لە ئیسپانیا بۆ فەرەنسا یان ئەڵمانیا گەیشتە هەڕەشەکردن لە سستمی دەوڵەتی ئەوروپی، لەپێناو بێئومێدکردنی ئەو چاوچنۆکیانە، هاوپەیمانێتیەکان پێکهاتن. ئەمەش لەگەڵ سروشتی سستم کوا





ڕێکدەکەوت: چالاککردنی دەسەڵاتی بێلایەن بەشێوەیەکی سروشتی بۆ پاراستنی سەروەرییەکەی. هەروەها ئەم سستمە شەرعیەتێکی دیاریکراوی هەبوو: پیاوانی دەوڵەت درکیان بە دروستی بوونی هاوسەنگی کردبوو. لەماوەی چەند گرێی (العقد) دوای جەنگی سی ساڵە، ڕێکەوتن لەنێوان حکومەتەکان و بژاردەکاندا گەشەیکرد، کەمەبەست پێی پێویستی پاراستنی فرەیی دەوڵەتە ئەوروپیەکان بوو. کەزۆرێك پێیان وابوو ئەمە مەرجێکی ئازادی بوو لە ئەوروپادا.

لەگەڵ هاوسەنگی هێزەکاندا پرەنسیپی بەرژەوەندی دەوڵەت برەویسەند، یەکەمجار مێکیاڤیللی گریمانەیەکی پێشکەشکرد و لەمیانەیدا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە دەوڵەتان ملکەچی هەمان ئەو کۆتە ئاکارییانە نابن، کە تاکەکان ملکەچیین. ئەم فەلسەفەیە کە پێیوابوو ڕێسا ئاکارییەکان بەسەر دەوڵەتان پراکتیزە نابن هاوتای ئەو گۆڕانکاریانە بوو، کە بەهۆیانەوە دەوڵەت چیتر وەك خاوەنداریێتی تایبەتی فەرمانڕەوا ئەژمارنەدەکرا. لەهەمانکاتدا داڕوخانی دەسەڵاتی تۆتالیتاری کەنیسەش ڕەنگیدایەوە. لەچاخی ڕێنیسانس و دواتریدا بانگەشەکانی بەرژەوەندی دەوڵەت زیاتربوو، تاوەکو لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا بووە حیکمەتێکی قبوڵکراوو پانتاییەکی بۆ ئەو پرسیارانە نەهێشتەوە، کە لەبارەی ئەوەی جەنگەکان دادپەروەرانەن یان هیچ پەیوەندییەکیان پێوەی نییە، ڕووبەڕووی (ئەکونیاس Aquinas) و (ئۆگەستین Augustine) دەبوونەوە.

سەرەڕای ئەوە، پرەنسیپی هاوسەنگی هێزەکان خۆی لەخۆیدا دۆخێکی نائارام و ناسەقامگیری هەڵگرتبوو، لەڕاستیدا هاوسەنگی هێزەکان ئەو سستمەبوو کە هەمیشە بەرپابوونی جەنگی لێچاوەڕێ دەکرا. بۆیە کۆتایی هاتنی ئەم سستمە دەرەنجامی سێ فاکتەر بوو: فاکتەری یەکەم یەکگرتنەوەی ئەڵمانیابوو لەساڵی (١٨٧١)دا، چونکە بۆیەکەمجار دەوڵەتێك لەڕووی فراوانی و دینامیکیەوە

دامەزرێنرا کە لەخۆگرتن و کۆنترۆڵکردنی لەچوارچێوەی سستمە ئەوروپیە کلاسیکیەکەدا کارێکی ئەستەم بوو. ئەوەی ئەم راستیە دەسەلمێنێت ئەوەیە کە دووجار لەپێناو لغاوکردنی چاوچنۆکیەکانی ئەڵمانیا، هاتنە مەیدانی دووهێزی ناکلاسیکی ئەوروپی پێویست بوو، کە ئەوانیش (یەکێتی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتوەکان)بوون. جاری دووەمیان ئەم دوو هێزە درەنگکەوتن یاخود دواکەوتن، بووە مایەی گۆڕینی سروشتی سستمەکە بۆ هەتا هەتایە.

فاکتەری دووەم گۆڕانکارییە تەکنەلۆجیەکانی سەدەی نۆزدەبوون، کەوایکرد شۆڕی پیشەسازی بهێنێتە گۆڕەپانی جەنگەوە، جەنگیش لەناو سستمی هاوسەنگی هێزەکانەوە ئاڕاستەی وەرگرتبوو، بەڵام لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا تەکنەلۆجیا بەهای جەنگەکانی بردە ئاستێکەوە، سەروکاریکردنی ئەستەم بوو.

گۆڕانکاری سێیەمیش لەگەڵ دووەمدا بوو، شۆڕشی پیشەسازی تەنها میکانیزمەکانی گواستنەوەی خەڵکی بۆ بەرەکانی جەنگ نەهێنا، بەڵکو کۆمەڵێ خەڵك و سیاسەتی دیموکراتیشی لەگەڵدابوو، مەبەستیش ئەوەبوو کە ناکرێت جەنگ و ئاشتی بۆ بڕیار و حوکمی بژاردەیەکی بچوکی خاوەن ڕەوتی نێودەوڵەتی جێبهێڵرێت. لە پەیماننامەی (ئۆنرخت) و کۆنگرەی (ڤیەننا) یان لە پەیماننامەی (بسمارك) لەگەڵ نەمسا لەدوای جەنگی ساڵی (١٨٦٦)، هێشتا بیرکردنەوە و هەوڵدان بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێزەکان لەتوانادا بوو، بەڵام لەساڵی (١٨٧١)دا کاریگەری هەستی نەتەوەیی ڕۆڵێکی گرنگی دیاریکراوی هەبوو.

هەوڵەکانی بسمارك بۆ گێڕانەوەی ناوچەکانی (زاس و لۆرین)، کە پێچەوانەی بۆچوونە زۆر داناییەکەی بوو، ئەوەی ڕونکردەوە کە ڕۆژگاری بسمارك‌و توانای یاریکردن بە دەوڵەت و هاوسەنگیان لەسەروبەندی کۆتاییدایە. بۆیە لە کۆنگرەی (ڤێرسا)یدا نەدەکرا هەمان شێوەی گفتوگۆکانی ئاشتی دووبارە





بکرێتەوە، کە پێشتر لەلایەن (تالیران Talleyrand) و (میتەرنیخ Metternich) بەڕێوە چووبوو. چونکە بیرۆکەی هاوسەنگی هێزەکان لەساڵی (١٩١٩)دا بەشێوەیەکی کرداری مردبوو، سەرەڕای ئەوەی جەنگی دووەمی جیهانی لەپێناو رزگارکردنی سستمی دەوڵەتی ئەوروپی دواهاوپەیمانی بەخۆیەوە بینی.

ئەگەر هاوسەنگی هێزەکان بۆ هەردوو سەدەی هەژدە و نۆزدە (تاڕاددەیەك بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم) سستمی دەوڵەتی ئەوروپی بووبێت، ئەوا سستمی جیهانی سستمی ئیمپراتۆریاکان بووە.

ئیمپراتۆریاکان، سەرجەمیان، ئەو سستمە ئەوروپیە بوون کە بەفۆنتێکی پان نوسراوەتەوە. جەنگی ئیمپراتۆریاکان، جەنگی حەوتساڵە بۆ نمونە – بەشێوەیەکی سەرەکی جەنگی ئەوروپیەکان بوو. ئیمپراتۆریاکان سامانێکی یەکجار گەورەیان زیادکرد و پاشخانێکی سیاسی ئەوروپین- جالە کۆنگرەی (بەرلین) بێت یان لە ڕوداوی (ئەغادیر)، بەڵام تا ئەو ساتە وەختەش سەنتەر و دڵی سستمەکە لەئەوروپادا بوو. بۆیە ئاساییە گەر هێزە ئەوروپیەکان – بەرەچاوکردنی ئەوهێزە ڕێژەییە و سوربوونیان لەسەر دەستکەوتەکانیان- خاوەن ئیمپراتۆریای گەورە و فراوان بن و لەچەند کیشوەردا هەبوون، بەڵام ئەم لایەنەش بەشێك لە دووفاقی تێدابوو، چونکە ئەو هێزەی لەکیشوەرە تایبەتیەکەی خۆیدا هەوڵی ئاراستەپێدان و بەڕێوەبردنی سستمی هاوسەنگی دەدا –لەگەڵ رازیبونی بەدەوڵەتە نیشتمانیەکان و فرەیی نێودەوڵەتی- بەڵام لەدەرەوەی سنورەکانی خۆیان دامرکاندنەوەی گیانی نەتەوەیی و دژایەتی فرەیی لەدیارترین هەوڵی ئەم هێزانە بووە، لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستدا ئەم جیاوازی‌و دژکارییە بناغەی پەرتبوون‌و لەبەریەکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریاکان بوو.

ئیمپراتۆریاکان سروشتی بوون... شەڕانگێزی دەوڵەتان یان ئەوانەی کەمتر

شەڕانگێزیان پێوە دیاربوو  گریمانەیەكی سستمی هاوسەنگی هێزەكان بوو. لەبەرئەوە دیزاین كردنی سستمێك بۆ بەتاڵكردنەوە و شكستهێنانی چاوچنۆكیەكان بەسروشتی لێكدەدرێتەوە. هەروەها ئەوەی هاوسەنگی لەئەوروپا رێگری فراوانخوازی بوو، بەڵام سروشتی بوو لە دەرەوەی ئەو سنورە فراوانخوازی بكات. ئەمە هۆكارێك بوو كە ئەڵمانیای كردبووە فاكتەرێكی وروژێنەر و ڕاڕایی، بۆیە كاتی هەڵتۆقینی ئەڵمانیا، زۆرینەی گێرەشێوێنی و (هەندێك نا گێرەشێوێنی) بەشێوەیەكی كرداری بۆ ئیمپراتۆریا گۆڕان، یان دوور لە ئیمپراتۆریاكان راگەیانران (ئەمریكای باشور لەسایەی پرەنسیپی مۆنرۆ)، كەوایكرد بوارێكی كەم بدرێتە ئەڵمانیا و یابان.

### سستمی جەنگی سارد

ساڵانی جەنگی سارد سەردەمی جەنگ و تەنگژەبوو، بەڵام لە هەمانكاتدا جۆرێك لە سستمی بنەڕەتی شاراوە هەبوو، لەشێوەی ئەو تێگەیشتنە پەنهانەی كە هەریەك لە ویلایەتە یەكگرتووەكان و یەكێتی سۆڤیەت، كە زۆرترین هەوڵیاندەدا راستەوخۆ شەڕی یەكتری نەكەن. هەروەها هاوپەیمانە سەرەكیەكانیان هەمان كاریاندەكرد چەكی ئەتۆمی لەپشتی ئەمەوەبوو. لایەنێكی تری ئەم پرسە لەوەدابوو كە یەكێتی سۆڤیەت لە پەلاماردان و هێرشكردنە سەر هاوپەیمانەكانی ئازادبوو بێئەوەی ڕۆژئاوا هیچ دەستێوەردانێكی هەبێت. ئەم ڕێساگەلە نەنوسراوە بوو ڕێگەی بە یەكێتی سۆڤیەتدا ڤێتنامی باكور و ویلایەتە یەكگرتووەكانیش پیاوە گەریلاكانی ئەفغانستان بەچەك دەوڵەمەند بكەن، بەڵام هیچیان هێزی جەنگاوەری كلاسیكی نەنارده ناو گۆڕەپانەكە، كە ئەوی تر پابەندی پێوەی هەیە. لەبەر ئەوە





سەرلەبەری جەنگی سارد بە پڕوپاگەندە و بەرتیل و چەواشەكاری بەڕێوەچوو، هەركات كوشتاری سەربازی ڕوویدابێت، زۆربەی لەپێناو كۆنترۆڵی سیاسی یان ئایدۆلۆجی بووە بەسەر وڵاتێكی دیاریكراودا –بۆنمونە نیكاراگوا یان ئەنگۆلا یان كۆریا- ئەمەش لەبری كوشتاری سەربازی نێوان وڵاتان بووە، بۆیە زۆرینەی جەنگە كردارییەكان لەجەنگی ناوخۆییدا بەرپابوون. دواجار سستمیش خاوەن ڕێكخراوی تایبەتی بووە و لەزۆربەی دۆخەكاندا سنورەكان گۆڕانكاریان تێدا نەبووە و گرنگترین ناكۆكیەكانیش لەنێوان دەوڵەتان و لەدەرەوەی سنوری جەنگی سارد بەڕێوەچوون.

لەگەڵ ئەوەدا، ئەگەرچی سستمی جەنگی سارد لەسەر ئاستی سەربازی هێورو ئارام بوو، بەڵام بۆئەوە دانەڕێژرابوو بەردەوام بێت، هەروەها وەك سستم شەرعیەتی نەبوو، ئەمەش تەنها ئەوە بوو زۆرێك پێیانوابووبێت ئەو هاوسەنگیە ترسناكە بێزراوە، بەڵكو لە راستیدا ئایدۆلۆجیای هەردوولا و دابەشكردنی جیهان بۆ دوو سەربازگە رەتكرایەوە.

هەریەك لە سەربازگەكان بانگەشەی ئەوەی دەكرد، كە ئەو پارادایمەی تایبەتە بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی جیهان خاوەن شەرعیەتی جیهانی و دەسەڵاتی ئاكارییە. بەم مانایە جیاوازی هاوسەنگی جەنگی سارد لەسستمی هاوسەنگی هێزەكانی ئەوروپا لەوەدابوو كە دووەمیان لەلایەن دەوڵەتانی ئەوكاتەوە وەك سستمێكی مەشروع قبوڵكرابوو و پێیانوابوو تارادەیەك لەگەڵ گیانی عەقڵانی ئەو قۆناغە دەگونجێت. بەڵام هەرگیز سستمی هاوسەنگی و دابەشبوونی تایبەت بەجەنگی سارد لەگەڵ ئەو ڕۆحەی كە زۆرترین هەمەلایەنی و زۆرترین ئاكاری بوو، لەكۆتایی سەدەی بیستەمدا نەدەگونجا.



هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ ئەمانەدا هەردوولایان، لە سنورێکی دیاریکراودا ئامادەیی داڕوخاندن و کۆتایی پێهێنانی ئەم سستمەیان هەبوو.

کۆتایی جەنگی سارد وەك هەر پاشهاتێکی تری جەنگەکان، تەنها نەبووە هۆی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، بەڵکو لە هەمانکاتدا گۆڕانکاری نێوخۆیشی لێکەوتەوە. هەروەها لەبەر ئەوەی جەنگی سارد زیاتر جەنگی هزروبیرەکان بوو نەك جەنگی سوپاکان، ئەم گۆڕانکارییانەش لەلایەن هێزە داگیرکارەکانەوە نەسەپێنرا، بەڵکو بەشێوازی ئارەزوومەندانەی حکومەتەکان بوو. ئەگەرچی ئەمە مایەی سەرسامی بوو بۆ گروٚی زانایانی ئابوری ڕاهێنراو لەبواری تەکنەلۆجیای کارگێڕی زانیارییەکان. راوێژکارانی بواری کارگێڕی و بازنەی لێکۆڵینەوە و پرۆگرامی هاوکاری هونەری (لەنێوانیاندا سندوقی بەریتانیا بۆ بەهرە هونەرییەکان کە ناوێکی شیاوی ئەو سندوقەیە). لێرەوە سیمایەکی ناوازەی جەنگی سارد دەردەکەوێت لەوەدا، کە براوەی جەنگ لەجیاتی سەپاندنی قەرەبووکردنەوە (کە نەریتێکی سەدەکانی ناوەڕاست تا سەدەی بیستەم بوو) هاوکاری و یارمەتیان پێشکەش بەلایەنی شکستخواردوو دەکرد، بەم شێوەیە جەنگی بیرەکان جیاواز بوو لە جەنگی زەوییەکان.

بیرەکان لە داخوازی بەتاڵ نین، بەڵکو بەهۆیانەوە دەتوانرێت مەترسی لەسەر ئاشتی دروستبکەن، دیموکراسی لە بیرۆکەی سەرکەوتوی جەنگی ساردبوو ئیمپراتۆریاکان تێکدەشکێنێ. بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتی دیموکراسی پێویستی دەنگدانی زۆرینەیە، کە هەستپێکردنی بەهێز بۆ شوناس هەبێت. دیموکراسی بەدوای دیاریکردنی کۆمەڵی سیاسیەوەیە کە —لەزۆربەی کاتدا- بیرۆکەی دەوڵەت بەدیدەهێنرێت. هەڵوەشان و پەرتبوونی یەکێتی سۆڤیەت و یۆگسلاڤیا (کەهەرردووکیان بەشێوەی جیاواز دوو ئیمپراتۆریای جەنگی





ساردبوون) بەبەرەنجامی سەرکەوتنی لیبرالیزم و دیموکراسی ڕۆژئاوایی بوو، جەنگەکانی ناو ئەم دوو دەوڵەتەش جەنگی دیموکراسی بوون. لیبرالیزم و ناسیۆنالیزم لە ئێستادا بە تەواوی توانای ئاوێتەبوون و پابەندبوونی یەکتریان هەیە، هەروەك چۆن پێشتر لە دەوڵەتانی سەدەی هەژدە و نۆزدەدا کە دوا فۆرمی لەئیمپریالیزمی تێدا گەشەیکرد.

# زانــستی ڕامیـــاری

ن. مارسیل پریلۆ
و. زانا کەریم

ئەو پێناسەیەی ڕامیاری کە پشتی پێدەبەستین شان لەسەر مێژووی وشە و بیروڕاکـــان دادەدات و هـــەروەها ســـروش لەچـــەمك و زاراوە بەردەســـتەکان (پێدراوەکان) وەردەگرێت.

لەزانستە مرۆییەکاندا، پێویستە پشت بەڕای گشتی ببەسترێت، کۆمەڵناسان پەیوەندییـەکی ڕاستەوخۆیان لـەنێوان پێکهێنـانی زمـان و دروسـتکردنی ڕاسـتیدا تێبینیکـردووە. ئەمـە بەسـەر زانـستە ڕامیاریەکانیـشدا دەچەسـپێت. زۆرجـار ڕوونکردنـەوەی ڕەوشـی نـەریتی و دەرخـستنی ناواخنـە دروستەکەی بەسە بـۆ نەهێـشتنی زۆرێـك لـەلێڵی و ناڕۆشـنیەکان و لـەجیاتی چارەسـەرە جیاوازەکـان کەجێگەی مشتومڕن، پەسەندترین پێناسە خۆی دەسەپێنێت.

وشەی ڕامیاری (پۆلیتیـك) لـەم وشـە یۆنانیانـەوە هـاتووە:"پـۆلیس، پۆلیتایـا، پۆلیتیکا، و پۆلیتیکیە".

پۆلیس: شارۆچکە (بلـدە)، شـار (المدینـە)، ناوچـە یـان هـەرێم، یـان هـەروەها کۆبوونەوەی ئەو دانیشتوانەی کەشاریان لێپێکهاتووە.





پۆلیتایا politeia : دەوڵەت، دەستور، سیستەمی ڕامیاری، کۆمـار، هـاووڵاتێتی (بەواتای مافی هاووڵاتیان).

پۆلیتیکا : کۆی (پۆلیتیکۆس)ە:کاروباری ڕامیاری، کاروباری مـەدەنی، هـەموو ئەوشتانەی پەیوەستن بە دەوڵەت، دەستور، سیستەمی ڕامیاری و سەروەرییەوە.

**پۆلیتیکیە: زانستی ڕامیاری.**

مرۆڤــی کــۆن وەك ئەرەســتۆ پێناســەی کــردووە، وادەردەکــەوێت وەك دروستکراوێك، یان "وەك ئاژەڵێکی مـەدەنی". بـە وەرگێڕانـی (Zoon Politikon) "زۆن پۆلیتیکـۆن" بــە "ئــاژەڵێکی کۆمەڵایــەتی" بــواری ئــەم پێناســەیە زۆر کەمدەکەینـەوە. ئـاژەڵ دەکـرێ کۆمەڵایـەتی بێـت، بـەڵام ئـەوە تـەنها مرۆڤـە کـە "سیاسـی"ە. لـەجیاتی ژیـان لەناوچـەی لەیەکـدابڕاو ودورەدەسـت، کـاروانی یـان خێڵی گەڕۆك، جیاکەرەوەی تایبەتی بریتیـە لـە ژیـان لەجەرگـەی ئـەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیــەدا کــە شــار (پــۆلیس)پێکــدەهێنێت. شــاریش بــەلای مرۆڤــەوە، لەیەککاتدا پێویستیەکی سروشتی و نموونەیەکی ئاکاریە.

"پۆلیس"بە تەنها شار نـەبوو، بـەڵکو شارنـشینی (حاضـرة) ئەسـینی (Cite) بـوارێکی فـراوانتر بـوو لەشـاری (مدینـە) ئەسـینا. شارنـشینی تـەنها پایتـەختی نەدەگرتــەوە، بــەڵکو زەوی کــشتوکاڵی، گوندەدراوســێکان، ڕێبــوارانی گونــد و کێڵگەکان، بەندەر. ئەمانـە هـەموویان ئەسـینایان پێکدەهێنا (Attique). ڕشـتە و پێکهاتــەی ڕامیــاری یــەکگرتووی ئــەم شــارە، وەك هــەر هــەرێم (مقاطعــة) یێکـی سویـسری، کۆمـەڵێکی تێکـەڵ پێکـدەهێنێت. بێگومـان بـوونی شارۆچکە پێویـستە، وەك "مۆریس دیڤۆنی"دەڵێت"ماسولکەی دڵە"، بەڵام هەموو شار نیە.

کــەوابوو، لێــرەدا، بەنیــسبەت هــەمان چــەمکەوە، پەیوەندیــەك لــەنێوان شارنـشینی [1] کۆن و دەوڵەتی هاوچـەرخدا هەیـە. هـەروەها ئـەمڕۆ، هەنـدێك جـار

گوزارەی شار (Cite) بەواتا کۆنەکەی بەکار دەهێنین. "ڕیمون بوانکاریە" لەم نزیکانەدا کتێبێکی بۆ هەمووان داناوە و ناوی ناوە " ئەوەی شار دەیخوازێت "، ئامانج لێی پێداویستیەکانی دەوڵەتی فەرەنسیە، نەك پێداویستیەکانی شاری پاریس.

پەیوەندی گوفتاری (کلامی) نێوان شار و دەوڵەت، لەزمانی لاتینیدا بەهۆی وشەی "Res publica " ەوە دێتە دی و وشەی " تاپۆلیتیکا- کاروباری مەدەنی، ئەوەی پەیوەندی بەشارەوە هەیە- هاو واتاکەی "Res publica" (کاروباری گشتی) ە.

لای کیشرا " Quicherat "، دەستەواژەی ( De Republica erit Silentium) بە " ئێمە سیاسەت فێرنابین" و (ad Republicam) بە" پیاوی سیاسەت" وەرگێڕدراوە ولای (شیشیرۆن) کۆمار هاو واتای مەدەنی"civique "ە. هەروەها بەردەوام دەنگدانەوەی گوزارشتی وەك: "سوێندی مەدەنی" و "گیانی مەدەنی" لەسەدەی هەژدەدا لەگوزارشتە شۆڕشگێڕیەکاندا دەبیستین.

لاتینی کلاسیك وشەی پۆلیتیکۆس، (a um) politicus تەنها وەك تایبەتمەندێتی بەکاردەهێنێت. ئەگەر (شیشیرۆن) وشەی پۆلیتایا politeia ی لە یۆنانیەوە وەرگرتبێت بۆئەوەی ئاماژە بە کۆمار بکات، ئەوا بەدەوری ئەم وشەیەدا دەسوڕێت بۆئەوەی مەعریفەی سیاسی دەربخات: Civilis Scientia یان "rerum civilium scienti". "کینتیلیان" دەڵێت: civilitas و" تیتلیف" دەڵێت:ars reipubliciae gerendae.

پاش ئەمە، گوزارەی Res publica بە وشەی دەوڵەتەوە لکا. نێوبەندەکە " ڕەوشی کاروباری گشتی" لەپێناسەی یاسای گشتی، کەلەلایەن شیشیرونەوە پێشنیازکراوە، دا دەردەکەوێت. ئەویش ئەوەیە" دوو ڕوواڵەت هەیە لەلێکۆڵینەوەی مافەکاندا:مافە گشتیەکان و مافە تایبەتیەکان. مافە گشتیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوشی کۆمار، مافە تایبەتیەکان، دەگەڕێتەوە بۆ سوودی تاکەکەسان" [٢].





خودی گوزارەی Status وەرگیراوەو بەسانایی واتای هەڵوێست یان ڕەوشی ئارا (الوضع القائم) دەگەیەنێت. ئەو بیرۆکەیەك لەسەر هەندێ سەقامگیری دەدات بەدەستەوە و بەپێچەوانەشەوە لەگەڵ پێناسەی "الشیء الروماني-شتی ڕۆمانی" یان "شتی گشتی-الشيء العام" واتایەکی سیاسی وەردەگرێت. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، وشەی ( tatus و گوزارەی Res publica) کەم تازۆر هەمان واتا دەپێکن. لاتینی ناوەڕاست و دوور وشەی (پۆلیتیکا) یان خستە پشتگوێ و لەفەرهەنگی (دو کانج-Du cange) بۆ وشە کۆنەکان (١٦٧٨) دا نەهاتووە.

لەسەدەی سیازدەدا وشەی "پۆلیتیك" لەفەرەنسیدا بەواتا لاتینیەکەی بەکار هاتووە و لەکتێبی "هەموو شتەکان" دا برۆنیتۆ لاتینی Brunetto Latini تێبینی ئەوەدەکات کە" پۆلیتیك حکومەتی شارەکانە و سەردارو بالآترینی زانستەو سەرداری ئەو دائیرانەیە کەلەسەر زەوی هەیە. سیاسەت (پۆلیتیك) بەشێوەیەکی گشتی، هەموو ئەو هونەرانە لەخۆدەگرێت کەپێداویستیەکانی کۆمەڵگای مرۆیی تێردەکات".

هەروەك لەزمانی زانستیدا لەسەدەی پازدەوە تا سەدەی حەڤدە، وشەی پۆلیتی Politie بۆحکومەت و پۆلیسیان Policien بۆ هاووڵاتی و پیاوی دەوڵەت بەکاردەهات. هەروەك بۆماوەیەکی درێژترو بەشێوەیەکی فراوان وشەی پۆلیس Police ئاماژەی بۆ شێوازی حکومەتی بەرپا (الحکومه القائمه) دەکرد.

لەسەدەی شازدەدا، وشەی پۆلیتیکا بۆ لاتینی بوونی مرۆییەکان (لاتینیە الانسانیین) دەگەڕایەوە. ناونیشانی کتێبە مەزنەکەی جۆهانس ئەلتۆزیۆس Althusius (١٥٥٧-١٦٣٨) : Politica methodice digesta exemplis sacris et profanes illustrate بوو.

وەك دواتر دەبینین، کتێبە ڕامیاریەکانی سەدەی شازدە ناونراون"میر" ی" ماکیاڤیللی" و "کتب الجمهوریه الستە" ی "بۆدان". بەلآم هەروەها ماکیاڤیللی

وشەی دەوڵەت Etat ی خستە ناو زمانی باوەوە.

لەسەدەی -حەڤدەدا "بۆسۆیە" Bossuet- پێچەوانەی پێشینانی خۆی- بەناونانی کتێبەکەی بە "دامەزراوەی میری مەسیحی"، گەڕایەوە بۆ سەردەمی کۆن و سیاسەتی وەرگیراو لەهەمان ئەو وشانەی کتێبی پیرۆز.

لەسەدەی هەژدەدا، سەرۆك "لاڤی Lavi" کتێبێکی لەژێر ناونیشانی "دەربارەی دامەزراوە ڕامیارییەکان و حکومەتەکانیان" نووسی (لیۆن ١٧٦٤)، پێشتر ناونیشانی "کورتەی کۆماری بۆدان" ی دابووپێی (لەندەن١٧٥٥). لای خۆیەوە "بۆمارشیە" (Beaumarchais) ش گوزارەی گاڵتەئامێزی پۆلیتیسیان (Politicien) ی گواستەوە.

ئەمڕۆ، گەرچی زمانی بەرکار (اللغة الجارية) پێناسەی سیاسەتی بەهەندێك مەدلول دەوڵەمەند کردووە، بەڵام واتای بنەڕەتی بۆ مەدلولە نەریتییەکە جێهێشتووە.

بۆنموونە، لەفەرهەنگی" ئەکادیمی"دا دەخوێنینەوە: **سیاسەت** Politique زانینی هەموو ئەوشتانەیە کەپەیوەستن بە هونەری فەرمانڕەوایەتیکردنی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی پەیوەندیە دەرەکیەکانی. هەروەها دەگوترێت، کاروباری گشتی، ڕوداوەڕامیاریەکان، قسەکردن بەسیاسەت، سیاسەتی ناوخۆیی.

**سیاسەت** (پۆلیتیك) :ئەوەی پەیوەستە بەکاروباری گشتیەوە، بەحکومەتی دەوڵەتەوە بەپەیوەندی بەرابەری (العلاقات المتقابلە) دەوڵەتە جیاوازەکان. **مافە ڕامیاریەکان**، ئەو یاسایانەی شێوەکانی حکومەت دیاری دەکەن، پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان و هاوڵاتیان یان فەرمانبەرداران (المحكومين) ڕێکدەخات.

" هاتزفیلد" Hatzfeild و "دارمیستێتر" Darmesteter دەڵێن" **سیاسەت** Politique :دەدرێتەپاڵ دەوڵەتەوە Etat. **یاسای سیاسی**:ئەو یاسایەیە کەبەهۆیەوە هاوڵاتی پشکداری لەبەڕێوەبردنی دەوڵەتدا دەکات. **پیاوی**





**سیاسەت**:ئەو کەسەیە کەبایەخ بەبەڕێوەبردنی کاروباری گشتی دەدات. **پۆلیتیك** (سیاسەت) وەك ناوێکی وەسفکراو (موصوف): هونەری بەڕێوەبردن، ڕێگای بەڕێوەبردنی هەموو ئەو شتانەی کەدەگەڕێتەوە بۆکاروباری گشتی... ".

هەروەك، "لیتریە" Littre، **سیاسەت** بەم شێوەیە پێناسەدەکات"زانستی فەرمانڕەوایی دەوڵەتانە" یان، هەروەها "زانستی فەرمانڕەوایی دەوڵەت، و ئیدارەکردنی پەیوەندیەکانێتی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا". زیاتر دەڵێت:" بەکاروباری گشتی دەوترێت **سیاسەت**، شتی نوێ لەسیاسەتدا نیە. سیاسەتی ناوخۆیی، سیاسەتی دەرەکی. **یاسای سیاسی**:ئەو یاسایانەیە کەشێوەکانی فەرمانڕەوایی (حکم) ڕێکدەخات. **مافەڕامیاریەکان**:ئەو یاسایانەیە کەبەهۆیەوە هاوڵاتی پشکداری فەرمانڕەوایی دەکات".

" ئینسایکلۆپیدیای مەزن" جەخت لەسەرئەوەدەکاتەوە کە"**سیاسەت** بەتەواوی هونەری فەرمانڕەواییکردنی دەوڵەتە. بۆیەدەتوانرێت پێناسەی **زانستی سیاسی** بکرێت بەزانستی فەرمانڕەواییکردنی دەوڵەتان، یان لێکۆڵینەوەی ئەوپرینسیپانەی کەحکومەتەکان پێکدەهێنن و پەیوەندی حکومەتەکان بەهاوڵاتیان و دەوڵەتانی ترەوە بەڕێوەدەبەن".

## پۆلیتۆلۆجیا..(زانستی ڕامیاری)

ئەگەر زانستی وشەسازی و زمان" بابەتی سیاسەت" یان بەباشی دەرخستبێت، ئەوا بەکارهێنانی ئەم وشەیە لەچوارچێوەی بایەخدانیدا بەڕواڵەتی مادی ژیانی شار و سیستەمی لێکۆڵینەوەی، ناڕۆشنیەکی تێدایە.

بەپێچەوانەشەوە، هەردوو گوزارەی پۆلیتیك و پۆلیتیسیان Politicien تەنها ئاماژە بۆپیاوی کار کە پشکداری -یان خوازیاری پشکداری بێت-

لەفەرمانڕەوایی (حکم) دەوڵەتدا دەکات. گوزارەیەك نیە (لانی کەم تائەمڕۆ) بۆ وەسفی ئەوکەسەی کەخۆی تەرخانکردووە بۆبەدەستهێنانی پسپۆڕی لەلێکۆڵینەوەی دەوڵەت و ژیان و ڕێڕەویدا.

"سیاسەت" ی ئەرەستۆ کتێبی زانستە کە لە ستاجیر [٣] دایناوە. بەلاّم کتێبێك هەمان ئەوناونیشانەی هەلگرتبێت لەباریدایە شرۆڤەی کاریگەری کرداری بکرێت لەپێناو بەدەستهێنانی شکۆ و نفوز لەئەسینا و لای پادشای مەکدۆنیا.

لای زۆرینەی خەڵك، سیاسەت کاری کردارییە (پراکتیکییە) وناکۆکی لەپێناودەسەلاّتدا لەخۆیدا دیاردەیە. ئەگەر ڕاستیمان بوێ، پێویستەلەسەرمان هەمیشە ئەو واتایە ڕوونبکەینەوە کەتێیدا بەکاردێت. ئەمەش بەبەکارهێنانی گوزارەی تەقلیدی "زانستی ڕامیاری"، کەبەفراوانی بەکاردەهێنرێت و بۆگوزارەی ئینگلیزی Political Science دەگەڕێتەوە، پێیدەگەین.

لەگەڵ ئەوەشدا گوزارەی "زانستی ڕامیاری" Political science لەبەکارهێناندا قورسە و لەزمانی فەڕەنسیشدا گوزارشتێکی تری لێهەڵناهێنجرێ دەلالەت لەوکەسانە بکات کەلە زانستی ڕامیاری دەکۆڵنەوە. وشەی Political Scientist (زانای ڕامیاری یان سیاسەتناس) ی ئینگلیزی لەتوانایدانیە ببێتە چاوگ (مصدر).

کەلێنێك لەوشەکاندا هەیە، کەماوەی بیست وپێنج ساڵە بووە بەمایەی بێزاری بەپێی بەرەوپێشچوونە نوێکانی زانستی ڕامیاری. وشە شیاوەکان، لەڕووی داتاشین و گۆکردنەوە (الانشقاق والتلفظ)، وشەی Statistique (ئامار) و وشەی Staticien (ئامارگەر). ئەم وشانە تاڕادەیەك لەگوێدا پەسەندن و لەزماندا پاراون، ئاماژەیە بۆهەموو ئەوشتانەی پەیوەستن بەدەوڵەتەوە. بەلاّم بەکارهێنان واتایەکی جیاوازی بەخشیوە بەوشەی Statistique (ئامار) لەوەی کەلەسەدەی نۆزدەدا لەسەری بووە و تائێستاش "کورنو" پەیوەستە پێوەی و Statistique لای





ئەو واتا"کۆکردنەوەی ئەو کارانەی کەلەئەنجامی گردبوونەوەی خەڵکیەوە پەیدابوون لەکۆمەلگا ڕامیاریەکاندا" [٤].

هەرچۆنێك بێت لە Statistique دا وشەی Status بەواتای پلەوپایە (مکانە)، بەسەر وشەی Status بەواتای دەوڵەتدا زاڵبووە. ئەوەش ئەمڕۆ واتا زانستێك یان ڕێگەیەك کەدەتوانێت دەست، نەك تەنهالە کاروباری دەوڵەت و ئەوەی پەیوەستە بەحکومەتەکان و کاروباری گشتیەوە، بەڵکو لەلقەکانی تری سۆسیۆلۆجیا و ئابوری و زانستی ئاماری کۆمەڵە مرۆییەکان (الدیموغرافیا) وەربدات و سەرجەم پێکبەندیی (الصلات)ە کۆمەلاّیەتیەکان دەتوانرێت لەڕووی ڕواڵەتە ژمارەییەکەیەوە وەربگیرێت، لەمبارانەشدا لەشێوەی ئاماردا تۆماربکرێت. هەرچەندە دەربڕینەکە ڕامیاری تێپەڕاند، بەلاّم بەنیسبەت ئاماریشەوە زۆر تەسکە، چونکە ئامار تەنها سەروکاری لەگەڵ ئەوشتانەدا هەیە کەدەتوانرێت ژمارە بەندبکرێت. بۆیە (بەرەنجامی ئەمەش) ئامار تەنها ڕواڵەتێکە، بێگومان ڕواڵەتێکی گرنگ، هەتا ڕواڵەتێکی زاڵ بەنیسبەت هەندێکەوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا نەخشی لەمەعریفەی ڕامیاریدا لاوەکیە.

کورتهێنان و لادانێکی هاوشێوە لەسەر حسابی گوزارەی(Cybernetique) ڕویدا، ئەم گوزارەیە لەڕووی سازاندنەوە بەیۆنانی ئاماژەی بۆ زانست و هونەری هەڵسوکەوت (علم وفن السلوك) "Kybernetike" دەکرد. لای ئەفلاتون، هەروەك لەپۆلێنکردنەکەی "ئەمبیر" (ئەزموونێك لە فەلسەفەی زانستەکان، ١٨٣٤)، وشەی (Cybernetique) واتا لێکۆڵینەوەی ئامرازەکانی فەرمانڕەوایەتیکردن واتا بەشێکی گرنگ لەسیاسەت. بەلاّم ئەمڕۆ زانست بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازە ئۆتۆماتیکیە بێهەستەکان وئەو ئامێرانەی شایانی خۆکۆنترۆڵکردنن پێشکەوتووە [٥].

بەهۆی لەدەستدانی ئامار (Statistique) و سیبرەنتیك، پێش سی ساڵ

وشەی (Statologie) پێشنیازکرا لەلایەن مامۆستایەکەوە لەکۆلێجی مافی فەرەنسی لەقاهیرە. لەوتارێکدا بەناونیشانی:کۆمەڵناسیەکی نوێ"ستاتۆلۆجیا"سیفەت و ئامانجەکانی، مامۆستا "بینیو ڤیللنوف" Bigne de villeneuve دەڵێت کەگوزارەکەی هەڵێنجاوە.

بەلاَم ئایا ئەمەی دوایی پێکاویەتی؟، لەکاتێکدا ئێمە لەهەمانکاتدا وشەی نزیکی "ستاتۆکراسی"مان بەکارهێنا بۆنیوەی دەزگای فەرمانڕەوایی بەرپا، خودی خۆی بەسەر ستاتۆلۆجیا واتا بەسەر "تیۆری دەوڵەت" وەستاو لەسەر بناغەیەکی فەلسەفی، کۆمەلاَیەتی و ڕۆحی.

گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنی وشە دروستکردنە لەبەکارهێنانی وشەکانداچاکەیەکی هەیە، ئەویش ڕەواندنەوەی گومانە لەسەر بابەتی سیاسەت خۆی و بەڕوونی چەسپاندنی ئەم سیاسەتەیە وەك لقێکی سۆسیۆلۆجیا و لەگەڵ ئەوەشدا گوزارەی ستاتۆلۆجیا هیچ دەنگدانەوەیەکی نەبوو. هەتا بەڕێز" ڤیللنوڤ" خۆی لەهەمبەر هەڵێنجانە ئازایانەکەیدا پاشەکشەیکرد و کتێبە بنەڕەتیەکەی ناونا: لێکۆڵینەوەیەکی گشتی دەربارەی دەوڵەت Traite general de I"Etat، و لەڕێگەی "کتێبخانەی " سیرای" ەوە دانراوێکی بچووکی بلاَوکردەوە لەژێر ناونیشانی :"سەرەتاکانی سۆسیۆلۆجیای ڕامیاری و ستاتۆلۆجیای گشتی". ئەوپێناسەیەی کەلێرەدا بۆ ستاتۆلۆجیای پێشنیازکردووە زۆر بەئاشکرایی لەپێناسە کۆنەکە ناڕۆشنترە. نوسەر وەك دەبینین کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو مەیلەی کە نوسەرە ئەڵمانیەکان پێشنیازیانکردووە. جیاوازی بەگوێرەی خودی ناونیشانی کتێبەکە، لەنێوان سۆسیۆلۆجیای ڕامیاری و ستاتۆلۆجیادا دەکات. یەکەمیان بریتیە لەلێکۆڵینەوەی ڕێڕەوی کۆمەڵگا مرۆییەکان و پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکێییەکانی. بەلاَم دووەمیان لەڕواڵەتی ئەم





ڕێڕەوەدا کەپەیوەستە بە زانست و هونەری فەرمانڕەوایی کۆمەڵەکان کورتهەڵهاتووە. لەم بارودۆخانەدا ستاتۆلۆجیا دەستەوساندەبێت لەتێرکردنی ئەو پێداویستیە زمانەوانیانەی کەدەمانەوێت.

بەپێچەوانەوە، دەتوانین پابەند بین بەگوزارەی پۆلیتۆلۆجیا Politologie ەوە وەك گوزارەیەکی تەواوپەسەند. پەسەندێتی یەکەمی بەنیسبەت ستاتۆلۆجیاوە (هەروەك تایبەتمەندێتیەکەی بەنیسبەت (سۆسیۆلۆجیاشەوە)، بریتیەلە خواستنی هەردوو وشە پێکهێنەرەکە لەخودی زمانەکە خۆیەوە. ئەو لەدوو وشەی یۆنانی پێکهاتووە:پۆلیس-شار (مدينە)، دەوڵەت و لۆگۆس Logos:عەقڵ Raison. بەنیسبەت خستنەڕووی عەقلاَنی هەرمادەیەك، ئەم گوزارەیە هەڵبژاردنێکی باشە تاکو دەلالەت لەمەعریفەیەکی ڕێکخراوی دەوڵەت بکات. هەروەها ئەم گوزارەیە پێشینەی لەوشە گەلێکی کلاسیکیدا هەیە:سۆسیۆلۆجیا، فیلۆلۆجیا، ئەنتۆلۆجیا، ئەمەش لەنێوەندی تەوژمی چێکردنی زمانەوانی (خلق اللغوی) هەنووکەدا دەوەستێت کەپاشگری"لۆجیا" ی چەندجارەکردووە:سیکسۆلۆجیا، سۆڤیاتۆلۆجیا [٦]، چینۆلۆجیا [٧]... هتد.

لەسنورێکدا بتوانرێت لەدایکبوونی وشەیەك دیاریبکرێت، وشەی پۆلیتۆلۆجیا Politologie لەفەرەنسا هەروەك لەئەڵمانیاش دەگەڕێتەوە بۆبیست ساڵ لەمەوبەر.

لەفەرەنسا، پرۆفیسۆر ئەلزاسی "جۆلیان فرۆند" داوای لە" ئەندریە تیریڤ" Andre therive کرد، کە لە"کارفور" سەرپەرشتی "گۆڤاری زمان" ی دەکرد، کەوا وشەیەکی بۆبدۆزێتەوە دەلالەت لەزانستی ڕامیاری و ئەوانەی پسپۆڕن تێیدا بکات. "ئەندریە تیریڤ" بەم شێوەیە وەلاَمیدایەوە"پێویستە لەسەرمان وشەی نوێ دابهێنین، وەك وشەی سۆسیۆلۆجیای ئۆگست کۆنت.

سیاسەت کردارەکیە. سیاسیەکان مایەپوچەکانن. پێویستە لەیۆنانیەوە پۆلیتۆلۆجیا و پۆلیتۆلۆگ چێبکەین، چونکە پۆلیتۆگراف لەزمانی کۆندا هەیە. من لێرەدا پاڵپشتی وشەی پۆلیتۆلۆگ Politologue دەکەم".

لەئەڵمانیا، گوزارەی "پۆلیتۆلۆگ"، لەلایەن پرۆفیسۆر "ئوجین فیشەر بالینغ" ەوە پێشنیازکرا. ئەم گوزارەیە لەلایەن پرۆفیسۆر "جێرت ڤۆن ئاینرن" Gertvon Eynern ەوە پەسەندکرا لەوتارێکی کورت. بەڵام زۆرگرنگدا بەناونیشانی "پۆلیتۆلۆجیا"، و لەژمارە (یەك) ی گۆڤاری "سایتشریفت فیور پۆلیتیك" (Zeitchrift fur Politik) دا بلاّوکرایەوە.

ئەمڕۆ، "زانکۆی ئازاد" لەبەرلینی ڕۆژئاوا، پلەی دکتۆرا لەئاداب و دکتۆرا لەزانستە ڕامیارییەکاندا بەئیمتیازی "پۆلیتۆلۆجیا" دەدات و هەروەها بەنازناوی پۆلیتۆلۆگی ڕێپێدراو diplome Politologue. مامۆستاکانی "پەیمانگەی ئوتوسوهر" نازناوی مامۆستای "پۆلیتۆلۆجیا" یان هەڵگرتووە. ئەو گۆڤارەی بەسەرپەرشتی ئەمان دەردەچێت، لەساڵی ١٩٦٨ ەوە ناونرا "پۆلیتۆلۆجیا" پاشئەوەی ناوە پێشووەکەی Der politologe بوو.

شێلگیرترین ڕەخنەیەك کەڕوبەڕووی ئەم دوو گوزارە تازەیە "پۆلیتۆلۆجیا، پۆلیتۆلۆگ" دەبێتەوە، ئەوەیە کەڕاستەوخۆ لەوشەی (پۆلیس:شار یان دەوڵەت) ەوە هەڵنەقولاّون، بەڵکو لەپێکهاتەکانیەوە (مشتقات) وەرگیراون، پۆلیتس Polites. بەم شێوەیە پۆلیتۆلۆجیا دەبێتە زانستی هاولاّتێتی، نەك زانستی شار.

مەیلێکی پێچەوانە هەیە پێشنیازی "پۆلیتۆلۆگ" دەکات، کە لەوشە یۆنانیەکە "پۆلیتیکۆس" ەوە زیاتر نزیکدەبێتەوە. ئەم گوزارەیە لەساڵی ١٩٣٤ ەوە لەلایەن" هیرمان هزلەر" و "گیرهارد مایر" ەوە بەکارهێنراوە. هەروەها بەڕێزان "ر. بیدوا" و "جورج بیردۆ" لەفەڕەنسا بە بەهێزی پشتیان پێبەستووە. بەڵام





پۆلیتیکۆلۆجی، لەڕووی پێکهاتەیەوە، هیچ سەرکەوتنێکی بەسەر پۆلیتۆلۆجیدا ئاشکرانەکرد، چونکە وشەی (پۆلیتیکۆس)یش لەپۆلیتیس Polites ەوە وەرگیراوە.

هەروەها وادەرناکەوێت کە گوزارەی پۆلیتیست Politiste کەهەندێك لە مامۆستایانی پەیمانگەی پاریس بۆ لێکۆڵینەوە ڕامیارییەکان بەکاریدەهێنن، پەسەندتربێت. هەڵبژاردنی گوزارەی Publiciste لەلایەن مامۆستایانی ئەم پەیمانگەیەوە، کەم یازۆر بارگرانیە. ئەوەش گۆڕانێکە هاوڕێ بەجۆرە لێڵیەك لەگەڕان بەدوای بەرهەستەوە بۆ هەنووکە. بەنیسبەت زانستی ڕامیاری بناغەییەوە، وشەی (Logie) دەریدەخات.

هۆکارێکی تر هەیە بۆدوورخستنەوەی وشەی پۆلیتیست Politiste ئەمەش بۆ (Politique) ناگەڕێتەوە. بەڵکو بۆ پۆلیتیسم Politisme دەگەڕێتەوە، ئەمەش گوزارشتێکە لەزمانی فەڕەنسیدا هەیە بۆ وەسفکردنی واقعی ژیانی تاك لەکۆمەڵگا نوێکاندا، کە وردەوردە بەرەو ملکەچبوون بۆ نفوزی دەوڵەت و ڕسکان بەمۆرکی دەوڵەتەوە دەڕوات (٨).

*****

هەواڵنامەی کتێب

## پەراوێزەکان

(⋆) سەرچاوە:مارسیل بریلو، علم السیاسە، ت:محمد برجاوی، منشورات عویدات، بیروت-باریس، گ/٣، ١٩٨٣، ص ص ٥-١٩.

(١) بەواتای الحاضرة. (و. ع)

لای کیشرا " Quicherat "، دەستەواژەی (De Republica erit Silentium) بە " ئێمە سیاسەت فێرنابین" و (ad Republicam) بە" پیاوی سیاسەت" وەرگێڕراوە، ولای (شیشیرۆن) کۆمار هاو واتای مەدەنی"civique "ە. هەروەها بەردەوام دەنگدانەوەی گوزارشتی وەك: "سوێندی مەدەنی" و "گیانی مەدەنی" لەسەدەی هەژدەدا لەگوزارشتە شۆڕشگێڕیەکاندا دەبیستین.

لاتینی کلاسیك وشەی پۆلیتیکۆس politicus، (a um) تەنها وەك نعت بەکاردەهێنێت. ئەگەر (شیشیرۆن) وشەی پۆلیتایا politeia ی لە یۆنانیەوە وەرگرتبێت بۆئەوەی ئاماژە بە کۆمار بکات، ئەوا بەدەوری ئەم وشەیەدا دەسوڕێت بۆئەوەی مەعریفەی سیاسی دەربخات: Civilis Scientia یان " rerum civilium scienti ". " کینتیلیان" دەڵێت civilitas: و" تیتلیف" دەڵێت:ars reipubliciae gerendae.

(٢) پەیمانگای جوستنیان.

(٣) مەبەستی ئەرەستۆیە، ستاجیرۆس ئەو شارەیە کە ئەرەستۆ تێیدا لەدایك بووە. (و. ع).

(٤) کورنۆ: تیۆری هەل و تواناکان (١٨٥١).

(٥) La cybernetique، L. Couffignal، Press Universitaires-Paris، ١٩٦٨

(٦). پسپۆڕی بواری لێکۆڵینەوەی یەکێتی سۆڤێت. (و. ع)

(٧). پسپۆڕی بواری لێکۆڵینەوەی چین. (و. ع)

(٨). ئەندریە لالاند: زمانی تەکنەلۆجی و ڕەخنەیی فەلسەفە، پاریس، ١٩٦٨.

هەولێرنامەی کتێب

# دیپلۆماسیەت وجەنگ

د. ئاراس فەریق زەینەڵ

دەكرێ لێرەدا ئەوە روون بكەینەوە كە شەڕ و دیپلۆماسیەت بە هەر دووكیانەوە گرنگترین ئامرازی جێبەجێ كردنی بەرژەوەندیەكانی ئابووری دەوڵەت بن، لەهەمان كاتدا گرنگترین سیماكانی سیاسەتی دەرەوەیە لە كۆمەڵگەكانی كۆن و نێوەڕاست و نوێ دا وەك یەك، چونكە هەر یەك لەوانە ڕێگەی خۆی دەگرێتە بەر وگوزارشت لە بەرژەوەندیەكانی دەكات بە پێی بارودۆخی ئەو كۆمەڵگەیە. بەواتایەكی راست تر بە كۆتایی هاتنی یەكیكیان ئەوەی تریان كارەكانی خۆی دەست پێدەكات، دوای كۆتایی هاتنی شەڕ دیپلۆماسیەت بەردەوام دەبێت و رۆڵی خۆی دەگێڕێت لە پێناو دروستكردنی پێوەندی ئاشتیخوازانە، رەنگە بە شێوەیەكی بە هێز ودامەزراوتر وەك لە پێش هەڵگیرسانی شەڕدا. [١]

گومان لەوەدا نییە، كە بە كۆتایی هاتنی شەڕ كاری دیپلۆماسی دەست پێدەكات.

لە راستیدا ڕۆڵی دیپلۆماسیەت لە گۆڕەپانی پێوەندییە ئالۆگۆڕەكانی نێوان میللەتان وگەلان دا تەنها پابەند نیە بەو پێوەندیانەی لە كاتی ئاشتیدا روودەدات، بەڵكو پەیڕەو وپیادە كردنی سیاسەتی فشار وهەڕەشەی بەهێز یاخود بەكارهێنانی هێز بەشێوازە جۆرەكانیەوە، چەكێكە بەپێی پێویستیەكانی





سەردەم بەكار دەهێنرێت. راستە هەندێ جار دەوڵەت پەنا دەباتە بەر شەڕ لە كاتێكدا كە شێوازە ئاشتیەكان خزمەتی چارەسەركردنی كێشەكانی ناكات كە لە نێو ئەو شێوازانەدا دیپلۆماسیەتە، بۆیە هەوڵدەدات بە ڕێگا وشێوازی سەربازی ئامانجەكانی خۆی بپێكێت، چونكە بە ڕێگەی دیپلۆماسی نەیتوانی كارەكانی یا خود ئامانجەكانی بە ئەنجام بگەیەنیت. [٢]

بەڵام ئایا دیپلۆماسیەت دەستەو ئەژنۆ دەوەستیت بەرامبەر ئەم رووداوانە، یاخود وای لێهاتووە كە چالاكیەكانی رابگرێت بۆ سەرهەڵدانی شەڕ، لە راستیدا رەنگە دیپلۆماسیەت وەك چۆن لەكاتی ئاشتی دا بەردەوامە لەكاتی شەڕیشدا بۆ گەیاندنی پەیامەكەی بەردەوام بێت. ئەمەش بەروون وئاشكرا دیارە لە سەردەمی شەڕ وبەڕادەیەكی گەورەیش لە ژیانی نێودەوڵەتیدا بۆ راكێشانی رێژەیەكی زیاتر لە وڵاتان بۆ پشتگیریكردنی لە خەباتەكەیدا یاخود بەشداری كردن لەو شەڕەدا.

رەنگە دیپلۆماسیەت پارێزگاری لە بەرژەوەندی دەوڵەتێك بكات، كە پێوەندیەكانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتێكی دیكەدا پچڕاندوە. دەوڵەتی بێ لایەن دەتوانێت رۆڵی باش وئاشتیخوازانە ببینێت لە كاتی شەڕدا، چونكە كارە دیپلۆماسیەكانی جێگەی ستایشە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەكانی هەردوو لایەنی بەشەڕ هاتوو. ئەمەو جگە لەوەی، رەنگە دانوستاندنی دیپلۆماسیەكان واژۆكردنی پەیماننامەی لێ بكەوێتەوە وئەم دانوستاندنانە چەند مانگێك دەخایەنیت بە بێ ئەوەی شەڕ بوستیت یاخود هێور ببێتەوە.

هەروەها رەنگە دیپلۆماسیەت چالاك تر بێت لە بەكارهێنانی شێوازی تەمێكردن و دژایەتی كردندا، وەك گەمارۆی ئابووری، ئاساییە كە دیپلۆماسیەت ئەم شێوازە دوژمنكارییەی باسمان كرد لە پێوەندیە نێودەوڵەتیەكاندا پیادەكات،

بەڵکو ئەم کارە بە روون وئاشکرا دەردەکەوێت لە سەردەمی شەڕ وژیانی نێودەوڵەتی نوێ وهاوچەرخ، هەروەها سەردەمە کۆنەکان بەم چەشن وشێوازە ئاشنا بوون، چونکە شێوازی کارکردنی دەوڵەتە بە هەموو دام ودەزگاکانییەوە بە هیوای گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانی، وجێبەجێ کردنی وەك یەك لە کاتی شەڕ وئاشتیدا. (٣)

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی پێکهاتنی دەوڵەتان پاش لەیەك ئالآنی سەربازی نێوانیان، یاخود هەرەشەی کرداری کە لە لایەن ئەوی دیکە بوو، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەو رێکەوتن وپێکهاتنەی نێوانیان وەك هەنگاوێکی سەرەتایی بووە بۆ کۆتایی هێنان بە گرژی و ئاڵۆزی پێوەندیەکانی نێوانیان وپاشان رەخساندنی کەش وهەوایەکی لەبار تا رادەیەك بۆ دەستپیکردنی پێوەندیە دیپلۆماسیەکانی نێوانیان.

## دیپلۆماسیەت وچارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی ئاشتی

ئەوەی پێوەندی بە کۆمەلگەکانەوە هەیە بۆ چارەسەکردنی کێشەکانی نێوانیان بە ڕێگەی ئاشتی پێوەندی بە رۆڵی دیپلۆماسی یەوە هەیە، ئەو رۆڵە گرنگەی کە تا ئەمڕۆ کاری پێدەکرێت تیۆری بالآ دەستی دەوڵەتە، زۆر جار ڕێگە نادات پەنا ببرێتە بەر یاساو دادگا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەڵکو تا ئێستەش دەرگەکان والأیە لە پێش دیپلۆماسیەتدا بۆ جموجوڵ کردن لەم بوارەدا. (٤)

دەوڵەت لە ڕێگەی باڵوێز و نوێنەرە دیپلۆماسیەکانیانەوە هەوڵی چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشەکانیان دەدا. رەنگە ئەو دانوستاندنانە تەنها پێویستی بە گۆڕینی نامە و یاداشت هەبووبێت، جاری واش هەیە ئەو دانوستاندنانە درێژە دەکێشێت یاخود پێویست بە ناردنی یەکێك لە بەرپرسانیان بە راپۆرتێکی دەربارەی سیاسەتی دەرەوە دەکات، یان بەیەك گەیشتنی نوێنەری هەردوو ولآت بۆ گفتوگۆ کردن لەو بارەیەوە، ئەمە وجگە لە





هەندێ وردەکاری کە هەرلایەك پەنای بۆ دەبەن بەپێ پێویستی رووداوەکەو گرنگی ململانی و ناکۆکیەکە لەو سەردەمەدا.

بێگومان هەموو کارێك و پێوەندییەك سەرەتاکەی سادەو ساکارو لەسەرخۆیە، جا هەر لەسەر ئەو بنەمایە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان دەوڵەت و دەوڵەتانی دیکە بەهەمان جۆرو شێوە سادەو ساکار بووە، چونکە تاکە ڕێگەش بووە بۆ ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوانیان، هەروەها شێوەیەکی کاتیشی بەخۆیەوە بینیووە، مەبەست لە دیپلۆماسیەت لەو کاتانەدا ئاڵو گۆڕو گواستنەوەی بریندارو لاشەی کوژراوانی مەیدانی شەڕو شۆڕ بووە، دەتوانین بڵێین دیپلۆماسیەت تەنیا ڕێگە بووە لەنێوان دەوڵەتاندا بۆ چارەسەرکردنی شەڕو پێکدادان و بەگژ یەکداچوون، هەر لەبەر ئەمەش بووە ڕێزێکی زۆری لێگیراوەو بایەخی پێدراوە، وەك یاسایەکی نێودەوڵەتی پێڕەو کراوە، و بەهەند وەرگیراوە.

هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بەرەو پێش چووەو گەشەی سەندووە، خۆ لەکاتی بەستنی هەر پەیماننامەیەك لەنێوان هەر یەك لەو ولآتانەدا نوێنەری دیپلۆماسی خۆیان بۆ هەڵسوڕاندنی ئیش و کارەکانی دیپلۆماسیەت لەنێوانیاندا هەبوو، مەڵبەندی یاساش بۆ نوێنەرایەتی دیپلۆماسیەتی لە هەموو سەردەمێك لەلایەن دەوڵەتەوە دەسەڵاتیان پێ دەدرا، بەو پێیە کارەکانیان ئەنجام دەداو مەرکەزی یاساشی وەردەگرت، لەهەمان کاتیشدا لەلایەن دەوڵەتی پێشوازیکەرەوە ڕێزێکی بێ سنوور بۆ نوێنەری دیپلۆماسی دانرابوو، چونکە نوێنەرەکە نوێنەری سەرۆکە، لەوکاتەدا سەرۆك حوکمداری لەژێر بەرگێکی تاکڕەویدا پەیڕەو دەکراو بەڕێوە دەبرا، چونکە دەسەڵات بەشێوەیەکی گشتی لەژێر دەستی سەرۆك دابوو، بۆیە لەڕاستیدا نوێنەرەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نوێنەری ولآتەکەیان نەبوون، بەڵکو نوێنەری سەرۆك بوون، لەگەڵ ئەوەشدا نوێنەرەکە سوودی لە

جیاوكو پاراستەكان وەردەگرت، بەتایبەتی لەكاتی سەردانیدا بۆ دەوڵەتی خانەخوێ كە پارێزگاری تەواوی لێدەكرا لەكاتی پەلاماردانو دەستدرێژی كردنە سەریو داكۆكی لێدەكراو زۆر جاریش دیاری پێشكەش دەكرا، لەهەمان كاتدا سوودی لە پاراستەی دادوەری وەردەگرت بەتایبەتی لەوكاتەدا كە بەرەسمی دەچووە وڵاتێكی دیكە، كە نامەیەكی لەسەرۆكەوە ببردایە یان بەئیشو كاری سەرۆك بچووبایە، سوودی لەو نوێنەرایەتیە وەردەگرت، كە هەر نوێنەرێكی وڵاتێكی بیانی لەوڵاتێكی دیكەدا هەیەتی، بەڵام ئەگەر چوونەكەی بۆ ئیشو كارو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بوایە ئەوا بێگومان سوودی لە جیاوكو پاراستنە وەرنەدەگرت، چونكە نوێنەری دیپلۆماسی هەر كاتێك ئەو كارەی بۆی چووبوو تەواوكردبا ئەوا كۆتایشی بەوە دەهات كە دیپلۆماسیە، كەواتە دیپلۆماسیەتەكە تەنها پێوەندی بە ئیشە دیپلۆماسیەكەوە بوو.

ئەم جۆرە ڕێكەوتننامانە بە كۆنوسێكی فەرمی دەنووسرا وهەموو هەوڵەكانیان دەنووسی ئەگەر بەسەركەوتووی تەواو بوایە، ئەمەش بە ئامادە بوونی نوێنەری هەردوولا كۆدەبونەوە لەسەر شێوازی كۆنگرەیەك وهەردوولا سوێندییان دەخوارد كە مەرجەكانی ڕێكەوتننامەكە جێبەجێ بكەن.

ئەگەر بارودۆخەكان گونجاو بێت وڕێككەوتنامەكەی نێوانیان بەهەند وەربگیرایە خۆی لە خۆیدا لە دایك بوونی هێزیكی نوێ بوو، ئەم ڕێكەوتننامانە دانپیانان بوو بە سیستمێكی نوێ كەبارودۆخەكە هێنابوویە ئاراوە، چونكە مانەوە لە سەر سیستمی كۆن لەم بارودۆخەدا تەنها كێشەكانی ئاڵۆزتر دەكرد.

لە دێر زمانەوە پێوەندیە سیاسی ودیپلۆماسیەكان بەكارهاتوون بۆ چارەسەركردنی كێشەكان بەتایبەتی گۆڕانی بارودۆخی ئاڵۆز وناكۆكی وشەڕ بۆ بارودۆخی هێمنی وئاشتی وئیمزا كردنی ڕێكەوتنامە. لە ماوەی فەرمانڕەوایی





دەوڵەتەكاندا بەهەموو قۆناغە جیاوازەكانیەوە ئەم پرۆسەیە جێبەجێ دەكرا، ئەویش لە پاش ڕوودانی شەڕەكە یان لە پێش دەست پێكردنی شەڕ.

*****

پەراوێزەكان

(١) - علي حسين الشامي: الدبلوماسية، ص٣٢٧.

(٢) - عزالدين فودة: الدبلوماسية، ص٤٩.

(٣) - مأمون الحموي: الدبلوماسية، ص٨٦.

(٤). عزالدين فوده: النظم الدبلوماسية، ص٣٤.

## ووتـــــار

- ❖ مـۆدێـرنــه لـه‌خـۆرهـه‌ڵاتــــــــــدا.
- ❖ ئــایندەی ستراتیژی ئه‌مریکـا .. له‌عیراقدا.

هەواڵنامەی کتێب

# مۆدێرنە لەخۆرهەڵاتدا

## لە نائامادەیی عەقڵانیەتەوە بۆ شکستپێهێنانی عەلمانیەت

عەلی کەریم

لە ڕاستیدا عەقڵانیەت وەکو بەردی بناغەو ڕەهەندە جەوهەری و فیکریەکانی پرۆژەی مۆدێرنەیە و عەقڵانیەت تەنها وەکو فەلسەفەیەکی دیاریکراو نا، بەڵکو وەك پرۆسەی مومارەسەکردنی عەقڵ لەهەموو چالاکی و خەیاڵکردن و پەیوەندی و ئاراستە وەرگرتنە زانستی و کۆمەلایەتی و ئابووری و کلتوری و سەربازی و تەکنەلۆژیەکانی کۆمەڵگەدا. بەلاّم ئەم جۆرە لە عەقلانیەت لە پرۆژەی مۆدێرنەی ناکامڵو شێواوی ڕۆژهەلاّتیدا نەك هەر شێوەی ئامادەگی زۆرلاوازە، بەڵکو لەسەر زۆر ئاست دەگاتە پێچەوانە، بەڵکو دژایەتی کردنی عەقڵانیەت بە شێوەیەکی نزیك لە ڕەها و بەشێوەیەکی تەواو . بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا وەك ئامادەبوونی جەستەیەکی نامۆیە لە ژینگەیەك دا کە نەبنیاتی ناوەو نە بەهۆی ئەوەوە بنیات نراوە . بەمەش ناتوانێ نەکاری تێبکات و نە بەهۆیەوە کاری لێبکرێت! نەك لە جۆری ئامادەبوون لە ژینگەی سروشتی خۆیدا کە کاری لێدەکات وە کارلێکی لەگەڵدا دەکات، بەمەش عەقلانیەت لە جیهانی ئیسلامی و ڕۆژهەلاّتیدا لەبەردەمی راڤەیەکی ناعەقلاّنی بۆ دین و بۆ دنیا ئیفلیج دەکرێت. بەڵکو گوتاری سیاسی گوتارێکە قەدەر و



میزاجی کەسی و ناعەقلانیەت و غەریزەیەکی سیاسی، کە پشت بە نێرایەتیەکی نەخەسیو دەبەستێ بەڕێوەی دەبات. دواجار لە بەرانبەر ئەوانەدا ئەم پرۆسەی ناعەقلاّنی بوونە دادەبەزێتە هەموو ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵگەوە! بەمەش پێ بە پێ هەر ئامادەبونێکی عەقڵ لە کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا کێومالّ دەکات، تادەگاتە بواری ڕاگەیاندنوڕۆشنبیری و تادەگاتە هەموو بوارەکان لەسەر هەموو ئاستە جیاجیاکان. ئەم نا ئامادەبونەی عەقڵێش ڕێخۆشکەرو سەرەتای هەرەسی پرۆسەی مۆدێرنەکردنە لەسەر ئاستە جیاجیاکان بە ڕەهەندو بوارە جیاجیاکانیەوە.

ئەگەر ئەوە بزانین کە پرۆسەی عەقلانیەت پرۆسەی مومارەسەکردنی عەقڵەو بەمەش پرۆسەیەکی خۆکردو خودیە و ئەگەرچی ئیلهامی لە دەرەوە یان لە شوێنێکی ترەوە وەربگرێت، بەلاّم هەروەکو جابری دەڵێت: مومارەسەیەکی ناوخۆییە و ناکرێ هاوردەبکرێ،[1] ئەگەرچی بتوانین سودیش لەئەزمونە سەرکەوتوەکانی عەقلیەتی دەرەوەیش وەربگرین.

ئەم پرۆسەی نا عەقلاّندنە کە دەسەلاّت و کۆمەڵگە بە ئیتیفاقێکی شاراوە مومارەسەی دەکەن و بۆ بیدەنگ بوون لە بەرانبەر هەموو ئەو ستەمو بێدادیانەی بەرامبەر پرۆژەی مۆدێرنە کردیان ڕێککەوتبوون ! واتە بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن بوون بە دوو جەللاد بۆ جەستەی مۆدێرنەو لەوێشەوە واڕێکەوتن هەریەکەیان لەسەر ئەوی دیکە کە دەیکات بەرامبەر بە مۆدێرنە بێدەنگ بێت . بەمەش کۆدەنگیەك دروست بوو لەسەر ئیفلیجکردنی خەونەکانی مۆدێرنیزم لە ڕۆژهەلاّتدا! هەربۆیە دەبینین پرۆژەی مۆدێرنە دواجار توشی هەڵگەڕانەوەیەکی سەیر بوو کە کۆمەڵگەیەکی ئاسۆیی بچکۆلەی (غەرب زەدە) ی دروست کرد. کە کۆمەڵگەیەکە تەواو دابڕاو لە کۆمەڵگەکەی



هەواڵنامەی کتێب

خـۆی و لـه هەمانكاتیـشدا زۆر لـه دوا لـه زۆر رووەوە لـه خۆرئـاوا . ئـەم گروپـە غـەرب زەدەیـە پێیوابـوو شـایانترین كەسـە كـە بتوانێـت دەسـەڵاتدارێتی كۆمـەڵگا ڕۆژهەڵاتیـەكان بكـات ، دواتـر بتوانێـت نزیكیـان بكاتـەوە لـە جیهـانی پڕلـە دەستكەوت و داهێنانی خۆرئاوا، بەمەش چەندەی بۆیكرا ئەم دەستەبژێرە غـەرب زەدەیە خۆی نزیك كردەوە لە دەسەڵاتی زۆردار بەسـەر گـەلانی ئـەم ناوچـەیەدا و دواجار پشتی كردە گەلەكەی و دواجار بـەبێ ئـەوەی بـاكی هـەبێت چووە بـەرەی دەسـەڵاتەوە، كەوتـە بـەرەی سـەنگەرگرتن بەرامبـەر بەگـەلی چەوساوەی ژێـر دەسـتە. لێرەشـەوە هـەموو ئۆبـاڵ و هۆكـاری بـە بنبەسـت گەیـشتن و شكـستی پـرۆژەی مۆدێرنـەی، جارێكی دیكە، خستەوە ملی خـەڵك و پێـی وابـوو كۆمـەڵگا تاكە سەرچاوەو هۆكاری سـەرەكی شكـستی عەقڵانیـەتو عەلمانیـەت و لەبارچـوونی پـرۆژەی مۆدێرنەیە.

هـەروەكو د.بورهـان غلیـۆن دەڵێـت : عەقلانیـەتی خۆرئـاوایی بەشـێوەیەك هاتـە نـاوەوە(خۆرهـەلات) كـە هاوپـەیمان بێـت بـۆ چـینە دەسـەڵاتدارە باڵاكـان بەپێچەوانەی جەوهەری عەقلانیەتی خۆرئاوایی كەوا رەخنـە دەگرێـت لـە دۆخـی ئارا لە دەوڵەت، لە دەسەلات، لە سیستەم، لە پێنـاو جەختكردنـەوە لەسـەر ئـازادی مرۆڤ و كۆمەڵی نەتەوەیی. عەقلانیەتی عەرەبی هات بۆ چەسپاندنی سیـستەمی ئـاراو پاكانـەبۆكردنێكی چەواشـەكارانە لـەودیو بێئاگـایی خـەڵك جارێكیـان و عەلمانیەتو بابەتیـەتی مێـژوو جارێكی دیكـە . ئـا بـەم شـێوەیە ئـەم عەقلانیەتـە خـۆی گـۆڕی بـۆ ئـەوەی ببێتـە گوێزانـەوەی نـەریت).[٢] ئـەم واقیعـە بەڵگەیـەكی سـەلمێنەرە لەسـەر ئـەوەی كـە بـەهاو پرنـسیپ و رژێـم و پێكهاتـەی عەقڵانیـەتی نوێ، كە بەرهـەمی شۆڕشـێكی كۆمەڵایـەتی و فیكری دورو درێـژو بەردەوامـە وای لە كۆمەڵگەی خۆرئاوایی كردوە، كە ببێت بـە سەرچاوەیەكی بنـەڕەتی، تـەنها بـۆ





پـرۆژەی مۆدێرنیزم لە ڕابـردوودا.بـەڵام كاتێـك دێـت بـۆ دنیـای ڕۆژهـەڵاتی، وەك كۆمـەڵێك بەرهـەمی ئامـادەو كۆمـەڵێك قـاڵبی هـاوردەی كـۆنكرێتكراو، لـە جیهانێكـەوە بـۆ جیهـانێكی تـر، كـە جیهانێـك لـە نمونـەی خۆرئـاوا لەوپـەڕی دەسـتكەوت و پێـشكەوتنو داهێنـانی جۆراوجـۆری سەرسوڕهێنەردا بـۆ جیهانێـك كە جیهانی خۆرهەڵات بەتایبەت جیهانی ئیسلامی، كە تاسەر ئێـسقان دواكـەوتوو، جیهـانێكی نغـرۆ لـە ئیـشكالیەتی سیاسـی و ئـابووری و كۆمەڵایـەتی جۆراجـۆر...بەمـەش تووشـی ئیفلیـج بـوون دێـت. واتـە بـەكورتتر عەقلانیـەت لـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـدا ئەونـدەی خواسـتێكی فیكـری ڕووت و كـەیفێكی فیكـری و ڕۆشـنبیرو دەسـتەبژێرێكی دیـاریكراوە، ئەونـدە خواسـتێكی كۆمەڵایـەتی و كۆمەڵگەیی فراوان نەبووە ، كە بتوانێت كایە جیاجیاكانی كۆمـەڵگا پـێ بـەپێ بـە عـەقلانی بكـات. هـەروەك دەبیـنین كـە دواجار بـوو بـە یـەكێك لـە هۆكارەكـانی كـۆنترۆڵكردن و بـەهێزكردنی كـۆنترۆڵی دەسـەڵات و مومارەسـەكردنی ئایدۆلۆژیایەكی دیاریكراوی دەسەڵات و سەپاندنی بەسـەر زۆرینـەی خەڵكدا. ئـەم پرۆسـەیەش دواجـار باجەكـەی زۆر بـەگران كـەوت لەسـەر مـاف و ئازادیـەكانی كۆمەڵگە رۆژهەڵاتیەكانو تا ئێستاش دەبێت بە بەردەوامی بیدات!

لێـرەوە ئەگـەر بـچینە نـاو بابـەتێكی تـر ئـەویش بـە بنبەسـت گەیـشتنی عەلمانیەتە وەك یـەكێك لـە ڕاگرەكـانی دیكـەی مۆدێرنـە لـە جیهـانی ڕۆژهەڵاتـدا، بەهەمانشێوەی عەقلانیـەت. عەلمانیـەتیش ڕووی دووەمـی عەقلانیەتـەو پێگەشـی پێگـەی عەقیدەیـە لـە گوتـاری مۆدێرنـەی بنەڕەتیـدا. بەمـەش عەقلانیـەت بـە عەلمانیـەت تـەواو دەكـرێ . واتـە عەقڵانیـەت و عەلمانیـەت تەواوكـەری یـەكترن . عەلمانیەت نەك وەك دروشمێكی سیاسـی ڕووت، بـەڵكو وەك دیـدێكی فەلـسەفی بـۆ گەردون و مـرۆڤ و ژیـان و بـۆ مومارەسـەكردنی زانـست و كـاری سیاسـی و هـەموو

چالاكی و جوڵەكانی ژیان. كە عەلمانیەت لەماناو مەغزاكانی بەتاڵدەكرێنەوە ئەوا پرۆژەی مۆدێرنە توشی شكست دێت . عەلمانیەت ئەگەرچی شوێن كاتەكان دەیگۆڕن و مەرج نییە عەلمانیەت نوێنەرایەتی هەموو پرۆژەكە بكات،دەكرێت بەشێك لە پرۆژەی مۆدێرنە یەكێك لە ڕاگرە بنەڕەتیەكانی عەلمانیەت بێت، بەڵام مانای ئەوە نیە عەلمانیەت هەمووپرۆژەی مۆدێرنە بێت. كەچی لە گوتاری مۆدێرنەگەراكانی جیهانی ئیسلامیدا عەلمانیەت كرایە كۆپێكاتەی پرۆژەی مۆدێرنە، هەموو رەگەز و راگرەكانی دیكەی مۆدێرنەیان پەراوێزخست هەر لە عەقڵانیەت و تاكپەروەریەوە تا دیموكراسی و زانستگەریی . كۆی كێشەكانی دیكەیان لەبیركردنەوەی كۆمەڵگەدا شێواندو تەنها قەیرانەكەیان لە عەلمانیەتدا كورت و كۆ هەڵێنجا! هەر لەوكاتەوە دەوڵەتی نوێی نەتەوەیی ناوچەیی لە جیهانی ئیسلامیدا دروست بووە، وەك شتێك كە دەستەبژێرو ڕۆشنبیران مژدەیان بەخەڵكدا، كە ئەم دەوڵەتە سەرچاوەی بەختەوەری و پاراستنی ماف و بەرژەوەندیەكانی تاك و كۆمەڵگەیە، بەڵام دواتر كە ئەم دەوڵەتە دەبێتە داردەستی دەستەبژێرێكی دیاریكراو ، تەواو بە پێچەوانەی ئەو گووتارەوە كاردەكات و لە بری بەختەوەركردن دەبێتە گەورەترین كۆسپی بەردەم پێشكەوتن و بكوژی بەختەوەری زۆرینە لە پێناو بەرژەوەندی كەمینەیەكی دەسەڵاتدار ..بەڵام گەورەترین كێشەیەك كە كێشەی مۆدێرنەیە لە ناوچەكەدا كێشەی دیموكراسی بوو كەئەمیش بەرهەمی نەبوونی عەقڵانیەت بوو، واتە عەقڵانیەت كاتێك وجودی نیە دانابەزێتە ئاستەجیاجیاكانی كۆمەڵگا ئەوا دیموكراسی بونی نابێت. بەمەش دەسەڵاتێكی تۆتالیتاری خۆسەپێن لە ناوچەكەدا دروست دەبێت، كە نوخبەیەكی گەندەڵكاری ستەمكار دەكەوێتە وێزەی گیانی كۆمەڵگاو هەموو خەون وخەمە جوانەكانی لێ زیندە بەچاڵ دەكات.



ئیتر لەولاوە هەموو دەستە چەورەكە بەسەر كۆمەڵگەدا دەساوێت و كۆمەڵێك ڕۆشنبیریش لەسەر ئەو بیرۆكەیەی كە تەنها پێیان وابێت عەلمانیەت مۆدێرنەیەو مۆدێرنەش عەلمانیەتە بەتەنها قۆرغ دەكات ! بەمەش پیرۆزیەكانی كۆمەڵگا ئەو دیوارە بەرزەیە، كە دەبێت لەبەردەم ماشێنی مۆدێرنەدا بروخێنرێت ئەگینا ماشێنی مۆدێرنە توشی عاتڵ بوون دێت . لێرەشەوە جەنگێك ڕادەگەیەنرێت لەنێوان كۆمەڵگەو پرۆژەی ئەم دەستەبژێرە گەندەڵكارەدا.

لەڕاستیدا ئەم عەلمانیەتە شێوەوەی لە دنیای ئێمەدا پێشكەشكرا وەك ناسنامەی مۆدێرنە، نەك نەیتوانی، وەك ژینگە بنەڕەتیەكەی، بەختەوەری بۆ مرۆڤ بێنێ، بەختەوەری لە مرۆڤیش برد. لە دنیای ئێمە عەلمانیەت نەك دینی لە دەوڵەت جیاكردەوە بەڵكو دەوڵەتی لە كۆمەڵگە دابڕی، بەمەش كۆمەڵگا بوو بە كۆمەڵگەیەكی دابڕاو لەدەوڵەت و دەوڵەتیش بە هەمانشێوە دەوڵەتێكی دابڕاو لەسەر كۆمەڵگە و بوون بە دوو جەمسەری ناكۆك و دژو ململانێكار لەگەڵ یەكدا! كەوتنە قەیرانی ململانێیەكەوە كە تا ئەم ڕۆژگارەش كۆمەڵگەیان وەك دەرگایەكی داخراو لێكرد، كە دەبێت دەستێك بێت لە دەرەوە بیكاتەوە و ئێستا پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن دێت ئەو كێشانە یەكلادەكاتەوە .

بەمەش كۆمەڵگە نەك نەیتوانی سنوورەكانی دەسەڵاتی سیاسی دیاری بكات بەڵكو لە زۆر پرسە چارەنوسسازەكانی خۆیدا بوو بە تەماشاچیەكی بێدەنگ و ڕۆبۆتێكی بێدەسەلات ئاسا بەدەستی دەستەبژێرێكەوە، كە هەرگیز دروستكەری مێژوونەبون وە لە ئاستی ئەوەدانە بوون وەك بكەرێكی مێژوویی نوێنەرایەتی خەڵك بكەن!

دەبینین وڵاتانی ئیسلامی، دەوڵەت بە دەوڵەت دەستیان كرد بە دابڕینی دین لە دەوڵەت و زۆرینەی دەوڵەتان ئەم پرۆسەیان ئەنجامدا . هەرچەندە

هەندێکیان وەکو چەواشەکاریەك ویستیان پەیوەندیەکی ڕۆتینی لە نێوان دین و دەوڵەتدا بهێڵنەوەو دروشمێکیان بەرزکردەوە کە ناونیشانەکەی (دینی ڕەسمی دەوڵەت ئیسلامە)ئەمەش وەك ترسێك لە کاردانەوە جەماوەریەکان و(( نا))ی کۆمەڵگا بەرامبەر بە دژایەتی دین لە دەسەلاَت و لە سیاسەت دا . هەر بۆیە دادگاکان یەکخران زۆربەی یاساکان وەکو یەکیان لێکرا تاڕادەی وەك یەکبوون لەگەڵ یاسا خۆرئاواییەکان و ئەوروپیەکاندا . ئەمە لەکاتێکدا عەلمانیەت مانا و مەغزاکانی زۆر لەوە فراوانترن کەتەنها دژایەتی ئاین بێت، بەڵکو عەلمانیەت پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتی بێلایەنە . بێلایەن لەهەموو روویەکەوە بەرامبەر هەموو هاوڵاتیەکانی . پرۆسەی بەعەلمانیکردن بەمانا مرۆییەکەی نەك بەمانا ئایدیۆلۆژیەکەی چەندە بابەتێکی ماددیە و پێویستی بەگۆرینی یاساکان هەیە، بەهەمان شێوە پرۆسەیەکی فکری و عەقلّیە و بەپێویست لەگۆڕانی بیر و هۆشەوە دەست پێدەکات . وە لەجیهانی ئیسلامیدا ئەوە پشتگوێخرا، چونکە دواجار ئەم پرۆسەیە دژ بەبەرژەوەندیەکانی ئەو دەستەبژێرە گەندەڵەیە کە کورسی و ئارەزووە تایبەتیەکانی خۆی پێ لەهەموو شتێك پیرۆزتر و گرنگترە . هەربۆیە بەمردن نەبێت ئامادە نییە کە وازی لێبێنێت . بەمەش نمونەی بالاَ بۆ دەوڵەتی نوێ بوو بە دەوڵەتێك کە ناکرێت دەوڵەتێکی خۆشنود گەرا بێت، ئەگەر دەوڵەتێك نەبێت عەلمانیەت ناسنامەی سەرەکی نەبێت .لەبەرامبەریش شاڵاوێکی بەرفراوان و بەرنامە بۆرێژکراو دژ بە دیموکراسی دەستی پێکرد و رای گشتی وا لەدژ ئامادەکرا کە دیموکراسی واتە پاشکۆبوونی خۆرئاوا !دیموکراسی واتە کار کردن بۆ پیلانی ووڵاتە زلهێزە داگیرکەرەکان ! دیموکراسی واتە زایۆنیزم..واتە کوفر ...واتە ئاژاوە ...واتە دژایەتی رەسەنایەتی .. . هاودەم لەگەڵیشیدا شالاَوێکی بەرفراوان دژ بە ئیسلام دەستیپێکرد! لە گوتاری ئەو



کۆمەڵە رۆشنبیرە دەستەمۆ یەی کە لەبرسان یان لەترسان بەناوی عەلمانیەتەوە چاوی لەوهەموو ستەم و بێدادیە نوقاند، کە بەرامبەر کۆمەڵگاکانیان کرا، لەلایەن دەسەڵاتە پۆلیسیە کودەتاچیەکانی وڵاتەکانیان .

ئەم عەلمانیەتە لە جیهانی رۆژهەڵاتدا تەنها وەك بەرهەمی بوغزێکی ئایدۆلۆژی و وەك بانگەوازێکی پڕ لە قینی سیاسی دەرکەوت بۆ بەرژەوەندی دەسەلاَتێك، کە هەموو چەکێکی بەکار دەهێنا لە پێناو سەرکوتکردنو پاکانە کردن بۆ ئەو کوشتو بڕەی کە دەیەوێت لە خەڵکی بکات، بە ئاگرو ئاسن ملکەچی خواست و ئارەزوەکانی خۆیانی بکات !هەتا خودی ئەو نوسەرو ڕۆشنبیرانەش کە لە دەوری کۆبوبونەوە، بەمەش عەلمانیەت وەك عەقیدەی ململانێیەکی سیاسی مایەوەو هەرگیز نەیتوانی ببێتە هەڵوێستێکی فەلسەفی دەربارەی ژیان و جیهان یاخود رایەکی ئەبستمۆلۆژی بۆ مرۆڤ و گەردوون وژیان! وەك چۆن نەیتوانی ببێتە خواستێکی میللی و جەماوەری خەڵك ، لێرەشەوە عەلمانیەت بتوانێت دەسەلاَت ناچار بە دارنینی پیرۆزی لە خۆی بکات و ملکەچی بکات کە لەبەردەم خواستی خەڵك و لەبەردەم سندوقەکانی دەنگدان بەشێوەیەکی ڕاستەقینەو لەبەردەمی پێوەرەکانی دیموکراسی بە چۆکدابێت ، تا بتوانرێت رەخنە بگرێت و لە دایەلۆگێکی گشتیدا دادگایی بکرێت و خەڵکی بتوانن دایەلۆگ لە سەر دەسەلاَت و چارەنوس و بەڕێوەبردنی کۆمەلگاکانی خۆیاندابکەن و دەوڵەتیش ببێتە شتێك لەپێداویستی گشتی کۆمەلگا، نەك فەرزکراوێکی پێشوەخت کە دواجار وەك بتێك بپەرسترێت و بچێتە سەروو شوێن کات و بان مێژووەوەو کەس بۆی نەبێت رەخنەی لێبگرێت. ئەمە بە خودی خۆی ئینحرافێکی گەورەیە لە جەوهەری عەلمانیەتدا کە دەبینین سیستەمە سیاسیەکانی جیهانی ڕۆژهەلاَت ، ئێستاشی لە گەڵدابێت، پشت بە تیۆری شەرعیەتی مێژوویی و



هەواڵنامەی کتێب

حیزبی سەرکردەو حیزبی تەنهاو شەرعیەتی شۆڕشگێڕی دەبەستن !! کە لە عەلمانیەتی ڕاستەقینەدا تەنها شەرعیەتێك هەبێت شەرعیەتی دیموکراسیو شەرعیەتی ئیرادەی ئارای خەڵکە، نەك شتێکی تر. بەمەش هەموو ئەوانی کە بانگەوازیان بۆ عیلمانیەت دەکرد، کە دەسەلأتێك بنیادی بنێ، بەڵام خۆی تا سەر ئێسقان دژو پێچەوانە بە ناوەرۆکی عەلمانیەت کاربکات ، ئەوانی خستە دارەتێکەوە کە یان ئەوەتا ئاشبەتاڵ بە ناوەرۆکی ڕاستەقینەی بانگەوازی بەعلمانی کردنی کۆمەڵگاو دەسەلأت دەکەن، یان ئەوەتا باس لە جۆرێك لە عەلمانیەتی شێواو دەکەن، کە فیت بۆ ئاڕاستەی خزمەتکردنی خواست و ویستەکانی دەسەلأتی سیاسی بێت ، نەك کۆمەڵگەو خەڵك.

هەمو ئەمانە وایکرد سستەمی سیاسی پشت ئەستور بە گوتارێکی ڕۆشنبیرانەی شێواو بۆ عەلمانیەتێکی شێواو زۆر لەسنورەکانی مەرگپەرستی و مەرگبارێنی ببڕێت وفەلسەفەی مرۆڤسالاری تەواو لە گوتارو هەڵسوکەوتەکانیدا بزر بکات و ئەخلاق و بەها بەتەواوی لە سیاسەتو یاساکانی دابڕنێت و قەدەرو ئارەزووە نەخۆشەکانی سەرکردە نەخۆشەکانی وڵات جێی شتەکانی دیکە بگرێتەوە. بەمەش فەلسەفەیەکی قۆزەرەوەی نا مرۆیی دواکەوتوانەو مرۆڤانەو گەندەڵکارانەی ئەوتۆ جێگەی شتەکانی گرتەوە کە دەرەنجامەکەی : بەچۆکدا هاتن بۆ دەرەوەو گوێڕایەڵی و ملکەچ بوون و بەندایەتیەکی سەرسەخت بۆ جیهان خۆرانی سەردەم ... لەبەرامبەردا بوونی دەستێکی چەکوش بەدەست و ئاگر بارێنی زۆر بەهێزیش بۆ هاولأتیانی خۆی و خەڵکی بێ بەرگری و ئازادیخوازانی وڵات .

ئەم هەوڵە بەردەوامەی دەسەڵات لە ڕێگەی بەتاڵکردنەوەی عەقلأنیەت و شێواندنی عەلمانیەتەوە هەوڵ بوو تا هەموو کارت و هەموو گووتارەکان تێکەڵ بەیەك بکرین، تا ئایدۆلۆژیاکان وەکو یەك لە قاڵببدرێن و تەنها جیاوازیەك لە بەینی جەلادی ڕۆشنبیر و جەلادی ستەمکاردا بمێنێت، کە دەسەڵاتدارەکە بە فیشەك و خوێن دژبێت بەمۆدێرنە و لەماناکانی خاڵی بکاتەوە، بەڵام ڕۆشنبیرەکە بەقەڵەم و قسە ئەو پرۆسەیە تەواو بکات ! بەمەش مۆدێرنە بەهەموو ئەو ناوەڕۆکەی هەیەتی لە عەلمانیەت و عەقلأنیەتەوە گۆڕا بۆ ناوەرۆکێکی ستەمکارانە . هەر ئەمەش وای کرد لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە زۆر بەتوندی ئەو مۆدێرنە باوەی دەسەڵات بانگەشەی بۆ دەکرد و ئەو مۆدێرنە فکریەی ڕۆشنبیران داخوازی بوون، زۆر بەتوندی رەتکرایەوە . بۆیە عەلمانیەت لێرە بوو بە هۆکارێك بۆ پاکانەکردن وداپۆشین و بەهێزکردنی ستەم وبێ دادیەکانی دەسەلأتی سیاسی و دابڕینی زۆرینەی جەماوەر و دورخستنەوەیان لە دەسەلأت و سیاسەت. واتە عەلمانیەتی شێواو هات بۆ ئەوەی ڕوپۆشێکی شەرعی فەلسەفی شێواو بدات بەبەر ئەو بێدادی و خۆسەپاندنە هاوچەرخەی کەسەردەمێکی درێژە ناسنامەی رۆژهەلأتە. لە بەرامبەر ژێر پێ خستنی مافو ئازادیەکان و خواستی گۆڕانکاری کۆمەلأیەتی سیاسی و نوێبونەوەی ئۆرگانو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و بەدەست خستنی دنیایەکی جیاواز لەوەی ئەمڕۆو دوێنێ و پەیدابوونی جۆرێك لە دادپەروەری کۆمەلأیەتی و ڕەخسانی یەکسانی مرۆیی لەسەر هەمو ئاستەکان و بۆ هەموو رەگەزە جیاوازەکانی کۆمەڵگا.. .گوتارێکی عەلمانی بۆشی خاڵیکراو تەواو لە واقیع تەواو دابڕاو لە خواست و خەمەکانی خەڵك خرایە ڕێ! بەمەش بەر لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەلأتی خودی عەلمانیەت بە دواشیدا پرۆژەی گەورەی مۆدێرنیزم باجەکەی دا . هەربۆیە زۆرجا دەبینین کە ئەوەی عەلمانیەت لە ئەستۆی خۆی گرت لە جیهانی ئیسلامیدا کۆمەڵێك شتی لاستیکی و ئەدەبی سۆزاوی و فەنتازی ورژێنەرانەیە نەك واقیع و ژیانی

کۆمەڵگا. وەکو غلیۆن ئاماژەی پێکردوە (گوێزانەوەی کۆمەڵگایە لە جەهلەوە بۆ ڕوناکی نەك بۆ یەکسانی و دادپەروەریو ئازادی و دیموکراسی)[٣] لە بەرئەوەی شکستی هێناوە لە دەستەبەرکردنی ئەوبنەمایانە لەسەر ئەرزی واقیع کە بەهەموویان دواجار جەوهەری بنەمای عەلمانیەتی ڕاستەقینەن و هەوڵیشیداوە لە پەنای ونکردنی واقیع و داپۆشینیدا بەرگ پۆشیەکی فەلسەفی و تیۆری و گەمەیەکی تیۆری چەمکبازی ڕووت بکات، تا ئەوەبسەلمێنێت کلتووری کۆمەڵگەی ئیسلامی و ڕۆژهەلاتی واقیعێکە کە تا سەر ئێسقان دژ بە پێشکەوتنە، بێ باسکردنی دەسەڵاتە دکتاتۆر و پۆلیسیەکان .

عەلمانیەت لە خۆرئاوا لە بنەرەتەوە دژی جەوهەرو ڕۆحی دین نییە، بەڵکو دژی ئاینێکی شێوێنراوی قۆستراوەیە لە ناو کەنیسەو دەسەلاتدارانی ئەو کاتە. بەمەش دین شتێکەو مومارەسە و تێگەیشتنی دین شتێکی تر، واتە ئاین شتێك و ئایینداری شتێکی تر، یاخود بە گوزارشتێکی وردتر عەلمانیەت دژی دینداریيەکی شێواوە کە نوێنەرایەتی دینی کەنیسەو دینی دەسەلاتدارەکان دەکات، بەمەش ئەم ئاینە ئاینێکە دواجار پەیوەندییە مرۆییەکان و ئەو دیدە مرۆییە لە ئاین دادەڕنی کە ڕۆح و جەوهەرەکەیەتی. ئاینی کەنیسەش ئاینێکە دواجار ڕووپۆشکەری هەموو ئەو زوڵمو ستەمەیە کە لە سەدەکانی ناوەند و سەدە تاریکەکانی مێژوودا ئەوروپای کردوەتە جەهەنەم. بەلاّم ئەم عەلمانیەتە دەتوانێت پەیوەندیەکی مرۆیی لە نێوان ئاین و دەوڵەتدا دروست بکات بە مەبەستی نەهێشتنی پیرۆزیی و سروشتی خواوەندیانە و لاهوتیانە، لە دەسەلاتی سیاسی و لە کردەوەو ڕەفتارەکانی. دواجار ڕێگە نەدان بەدەسەلاتی سیاسی بەوەی کە ئاین بکات بە سەرەتاو بنچینەیەك بۆ شەرعیەت پێدانی، واتە عەلمانیەت لە خۆرئاوا دەبێتە گەورەترین بەربەست لە بەردەمی دەسەلاتی





سیاسیدا تا چی دیکە لە ئاین و ئاسمانەوە شەرعیەت وەرنەگرێت. بەڵکو شەرعیەت بگێڕێتەوە بۆ ئیرادەو خواستی ئارای خەڵك، کە ئەمەش دواجار لە دیموکراتیزەبوونی دەسەلاتی سیاسیدا بەرجەستە دەبێت. چونکە دەسەلات لە خۆرئاوا و ئەوروپا دواجار وەك سێبەری خوا خۆی دەناساندو تیۆری دەسەلاتی خواوەندی و لاهوتیەتی دەسەلاتیش شتێکی باوەو مێژووی فیکرو فەلسەفەی سیاسی نوێی خۆرئاوا زۆر بەدرێژی خستویەتە ڕوو. واتە لەوێ ئاین ئاینی دەسەلات بووە و ئاینێك بووە کە پاپاکان بە هۆیەوە ئاین و دنیای خەڵکیان قۆرخ کردوە و خۆشیان لە سەرووی هەرەمەکەوە بەئارەزوی خۆیان بە ناوی خواوەندەوە ئەوەی ویستویانە بەمرۆڤایەتیان کردوە .

بۆیە عەلمانیەت لە خۆرئاوادا دێت بۆ ئەوەی ئەم حالّەتە بگۆڕێت بۆ حالّەتێکی تر کە حالّەتی ملکەچبوونی دەسەلاتی سیاسیە بۆ ئیرادەی خەڵك و دارنینی پیرۆزییەتی. جا ئەم پیرۆزیەتە بەناوی هەرشتێکەوە بێت لە دەسەلات و لە مومارەسەی سیاسی، وە دواجار ڕەخساندنی زەمینەیەکی یەکسان و چونیەکە بۆ هەموان بۆ مومارەسەکردن و ململانێیەکی سیاسی لە دەرەوەی پشت بەست بە پیرۆزی ئاینی یان نەتەوەیی یان نیشتیمانیەکان.بەلاّم عەلمانیەت لە ڕۆژهەلاتدا تەواو بە پێچەوانەی ئەو دەردەکەوێت وە هەرگیز ناتوانێت ببێتە دیدێکی ئەبستمۆلۆژی بۆ گەردون و ژیان، هەرگیز ناتوانێت پەیوەندیەکی مرۆیی لە نێوان ئاین و دەوڵەتدا بنیات بنێت، بەڵکو لەزوربەی کاتەکاندا دین دەقۆزێتەوەو بۆبەرژەوندی دەسەلات و بە هێزکردنی، زۆر جار دەیکات بە پەردەپۆشێك بۆ داپۆشینی ستەم و بێدادیەکانی دەسەلاتە خۆسەپێن وتۆتالیتارەکانی ناوچەکە، لە هەندێ حالّەتی کەدا دەیکاتە چەکێکی ئایدۆلۆژی تابیدات بە دەستی دەسەلاتە زۆردارەکانەوە، کە ئەوانیش بەکاری بێنن لە

ململانێیەکی سیاسی لەگەڵ بزوتنەوە ئیسلامیەکاندا، بەمەش هەرگیز ناتوانرێت ڕەهەندە فیکری و مەعریفیەکانی هەرس بکرێت و دواجار ببێتە هۆی دارِنینی پیرۆزی لە ململانێ سیاسیەکان و بێلایەنکردنی پیرۆزیەکانی کۆمەڵگا لەو کێبڕکێ مرۆییانەدا.

هەربۆ نمونە ئێمە لە خۆرئاوا دەبینین کە عەلمانیەت لە بنەڕەتەوە پەیامێکە بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و سڕینەوەی پیرۆزی لەلایەك و دارِنینی لە چەوسانەوەی مرۆڤ و لەململانێ مرۆییەکان و دواجار ڕاگەیاندنی یەکسانی لەنێوان هەموو مرۆڤەکان و پۆلێبەندکردنیان لە سەر بنەمای هاوڵاتی بوون نەك شتێکی تر. هەر لێرەشەوە قوڵکردنەوەو بەهێزکردنی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ و کۆپێکهاتەی چەمك و گوتەزاکانی، یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکیەکانی عەلمانیەت. هەروەکو (هنتگتۆن) دەڵێت(ئەم لێکجیاکردنەوەیە لە نێوان ئەم دوو دەسەڵاتەدا بە شێوەیەکی گەورە بەشداری کرد لە بەرەو پێشبردنی ئازادی لە خۆرئاوادا) [٤]، لەبەرامبەردا لە دنیای ئێمەدا عەلمانیەتێکی شێوێنراو لە بری ئەم پەیامە پەیامی زەوتکردنی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ و تێکشکاندنی کۆی ڕەهەندە ئەخلاقی و مەعنەویەکانی تاك و کۆمەڵ و خاپورکردنی ڕەهەندە مادیەکانی کۆمەڵگەو پەردەپۆشکردنی ستەمکاری کۆمەڵگەی پێ بوو .

لێرەدا ڕەخنەکانی ئێمە ئەوەندە ڕەخنە نیە لە تیۆری عەلمانیەت و بەشێك لە فەلسەفەو فیکری هاوچەرخ وەك ڕاگرێکی پرۆژەی مۆدێرنە لە خۆرئاوا ئەوەندەی ڕەخنەیە لە ئەم تەرجومە هەڵەو ئەم مومارەسە شێوێنراوەی عەلمانیەت لە دنیایەکدا کە خۆم تێیدا دەژیم . بەم شێوەیە مۆدێرنە لە بەرئەنجامی ئامادەنەبوونی عەقلانیەت و شێواو بوونی عەلمانیەتدا دەگۆڕێت بۆ





ئایدۆلۆژیا و دژایەتی خۆی بۆ ئاین و کلتوری کۆمەڵگا ڕادەگەیەنی و دەکەوێتە بەرامبەر ناسنامەی کۆمەڵگاو بەهاو پیرۆزیەکانی و هەوڵی تێکشکاندنی کۆمەڵگە دەدات و دەکەوێتە بەرەی دەسەڵاتەوە، بەمەش دابڕانێکی یەکجار بەرفراوان لە نێوان گوتاری ڕاستەقینەی مۆدێرنیزم وگوتاری کۆمەڵگا بڕیاردەدات . مۆدێرنەیەك کە شێواوەو دەسەڵات قۆستویەتەوە بۆ دیسپلین و کۆنترۆڵەکانی خۆی بەسەر کۆمەڵگاوە، کۆمەڵگایەکیش کە توند دەستی گرتووە بە ئاین و پیرۆزیەکانیەوە.

لە هەموو ئەوانەش دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئامادە نەبوونی عەقڵانیەت و شێواندنی عەلمانیەت بەشێکە لە بەبن بەست گەیشتنی مۆدێرنە بە کۆپێهاتەکەیەوە لە پرۆژەی پێشکەوتن و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ڕۆژهەڵاتدا، کە نابێ بیرمان بچێت کە ئەمە یەکێکە لە هۆکارە هەرەگرنگەکانی سەرلەنوێ هەڵکشانی سیاسی و ڕۆشنبیری و جەماوەری بۆ ڕەوتی ئیسلامی لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا ...

هەروەها بە هەمان شێوە ئەوا ئەم هۆکارە واتە( نا ئامادەیی عەقڵانیەتو بەبن بەست گەیشتنی عەلمانیەت) پاڵنەرێکی بنەڕەتی بوو لەپشت ململانێ، بەڵکو بەیەکدادانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەو دواجار بەتاڵکردنەوەی دیموکراسی لە ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی لە جیهانی ئیسلامیدا.

تاکە چارەسەریش پێداچوونەوەی هەموو پرۆژەی مۆدێرنەیە بەمەرجێك و بەعەقڵیەتێکی نوێ و بەمیکانیزم و میتۆدێکی نوێ بیخوێنینەوە و بەدواشیدا چەسپاندنی دیموکراسی بکەینە دەروازەی گۆڕان و تازەگەری.

*****

## پەراوێزەکان

---

(١) د. محمد عابد الجابرى،الحداثة والتراث،م.س، ص١٧.

(٢) د. بورهان غليون،مجتمع النخبة،بيروت،ط١، ١٩٨٦،ص١٨٢.

(٣) د.برهان غليون، المسالة طائفية،م.س،ص١٢.

(٤) سامؤئيل هان تل تون، صدام الحضارات اعادة صنع انظام العالمي ، ترجمة طلعت شايب،دارالفكر،ط١٩٩٨،ص١١٦١

هەواڵنامەی کتێب

# ئـایندەی ستراتیژی ئەمریکـــــا .. لـــەعیراقدا

ئاکۆ حەمە کەریم رەحیم

**پێشەکی:**

یەکێك لە سەرەکیترین ناوچەکانی جیهان بەگشتی و رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتی، کە لە ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا گرنگی پێدەدرێت، بریتیە لە دەوڵەتی عیراق کە تارژاددەیەکی فراوان و بۆ زەمەنێکی بەرچاو ئەو گرنگییە بەدیهاتووە. زۆرن ئەوانەی لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردنی ئەمریکایان لەگەڵ عیراقدا لە رابردوودا نووسیوە، هەربۆیە ئێمە بە پێویستی دەزانین لەبارەی ئایندەی ستراتیژی ئەمریکا لە عیراقدا بدوێین.

**داخوازی یەکەم : سیناریۆی بەردەوامی (چەسپاندنی دیموکراسی)**

کاتێك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا عیراقی داگیرکرد، پلانێکی وردودرشتی دانەڕشتبوو بۆ چۆنێتی رێکخستنەوەی عیراق لەدوای جەنگ، (جۆرج Wبوش) و ئیدارەکەی تێڕوانینێکی سەرەکیان بۆ عیراقی نوێ هەبوو، پێیانوابوو پێویستە عیراق لەسەر بنچینەیەکی دیموکراسییانە رێکبخرێتەوە و حکومەت و پەرلەمانی ئایندەی عیراق بۆخودی عیراقییەکان جێبهێڵرێت، ئەویش لەرێگەی ئەنجامدانی





هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراسیانە کەهەموو گەلانی عیراق تیایدا بەشداربن، کەواتە ئەجندای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ دوای جەنگ بریتیی بوو لەچەسپاندنی دیموکراسی لەعیراق، ئەم تێڕوانینە لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتبوو، کەعیراقییەکان بەدەست دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرییەوە دەناڵێنن و تینوی ئازادین، بەهۆی دڕەندەی و بەهێزی رژێمی عیراقەوە نەیتوانیوە ئەو رژێمە بروخێنن، بۆیە وەك هێزێکی رزگارکەر سەیری هێزەکانی ئەمریکا دەکرێت و گوڵباران دەکرێن[1] ( وەك لەکاتی رزگارکردنی فەرەنسا لەدەستی ئەڵمانیای نازی لەجەنگی دووەمی جیهانیدا روویدا )، لێرەوە ئەمریکا وەك ئەرکێکی نیشتیمانیو مۆراڵی -کەخۆی بەپارێزەری دیموکراسی و ئازادی دادەنێت لەجیهاندا- بەڵێنەکانی جێبەجێدەکات و یارمەتی عیراقییەکان دەدات بۆ رێکخستنەوەی عیراق لەسەر بنەمایەکی دیموکراسییانە.

بەپێی ئەم سیناریۆیە ئەمریکا بەردەوام دەبێت لەئەرکەکەی خۆی و هەموو هێز و تواناکانی خۆی بۆ گۆڕانی دیموکراسی لەعیراقدا دەخاتەکار و پاشەکشێ ناکات تا عیراقێکی سەقامگیری دیموکراسی نەچەسپێت، هەروەها یارمەتی عیراقییەکان دەدات لەبەرەوپێشبردنی رەوشی وڵاتەکەیان و زیاتر چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی، هەروەك چۆن ئەمریکا لەسەرەتاوە بەو ئەرکە هەستاوە و دەسەڵاتی بۆ عیراقییەکان گواستۆتەوە و هانیداون بۆ ئەنجامدانی دوو هەڵبژاردنی گشتی ئازادانە بە بەشداری تەواوی حزب و گروپە رێکخراوەکان کە بەرهەمەکەی پێکهێنانی حکومەتی یەکێتی نیشتیمانی و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق بوو. لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە: لەم سیناریۆیەدا چۆن ئەمریکا کۆتای بەبوونی سەربازیی خۆی دەهێنێت لەعیراقدا؟



هەواڵنامەی کتێب

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەمریکا چەند هەڵبژاردنێکی لەبەردەستدایە، لەوانە[٢]:-

١. داگیرکردنی کاتی، واتە پاش ئەوەی دیموکراسی گەشە دەکات و حکومەت و پەرلەمان دەتوانن بەئەرکەکانی خۆیان هەستن و بەرپرسیارێتی ئەمنی دەکەوێتە دەست خودی عیراقییەکانەوە، ئەوکات هێزەکانی ئەمریکا پاشەکشێ دەکەن و کۆتایی بەداگیرکردن دێت و چارەنووسی عیراق دەکەوێتە دەست خۆیان. ئەم هەڵبژاردنە لەلایەن ئیدارەی ئەمریکییەوە پەسەندە وبەردەوام جەختیان لەوە کردۆتەوە کە ئەمریکا نیازی نییە بە بەردەوامی لەعیراق بمێننەوە و ئەرکی ئەوان بەباشبوونی رەوشی ئەمنی و بەهێز بوونی حکومەتی عیراقی کۆتایی دێت.

٢. داگیرکردنی درێژخایەن، واتە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ١٠-١٥ ساڵ و زیاتریش، هاوشێوەی داگیرکردنی ئەڵمانیاو ژاپۆن، بەپێی ئەم هەڵبژاردنە هێزەکانی ئەمریکا بۆ ماوەیەکی درێژ و نەزانراو لەعیراق دەمێننەوە، تا بەتەواوی دیموکراسی دەچەسپێت، ئەگەر پاشەکشێش بکەن، ئەوا بەشێوەی گشتی نابێت و بنکەی سەربازی جێدەهێڵن بۆ پاراستنی دەسەڵاتی نوێی ئەو وڵاتەو دەستکەوتەکانی.

خاڵی دووەم بریتییە لەجێبەجێکردنی مۆدێلی کۆریای باشوور، کە لەسەر بنچینەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ماوەیەکی درێژ لەعیراق کاردەکات، واتا دروستکردنی بنکەی سەربازیی بەرفراوان و زیادکردنی پسپۆڕان و شارەزایانی سەربازیی کەکاری راهێنان و مەشقپێکردنی سوپای عیراقی بگرنەئەستۆ، ئەرکی سوپای ئەمریکا لەعیراق تەنها راهێنان نابێت، بەڵکو پاراستنی یەك پارچەیی خاکی عیراق و سەرکوتکردنی ئاژاوەو کارە توندوتیژیی و تیرۆریستییەکانیشە، هەروەها پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی





ناوەڕاست و روبەڕووبوونەوەی مەترسی و هەڕەشەکان کەبەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەخەنە مەترسییەوە.

بێگومان ئەوەی کەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیویست لەعیراقدا تاکو ئێستا نەهاتۆتەدی، پرۆسەی سیاسی لەعیراق رووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەو ئاستەنگی گەورە بۆتەوە (وەك لەباسی پێشوودا ئاماژەی پێدرا) و رەوشی ئەمنی تادەهات بەرەوە خراپتر دەڕۆیشت، لەژێر ناونیشانی The Course Staying لەبەشێکی راپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆندا هاتووە:" ستراتیژی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کارناکات، لەکاتێکدا ئاستی توندوتیژی لەعیراقدا بەرزدەبێتەوە و حکومەتیش ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی بەرەوپێش نابات و هیچ گۆڕانێك لەسیاسەتەکانیدا ئەنجام نادات، هەر دواکەوتنێکیش بەتێچوونێکی بەرز لەسەر حسابی ئێمە کۆتایی دێت، مانگانە نزیکە١٠٠ ئەمریکی گیان لەدەست دەدەن و هەموو هەفتەیەك ئەمریکا ٢ملیار دۆلار خەرجدەکات... زۆرینەی گەلی ئەمریکا بەجەنگ پەست و توڕەن ...چەندیش ئەمریکا زیاتر لەعیراقدا بمێنێتەوە ئەوەندە زیاتر عیراقییەکان رق ئەستووردەبن و هەستدەکەن لەژێر باری داگیرکارییەکی سەرکوتکەرانەی ئەمریکادان"[٣]، ئەمانەش ئەمریکایان ناچارکرد ستراتیژییەکی نوێ لەعیراقدا پەیڕەو بکات، کەدرێژە پێدەری (ستراتیژی سەرکەوتنی)[٤]ی پێشوو بوو، سەرۆك (بوش) لە ٢٠٠٧/١/١٠ لەوتارێکیدا ستراتیژی نوێی ئەمریکا لەعیراق بەناوی رێگای نوێ بۆ پێشەوەیە لەعیراق The New Way Forward in Iraq راگەیاند و وتی: "شێوازێکی سحری نییە بۆ سەرکەوتن و دۆڕانی ئەمریکا لەعیراق، پاشەکشێی هێزەکانمان لەعیراق پەناگەیەکی لەبار بۆ تیرۆریستان دروستدەکات و دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە"[٥]، بوش جەختی لەوە کردەوە کەستراتیژی

نوێ لەسەرئەنجامی کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەموو سیناریۆکان و هەڵهێنجانی تەواوی راو بۆچوونەکانی بەرپرسانی سیاسی وسەربازیی و راپۆرتەکەی کۆمەڵەی لێکۆڵینەوە لەعیراق و هەموو ئەو راپۆرتانەی کەلەلایەن وەزارەتی بەرگری و دەرەوە و ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانییەوە گەڵاڵەبووە، ستراتیژی نوێ چەند خاڵێکی گرنگی لەخۆ گرتبوو، لەوانە[٦]:-

١. زیادکردنی سەربازی، بەپێی ستراتیژی نوێ حکومەتی ئەمریکا هەستا بەناردنی زیاتر لە٢٢ هەزار سەربازی دیکە بۆ عیراق، بەتایبەتیش بۆ بەغداد، هەروەها هەڵدەستێت بەمەشقپێکردن و راهێنانی زیاتری سوپای نوێی عیراق و بەرزکردنەوەی ئاستی جەنگی، بەشێوەیەك لەتوانایدا هەبێت سەقامگیری و ئاسایشی عیراق بپارێزێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەیە کەلەئەنجامی کەمی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانان، بۆتە بۆتەقەی تەنگژیی و نائارامی، ئەمەش لەسەر داوای جەنەڕاڵ و فەرماندە سەربازییە مەیدانییەکان بووە.

٢. پابەندکردنی مالکی، هەرچەندە سەرۆك بوش متمانە و پشتگیری خۆی بۆ حکومەتی مالیکی دووپاتکردەوە، بەتایبەتیش بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و گروپە یاخیبووەکان و هەڵوەشاندنەوەی میلیشیا شیعە وسوننییە چەکدارەکانو کۆتایهێنان بەجەنگی مەزهەبی، بەڵام سەرۆك بوش وتیشی: "متمانە و ئیلتزامی ئەمریکا کراوە نییە، ئەگەر حکومەتی عیراقی بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکات، ئەوا پشتگیری گەلانی ئەمریکا و عیراق لەدەستدەدات"، ئەمەش جۆرێك لەفشار خستنەسەر و پابەندکردنی حکومەتەکەی مالکی بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی، ئەم شێوازەش بەشێکی سەرەکی بوو لەپێشنیازەکانی راپۆرتەکەی بیکەر-هاملتون، کەداوایدەکرد ئەمریکا هەڵمەتێکی دیپلۆماسی چڕ دەستپێبکات بۆ فشارخستنە سەر مالکی و هەڕەشەی بڕینی هاوکاری و پشتیوانییەکانی لێبکات و





ئەگەر نەیتوانی جێبەجێی بکات ئەوا بەفعلی هەڕەشەکان پراکتیزە بکرێت.

٣. بەشداری پێکردنی سوننە، بوش لەوتارەکەیدا باسی لەبەشدارییپێکردنی زیاتری سوننە لەکاری سیاسی و گەڕانەوەی بەعسییەکان و هەوڵدان بۆ پەکخستنی یاسای ریشەکێشکردنی بەعس، دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆگروپە چەکدارەکان و سەرخستنی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی کرد، ئەم خاڵەی ستراتیژی نوێ لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کەبەشێکی سەرەکی ناخۆشی و کێشەکانی عیراق دەگەڕێتەوە بۆ پەراوێزخستنی سوننە و بێبەشکردنیان لەدەسەڵات و سامانی عیراق، ئەگەر بێت و بگەڕێنەوە بۆ دەسەڵاتو هاوبەشبکرێن لە ئیمتیازاتی عیراق بەتایبەتی نەوت، رەنگە یاخیبوون نەهێڵێتو بۆشایی نێوان سوننە و شیعە پڕبکاتەوە.

بۆ هەڵسەنگاندنی ستراتیژی (رێگای نوێ بۆ پێشەوەیە) کەخۆی لەزیادکردنی سەربازی ئەمریکادا دەبینیەوە، جەنەڕاڵ (دیڤد پترایۆس) فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق و (رایان کرۆکەر) باڵیۆزی ئەمریکا لەبەغدا لە١١/٩/٢٠٠٧ راپۆرتێکیان پێشکەش بەکۆنگرێس کرد، ئاماژەیان بەودا رەوشی ئەمنی و سیاسی بەشێوەی بەشی (جزء) باش بوونی بەخۆیەوە بینیەوە، بەڵام هێشتا عیراق رووبەڕووی ئاستەنگی سیاسی و ئەمنی گەورە دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی لەراپۆرتەکەیاندا کاتێك یاخود خشتەیەکی کاتی بۆ پاشەکشێی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە دابنێن، تەنها ئەوە نەبێت کەتا ناوەڕاستی ٢٠٠٨ ئەو سەربازە زیادانەی کە ڕەوانەی عیراق کراون پاشەکشێ پێدەکرێن[٧]، هەڵسەنگاندنەکە گوزارشتی لەوەدەکرد، کەپێویستە ئەمریکا بەردەوام بێت لەسەر ستراتیژی خۆی و هاوکاریکردنی عیراقییەکان و مانەوەیان لەو وڵاتە، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کەنەتوانراوە سەرکەوتنی پێویست بەدەستبێت و

سەقامگیری عیراق دابین بکرێت تا بتوانن ئەو وڵاتە بەجێبهێڵن، لەم بارەیەوە (کرۆکەر) لەراپۆرتەکەیدا وتی: "ناتوانم زەمانەتی سەرکەوتن لەعیراق بکەم، بەڵام دەکرێت سەرکەوتن بەدیبێت، دڵنیاشم لەوەی کە وازهێنان یاخود سنووردارکردنی هەوڵەکانمان لەعیراق دەبێتە هۆی شکستهێنان، کە سەرەنجامەکەشی سەرهەڵدانی ئاژاوەو جەنگی ئەهلی دەبێت لەعیراقدا، بەڵکو لەوەش زیاتر تەشەنە دەسەنێت بۆ وڵاتانی دراوسێ، کە دەبێتە هۆی دەستتێوەردانیان بۆ ناوخۆی عیراق کەوایدەبینن ئایندەیان بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بەئایندەی عیراقەوە"[٨]، کەواتە لەگەڵ ئەوەی ستراتیژی نوێ پەیڕەوکرا و ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا زیادکران و میکانیزمەکانی سەرخستنی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی بەهێزکرا، بەڵام گۆڕانێکی بەرچاو بەدی نەکرا، چ لەسەر ئاستی رەوشی ئەمنی، چ لەسەر ئاستی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەپێچەوانەوە لەئەنجامی پاشەکشێی هەندێك لەپێکهاتەکان، قەیرانێکی سیاسی گەورە رووبەڕووی حکومەتی یەکێتی نیشتیمانی بووەوە. ئەمانەش کۆمەڵێك پرسیاری وروژاند: ئەگەر زیادکردنی بوونی سەربازیی قەیرانەکانی چارەسەرنەکات، پێچەوانەکەی ڕاستە؟ بوونی سەربازی ئەمریکا لەعیراق چارەسەر یاخود سەرچاوەی کێشەکانە؟ ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جدییە لەبەدیموکراتیزەکردنی عیراق؟ ئایا ئەمریکا دیموکراسی دەوێت یاخود سەقامگیری؟ ئەو فاکتەرانە چین وای کردووە چەسپاندنی دیموکراسی لەعیراق کارێکی قورس بێت؟ ئایا کێشەکە پەیوەندی بەدەوڵەتانی دراوسێی عیراقەوە هەیە؟ یاخود خودی دیموکراسی کێشەیە و بەکۆمەڵگەی عیراقی نامۆیە؟! دەکرێت لەکۆمەڵگەیەك کەناکۆکی لەمێژینەی مەزهەبی و ئیتنیکی پارچەپارچەی کردوون، ئەزموونێکی دیموکراسی سەرکەوتوو بەرهەمبهێنرێت؟





دەکرێت لەکۆمەڵگەیەك کەبەدرێژایی مێژووی لەلایەن دەسەڵاتی تاکڕەوی کەمینەی زۆرداری دیکتاتۆرییەوە فەرمانڕوایی کرابێت، بەداگیرکردن دیموکراسی بچەسپێنێت؟ بۆچی هەندێك لەپێکهاتەکانی عیراق دیموکراسییان قبوڵ نییە؟ ئایا بیانووەکەیان راستە کەدەڵێن دیموکراسی کاڵایەکی رۆژئاواییە بۆ رووتانەوەی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاردەهێنرێت؟ یاخود دەزانن دیموکراسی بەمانای گەڕانەوەی مافی زەوتکراوەکان و بێ بەشکردنیانە لەو دەسەڵات و سامانەی کەدەیان ساڵە بەناهەق بەکاریدێنن؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر دەکرێت لەم بارەیەوە بکرێت، کەبێگومان وەڵامدانەوەیان کارێکی ئاسان نییەو بەشێکیان ناکەوێتە چوارچێوەی کاری توێژینەوەکەی ئێمە، بەڵام دەکرێت ئاماژە بەچەند ئاستەنگێکی بەردەم سیناریۆی یەکەم واتە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ چەسپاندنی دیموکراسی لەعیراق بدرێت:-

١. پاش خراپ بوونی رەوشی ئەمنی عیراق و تێکچوونی سەقامگیری و زیادبوونی زیانە گیانی و ماڵییەکان، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچاربوو گۆڕانێك لەستراتیژی خۆی بکات و گرنگی زیاتر بەپاراستنی رەوشی ئەمنی بدات، واتا ئەولەوێتی بوونی ئەمریکا لەعیراق بووە دابینکردنی ئاسایش و ئاسایکردنەوەی بارودۆخی ئەو وڵاتە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی میکانیزم و بنەما دیموکراسییەکان، وەك چەکدارکردنی خێڵە سوننەییەکان و بەخشینی پۆستی گرنگ بەسەرۆك خێڵ و کەسایەتییەکان بەبێ هەڵبژاردن و تێکەڵکردنی ملیشیا چەکدارەکان (ئەوانەی خۆیان بەبەرهەڵستکاری ناودەبرد) بەهێزەکانی پولیس و سوپا.

٢. هەرچەندە ئەمڕۆ عیراق بەپێی دەستوور و لەپراکتیزەشدا دەوڵەتێکی دیموکراتە، بەڵام دیموکراسی عیراق لەسەرەتادا و دیموکراسییەکەی ساوا و لاوازەو خاوەنی بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراس نییە، بەپێی ستاندەرەکانی ئەمڕۆی

رۆژئاوا، واتە جیاکردنەوەی تەواوی نیوان هەرسێ دەسەڵاتەکەو بەهێزی و خێرایی دامەزراوە سیاسی و حکومییەکان لەوەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی هاووڵاتییان و کارایی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەچاودێرکردنی دەسەڵاتودروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵات و هاووڵاتیاندا.

٣. ئەوەندەی دیموکراسی بەهایەکی کلتووری و ڕۆشنبیری و پرۆسەیەکی کەڵەکە (تراکمی) بووی مێژووییە، ئەوەندە بریتیی نییە لەگۆڕانێکی خێرای دەسەڵات و چەسپاندنی لەرێگەی هێزەوە، ڕاستە ڕەنگە ئەم ئەزموونە لەهەندێك وڵات توانیبێتی سەرکەوتووبێت، بەڵام مەرج نییە بۆ هەندێك کۆمەڵگە ڕاست بێت، زۆر ئەستەمە مۆدیلی ئەڵمانیا و ژاپۆن لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی بەعێراق بەراورد بکرێت، هەردوو وڵات خاوەنی شارستانی و کلتوور و پێشکەوتنی مێژوویی جیاوازن لەگەڵ عێراق و پێکهاتەی کۆمەڵگەکانیان تەواو جیاوازە لەعیراق....هەموو شتێکیان جیاوازە، بۆیە ناکرێت چاوەڕوانی گۆڕانێکی ڕیشەیی هاوشێوەی ئەڵمانیا و ژاپۆن لەکۆمەڵگەی عیراقدا بکرێت. ڕاستە لەسەر ئاستی دەستبژێر (Elite ) ڕۆشنبیری دیموکراسییانە هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هزری مەزهەبی و تایەفی و توندوتیژی لەعیراقدا زاڵە کەرێگرە لەبەردەم بەرەوپێشچوونی پرۆسەی دیموکراسی[٩].

٤. دوژمنەکانی دیموکراسی چ لەسەر ئاستی ناوخۆی عیراق چ لەسەر ئاستی دەوڵەتانی دراوسێ، لەسەر ئاستی ناوخۆ تیرۆریستان و گروپە چەکدارەکان و هەندێك لەحزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دژی دیموکراسین و لەپێناو شکستپێهێنانی ئەزموونەکەدا هەموو هەوڵەکانیان خستۆتەکار و بەردەوامیشن، هەر لەئەنجامدانی تەقینەوەی خۆکوژی تا بایکۆتکردنی پرۆسەی سیاسی، هەروەها دەوڵەتانی دراوسێی عیراق بەتایبەتیش سوریا و ئێران ڕۆڵێکی زۆر





نێگەتیڤانەیان هەبووە لەپرۆسەی سیاسی عیراق و ڕەوشی ئەمنی، بەحوکمی ئەوەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك زنجیرەیەك بەیەکەوە بەستراونەتەوە هەرگۆڕانێك لەناوچەکەدا کاریگەری لەسەر ئەوانی تر دەبێت، بۆیە دیموکراسی عیراق وەك کیانێکی نامۆ و دوژمن سەیر دەکرێت.

٥. ئەم دیموکراسییەی ئەمڕۆی عیراق تارادەیەکی زۆر پەیوەستە بەمانەوەی هێزەکانی ئەمریکاوە، ڕەنگە لەدوای پاشەکشێکردنی ئەو هێزانە حکومەت و دامەزراوە سەربازییەکانی عیراق توانای بەرگریکردنیان نەبێت لەئەزموونەکەیان و عیراق بکەوێتە قەیرانێکی مەترسیدارەوە.

کەواتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسانایی ناتوانێت بەردەوام بێت لەهەوڵەکانی بۆ چەسپاندنی دیموکراسی لەعیراق، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم سیناریۆیە کۆمەڵێك تایبەتمەندی زۆر باشی هەیە کەناکرێت دەستبەرداری بێت وەك:-

١. دیموکراسی تاکە مۆدیلە، کەبتوانێت پێکهاتە جیاوازەکانی عیراق کۆبکاتەوەو لەرێگەی میکانیزمی شەرعییەوە داواکارییەکانیان بهێنێتەدی.

٢. هەر پاشەکشێیەك لەدیموکراسی بەمانای سەرهەڵدانی ئاژاوە و گەڕانەوەی دیکتاتۆرییە.

٣. سەرکەوتنی دیموکراسی لەعیراقدا هەنگاوێکە بۆ بڵاوکردنەوەی لەناوچەکە، بەپێچەوانەوە سەرنەکەوتنی بەمانای شکستهێنانی پرۆژەکانی ئەمریکا دێت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٤. ئەمریکا خۆی بەپارێزەری دیموکراسی دادەنێت لەجیهاندا و کۆڵەکەیەکی سەرەکی ستراتیژی ئەمریکایە و بەئاساییشی نیشتیمانییەوە بەستراوە، هەر پاشەکشەیەك لەدیموکراسی، لەڕاستگۆیی ئەمریکا کەمدەکاتەوە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: ئەگەر وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا سەركەوتوو نەبوو لەسیناریۆی یەكەم یاخود نەیتوانی بەردەوام بێت لەسەر چەسپاندنی دیموكراسی لەعیراق، لەم كاتەدا ئەلتەرناتیف چییە؟ وەڵام لەسیناریۆی دووەمدایە.

**داخوازی دووەم : سیناریۆی گۆڕان ( بەجێهێشتنی عیراق)**

سەرنەكەوتنی تەواوی ستراتیژی نوێی (جۆرج Wبوش) و بەردەوامبوونی خراپی رەوشی سیاسی و ئەمنی، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ناچار دەكات ستراتیژی خۆی بگۆڕێت و بیر لەئەلتەرناتیفێكی گونجاو بكاتەوە بۆ رزگاربوون لەقەیران و تەنگەژەكانی عیراق، لێرەوە دووەم سیناریۆ بۆ ئایندەی ستراتیژی ئەمریكا لەعیراق بریتییە لەبەجێهێشتنی عیراق، یاخود پاشەكشێكردنی هێزەكانی ئەمریكا لەعیراق، لەگەڵ ئەوەی ئەم سیناریۆیە مەترسیدارە، بەڵام ئەگەری روودانی هەیە، چونكە:-

١. پاش تێپەڕبوونی زیاتر لەچوار ساڵ بەسەر داگیركردنی عیراقدا، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا نەیتوانیوە سەقامگیری عیراق بپارێزێت و ئامانجەكانی بهێنێتەدی و زۆربەی شێوازو تاكتیكە سەربازییە نوێیەكان لەعیراق تاقیكراونەتەوە، بەڵام بێ سوود بووە[١٠].

٢. فشاری ناوخۆی ئەمریكا، بەتایبەتیش كۆنگرێس بەهەردوو ئەنجوومەنەكەیەوە كەدیموكراتەكان باڵادەستن، ئەمان دژی مانەوەی هێزەكانی ئەمریكان لەعیراق و چەندین هەوڵیان داوە بۆ دەركردنی بڕیارێك تا (جۆرج Wبوش) پابەند بكات بەكشانەوەی هێزەكانیان لەعیراق، بەڵام بەهۆی بەكارهێنانی مافی ڤیتۆ لەلایەن (بوش)ەوە سەركەوتوو نەبوون. هەروەها





هەڵبژاردنە سەرۆكایەتیەكانی ٢٠٠٨ی ئەمریكا نزیكە كەگۆڕان لەئیدارەی ئەمریكیدا دەهێنێتە ئاراوە، ئەمەش فاكتەرێكی تر دەبێت بۆ گۆڕانی ستراتیژی ئەمریكا[١١].

لەهەمانكاتدا بڕیاری پاشەكشێكردنی بەپەلە و بێ بەرنامە لەعیراق زۆر مەترسیدارە، چونكە[١٢]:-

١. بەپاشەكشێی سوپای ئەمریكا، قاعیدە و گروپە تیرۆریستەكانی تر سەركەوتنی خۆیان رادەگەیەنن و حكومەتی عیراق لەتوانایدا نابێت ئاسایش بۆ عیراق دابین بكات، ئەمەش مەترسی راستەوخۆی دەبێت لەسەر ئەمریكا وهاوپەیمانەكانی.

٢. جەنگی تایەفی (ئەهلی) لەعیراق دا سەرهەڵدەدات و كوشتارێكی زۆری لێدەكەوێتەوە رەنگە تەشەنەبكات بۆ ناوچەكانی تر.

٣. هەرچەندە سوریا و ئێران بەرژەوەندییان لەگەڵ سەقامگیری عیراقدایە، بەڵام دڵخۆش دەبن بەشكستهێنانی ئەمریكا لەسەر دەستی تیرۆریستان و دەتوانن زیاتر سەرپێچی بڕیار و هەڕەشەكانی ئەمریكا بكەن، چونكە ئەمریكا كارتێكی گرنگ لەدەستدەدات كە عێراقە.

٤. دەستتێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ، رەنگە یەكەم براوە پاش پاشەكشێی هێزە سەربازییەكانی ئەمریكا لەعیراق، ئێران بێت، بەم شێوەیە دەوڵەتانی تری دراوسێ وەك توركیا و سعودییەوە و وڵاتانی كەنداو دەستدەخەنە ناو كاروباری عیراقەوە و هاوكاریی گروپە چەكدارە دۆستەكانیان بكەن، ئەمەش كوشتار و قەیرانی زیاتری لێدەكەوێتەوە ودەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی تیرۆر لەناوچەكە و جیهان و بەرزبوونەوەی نرخی پترۆڵ.

سەبارەت بەكات و چۆنێتی كشانەوەی هێزەكانی وڵاتە یەكگرتووەكانی

ئەمریکا لەعیراق، بیروبۆچوون و پێشنیازی جیاواز لەناو ئیدارەی ئەمریکی بەتایبەتی پێنتاگۆن و هەروەها کۆنگرێسدا هەیە، لەوانە:-

- پاشەکشێی خێرا و تەواوەتی، واتە دەستبەجێ و بەپەلە هێزەکانی ئەمریکا عیراق بەجێبهێڵن بەبێ ئەوەی هیچ هێزێك بەجێبهێڵرێت، هەرچەند هەندێك لەسیناتۆر و سیاسەتمەدارەکان ئەمە جۆرە پاشەکشێیە پێشنیاز دەکەن، بەڵام شێوازێکی نەخوازرا و مەترسیدارە و پشتیوانی لێناکرێت.
- پاشەکشێی پلەبەپلە، واتە دانانی خشتەیەکی کاتی بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بەجۆرێك هیچ بۆشایەکی ئەمنی لەدوای کشانەوەیان دروست نەبێت، ئەم جۆرە لەپاشەکشێ، پێویستی بەکاتی زۆرە کەڕەنگە چەند ساڵێك زیاتر بخایەنێت، ئەمەش لەلایەن ئیدارەی ئەمریکا و حکومەتی عیراقەوە پشتگیری دەکرێت.
- پاشەکشێی بەشەکی، واتە هێزەکانی ئەمریکا هەموویان پاشەکشێ ناکەن و بەشێکی کەمیان بەجێبهێڵرێت، ئەویش لەشێوەی دامەزراندنی بنکەی سەربازی گەورە، هەرچەندە ئەم جۆرە لەپاشەکشێی لەلایەن ئیدارەی ئەمریکییەوە تاوتوێ دەکرێت، بەڵام ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بەزۆرینەی دەنگ بڕیارێکی پەسەندکرد، کەرێگا نادات ئەمریکا بنکەی سەربازی لەعیراق دروست بکات.

لێرەوە چەند پرسیارێك دێنە پێشەوە: ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ستراتیژی خۆی گۆڕی و پاشەکشێی کرد ئایا چی لەعیراقدا روودەدات؟ ئایا حکومەتی عیراقی دەتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت و سەقامگیری عیراق دابین بکات؟ ئایا رەوشی عیراق بەئاقارێکی جیاوازدا دەڕوات و جەنگی تایەفی





سەرتاسەری روودەدات؟ ئایا عیراق دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دیکتاتۆری؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە چەند گریمانەیەك دەخەینەڕوو:-

### گریمانەی یەکەم/ سەرکەوتنی حکومەت

بەپێی ئەم گریمانەیە لەدوای پاشەکشێی هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق حکومەتی عیراقی دەتوانێت کۆنترۆڵی بارودۆخی ئەمنی و سیاسیی عیراق بکات، هەوڵدەدات ئاستی بەرهەڵستکاری چەکداری و سیاسی کەمبکاتەوە و کار بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و بەشداری پێکردنی گروپە پەراوێزخراوەکان و گەڕانەوەی ئاوارەکان بکات، هەروەها کار بۆ دەرکردنی بڕیاری لێبوردنی گشتی و هەڵوەشاندنەوەی یاسای ریشەکێشکردنی بەعس و دابەشکردنی داهاتەکان بەشێوەیەکی دادوەرانە بەسەر هەموو پێکهاتەکانی عیراقدا و چەندین کاری تری گرنگ کەیارمەتی دەردەبێت بۆ ئاسایی بوونەوەی رەوشی عیراق، بەپێی ئەم گریمانەیە حکومەت سەرکەوتوو دەبێت، چونکە:-

١. بەڕۆشتنی هێزەکانی ئەمریکا بەشێك لەگروپە چەکدارەکانی عیراق دەستبەرداری کاری چەکداری دەبن و بەشداری پرۆسەی سیاسی دەکەن، بەوپێیەی ئەو بیانووە نەما کە لەپێناویدا کاری چەکدارییان بۆ دەکرد ئەویش داگیرکاربوو.

٢. حکومەت و پێکهاتە سیاسییەکانی عیراق لەدوای پاشەکشێی هێزەکانی ئەمریکا هەموو بەیەکەوە رووبەڕووی مەترسی تیرۆریستان دەبنەوە بۆیە ناچاردەبن کار بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانیان بکەن و هەوڵبدەن پرۆسەی سیاسی پێشبخەن.

٣. دەوڵەتانی دراوسێی عیراق پشتگیری حکومەت دەکەن و لەرووی ئابووری و سیاسی و ئەمنییەوە یارمەتی دەدەن، چونکە لەلایەکەوە مەترسی

بوونی ئەمریکا لەعیراق دەرەوێتەوە، لەلایەکی ترەوە لەو دەترسن حکومەت کۆنترۆڵ لەدەستبدات و کێشەکانی عیراق ئەوانیش بگرێتەوە.

## گریمانەی دووەم/ سەرهەڵدانی ئاژاوە و جەنگی ئەهلی

بەپێی ئەم گریمانەیە لەدوای پاشەکشێی هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق، رەوشی ئەمنی عیراق زۆر خراپ دەبێت و جەنگی ئەهلی و تایەفی و ئاژاوە هەموو وڵات دەگرێتەوە، حکومەت کۆنترۆڵ لەدەستدەدات، رەنگە قەیرانەکان تەنها بەناوخۆی عیراقەوە نەوەستنەوە، بەڵکو بۆ ناوچەکەش تەشەنەبستێنێت، واتە عیراق دەبێتە خاڵێك بۆ بڵاوکردنەوەی ئاژاوە لەناوچەکە، کە بەشێوەیەك تەواوی ناوچەکە ناسەقامگیر دەکات، ئەمەش پاڵ بەدەوڵەتانی دراوسێی عیراقەوە دەنێن دەستبخەنە ناوکاروباری ئەو وڵاتە، لەلایەکەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان، لەلایەکی تریشەوە بۆ رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئاژاوەو دەستەبەرکرنی ئاسایش و سەقامگیری[١٣]. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی نێودەوڵەتی لەواشنتۆن، توێژینەوەیەکی بەناو (گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی هێزە عیراقییەکان و بەرەنگاربوونەوەی جەنگی ئەهلی) سەبارەت بەئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی ئەهلی لەساڵی ٢٠٠٨ لەعیراق بڵاوکردەوەو بەپێی توێژینەوەکە بەهۆی لاوازیی هێزە ئەمنییەکانی عیراق و دابەشبوونیان بەسەر تایەفە جیاوازەکانی عیراقداو ناچاربوونی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لەساڵی ٢٠٠٨دا زۆرێك لەهێزەکانی لەو وڵاتە بکشێنێتەوە، ئەوا جەنگی ئەهلی لەعیراق روودەدا، لێکۆڵەری ئەمریکی بەناوبانگ (ئەنتۆنی کوردسمان) کەسەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردووە دەڵێت: هێزەکانی عیراق بۆ ماوەی چەندین ساڵ پێویستیان بەهێزە ئەمریکییەکان دەبێت، ئەگەر ئەمریکا





پاشەکشێ بکات ئەوا عیراق رووبەڕووی جەنگی ئەهلی دەبێتەوە[١٤].

بەپێی ئەم گریمانە رەنگە توندوتیژی بەسەرکەوتنی لایەنێك یاخود ماندووبونی لایەنە ناکۆکەکان کۆتایی بێت وەك:-

١. مۆدیلی ئەفغانستان لەپاش کشانەوەی هێزەکانی سۆڤێت، کەجەنگی ئەهلی و ئاژاوە و ناسەقامگیری ئەو وڵاتەی گرتەوە تا رووخانی تاڵیبان لە٢٠٠١.

٢. مۆدێلی ڤێتنام، کاتێك ئەمریکا ڤێتنامی بەجێهێشت، وڵاتەکە لەلایەن ڤێتنامی باکوورەوە بەتەواوی کۆنترۆڵ کرا، رەنگە لەدوای ئەوەی ئەمریکا عیراق بەجێدەهێڵێت تیرۆریستان کۆنترۆڵی عیراق بکەن.

٣. مۆدێلی لوبنان، واتە ئەو جەنگە ئەهلییە کەپاش پاشەکشێی سوپای ئەمریکا لەعیراق دروست دەبێت ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت و هەموولایەك ماندوو دەکات، کەدواتر ناچاریان دەکات بیر لەچارەسەرێکی ئاشتییانە بکەنەوەو سیستمێکی دیموکراسی پێکبهێنن، بەهەمان شێوەی لوبنان کەپاش (١٥) ساڵ لەجەنگی ئەهلی لایەنە ناکۆکەکان گەیشتنە قەناعەتێك و رێککەوتن.

## گریمانەی سێیەم/ گەڕاندنەوەی دیکتاتۆریی

بۆ روونکردنەوەی ئەم گریمانەیە توێژەر ئاماژە بەراپۆرتێکی سەنتەری کاوباری نێودەوڵەتی سەر بەزانکۆی نیویۆرك دەکات، بەناونیشانی Iraq Post ٢٠١٠ کەسەبارەت بەئایندەی عیراقە و لەلایەن ستیفن کوك و دۆگلاس دیلۆنەوە سەرپەرشتیکراوە، بەپێی راپۆرتەکە لەدوای کشانەوەی ئەمریکا لەئەنجامی بەردەوام بوونی شەڕو ئاژاوەو شکستهێنانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق و شکستهێنانی حزبە ئیسلامی و تایەفییەکان، سەرکردەیەکی نیشتمانی دەردەکەوێت هەوڵی یەکخستنی وڵات دەدات، ئەم سەرکردەیە کەسێکی

سەربەخۆیەو سەر بەهیچ دەوڵەتێکی هەرێمی یاخود نێودەوڵەتی نییە[١٥].

بەپێی ڕاپۆرتەکە ئەم سەرکردە نیشتمانییە متمانەی هاوڵاتیانی عیراقی بەدەستدەهێنێت، بەوپێیەی وەك کەسێکی ڕزگارکەر سەیر دەکرێت، کەهەوڵی یەکخستنی عیراق دەدات، بەهەموو پێکهاتەو نەتەوە جیاوازییەکانەوە.

لەراپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەدراوە کە باشترین ڕێگە بۆ دەربازبوون لەو تەنگەژەو قەیرانانە گەڕانەوەی سیستمێکی دیکتاتۆرییە، ئەم سیستمە پشت بەسەرکردەیەکی نیشتمانی دەبەستێت کەباشتر وایە ئەو کەسە یەکێك لە فەرماندە سەربازییەکانی عیراق بێت و لەرێگەی ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازیەوە دەسەڵات لە عیراق بگرێتە دەست، پێویستە لەسەر ئەم سەرکردەیە لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵات دەستوری هەمیشەیی عیراق لە کاربخات و کار بەیاسای ئاوارتە بکات و لەرێگەی هێزەوە ئاسایش و سەقامگیری بپارێزن وهەندێکجار دژی هێزەکانی ئەمریکا بجووڵێتەوە بۆ ئەوەی متمانەی گەلانی عیراق بەدەستبهێنێت[١٦].

نووسەرانی راپۆرتەکە پێیانوایە ئێران پشتگیری لەو جۆرە سەرکردەیە دەکات، ئەگەرهاتوو شیعە بێت یاخود کەسێکی سوننە بێت و لەلایەن ئایەتوڵڵا عوزما عەلی سیستانی و مەرجەعەکانی تری شیعەوە پشتگیری بکرێن، هەروەها سوریا پشتگیری لەوجۆرە سەرکردەیە دەکات، چونکە لەگەڕانەوەی ئەو تیرۆرستانە دەترسێت، کە بە خاکی سوریادا تێپەڕدەبن بۆئەنجامدانی کاری تیرۆرستی لەعیراق، هەروەها بەردەوامبوونی مەترسی ئاژاوەی عیراق، سوریاش دەگرێتەوە، بۆیە سوریا پشتگیری ئەو جۆرە دەسەلاتە دەکات، بەوپێیەی سوریا لە کەنارگیری دەرباز دەکات، کە بەهۆی دۆسیەی لوبنانەوە توشی هاتووە، هەروەك چۆن سعودیە پشتگیری سەقامگیری عیراق دەکات بۆ کۆتاییهاتن بەتوندوتیژی ئاینی لەهەمان کاتدا لەوە دەترسێت ئەو سەرکردەیە شیعە بێت.





ڕوودانی ئەم گریمانەیە کارێکی زۆر ئەستەم ومەحاڵە، چونکە گەلانی عیراق دەیان ساڵە بەدەست دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەوە دەناڵێنن، جارێکی تر دەسەڵاتێکی لەو جۆرە پەسەند ناکەن.

کەواتە بەپێی سیناریۆی دووەم ئەمریکا لەعیراق پاشەکشێی دەکات، پێش ئەوەی کۆتایی بەئەرکەکانی بهێنێت و چارەنووسی ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی نادیاردەکاتەوە، کەڕەنگە ڕەوشەکە بتەقێتەوەو جەنگی تایەفی ڕووبدات و ئاژاوەی عیراق بۆ ناوچەکانی تر تەشەنەبستێنێت و ببێتە ناسەقامگیری تەواوی ناوچەکە، ئەگەر هەردوو سیناریۆی بەردەوامی و گۆڕان مەترسیداربن، ئایا سیناریۆیەك نییە باشەکانی هەردوو سیناریۆکە کۆبکاتەوە و خراپەکانیش کەمبکاتەوە و شێوازێکی نوێ بەئاییندەی ستراتیژی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەعیراق ببەخشێت؟ وەڵام لەسیناریۆی سێیەمدایە.

**داخوازی سێیەم: سیناریۆی دابەشکردنی عیراق**

بەپێی ئەم سیناریۆیە دابەشکردنی عیراق ئەو چارەسەرەیە کەدەتوانێت سنوورێك بۆ کێشەکانی عیراق دابنێت و ئەمریکاش بەکەمترین زیان لەگێژاوەکانی ڕزگار بکات و ئەو سیناریۆی و گریمانە مەترسیدارانە بڕەوێنێتەوە کە لەعیراقدا هەن یاخود سەرهەڵدەدەن، سەبارەت بەچۆنێتی و کاتی دابەشکردنەکە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، گروپێك پێیانوایە پێویستە عیراق بۆ سێ دەوڵەتی سەربەخۆ دابەشبکرێت و ئەو هەڵە مێژووییە ڕاستبکرێتەوە کەلەسەرەتای دروستکردنیدا ئەنجامدراوە، گروپێکی تر پێیانوایە پێویستە عیراق دابەشبکرێت و دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی لێ پێکبێت، گروپێکی تر داوای دابەشکردنی عیراق دەکەن بۆ سێ هەرێمی فیدراڵ، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی



هەواڵنامەی کتێب

سیناریۆی دابەشکردنی عیراق دوو بۆچوونی سەرەکی دەخرێتەڕوو:-

### یەکەم/ دابەشکردنی عیراق بۆ سێ دەوڵەتی سەربەخۆ

بەپێی ئەم بۆچوونە پێویستە عیراق هەڵبوەشێتەوە و دابەشبکرێت بۆ سێ دەوڵەتی سەربەخۆ و لەدیارترین ئەوانەی کەداوی ئەم جۆرە دابەشکردنە دەکەن (راڵف پیتەرز) Ralph Peters جەنەڕاڵی خانەنشینکراوی ئەمریکییە کە لەحوزەیرانی ٢٠٠٦ توێژینەوەیەکی بەناوی سنوورەکانی خوێن لەگۆڤاری هێزی سەربازی Armed Force Journal ئەمریکادا بلاوکردەوە، کەبەشێك بوو لەکتێبی Never Quit The Fight و دواتر لەتەمووزی هەمان ساڵدا بلاویکردەوە، (پیتەرز) داوای دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی و جوگرافی ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکات، بەو پێیەی زۆربەی ئەم ولاتانە بەپێی ویستی بەریتانیا و فەرەنسا لەسەدەی بیستدا و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دروستکراون و گوزارەشت لەئیرادەی ئەو گەلانە ناکات، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەرۆژهەلاتی ناوەڕاست ببێتە ناوچەی چڕبوونەوەی قەیران و جەنگەکان، کەزۆربەیان پەیوەندییان بەو سنوورە دەستکردانەوە هەیە، کەنەتەوە و پێکهاتە ئاینییەکانی دابەشکردووە و کردوونی بەکەمینە وەك کورد و عەرەبی شیعە و بلوش، کەرووبەڕووی چەوساندنەوە وزۆڵم بوونەتەوە لەلایەن دەسەلاتە دیکتاتۆرییەکانەوە، (رالف پیتەرز) پێوایە پێویستە جارێکی تر نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دابڕێژرێتەوە بۆ کۆتایهێنان بەزولم وتوندوتیژی و تیرۆر و تیرۆری دەسەلات[١٧].

(پیتەرز) لەتوێژینەوەکەیدا عیراق دابەشدەکات بۆ سێ بەش، بەشی کوردستان کە لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستاندا کۆدەکرێنەوە و کوردستانی گەورەی سەربەخۆ پێکدەهێنن، بەشی عەرەبی سوننە لەناوەڕاستی عیراق کەدەخرێتە سەر دەوڵەتی سوریای گەورە، بەشی عەرەبی شیعە لەباشووری عیراق کەئەویش دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێپێك دێت و چەند ناوچەیەکی عەرەبی شیعی دەخرێتەسەر وەك ناوچەی عەربستانی ئێران.

هەروەها (پیتر گالبرێس) لەکتێبی The End of Iraq: How American Incompetence Created A War Without End داوی دابەشکردنی عیراق دەکات بۆ سێ دەوڵەت، دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ لەباکور کەهاوپەیمانی ئەمریکا و رۆژئاوا دەبێت و دەوڵەتی عەرەبی شیعە لەباشوور کە لەئێرانەوە نزیکدەبێت، بەلام دەتوانێت کۆتاییەك بۆ دەستێوەردانی ئەو ولاتە دابنێت، دەوڵەتی عەرەبی سوننە لەناوەڕاست کەئێستا گرفتاری ئاژاوە و ناسەقامگیری بووە، گالبرێس پێیوایە تاکە رێگا بۆ رزگاربوون لەقەیرانی عیراق، تاکە ئەلتەرناتیڤێك بۆ رێگرتن لەجەنگی ناوخۆ و گەڕانەوەی دیکتاتۆری، دابەشکردنی عیراقە، چونکە لەئەنجامی هەڵەکانی ئەمریکا لەداگیرکردنی عیراقدا وای لەو ولاتە کردووە تووشی پارچەپارچەبوون و کاولکاری و خوێنڕشتن بۆتەوە، هەروەها دەرگای بۆ جەنگی ئەهلی ماڵوێرانکار کردۆتەوە کە عیراق چەندین ساڵی تر پێوەی دەناڵێنێت و هێزەکانی ئەمریکا ناتوانێت کۆتایی بەو جەنگە بهێنێت و رەوشی عیراق ئاسایی بکاتەوە و ئەگەر بەهای یەکخستنەوە و یەکگرتوویی عیراق گەڕانەوەی دیکتاتۆری بێت، ئەوا زۆر گران دەکەوێتەوە، (گالبرێس) ئاماژە بەوەدەدات کە ئەمریکا لەپێناو دیموکراتیزەکردنی عیراقدا ئەو ولاتەی داگیریکرد وەك نموونەیەك بۆ گشتاندنی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، بەلام بەتەواوی وێرانی کرد، نەك لەبەر ئەوەی رژێمی بەعسی رووخاند، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عیراقی رووخاند، بەشێوەك ئێستا عیراقی یەکپارچە وردە وردە

بەرەو دابەشبوون دەچێت، کەگەڕانەوەی ئەستەمە، بۆیە پێویستە لەسەر ئیدارەی ئەمریکی هەڵە ستراتیژییەکانی راستبکاتەوە و دابەشکردنیش باشترین رێگەچارەیە[١٨].

